# حەمەزەکی

## شاعیرێکی عاشق و تێکۆشەرێکی یاخی

(خوێندنەوەیەک بۆ شیعر و یادێک بۆ هەڵسوڕانی سیاسی – چینایەتی حەمەزەکی)

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

٢٠٢١

ناوی کتێب : حەمەزەکی شاعیرێکی عاشق و تێکۆشەرێکی یاخی
بابەت : لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی
ناوی نووسەر : عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
دەرهێنانی هونەری : مەشخەڵ
دیزاینی بەرگ : سەردار عەبدوڵا
چاپخانە :
ساڵی چاپ : ٢٠٢١
تیراژ : ٥٠٠ دانە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ نووسەر. هەر کەس و لایەنێک دەیەوێ ئەم کتێبە یان بەشێک لە ماترێاڵەکانی ئەم کتێبە بۆ هەر مەبەستێک بەکار بهێنێت، تکایە بە ڕەزامەندی نووسەر وەربگرێت، بۆ ئەوەی بەرپرسیار نەبێت.

پێشکەشە بە

یەک بە یەکی یادەورییەکانی ئەم ئینسانە شۆرشگێڕ و کۆمۆنیستە کە لەدووتوێی نەستی سەرجەم هاورێکانیدا هەناسە دەدەن.
بە هەڵسوراوبوونی لەپێناو بەرژەوەندی چینایەتی کرێکاران
بە یاخیبوون و وەستانەوە و سەرکێشییەکانی
بە هەستە جوانەکانی نێو شیعرەکانی
بە ئۆقرە لێبڕاوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی
بە خەمە چینایەتییەکانی
بەو ئاواتانەی کە بۆی تێکۆشا و نەهاتنە دی

## سوپاس و پێزانین

لە ناخی دڵمەوە سوپاسی هەر یەک لە بەڕێزان هاورێیانی سەردەمی منداڵی و گەنجی حەمەزەکی لە گەڕەکی ئازادی لە شاری کەرکووک کاک قاسم ئەمین ئیبراهیم و کاک یوسف مەحموود ناسراو بە (یوسفە سوور) و کاک عوسمان ئەنوەر، کاک غالب محەمەد نەجم دەکەم، کە بەدەنگ داواکەمەوە هاتن و بیرەوەری خۆیان لەسەر پەیوەندی خۆیان و حەمەزەکی جارێکی تر گێڕایەوە.. هەروەها سوپاسی تایبەتم بۆ هاورێیانی ئازیزم ئەکرەم چاوشینی هەڵسوراوی کرێکاریی و چالاکوانی سیاسیی و جەماڵ ئەیوب هەڵسوراوی سیاسیی و سەمیر نووری هەڵسوراوی سیاسیی و سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عێراق کە هەریەک بە پێی توانای خۆی

زانیاری زۆریان پێ بەخشیم و یادەوریی خۆیان نووسییەوە. وە هەروەها سوپاسی شاعیری ئازیزمان کاک عەبدولقادر سەرچناری و نووسەر و ڕەخنەگر هاورێ جەماڵ کۆشش و نووسەر دەکەم که بە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانمان پرۆژەکەیان جوانتر کرد. سوپاسی زۆرم بۆ هاورێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە جگە لە نووسینی یادەوەرییەکانی خۆی، ژمارەیەک وێنەی دانسقەی بۆ ناردم ،هەروەها زۆر سوپاس بۆ هونەرمەندی شێوەکار کاک فەلاح عومەر کە بە تابلۆیەکی هونەریی جوان و ناردنی چەند وێنەیەک بەشداری ئەم پرۆژەیەی کرد. هەروەها سوپاس بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە چەند زانیارییەکیان سەبارەت بە کار و پەیوەستبونی حەمەزەکییەوە پێبەخشین. سوپاسی زۆرم بۆ مامۆستا موحسین کەریم قادر برای حەمەزەکی کۆچکردوو کە جگە لە سەپۆرتی پرۆژەکە، بە نووسینێکیش بەشداری کرد. هەروەها سوپاسی زۆر تایبەتیم بۆ بەهرەخان هاوژینی حەمەزەکی کە هەر لەسەرەتاوە ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە. بەعەمەلیش کتێبەکەی حەمەزەکی بۆ ناردم لە هۆڵەنداوە بۆ کەنەدا و پاشان تەواوی ئەرشیفی حەمەزەکی خستە بەردەستم و هەروەها بەشێکی زۆری وێنەکانی نێو ئەم کتێبەی بۆ ناردم ، ئەمە جگە لە تایپکردنی بەشی چوارەمی دیوانی ڤاراییم و چەندین نووسینێکی تر. هیوادارم ئاسوودە بێت و نموونەی هەر زۆر بێت. دواجاریش سوپاسی زۆر تایبەتم بۆ ئەو هاورێ ئازیزانە عیزەدین فاتیح(جەماڵ ئەیوب) ,یوسف مەحموود (یوسفە سوور) , حەیدەر محەمەد نەجم ,عەلی کەرکووکی ,عادل ئەحمەد ,تاهیر حاجی حەسەن کە بەتەنگ ئەم پرۆژەیەوە هاتن و وەفاداری و دڵسۆزی خۆیان بۆ حەمەزەکی و یادەوەرییەکانی نیشاندا و کۆمەکی مالی ئەم پرۆژەیان کرد و بەبێ ئەوان ئەستەم بوو ئەم پرۆژەیە ڕووناکی ببینیایە.

# سەرەتایەک

(**کێ حەمەزەکی لە بیرە**؟) ناوونیشانی کورتە یادێکی من بوو بۆ هاورێی شاعیر و تێکۆشەری کۆچکردووم حەمەزەکی کە لە پەیجی تایبەتی خۆم لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک پۆستم کرد وەک یادێک لە حەمەزەکی هاورێ و شاعیر و کۆمۆنیست. هۆکاری پاڵنانی من بۆ ئەو پۆستە دوو شت بوو.
یەک : حەمەزەکی شاعیرێک بوو زۆر بە جیددی هەوڵی ئەدا دەنگ بێت و توانا ئەدەبییەکانی خۆی تاقی بکاتەوە.
دوو : کۆمۆنیست بوو و بەهەموو قەناعەتی پرِوای بە زانستی رِزگاری چینی کرێکار هەبوو بۆ دەربازبوون لە ستەم و چەوسانەوەی سەرمایەداری دەستی دابووە خەبات و تێکۆشان. بەڵام ئەم خەباتگێرە لەسەر ئاستی میدیا(بە کرێکاریی و غەیرە کرێکارییەوە) دیار نەبوو و ونبوو. هۆکارەکانی ئەمانەش دەتوانم لەچەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێبدەم.
یەک : لەرِووی کۆمەڵایەتییەوە حەمە بێ پشتوپەنا بوو، واتە کەسێکی نزیکی حەمە نەبووە ئیش لەسەر ئەم ونبوونە بکات و نەهێڵێت دەنگ و رِەنگی حەمەزەکی بزر بێت.

دوو : لەڕووی سیاسییەوە حەمەزەکی وەک کۆمۆنیستێک ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو و تەنانەت لەئاستی بەرپرسیارێتی ئەو حیزبە بوو لە هۆڵەندە، ئەو حیزبە نە یادی دەکاتەوە و نە ساڵانە دوو دێری لەسەر دەنووسێ تا کارێک بکات حەمە زەکی لە زەین و ویژدانی نەک کۆمەڵگەی کوردیی یان عێراقی، بگرە لە زەین و ویژدانی ئەندامانی خۆشی بە زیندوویی بهێڵێتەوە.
سێ : لەڕووی ئەدەبییەوە، میدیای ئەدەبی بۆرژوازی کارێک ناکات ئەگەر بچوکترین سوود و قازانج بە بۆرژوازی نەگەیێنێت، خۆ ئەگەر لێرە و لەوێ جاروبار شتێکیش کرابێت، ئەوا لە بێئاگایی ئەو میدیایەوە بووە و بەسەریاندا تێپەڕیوە، نەک لە نیازپاکی و دڵسۆزبوونەوە بووبێت.
چوار : ئەوەی دەمێنێتەوە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە لەژێر وێرانەی دەستەنگی و لاوازی و بێ ئیمکاناتیدا نەیتوانیوە بەپێی پێویست بە ئەرکەکانی خۆی هەڵبستێ و کاری لەمجۆرە ئەنجام بدات. ئێمە گەرچی (من وەک خۆم) لە ساڵانی ڕابردوودا چەند کارێکی لەمجۆرەم ئەنجامداوە، بۆیە نەئەکرا وەک ڕەخنەگرێکی مارکسیستی لەوەزیاتر بێدەنگ بم و تەپوتۆزی نیشتووی سەر ناوی شاعیرێک و تێکۆشەرێکی مارکسیستی لانەبەم. بۆیە دوو ساڵ لەمەوبەر لەژێر ناوی (کێ حەمەزەکی لەبیرە؟) نووسیم. لەو نووسینەمدا هاتووە (**حەمەزەکی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە شاری کەرکووک چاوی بە دونیای نایەکسانی و پڕ لە ستەم هەڵهێنا. هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە مێشکی بەوپرسیارانەوە جەنجاڵ بوو کە مێشکی زۆرێک لە ئێمەی جەنجاڵ کردبوو. ئەم دونیایە بۆ وایە؟ بۆچی ستەم هەیە؟ بۆچی هەندێ کەس هەژارن و هەندێکیش دەوڵەمەند؟ چی بکەین بۆ ئەوەی ئازاد بین؟ ڕێگای ڕزگاری کامەیە؟ و دەیان پرسیاری تر. ئەم ئینسانە شۆڕشگێڕ بوو، بڕوای وابوو کە لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە دەتوانرێ دونیای ئازاد و یەکسان دابمەزرێ و چەوسانەوە نەمێنێ. حەمە زەکیم لە ساڵی ١٩٨٠ ناسی کاتێ خوێنکاری قوتابخانەی ئامادەیی (عبدالملک بن مروان) بووین لە کەرکووک. ئەوکات کوڕێکی شیرین و جوان، هێمن و دڵسۆز،پاک و ڕاستگۆ بوو و دواییش هەر بەو سیفاتانەوە مایەوە تا مەرگ بۆ خۆی ڕاپێچی کرد.من بۆم گرنگ نییە حەمەزەکی کەی لە دایک بووە و کەی مردووە، بەڵام بۆم گرنگە وەک هاوڕێیەکی بەوەفای ئەو یادی بکەمەوە. یادی پێکەنینەکانی، نوکتەکانی، پیاسەکەنمان، موناقەشەکانمان، کتێب گۆڕینەوەکانمان، ئومێدمان بە مارکس و و سۆشیالیزم و زۆر شتی تر. حەمە زەکی جگە لەوەی شاعیرێکی باش بوو، لەهەمان کاتیشدا چرایەک بوو لە تاریکستانی کۆمەڵگەی ئینسانی داگیرسابوو، بەڵام بەداخەوە زۆر**

**زوو خامۆش بوو.سڵاو لە حەمەزەکی تێکۆشەر.سڵاو لە یادەوەری ئەو ئینسانە جوانە. سڵاو لە ئومێدەکانی. سڵاو لە ڕێگای خەباتی).** دوای ئەوەی ساڵێک تێپەڕی بەسەر ئەم پۆستەمدا، هاتم ئەمساڵ دوبارە ئەم پۆستەم شێر کردەوە. لە کۆمێنتەکانی ئەمجارە گەلێ ئاماژە و زانیاری زیاترم لەسەر ئەم ئینسانە دەستکەوت. ئیتر ئەم زانیارییانە و ئەو بۆشاییە گەورەیە لەکاری ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی وایان لێکردم دەست بۆ ئەم پرۆژەیە ببەم و لەسەر کار و شیعر و خەباتی ئەم ئینسانە بوەستم. منیش بێ دوودڵی سیاسەت وتەنی عەزمم جەزم کرد و کەوتمە خۆ. سەرەتا کەوتمە دانانی نەخشەی پرۆژەکە کە ئایا نامیلکە بێت یان وتارێکی درێژ یان کتێب؟ دوو ئایا تا چەند هاوڕێکانی حەمەزەکی، ئەو هاوڕێیانەی لە سەردەمی منداڵی و گەنجیدا لەگەڵ حەمەزەکی ژیاون ئامادەن کۆمەکم بکەن؟ ئەی هاوڕێ حیزبییەکانی دەتوانن چ بکەن؟ لەوەش گرنگتر ئەی کەس و کار و هاوژینەکەی ئامادەی یارمەتیدانم هەن لەکاتێکدا من بەم پرۆژەیە سەرباری لالێکردنەوە لە حەمەزەکی ، برینی ژیانیان دەکولێنمەوە؟ پاش لەمسی سەرەتایی بۆم ڕوونبۆوە کە زۆربەیان ئامادەن کۆمەکیم بکەن و چییان لەدەست بێ یارمەتیم بدەن. ئەمە وای کرد پرۆژەکەم لە وتارێک یان نامیلکەیەکی بچووکەوە بگۆڕم بۆ کتێبێک. لەلایەکی تریشەوە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا شیعرەکانی حەمە زەکی بەناوی (ڤارایم) کە هێماشە بۆ کوڕە تاقانەکەی حەمەزەکی(ڤارا)، لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکووکەوە چاپ بووە. ئەم کتێبەش بوو بەپاڵپستی تر بۆ من کە بتوانم وردتر و بەشێوازێکی تر ئیش لەسەر پرۆژەکەی خۆم بکەم. من لەم پرۆژەیە هەوڵم داوە یەک : شاعیربوون و مارکسیستبوونەکەی حەمەزەکی وەک دوانەیەک لێکجیا نەکەمەوە.

دوو : ئەڵقەکانی ژیانی منداڵی و لاوی و ئینجا دواتری حەمەزەکی بە گرێدراوی بەیەکترەوە وەکو خۆی بهێڵمەوە.

سێ : خویندنەوەیەک بە تێروانینی مارکسیستی بۆ شیعرەکانی حەمەزەکی بکەم و هەڵیان بسەنگێنم.

چوار : وەک پرۆژەکانی ڕابردووم، ڕووم لە کەسانێک کردووە تا بەشداری پرۆژەکەم بن. کە ئەم بەشداری کردنەش هەمیشە دەبێتە هۆی دەوڵەمەند بوون و پڕ زانیاریتربوونی پرۆژەکە.

پرۆژەکەشم دابەشکردۆتە سەر چەند بەشێک وەکو نووسینی سەرەتایەک و ئینجا هەڵدانەوەی لاپەڕەیەک لەنێوان من حەمەزەکی و ژیاننامەی حەمەزەکی و ئینجا حەمەزەکی شیعر و حەمەزەکی لەیادەوەری هاوڕێکانی و دواتریش شیعرەکانی حەمەزەکیم داناوەتەوە بێ هەڵە و کەموکوڕی (*) و لە کۆتاییشدا پرۆژەکەم بە چەند وێنەیەکی ئەو شاعیر و تێکۆشەرە مارکسیستە ڕازاندۆتەوە.

ئیتر ئەم پرۆژەیەم هەڵگری دوو پەیام دەبێت . یەکێکیان ئەوەیە کە یادکردنەوە و لالێکردنەوە لە نووسەران و شاعیران و ڕۆشنبیران تەنها بەشی ناودار و خزم خزمێنە و هاورێچێتی و شارچێتی نییە کە ڕەخنەی ئەدەبی کوردیی تا بیناقاقای خۆی تێی کەوتووە و بەدەستییەوە دەناڵێنێ. ئەویتریان ئەوەیە کە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەدەرەوەی ئەو نەریت و خووە ناجۆرانەوە دێت لەڕوانگەی ئینسانانەی خەباتی چینایەتی و بەرژەوەندی چینایەتییەوە ئیش لەسەر ڕۆشنبیران و نووسەران و شاعیرانی شۆرشگێر و تێکۆشەر و کرێکاریی دەکات و لەو گۆشەنیگایەوە هەڵیان دەسەنگێنێ. من ئەم سەرەتایە لێرە کۆتایی پێدێنم. ئیتر بەشی دووەمی پرۆسە ڕەخنەییەکە بۆ ئێوەی خوێنەر جێدێڵم کە بتوانن بە تێبینی و ڕەخنە و باری سەرنجتان ئەم کتێبە پاراوتر و دەوڵەمەندتر بکەن.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
حوزەیرانی ٢٠١٩

(*) ئەمەوێ خوێنەرانی ئازیز ئاگادار بن لەوەی کاتێک شیعرەکانی حەمەزەکیم لێرەدا داناوەتەوە چەند ئیشم لەسەر کردوون.
یەک : هەڵەکانی نێو شیعرەکانم بەپێی توانا ڕاست کردوونەتەوە کە بەشێکی زۆریان هەڵەی چاپی کۆشیعری(ڤارابیم)ن. لەم سۆنگەوە بەپێویستم نەزانیوە پەراوێزیان بۆ بکەم و ئاماژە بە وشە هەڵەکە و ڕاستکردنەوەکە بدەم.
دوو : دەستکاری رێنووسی شیعرەکانم کردووە. بۆ نموونە شاعیر نووسیویەتی (ووڵات، ووشە، وون، وورد..تاد) من کردوومن بەیەک واو (وڵات، وشە، ون، ورد). یانیش (نیە، نیگاکانیەوە..تاد) کردووە بە (نییە، نیگاکانییەوە) و هەروەها (بوە) م کردۆتە (بووە) و (بێ دەنگی یە، خامۆشی یە، شارستانی یە..تاد) م کردۆتە ( بیدەنگییە، خامۆشییە، شارستانییە.) و (پێ یە و ڕێ یە و جێ یە و لێ یە)شم کردووە بە ( پێیە، ڕێیە، جێیە، لێیە.)

سێ " لە کۆشیعری (ڤارابیم) دا لاپەرەیەک چاپ بووە لەژێر تایتڵی ڕاپرسی. کە بریتییە لە سێ پرسیار و ناو تەمەن و پیشە و ڕەگەز. من وای دەبینم ئەم پەڕە کاغەزە بە هەڵە کەوتۆتە ناو شیعر و فایلەشیعرییەکانی شاعیرەوە و دوواتریش کە ویستوویانە شیعرەکان چاپ بکەم ئەم پەڕەیەش بەر کەوتووە.

چوار : حەمەزەکی چەند شیعرێکی شاعیری ئەڵمانی ئلیسا لاسکەر شیللەر تەرجەمە کردووە. من پێموایە ئەم تەرجەمەیە ناچێتە ناو خانەی شیعریی حەمەزەکییەوە. بۆیە وام بەباش زانی لە کۆتایی شیعرەکان وەک فایلێکی سەربەخۆ دایان بنێم.

## هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەکی پەیوەندی نێوان من و حەمەزەکی

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ئایاری ٢٠١٩

کاتێک لە پۆلی چواری ئامادەیی دەرچووم، لەسەر دووریانێکی سەخت خۆم بینییەوە. ئایا بەشی وێژەیی یان ئەدەبی هەڵبژێرم و بکەومە دوای خەونەکانم کە هیچ مەعلووم نەبوو دەگەم پێیان یان نا. یانیش بەشی زانستی هەڵبژێرم کە پێچەوانەی خەونەکانم بوو وەلێ تروسکەی تەواوکردنم لێوە دیار بوو. لە قوتابخانەی دواناوەندی (زێوەر)ی کوڕانیش پۆلی پێنجی نەبوو، بۆیە هەموویان گواستینەوە بۆ قوتابخانەی (عبدالملک بن مروان) لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا لەشاری کەرکووک. من بەشی زانستیم هەڵبژارد و لەپایزی ساڵی ١٩٨٠ ئەو کات قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بووم، کوڕێکی قژ خاوی قسەخۆش و دەم بەپێکەنین و چوست و چالاک لە پۆلەکەمان بوو کە هەموو ڕۆژێک لە گەڕەکی (ئازادی)یەوە دەهات. دوای ماوەیەکی کورت لەگەڵ ئەو کوڕە بووین بە هاوڕێ. ئەو کوڕەش ناوی حەمەزەکی بوو. حەمەزەکی خەڵکی گەڕەکی زەحمەتکێشنشینی ئازادی بوو. ڕۆژانە بە پێیان(یان کەرکووکی وتەنی بە پا) لە چەمی خاسە دەپەڕییەوە و دەهات بۆ قوتابخانە بۆ بەری گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدوڵا. زستانانیش لەبەر باران و هاتنی

بەستەکەی خاسە، بە ماشێنی پۆلەندی دەهات. سەرەتا پەیوەندییەکەمان لەسەر بنچینەی خوێندن و قوتابخانە بوو، بەڵام هەر زوو ئەو پەیوەندییە گۆڕا بە پەیوەندییەکی هاوڕێیانەی گەرموگوڕی پڕ لە موناقەشە و ئەدەبیات و سیاسەت. ئەو سەردەمە من تازە دەستم کردبووە نووسین و کورتەچیرۆکم دەنووسی. هەرچی حەمەزەکی بوو هیچی نەدەنووسی و تەنها دەیخوێندەوە. باسەکانمان بریتی بوون لە گفتوگۆکردن دەربارەی ڕۆمانی (دایک)ی مەکسیم گۆرکی و ڕۆمانی(ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد و (تاریک و ڕوون)ی هێمن و نووسراوەکانی شاخ وەک گۆڤاری نووسەری کوردستان و گزنگ و نامیلکەکانی نووسەرانی شاخ و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی لە عێراق بڵاو دەبوونەوە وەکو بەیان و نووسەری کورد و ڕۆشنبیری نوێ و ڕۆژی کوردستان و ڕەنجی کرێکار و هەفتەنامەی هاوکاری و پاشکۆی عێراق. ئەو ڕۆژانە کەرکووک لێوانلێو بوو لە یاخیبوون و بەرەنگاری. ڕۆحی شۆڕشگێرانەی لاوان و خوێندکاران دژ بە سیاسەتەکانی بەع □ بەهێز بوو. لەماوەی ئەو ساڵەدا من و حەمە پەیوەندییەکەمان گەرموگوڕی زیاتری بەخۆوە بینی. لەلایەکەوە ماڵی حەمەزەکی نزیکە دراوسێی ماڵی کوڕە مامێکی من بوو، کە پەیوەندی حەمەزەکی و کوڕە مامەکەم قاسم ئەمین بەهێز بوو. ئەم پەیوەندییە ئەوەندەی تر من و حەمەزەکی لە یەکتر نزیکتر کردەوە. ئیتر کار گەیشت بەوەی زوو زوو یەکترمان دەدەیت و سەرمان لە یەکتر دەدا. ئەو دەهات بۆ گەڕەکی کرێکارنشینی ڕەحیماوە و منیش دەچووم بۆ گەڕەکی ئازادی. لەڕووی سیاسییەوە هەردووکمان سۆزمان بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هەبوو و بەوپەڕی متمانەشەوە ئەو هەستەمان لەلای یەکتر دەردەبڕی. ساڵی خوێندنی١٩٨٠-١٩٨١ بەمجۆرە گوزەرا، هاوینەکەشی من خەریکی کرێکاریی بووم لە کارگەی بەفر و ئەویش خەریکی کرێکاریی بوو. ئەو هاوینە چەند جارێک یەکترمان بینی و چەند جارێکیش لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکەی سەرچنار لە پشت کۆشکەکەی قازییەوە تا بناری گردەکانی یاروەلی دەڕۆیشتین و دەهاتین و قسە و باسمان لەسەر گەلێ بابەتی جۆراوجۆر دەکرد.ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندییەکەمان چووە ئاستێکی تر و یەکتربینینەکانمان ڕێک تر و سیاستماتیک تر بوو. بەڵام ئەوەی من و حەمەزەکی زیاتر بەیەکەوە شەتەک دەدا ئەوە بوو کە هەردووکمان کوڕی بنەماڵەیەکی کرێکار و دەستەنگ بووین و یەک خواست و ئاوات و ئامانجمان هەبوو. هەردووکمان ئاواتەخواز بووین هەژاری بنەبڕ ببێ و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەرقەرار بێ. لەو ساڵە بە جیددی لایەنگری کۆمەڵەی ڕەنجدەران بووین و بەرگریمان لەو ڕێکخراوە دەکرد. پێمان وابوو کە کۆمەڵەی ڕەنجدەران ڕێکخراوێکی مارکسی - لینینییە و خەبات بۆ ڕزگاری چینی کرێکاری کوردستان دەکات لەدەست دەردو نەگبەتی و دەستەنگی و مەینەتییەکانی.لەلایەکی تریشەوە پەیوەندییەکەمان هەر بە تەنها

لەنێو من و حەمە قەتیـ □ نەما، بەڵکو چەند هاورێیەکی تریش پێمانەوە لە دەورمان بوون کە ئەوانیش بریتی بوون لە قاسم ئەمین ئیبراهیم و یوسف مەحموود ناسراو بە( یوسفەسوور) و غالب محەمەد نەجم. ئێمە هەرچەندە وەک گروپ نەبووین و تاک تاک پەیوەندیمان لەگەل یەکتردا هەبوو، بەڵام هەرهەمووومان یەکترمان دەناسی و ئاگامان لەیەکتر هەبوو. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ئێمە هەر هەمووومان لە هەمان بازنەدا دەسوراینەوە و هەموومان هەمان تێگەیشتن و بیروباوەڕمان هەبوو بۆ دۆخی ئەوسای کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵە. ساڵی ١٩٨٣ و ١٩٨٤ دەتوانم بڵێم پەیوەندییەکانمان هەر لەو ئاستەدا بوو. حەمە زەکی لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگیرا و چوو بۆ هەولێر و منیش بۆ ساڵی دوواتر لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکووک وەرگیرام. ئەو ساڵانە زۆربەی ئێوارانی پێنجشەممان لە شەقامی جمهوری یەکترمان دەبینی. کارەساتی پشتئاشان و قڕناقامان بیستبوو و کاریگەرییەکی زۆری تێمان کردبوو و هەروەها مفاوەزاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەگەڵ ڕژێمی بەعـ □ وەک کۆمیدیایەک دەهاتە بەرچاو. بۆیە لەو ساڵە زۆربەی گفتوگۆکانمان لەسەر مەسەلەی مفاوەزات بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لەجاران زۆر زیاتر خۆمان بە خوێندنەوەی هەندێ بابەتی سیاسیی و مارکسیی بەتایبەتی لە بڵاوکراوەکانی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران – کۆمەڵە و گۆڤاری پێشڕەو خەریک دەکرد و میحوەری قسەباسەکانی ئەو سەردەمەمان بریتی بوو لە ڕەتکردنەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک ڕێکخراوێکی ناسیونالیستی بورژوازی و پشتیوانی کردنمان لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. هەروەها پێمان وا بوو کە عێراق وڵاتێکی سەرمایەدارییە و کۆمەڵگە لە دوو چینی کۆمەڵایەتی پێکهاتووە و کە کرێکار و بۆرژوازین و لە ململانێدان لەگەڵ یەکتر و یەکێتی سۆڤییەت و وڵاتی چین سۆشیالیست نین. جگە لە ئەلبانیا کە پێمان وابوو ئەنوەر خواجە سۆشیالیست بووە. جاربەجاریش باسمان لە هەندێ ڕێکخراو دەکرد کە لەناو کوردستاندا چالاکییان هەبوو وەک ڕێکخراوەکانی کار و بەرزە و کارگەران. دەبێ ئەوەش بڵێم کەبەرنامەی (دەرسەکانی مارکسیزم) کاریگەرترین بەرنامەی رادیۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوو، توانیبووی ڕۆڵی پەیمانگایەک بگێڕێ لە پەروەردەکردنی کادیری کۆمۆنیستی لە عێراق.ئێمە واتە (من و حەمەزەکی و قاسم و یوسف و غالب و شۆرش {بەداخەوە شۆرش لە سەربازی لە وڵاتی کوەیت تیاچوو}) زۆر گوێمان لەو ڕادیۆیە دەگرت . ئەو ساڵە حەمە دەستی بە شیعر نووسین کردبوو. شیعری کەم و جوانی دەنووسی. زۆربەی جاران شیعری خۆی بۆ دەخوێندمەوە.منیش بەهەمان شێوە کەوتمە نووسینی شیعر و شیعری خۆم بۆ دەخوێندەوە. ساڵی ١٩٨٣ کە یەکەمین شیعرم بڵاو بۆوە، حەمەزەکی پیرۆزبایی لێکردم. هەوڵەشیعرییەکانی حەمەزەکی بێ ئاکام نەمانەوە، ئەو هەر خەریکی خۆ

پەروەردەکردن بوو لەبواری شیعر و تەکنیکی شیعریی. لەدوای ساڵی ١٩٨٥ نە من و نە حەمەزەکی هیچ پەیوەندییەکمان بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە نەمابوو و زیاتر وەکو مارکسیستێک تەماشای ژیان و ئەدەب و کۆمەڵگەمان ئەکرد. حەمەزەکی لەدوای ئەو مێژووەوە ئینجا کەوتە ناردنی شیعرەکانی بۆ گۆڤارەکانی ئەو ڕۆژگارە بەتایبەتی گۆڤاری (کاروان). ئەوە بوو شیعرێکی لە گۆڤاری (کاروان)بڵاو بۆوە. من لە پەیمانگا هەڵسوراو بووم و لە قوتابییە فەسڵکراوەکان بووم و حەمەزەکیش بەهەمان شێوە. من لە پەیمانگای تەکنیکی کەرکووک و ئەو لە زانکۆی سەلاحەدین هەڵسوراو بووین. ئاگامان لەیەک بوو و زۆرجار قسەباسمان دەکردو بیروڕامان دەگۆڕییەوە. حەمەزەکی لە زانکۆ تۆڕی پەیوەندییەکانی فراوانتر دەکات و لەگەڵ چەندین تێکۆشەری کۆمۆنیست و چەپ دەبێتە هاوڕێ وەک سەمیر نووری و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و جەمال ئەیوب و ..تاد. ئیتر کەش و هەوای ژیانی کۆمەڵایەتی حەمەزەکی دەگۆڕێ بە کەش و هەوایەکی سیاسیی کۆمۆنیستیی کە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر گەشەی بیروباوەڕی حەمەزەکی و نزیکبوونەوەی زیاتری لە مارکسیزم. ساڵ دوای ساڵ ستەم و سەرکوتی بەع☐ توندتر دەبۆوە و بزووتنەوەی چەپی نوێش فراوانتر و بەرینتر دەبۆوە. ساڵی ١٩٨٥ و ١٩٨٦ گەلێجار لەگەڵ حەمەزەکی لە شەقامی جمهوری و لای کتێبخانەی (الطليعة)ی ئاسۆ جەبار یەکترمان دەبینی. ساڵی ١٩٨٥ کۆڕێکی شیعریمان سازدا لە هۆڵی کتێبخانەی کەرکووک کە جگە لەوەی دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لەنێو جەماوەری کەرکووک، لەهەمان کاتیشدا پەیامی دەنگی یاخیبوونی گەنجانی شۆڕشگێڕی ئەوکاتی کەرکووک بوو لە دژی سیاسەتەکانی بەع☐ و سەرانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان و کۆمەڵەی ڕەنجدەران. لەو مێژووەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی من و حەمەزەکی گەرچی تۆزێک بەهۆی دووریمان لە یەکترەوە کاڵتر ببوەوە و بەڵام پەیوەندی سیاسیمان تۆختر بووبوو. هەردووکمان وەک مارکسییەک دەدواین و هەڵدەسوڕاین. کاتێک کە زیندانی کرام لە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکووک تا بەربوونم حەمە نزیک ڕەحیماوە نەکەوتبۆوە. ئەو کەسەی کە بەگرتی دام هاوڕێی من و حەمەش بوو. ئەو کەسە لەو بازنە نزیک بوو، واتە بازنەی ( یوسفە سوور و غالیب محەمەد نەجم و قاسم ئەمین و من و حەمەزەکی). من زۆر دەترسام ئەو کەسە ناوی حەمەزەکی و یوسف مەحموود و قاسم ئەمین بدات، بەڵام ئەو کارە ڕووینەدا. دوای تەواوکردنی خوێندنیش ڕووبەڕوی دۆخێکی خراپ بووینەوە. من بوومە فیرار و چوومە شاری هەولێر و بە ناسنامەی کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی عەرەبی کە بەیارمەتی هاوڕێیەکم دروستم کردبوو، دەسورامەوە. حەمەش لەگەڵ قوتابیانی فەسڵکراودا بە بڕیارێک گەڕانەوە بەر خوێندن. بەهۆی فیراربوونمەوە هەوڵم ئەدا کەمترین کەس ببینم . دوای هاوسەرگیریم دووچاری دۆخێکی کۆمەڵایەتی ئابووری

خراپ بوومەوە. بەناچار بۆ ماوەیەک لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێی خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین لە شوققەیەکدا لە تەیراوە ژیام. لەو هاوڕێیانە ( جەمال کۆشش، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، موکەڕەم شوکور ، سەمیر نووری، لوقمان شەریف، کەریم، تاد...) دەهاتن و دەمانەوە. حەمەزەکیش یەکێک بوو لەو قوتابیانەی کە لەو شوقەیەدا ماوەیەک ژیاوە و دواتر بەهۆی سەرکێشییەکی حەمەزەکییەوە نیگەرانی و دڵشکان ڕووو دەدات و حەمەزەکی دڵی دەشکێ و شوقەکە جێدێڵێ. دواتر بیستمەوە هەندێ هاورێ هەر بۆ خۆشی شوققەکەیان ناو نابوو لانەوازە. من زۆر کەم مامەوە لەو شوقەیە و دواتر خانووی خۆم تەرتیب کرد و دوورکەوتمەوە لە شوقەی لانەوازەکان. لەو سەردەمە بیرم نایەت چەند جار حەمەزەکیم بینیوە لەناو شاری هەولێر، بەڵام هەمیشە لە دوورەوە ئاگاداری بوومە و هەواڵیم زانیوە. دەمزانی خەریکی شیعر نووسینە و لە جیهانی سیاسەتیشدا سەرباری دڵشکاندنەوەکەی بەرەو چەپ و ڕادیکاڵییەت هاتووە و هەنگاوی باشی هەڵێناوە.(*) دوای پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەو تێک وپێکدانی دیموگرافیای کوردستان و ڕووخاندنی نزیک بە ٤٠٠٠ کوند، شارەکانی کوردستان قەرەباڵغییەکی زۆریان بەخۆوە بینی. لەم قەرەباڵغییەدا چەپەکان و کۆمۆنیستەکان کە خەریکی خەباتی ژیزەمینی بوون باشتر دەیان توانی خۆیان حەشار بدەن و لەچاوی پیاوانی بەع □ خۆ بەدوور بگرن. لەو دۆخە ناهەمواره پڕ لە سەرکوت و خەفەقانەی ڕژێمی بەع □ و بەتایبەتیش لە هاوینی ساڵی ١٩٨٧ من و هاورێ جەماڵ کۆشش و هاورێ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد (هۆشەنگ) حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیستمان دامەزراند و کەوتینە دەرکردنی گۆڤاری(ڕابەر) و بڵاوکردنەوەی ئەدەبی کۆمۆنیستی و کرێکاریی. من بە وردی نازانم حەمەزەکی چەند ئاگای لەخەباتی حەلقەی ئەدیبانی کۆمۆنیست و گۆڤاری رابەر هەبووە، بەڵام ئەوە دەزانم کە حەمەزەکی بەهۆی باروزروفی تایبەتی خۆیەوە خۆی دوور گرتبوو و کەم تا زۆر لە حەلقەکە نزیک نەبۆوە. نەک هەر ئەوەش تەنانەت لە تەواوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دوورەپەرێز بوو. بۆیە سەیر نییە کاتێک تەماشای کرنۆلۆژیای بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی دەکەین، دەبینین کە ڕێک ئەو سەردەمە حەمەزەکی شیعرەکانی بۆ گۆڤارەکانی بەیان و ڕەنگین و پاشکۆی عێراق و هاوکاری دەنارد و پشتی لە بزووتنەوەی چەپی ئەوسا کردبوو.، نەک مارکسیزم و کۆمۆنیزم. دوای راپەڕینیش لە ساڵی ١٩٩١ و ١٩٩٢ من لە بزووتنەوەی شورایی و بەتایبەتیش شورا کرێکارییەکان هەڵسوراو بووم و ئینجا لە خەباتی جەماوەری درێژەم بە هەڵسورانم دا و بەتایبەتی لە یەکێتیی بێکاران لە کوردستان، حەمەزەکی ئەودەم لەنێوان کەرکووک و سلێمانی و هەولێردا هاتوچۆی بوو. حەمەزەکی دوای ئەوەی ماوەیەک لە گوندەکانی ناوچەی شوانی دەوروبەری کەرکووک دەبێ، پاشان هەواڵێکی ئەوتۆم لەسەر ئەم شاعیرە نەما تا دوای راپەرین و بەتایبەتیش کاتێ

هاتمە دەرەوە و لە وڵاتی کەنەدا گیرسامەوە، زانیم حەمە گەیشتۆتە وڵاتی هۆڵەندا و هاوسەرگیری کردووە لەگەڵ خانمێکی شێلگیر و لەپاڵ نووسینی شیعر، خەریکی کاری سیاسییە لە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق. ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆژێکیان تازە لەکار گەڕابوومەوە و فرە ماندوو بووم، زەنگی تەلەفۆنەکەم لێیدا، کە وەڵامم دایەوە کاک یوسفەسوور بوو و هەواڵی مەرگی حەمەزەکی پێڕاگەیاندم. کاک یوسف شۆک بووبوو و منیش حەپەسام و لەیادمە ئەو ڕۆژە زیاتر لە سەعات و نیوێک قسەمان کرد و باسی یادگاری و یادەوەرییەکانی خۆمان گێرایەوە لەگەڵ حەمەزەکی جوانەمەرگ. دوای داخستنەوەی تەلەفۆنەکە. ئیتر بۆ ماوەیەک یادی حەمەزەکی شاعیر لای من بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو . تا وای لێهات خەریک بوو بەرەو بیرچوونەوە دەچوو، تا جارێکیان کاک بورهان ئەحمەدی شاعیر لە ماسنجەر باسی شیعرەکانی حەمەزەکی کرد و داوای لێکردم شتێکیان لەبارەوە بنووسم. من وامزانی داوای ئەوەم لێدەکات پێشەکی بۆ شیعرەکانی بنووسم، منیش یەکسەر وتم زۆر باشە بۆم بنێرە و پێشەکییەکیان بۆ دەنووسم، وتی یەکێتی نووسەران شیعرەکان چاپ دەکات. زۆرم پێخۆش بوو. من نەمزانی شیعرەکانی بە پێشەکییەوە چاپ بووە. ئیتر بەمجۆرە چوومەوە کوردستانیش کتێبەکەم دەست نەکەوت. تا ئەم دواییانە بە جیددی کەوتمە ئەوەی کە حەمەزەکی شاعیر بکەمە یەکێک لە پرۆژە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆم و ئەوەی ئێستا دەیخوێننەوە ئەوپرۆژەیەیە کە هەموو ئاواتم ئەوەیە توانیبێتم ڕۆحی حەمەزەکی شاعیری ستەمدیدەکان شاد بکەم و حەمەش لە قووڵایی بیرچوونەوە بێنمە دەرەوە و وەک چرایەکی گەش لە یادەوەری کەس و کار و هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی بە داگیرساوی دابنێم.

**(*) حەمەزەکی لەو فەترەیەدا ساردبوونەوەیەک لە بەرەوپێشچوون بەرەو ڕادیکالییەت و جیهانبینی کۆمۆنیستی بەخۆوە دەبینێ. هۆیەکەشی هەرچییەک بێت، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە کە حەمەزەکی خۆی بناغەی ئەو جیهانبینییەی لەدەرەوەی جوغزی ئەو هاوڕێیانەوە بنیاد ناوە کە ئەوکات خۆیان بە میراتگری کۆمۆنیزم دەزانی.**

# یادێک لە حەمەزەکی ئینسان و تێکۆشەر
# لە پەنجەرەی ماسنجەر و چەند کۆمێنتێکی پۆستێکی فەیسبووکەوە

نووسین و ئامادەکردنی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

نیسانی ٢٠١٩

محەمەد زەکی کەریم قادر ناسراو بە حەمەزەکی لە بنەماڵەیەکی کرێکاریی گەڕەکی ئازادی لە شاری کەرکووک ساڵی١٩٦٣ چاوی بە دونیای نایەکسانی و پڕ لە ستەم هەڵهێناوە. هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە مێشکی بەوپرسیارانەوە جەنجاڵ بوو کە مێشکی زۆرێک لە ئێمەی جەنجاڵ کردبوو. ئەم دونیایە بۆ وایە؟ بۆچی ستەم هەیە؟ بۆچی هەندێ کەس هەژارن و هەندێکیش دەوڵەمەند؟ چی بکەین بۆ ئەوەی ئازاد بین؟ ڕێگای ڕزگاری کامەیە؟ و دەیان پرسیاری تر. حەمە لەپاڵ خوێندنی قوتابخانەی، منداڵی و گەنجی خۆی بە یارمەتیدانی باوکی و ئیشکردنی لەپێناو پەیداکردنی بژێوی خێزانەکەیان بەسەر برد. بۆیە هەر لە تەمەنی لاوییەوە دەستی کرد بە خوێندنەوە و بەتایبەتیش نووسراوەکانی مارکسیزمی ئەرسەدۆکس و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. حەمە کوڕێکی لاوازی پڕێک ڕەشتاڵەی قژخاوی دەموچاو بە خوریکە بوو، بەڵام تا بڵێی چوست و چالاک بوو. ئەم ئینسانە ڕوحێکی شۆڕشگێڕانەی جوانی بوو، پڕوای وابوو کە لە ڕێگای شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە دەتوانرێ دونیای ئازاد و یەکسان دابمەزرێ و چەوسانەوە نەمێنێ. دکتۆر نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە ماسنجەر بۆی نووسیم دەڵێ ( **مەشخەڵ گیان کارێکی زۆر چاک ئەکەیت لەسەر حەمەزەکی ئەنووسیت، ئەوە دڵسۆزی و وەفای تۆیە بۆ هاوڕێکانت جگە لە بیروباوەر. حەمەزەکی ئەهێنێ لەسەری بنووسرێت.)**

جەمال ئەیوبی هاوڕێی حەمە زەکی ئاوا باسی دەکات " **یادی بەخێر حەمەزەکی لە هاوڕێ نزیکەکانم بوو ئەو بێ من ئیدارەی نەدەکرد و هەردوو پێکەوە لە زانکۆی سەلاحەدین فەسل بووین. کە هاتە زانکۆ من ساڵێک پێش ئەو لەزانکۆ وەرگیرا بووم. حەمەزەکی جێگەی مانەوەی نەبوو کەچی بێ ئەوەی بمناسێ و هێشتا هاوڕێیەتیمان دەستی پێ نەکردبوو، داوای لێ کردم لە بەشی ناوخۆی قوتابیان (قسم داخلی) لای**

**خۆم جێگەی بۆ بکەمەوە، هەر وام کرد و ئیتر من و حەمە بووین بە نزیکترین کەسی یەکتر. هەر شیعرێکی بنووسیبا یەکەم کەس بۆ منی دەخوێندەوە. حەمە شێت و عاشق و دێوانە بوو. هەست ناسک و دەنگ خۆش بوو. یادگاری وێنە و سەرگوزشتەی زۆم لەگەڵیدا هەیە. ئێستاش بۆ بیرەوەرییەکانی جار جار چاوێک بە دیوانە شیعری چکۆلانەکەی دەخشێنم." هەروەها هاوڕی جەماڵ ئەیوب دەنووسێت " کاکە حەمە ساڵی دووهەزارو دوو لە هۆڵەندە بەهۆی جەڵدەی دڵەوە بۆ دوا جار بەجێی هێشتین. کاتێک بەهرە خانی هاوسەری لەنەخۆشخانە کوڕەکەی حەمە دەهێنێتە دونیا، لەوکاتەدا بەهۆی ڕاکە ڕاک و شپرزەیی دڵە گەورەکەی هاوڕێ حەمە لەلێدان دەکەوێت. درووود بۆ گیانی و ڕێز و خۆشەویستی و تەمەن درێژیش بۆ هاوسەر و کوڕە شیرینەکەی."**
هەرچی هاوڕێ سەمیر نورییە دەڵێت " **یادی بەرزو بەرێز بێت حەمە زەکی و موکەرەم محەمەد شکور و پێکەوە نوێنەری خۆپیشاندانی بەردەم زانکۆ بووین لە هەولێر، کەسێکی چاو نەترس و ئازا تێکۆشەرێکی چەپ بوو.**"هونەرمەندی شێوەکار محەمەد ساڵەیی دەڵێت " **لە ساڵی ١٩٩٣ چەند شیعرێکی خۆی بۆ هێنام بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بۆ بڵاوکردنەوە ، بە ناوی حەمە قەرەج . وتی هەر پێم دەڵێن لەقەرەج دەچیت بۆیە ئەو ناوەم هەڵبژاردووە .کە بڵاوکرایەوە بە حەمە فەرەج بۆیان بڵاوکردەوە، پێیان وا بوو بە هەڵە وای نووسیوە ، بەوە زۆر دڵگران بوو کە بە قەرەج بۆی بڵاونەکراوەتەوە.**" هەرچی کاک عەزیز عەبدوڵایە دەڵێت " **یادی بەخێر. سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ بە نوێنەرایەتی خوێندکارانی فەسڵ کراو لە بینای سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین داواکاریەکانی ئێمەی بە سەرۆکی زانکۆ و مدیری ئەمنی هەولێر وت. تێبینی: زیاتر لە سەد خوێندکار لە بەردەرگای سەرۆکایەتی کۆبوینەوە و داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری فەسڵ کردنمان کرد. دوای زیاتر لە سەعاتێک سەرۆکی زانکۆ و مدیری هاتن و نزیکەی چل کەس لە هۆڵێکدا ڕووبەڕوو داواکاریەکانمان گەیاند (هاورێ حەمە زەکی وەک نوێنەری سەرەکی لەو کۆبوونەوەیە قسەی کرد).** هەرچی کاک ڕەهەند عەلییە دەنووسێت ( **کاکە حەمەزەکی ماوەی چەند مانگێک لە دەفەری قەندیلیش ژیاوە و ئازارەکانی قەندیلی چەشتووە لە شاری ڕانیە ماوەیەکی زۆری بەسەر بردووە. یادگاری جوانی لێرە بەجێهیشتووە و یادگاری زۆرن.)** هاوری یوسف مەحموود ناسراو بە یوسفە سوور دەڵێت( **جەنابت و زۆر کەسی تر ئاگادارن حەمە لە من نزیک بوو بە ئاستیک میم زڵێخی دایکی هەموو کات دەیوت ئەم سەگە سوورە کورەکەمی لە دین وەرگێرا. من نەک تەنیا یاد و یادگاریم لەگەڵیدا هەیە بەڵکو ئاگاداری زۆرێک لە نهێنییەکانی کەسایەتیشی هەم کە دەکرێ بە**

**ورد و درشتییەوە بیخەمە بەر دەست.**). فەلاح عومەری هونەرمەندیش دەنووسێت **(کاکە حەمەزەکی پیش ئەوەی شاعربێت مروفێکی پە پوولە ئاسا بوو زۆر ناسك و جوان پوش و بوو هە میشە بە ریک پوشی دە ر دە کە وت لە سە روی ئە و انە و لە هە موو ي گرنگ تر کە کاکە حە مە ی پی ئە ناسریتە وە کە وزە بە خش بوو پر بوو لە وزە و با ر گاوی ئە کردي بە هیوا و گە ش بینی. بە راستی هە موو کات کە ئە م بیني زور ئە گە شا مە وە زور دلخوش ئە بوو م بە و هە موو گرنگی دان و ریزە ی کە نیشانی ئە دایت .ئیمە کوري گە ریک بوین (گە رە گی ئازادي) کە رکوك. دواي بوم دە کە وت کە تیکە لي خیرانیشمان هە یە بە لام زور ترین کات لە شە قامی کوماری لە چایخانە کە ی ئە بو عاسي یە کتر مان ئە بیني زور بە دا خە وە روژگاری جە نگ و ئا وا رە يي هە ر هە موو ماني پە ر تە وازە کرد ئاگامان لە یە ک نە ماو دا برا ین لە یە ک و بە هیوا بوم روژیک دابیت کومان کاتە وە بە لام مە رگ دا برا نە کە ی کردە ئە بە دي ئە وا ئیستا لە ریگە ی هاوری بە ریز کاک عبدالله سلیمان ە وە کوبینە وە دە ست خوشی لی ئە کە م بە هیوام بە ر دە وام بیت لە بە ئە وشیف کردنو کو کردنە وە کارە کاني کاکە حە مە زە کي و زوربە ي هونە ر مە ندان و نوسە راني شارە بیکە س بینازە کە مان).** هاوڕێ مزەفەر عەبدوڵاش دەنووسێت (**لەبیرمانە هەرگیز ئەو ساتانەم لەبیر ناچێط کە لە ژووری ناوخۆییەکە لە تەیراوە لەگەڵ هاوڕێ جەمال و سامان و ئەمین و هتد سەرقاڵی گفتوگۆی سیاسی بووین . یادی هەمیشە زیندووە)** . حەیدەر ئارام دەنووسێت (**یادی بە رزو پیرۆزبێ لە سە لاری و چاکیشا وێنە ی نە بوو، گە نجێکی تا بڵێی بە ڕە وشت و دیاری گەڕەکی ئازادی بوو. روحی شادبێ)** هاوڕێ ستاری چیمەنتۆ دەڵێت**(حەمەد زەکی لەکاتی ئاوارە بوونی خەڵکی کەرکوکدا ، لەگەڵ نزیک بە پانزەکەسێکی تر لە هاوڕێ و ناسیاوانمان، ڕوویان کردە ماڵی ئێمە و ماڵی پوورێکم کە دیارە بە هۆی منەوەبوو. ئەوکاتە ناسیم و لە ٢-٤-١٩٩١دا هەموو پێکەوە ئاوارەی کەمپی دووئاو بووین..!! ئینسانێکی تا بڵێی ئینسان دۆ ست و خاوەن ئیحساسێکی جوان ومۆدێرن.. محەمەد زەکی کەسێکی هوشیار بائاگا و هەمیشە مەشغەڵەی شیعر ئەدەب بوو.. لەدوای ئاوارەییەکەش تا ماوەیەک پەیوەندیم لەگەڵیدا مابوو، چونکە ئەو هەر لە سلێمانی دەژیا و لەگەڵ هاوڕێیەکی تریدا بە ناوی ئازاد زۆر پێکەوە بوون هەر پێکەوە ئاوارە ببوون هاتبوون بەرەو ماڵی ئێمە.. زۆر بەداخەوە کە هاوڕێکەشی بیستم گیانی لەدەستداوە)** وەستا سابیری بێکارانیش دەنووسێت **(یادی لە دڵماندا زیندووە ، بەهەمان ئەو سیفاتانەوە ئێمەش هاوڕێی کۆچکردوو حەمە زەکیمان لە تورکیا ناسی لە ئەنقەرە ، بەداخەوە ئینسانە جوانەکان**

**کەم ئەژین)** عەلی کەریمی نووسەریش دەنووسێت**(یادی بە خێر،هاوڕێیە تی حەمە زە کیم هە رگیز لە یادناچێتە وە نموونە ی مروڤێکی پاك و ڕۆمانسی بەڵام ڕۆمانسییە کی شورشگێڕ!!)** تاهیری حاجی عەسەنیش دەنووسێت(**یادی بۆ هەمیشە بەرزو بەڕێز بێت،من حەمەزەکیەکم ناسی،پڕاوپڕ لە میهرەبانی و گەش بینی و هەوڵ و خەبات ولەخۆبوردەی بو. هێمای مرۆڤێکی پڕاو پڕ لە سەنگینی)**. هاوڕێ حەسەن حوسێنیش دەنووسێت**(من لەکۆرەوەکەی ساڵی ٩١ ناسیم کەسێکی ڕۆشنبیرو ئازاو بەجەرگ بوو یادی بەخێر و ڕەوانی شاد بێت)**. کاک عەلی کەرکووکی هاوڕێی حەمەزەکی دەڵێت**(ئای داخەکەم بۆ حەمەزەکی ، ڕەوانی شادبێت ، بەڕاستی زوو کۆچی کردوو بەجێمانی هێشت ، دروود لە گیانی پاکی بێت ، بەڕاستی خەمێکی گەورەیە).**دوا قسەش کۆمێنتێکی بەهرەخانی هاوژینی حەمەزەکی دائەنێم کە دەنووسێت ( **سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هەڵوێست و گوزارشتت هەمیشە ئەم هەڵوێستەت بەرز ئەنرخێنم هاوڕێ مەشخەڵ گیان زۆر دڵخۆشت کردم بە هەست و سۆزی هاوڕێیانەت بۆ حەمەزەکی. لێرەوە دەستی ماندوونەناسیت ئەگووشم. سوپاس بۆ هەر یەکێک لەوانەی هەر شتێک ئەخەنە سەر خەرواری یادەوەرییەکانی حەمە کارێکی پڕاوپڕ و جوانەوە ئەم کتێبە بێتە مەیدان و کەمێک ئاسوودەییم پێ ببەخشێت.)**

دواجار، ئەمە ئەو شانازییەیە کە حەمەزەکی توانیویەتی لەنێو دڵی هاورێ و هاوژین و هاوسەنگەرانی خۆی بخولقێنێ و وێنەیەکی جوان و ناوازەی خۆی بخاتە نیو چەرچووپەی یادەوەری هاورێیانی و شانبەشانی دەقە شیعرییەکانی بمانخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی کە بروا بە کۆچی ئەبەدی ئەو نەکەین و لەگەڵماندا بژێت.

# حەمەزەکی کێ بوو؟

# ژیاننامەی حەمەزەکی لەزاری نزیکترین کەسەکانییەوە

ژیاننامەی شاعیر (محەمەد زەکی کەریم )

نووسینی : مامۆستا موحسین کەریم
برای حەمەزەکی شاعیر

(٢٠١٤/١/١٠ )
سلێمانی

له ١٩٦٣/٩/٥ ی زایینی له شاری کەرکووک له گەڕەکی ئازادی هاتۆته دونیاوه و هەر لەم شارەدا گەوره بووەو قۆناغەکانی سەرەتایی وناوەندی و ئامادەیی به سەرکەوتوویی بڕیوه . له ساڵی ١٩٨٣ له کۆلێژی پەروەرده بەشی فیزیا له زانکۆی سەلاحەدین له هەولێر وەردەگیرێ، قۆناغی یەکەم و دووەم تەواو دەکات، له بەر ئەوەی مل به بڕیاره ستەمکارەکانی بەع □ نادات و نایێت به (جیش الشعبی ) بۆیه به ناچاری زانکۆ بەجێدەهێڵێ و له پاڵ خوێندنەوه و خۆ ڕۆشنبیر کردن، بۆ بژێوی ژیانی وەك كرێكارێك دەست به كار كردن دەکات. لەم ڕێگایەوه توانی پەره به بەهرەی شیعری خۆی بدات. دوای ئەوەی له هەوڵ و کۆشش و خوێندنەوه دا بەردەوام دەبێ، یەکەم شیعری به ناوی ( سەفەر مەکه ) له دایک دەبێ ، ئیتر پاشتر به بەردەوامی و تامەزرۆییەوه خۆی بۆ خوێندنەوەی كۆمەڵێك كتێبی زۆر باشی ساڵانی هەشتاكانەوه سەرقاڵ دەکات، ئەو سەردەمەش سەردەمی شۆڕش و ڕۆژگاری بیری چەپ بوو، زۆربەی گەنجان له ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیزمیدا بوون، ئەمیش وەك كەسێكی كۆمۆنیست ، به سوود وەرگرتن لەو فەلسەفەیه گەلێك كار و چالاكی ئەنجامداوه. دوواتر ساڵانی کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان و ڕاپەڕین و کۆڕەو بوونەته هەوێنی کۆمەڵێك له شیعرەکانی وەك له پۆلێنکردنی شیعرەکانیدا دیار و له بەر چاون. کاریگەری جوانی سروشت و به قووڵی ڕوانینی بۆ خۆشەویستی و ئەو زوڵم و غەدرانەی دەرحەق به نیشتیمان و نەتەوەکەی کرا بووەته هەوێنی شیعرەکانی و زیاتر هانی داوه بۆ ئەوەی جوانتر بنووسێ. ئەگەر به وردی سەرنجی شیعرەکانی بدەین تێبینی ئەوه دەکرێ زۆربەی شیعرەکانی کاریگەری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و عەبدوڵلا پەشێو و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن یان پێوه دیاره . له ساڵی ١٩٩٦ به ناچاری ڕوو دەکاته وڵاتی تورکیا و بۆ ماوەی شەش مانگ کارکردن لەوێ دەمێنێتەوه و دوایی ڕوو دەکاته وڵاتانی ئەوروپا و دوواجار له وڵاتی سەوز و جوان و پڕ له گوڵی هۆڵلاند دا دەگیرسێتەوه، دوای نیشته جێبوونی لەوێدا هاوسەرگیری ئەنجام ئەدات، پاش تێپەڕ

بوونی سێ ساڵ بەسەر پێکەوە ژیانیان ئەبنە خاوەنی کوڕێکی جوان بە ناوی ( ڤارا) ، بەڵام بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە دووای تێپەڕبوونی تەنها سێ ڕۆژ بە سەر لە دایك بوونی کوڕەکەیاندا ، ئەم شاعیرە هەست ناسکە لە بەرە بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٢/٩/١٦ بەهۆی (جەڵدەی دڵ و دواییش مێشکی ئەوەستێت ) بۆ یەکجاری چاولێک دەنێ و بۆ هەتا هەتایی بەجێمان دەهێڵێت وماڵئاوایی لە ئێمەو هاوڕێکانی دەکات، هەر لەو وڵاتەی کە هەمیشە باسی جوانییەکەی دەکرد نزیك لە هەناسەی کوڕ وهاوژینەکەی بە خاك ئەسپێردرێت.
هەرچەندە ژییاننامەی حەمە زەکی پڕ بوو لە هەڵچوون و داچوون ، لێوان لێو بوو لە خۆشەویستی و ڕێزداری بەرامبەر بە هاوڕێکانی. ئەو شیعر و گۆرانی بۆ مرۆڤاییەتی و ئازادی دەوت ، هەر بۆیە بە کورتی ئەمەوێت بڵێم ، ئەو کەسێکی هەست ناسك ، پڕاوپڕ لە خۆشەویستی و سۆز و ئەوین و عەشق و دڵداری ، دونیایەك یادگاری جوان و خەرمانێك شیعری ئەڤینداری بۆ هاورێیان و ئازیزانی بەجێهێشت.

**تێبینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ئەم ژیاننامەیەی سەرەوە کە مامۆستا موحسین نووسیویەتی، سێ دێری کۆتایی کە تایبەت بوو بە سوپاس و ستایشی لەچاپدانی دیوانەکەی حەمەزەکی لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکووکەوە، لامبرد. چونکە لێرەدا هیچ خزمەت بە ژیاننامەکەی شاعیر ناکات.**

## ژیاننامەی شاعیر و تێکۆشەر حەمەزەکی کەریم

نووسینی : ئەکرەم چاوشین

٢٠٠٢/٩/٢١

لە ڕۆژی ٩/٥ی ساڵی ١٩٦٣لە خێزانێکی کرێکاریی لە گەڕەکی ئازادی شاری کەرکووکدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە. لە ساڵی ١٩٨٣لە کۆلێژی پەروەردە بەشی فیزیا لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر وەرگیراوە ، بەڵام بە هۆی چالاکی سیاسیی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و لە ساڵی ١٩٨٨ فەسڵ کراوە. بە درێژایی تەمەنی لەگەڵ خوێندندا کرێکاری کردووە بۆ بژێوی خۆی و خێزانەکەی لەم پێناوەشدا لە چەندین بواردا شارەزایی پەیدا کردووە و توانای فێربوونی باشی هەبووە و توانیویەتی ژیانی خۆی پێ ببات بە ڕێوە. چەندین زمانی زانیوە بێجگە لە دوو زاراوەی زمانی کوردی کە (بادینیی و سۆرانییە) توانیویەتی بە چەند زمانێکی تریش قسە بکات لەوانە عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و هۆڵاندی .
یەکێك بووە لەو کەسانەی بەشداری مانگرتن و خۆپیشاندانی خوێندکاران لە ساڵانی ١٩٨٢ ، ١٩٨٤ ، ١٩٨٦ ، دا کردووە و وەکو نوێنەری خوێندکاران هەڵبژێردراوە تا لە گەڵ دەسەڵاتداراندا لە سەر داخوازی ئەو کاتەی خوێندکاران دانیشتن بکات و زۆر دڵسۆزانە ئەو ئەرکەی بەجێهێناوە و نموونەی ئینسانێکی تێکۆشەر بووە. لە تەمەنی لاوێتییەوە لە سەرەتای هەشتاکاندا بە کۆمۆنیزم ئاشنا بووە و وەك ئینسانێکی چەپ و ڕادیکاڵ لە بەرامبەر ڕژێمی بەعسی شۆڤێنیست و سەرمایە خەباتی کردووە و چەندین جار ڕووبەڕووی گرتن و ڕاونان بۆتەوە و لێهاتوانە ژیانی خۆی وخێزانی و هاوڕێکانی و دەوروبەری لە مەترسی ڕزگار کردووە. لە ڕاپەڕینەکەی ئازاری ساڵی(١٩٩١دا) هەڵسووڕاوێکی بزوتنەوەی شورایی بووە. لە ساڵی (١٩٩٧) ەوە وەك ئەندامێك لە ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا کاری کردووە و بۆ ماوەیەك سکرتێری کۆمیتەی هۆڵاندای حیزب بووە و زۆر دڵسۆزانە وەك کەسێکی کۆمۆنیست و ماندوونەناس کاری کردووە و لە ناو پەنابەراندا خۆشەویست بووە و لە پێناو بەدەستهێنانی داخوازییەکانیاندا لە هەندەران. لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە دەرەوەی لە ساڵی ١٩٩٦ لە عێراق بەرەو تورکیا و یۆنان و تا لە ساڵی ١٩٩٧ لە هۆڵاندا جێگیر بووە، وەك پەنابەر تێکۆشاوە و هەوڵی یەکخستنی ڕیزەکانی پەنابەران داخوازییە ڕەواکانیانی داوە و ئەو کەسانەی لە گەڵی ژیاون شاهیدی ئەو سەروەرییەن بۆی.
هاوڕێ حەمەزەکی هەروەك چۆن لە بواری هەڵسورانی سیاسیدا بە درێژایی تەمەنی ماندوونەناس بووە، ئاوەهاش لە بواری ئەدەبیشدا وەك شاعیرێکی کرێکار

خاوەنی سەرمایەیەكی شیعری پڕ لە هەست و سۆزی ئینسانی و عیشق و خۆشەویستی و بانگەشەی بیری ئازادی و یەكسانی و خەبات لە پێناو دنیایەكی باشتردا لە بەرامبەر دنیای چەوسانەوەی سەرمایەداریدا بە پێنوسەكەی جەنگاوە و ئاسۆی دنیای ئاسودەیی وحەوانەوەی جەستەی شەتەك و ماندووی لە كۆمەڵگای سۆسیالیستیدا هەوێنی نوسین و شیعرەكانی بووە ، چەندین شیعری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی (هاوكاری و ڕەنگین و ئاڵای ئازادی و ڕێگای كوردستان و ..... هتد ) بڵاوبۆتەوە و خاوەنی چەندین ئێوارە كۆڕی شیعر خوێندنەوەیە و دووان لە هۆنراوەكانی (ئەلفا) و (بیرت ئەكەم ) لە لایەن بێخاڵ جەودەت كە هاوڕێ و خوشكەزای حەمەزەكییە كراونەتە گۆرانی و لە سەر كەناڵەكانی كوردسات و سی دی تۆمار كراون ئەگەر چی هێشتا حەمە زەكی خۆی گوێبیستی گۆرانی (بیرت ئەكەم) نەبوو كە گیانی سپارد.
لە ساڵی ١٩٩٩دا بە بەهرەی هاوژینی ئاشنا بووە و پەیوەندی و هاوسۆزی و هاوڕێیەتیان بڕیاری پێكەوە ژیان و هاوسەری پێدان و لانكەیەكی خنجیلانە و ئارامیان پێكەوە دروست كرد كە دواتر بوو بە لانە و جێگای حەوانەوەی هاوڕێ و خۆشەویستانیشیان ، ئەو ژیانە هێمن و ئاسوودەو پڕ حەسرەتی خۆشەویستییە بەردەوام بوو بۆیە بڕیاری دروست كردنی منداڵێكی ژیكەڵەیان دا لە ٢٠٠٢/٩/١٢ دا بوو كە یەكەم منداڵیان بوو وە ناویان نا (ڤارا) و نەمامی یادگاری و بیرەوەری و ژیانی هاورێی و هاوژینی و ئاسۆی دوا ڕۆژیان چەقاند.
حەمە زەكی كەریم مرۆڤێكی هەست ناسك و مرۆڤ دۆست بووە ، گشت كات خەمخۆری هاوڕێكانی و هاوكاری ئەو كەسانە بووە كە پێویستییان پێی بووە ، وەك مرۆڤێكی ڕۆح سووك قسە خۆش هێمن و گورج و گۆڵ لەگەڵ هاوژینی و لە ناو كەسوكار و هاوڕێكانی و خەڵك ناسراوە. یادگارییەكانی حەمە زەكی هێندە زۆر و شیرینن كە دەكرێت لە سەر زاری هەموو هاوڕێ و خۆشەویستانی بە حەسرەت وخەندە و خۆشەویستییەوە بگێڕدرێتەوە ، زۆر لە ژیانی پڕ لە خەم و ناسۆری دیوە و چەشتووە. گشت كات خەمەكانی خۆی ئاوێتەی خەمەكانی ئەم دنیای پێچەوانە و پڕ چەوسانەوەیە كردووە. بۆیە دەكرێت هەموو ناڕەزایەتییەكی ئەم دنیایە بەشێك بێت لە یادگاری و هەڵوێستی حەمە زەكی دژ بە دنیای چەوسانەوە سیستەمی سەرمایەداری.
بەڵام ئەفسووس هەزاران ئەفسوس لە بەرە بەیانی ٢٠٠٢/٩/١٦ دا لە ناكاو مەرگ ئەم هاوڕێ خەباتكارەی لێكردین و بۆ دواجار و دواین هەناسەی پڕ حەسرەت و خۆشەویستی ئەوی لێبڕین و دڵە گەورەكەی لە لێدان كەوت.
حەمە زەكی جێگای لە ناوماندا خاڵییە، بەڵام یادگاری و ڕێباز و شیعرەكانی بە هیوای دنیایەكی باشتر وەك خۆی لە دڵماندا زیندوو دەمێنێ بۆ هەتا هەتایە.

بەرزو بەڕێز بێت یادی هاوڕێ حەمە زەکی و ڕێبازەکەی .

## حەمەزەکی لە بیرەوەری کەسوکار و هاوڕێیانیدا

لەم بەشەدا ژمارەیەک نووسین و بیرەوەری دەخوێنینەوە کە لەلایەن نزیکترین کەسانێک لە حەمەزەکییەوە نووسراون، کە ڕۆژانێک هاودەم و هاوڕێ و هاوبیر و تەنانەت ئازیزی حەمەزەکی بوونە و کەم تا زۆر کاریگەرییان هەبووە بەسەر هەڵسوڕانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسی حەمەزەکی. خوێنەر لە خیلالی دواندن و نووسینەکانیانەوە ئەو ڕوحە سەرکێشەی حەمەزەکیمان بۆ دەردەکەوێ کە چۆن وەک گەڕیدەیەک ویستوویەتی کیشوەرە نهێنییەکانی عەشق و نووسین و خەبات کەشف بکات. لەهەمان کاتیشدا کارەکتەری حەمەزەکی باشتر و جوانتر دەردەکەوێ.

## یادەوەری مامۆستا موحسین کەریم برای حەمەزەکی شاعیر

### حەمەزەکی خاوەنی بیرکردنەوەیەك بووە و پەروەردە بووە پێی کە بیرکردنەوەیەکی چەپی و ڕادیکاڵییانە بووە

سەردەمێکی زۆری بەسەردا ڕۆشتووە و کەچی هەر نەهاتەوە بۆ سەردانی هاوڕێ و خزم و کەس وخۆشەویستانی! نازانم بۆچی؟ ئەمڕۆ و هەر ئێستا لە هەموو کاتێك زۆر زیاتر حەزو ئارەزووم هەیە بۆ بینینی و زۆر بە تاسەوە تامەزرۆم بۆ لە ئامێز گرتنێکی و بۆ ئەوەی پڕ بە ئارەزووم بیگووشم بە خۆمەوە تاکو تاسەی دووری چارەکە سەدەیەکی خۆمی پێ خامۆش بکەمەوە و لە نزیکەوە گوێ بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی بگرم و جارجارەش گوێ بۆ هەندێ لەو گۆرانییانە شل بکەم کە لەکاتی خۆیدا بۆی ئەوتم و یان پێکەوە ئەمانوتەوە ، یان گوێم بۆ ئەو شیعرە نوێیە بگرم کە تازە ڕەشنووسی کردووە و ئەیەوێ سەرنج و تێبینی خۆمی پێ بڵێم ، بەڵام مەخابن ئەو ئێستا بە جەستە بوونی نییە . بەڵام ڕۆح و هەست و نەستەکانی لە ڕۆحی مندا بوونی هەیە و زۆر نزیکە لێم، چونکە حەمە زەکی براو هاوڕێم بوو بگرە بەشێك بوو لە جەستەم ، لەو ڕۆژەوە کە ئەوم لە دەستداوە نە برا نە هاوڕێیەکی تری وەکو ئەوم بۆ دووبارە نەبۆتەوە ، حەمە زەکی خاوەنی هەستێکی ناسك پڕ لە جوانی و خۆشەویستی و ڕێز بوو. زمانی زۆر پاراو و بوێرو شیرین بوو، تەنیا خەمی خۆی نەبوو حەزی ئەکرد هەموو مرۆڤەکانی ئەم سەر ڕووی زەمینە لە خۆشی و

شادیدا ژیان ببەنە سەر و خۆشەویستی یاساو ڕێساکانی ژیان بەرن بەڕێوە و هەموو کەسێ بۆ خۆشی ژیانی یەکتر بژین و هەست بە بوونی چینایەتی و ڕەگەز پەرستی نەکەن و حەزی ئەکرد هەموو کەسێ بە عەشق و خرۆشەوە پروانە ژیان و هەوڵبدەن بۆ بەرەو پێش بردنی. حەمەزەکی بیرکردنەوەی ئەرێنی بۆ ژیان هەبوو، حەزی بە نوێگەری و پێشکەوتن زۆر بوو حەزی ئەکرد نەتەوەکەی بەم شێوەیە نەدیایە و خاوەنی وڵات و یاساو ڕێسای خۆی بێت و هاو سۆز و هاوکار بوایە لە گەڵ گەل و نەتەوەکانی تری هەموو جیهان . وە ئەگەر سەرنج و تێڕوانینمان هەبێت بۆ شیعرەکانی حەمەزەکی گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن ، ئەویندارى و خۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی و بەزەیی و جوانی سرووشت و ژیان و خەڵکی و بوونی چینایەتی و ڕەگەز پەرستی دوژمنان و هتد .... بونیان هەیە . وە سەرچاوەی ئەم هەموو کارلێك و لێکدانەوە و هەڵهێنجانە جۆری بیرکردنەوەکەی دەردەخات کە ئەم کەسە، خاوەنی بیرکردنەوەیەك بووە و پەروەردە بووە پێی کە بیرکردنەوەیەکی چەپی و ڕادیکاڵیانە بووە، لەتەمەنی لاویدا ئەو ئاشنا بوو بە بیرکردنەوەو ئایدیای چەپی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و پەرەی بە بیرکردنەوەی خۆی داوە و بۆ دونیای سەردەمی خۆی لێکدانەوەو بەرهەڵستی بوونی هەبووە، حەمەزەکی وەکو ئەندامێکی خێزانەکەم ڕەنگدانەوەی لە سەر خێزانەکەی هەبووە و کاریگەریشی بەجێهێشتووە کەم یان زۆر هاورێیەکی چاکی برایانەی هەبووە بۆم و ئەمەش لە خۆمدا ئەبینم و هەموو کات ئەو قسەیەی دێتەوە یادم کە لە هەندەران بوو کە گفتووگۆمان ئەکرد ئەیوت : چاك بزانە مامۆستا ئەگەر سەد ساڵی تر بژیم پێویستم بە ڕێنوێنی تۆ هەر ئەبێ ، یان ئەیوت ( من زۆر سەرسامم بە تۆ کە لە شارێکی وەکوو سلێمانی ژیان ئەبەیتەڕێوە بە مووچەیەکی کەمەوە ) . ئەو کات خەڵکی کوردستان لە قەیرانێکی دارایی سەخت و دژوواردا دەژیان ، دوای شەڕی نەگریسی ناوخۆ بوو . ئەمە یادگاریەکی زۆر جوانە لە لای من ماوەتەوە و ئەمێنێتەوە، حەمەزەکی خۆشەویستی زۆر کەس بوو، بە تایبەتی کەسانێك تەنیا بە دەنگ ئاشناییان هەبوو لە گەڵیدا باڵام ئاواتە خواز بوون کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بیانبیبیایە و لە نزیکەوە ئاشنایبوونایە، کاتێکیش کە گیانی لە دەستدا زۆر بە خەم بوون بۆی . لەو کەسانەش زیاتر کە هاورێی بوون و بینیمان، حەمەزەکی خاوەنی گفتوو زمانێکی تایبەت پڕ لە ڕێز و خۆشی بەخش بوو زۆر زوو سەرنجی بەرامبەرەکەی ڕائەکێشا بۆ خۆی و تاکو ئەوپەڕی هێز و توانا یارمەتی هاورێکانی ئەداو بەڕاستی هاورێیەتی بوونی هەبوو لە لای ئەو ، بەڵام ئەوەی دڵخۆش بەخش و ئومێد بەخش بوو ئەوەیە کە حەمەزەکی کەسێکی لە ژیانیدا ناسیووە بوە بە هاورێ و هاوژینی کە (بەهرە)یە کەسێکی مرۆڤ دۆست و هاوژینێکی بە ئەمەك دایکێکی بەسۆز بۆ ڕۆڵەکەی هاورێیەکی چاك بۆ دەوروبەر و بۆ خزمانی لە هەمان کاتدا باوکێکی زۆر باشیشە بۆ کورەکەی . هەروەها کەسێکی

دڵسۆزە بۆ خزم و کەسوکارو هاوڕێیانی حەمەزەکی هەرچەندە ژیانی هاوژینیان سێ ساڵ بووە لەگەڵ حەمەزەکیدا ئەو بە شانازییەوە ئەڵێ ڕاستە کە سێ ساڵ پێکەوە بووینە بەڵام حەمەگیان بە بەهای سی ساڵ و زیاتریش خۆشەویستی پێم بەخشیوە . ڕاستییەکی تری بەهرە ئەوەیە هەر کەسێ ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ چرکەیەکیش دڵی حەمەی خۆش کردبێت ئەم ئەوپەڕی ڕێزی لێیەگرێت و پێی ئەزانێت ، یان ڕێز لەو کەسانەش ئەگرێت و حەز ئەکات بیان بینێت و لە ئامێزیان بگرێ کە پەیوەندی خۆشەویستیان لەگەڵ حەمەزەکیدا هەبووە . هەروەها ئەوە چارەکە تەمەنێك بەسەر چووە کەچی ئەو تازە لە سەرەتای خۆشەویستییەکەیەتی بۆی دوای لە دەستدانی جەستەی. ئەمەش خۆشەویستییەکی کەم وێنەیە لەم ڕۆژگارەدا ، وە توانیویەتی لە دوای حەڤدە ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی لە دەست دانی هاوژینەکەی. کوڕەکەی بگەیەنێتە ئاستێکی زۆر باش لە ڕووی پەروەردەیی و زانستییەوە کە جێگای شانازیمانە ، (ڤارا) گیان خۆشەویستی هەمووانە و کەسێکی ژیر و ئازاو بوێر و کۆمەڵایەتیشە لە هەمان کاتدا و زمانی دایك بە جوانی فێر بووە و هەروەکو ئەوەی کە لە کوردستان گەورە بوبێت و کوردستانیش لە لای ئەو خۆشەویستە و خاك نیشتمانەکەی خۆش ئەوێت و شانازی پێوە ئەکات ، یادت بەرزو پیرۆز بێت هاوڕێی تەمەنم .

٢٠١٩/١١/١

سلێمانی

وەڵامی بەهرە محەمەد نادر هاوژینی حەمەزەكی كەریم
شەپۆلی عەشق و خۆشەویستی حەمە لە هیچ ئۆقیانووسێكی ئەم دنیایەدا جێی نابێتەوە

**مەشخەڵ : سەرەتا زۆر داوای لێبووردن دەكەم كە برینت دەكولێنمەوە،دەمەوێ لەوەوە دەست پێبكەم كە چۆن حەمەزەكیت ناسی و كەی پێی ئاشنا بوویت؟ ئەم حیكایەتی خۆشەویستییەی نێوانتان چۆن بوو؟ سیاسەتكردن چ ڕۆڵێكی هەبوو لەم یەكتر ناسینەتان؟ ئایا وەک دوو هاوڕێی خەبات یەكترتان ناسی و یەكترتان خۆش ویست، یان دوای هاوسەرگیریی ڕێچكەی هاتنە مەیدانی سیاسیتان گرتەبەر؟**

بەهرەخان : سەرەتا زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتەی بۆت ڕەخساندم .دەمێك بوو ئەموویست زۆر شت بنووسم لەسەر ژیانی خۆم و حەمە. دیارە پەنجەكانم زۆرجار هێزی ئەوەی نەبوو ئەم هەموو شتە بنووسێت . تۆ توانیت جارێكی تر پەنجەكانم بخەیتەوە كار بۆ هەندێك نووسین و وەڵام دوای ئەمەش ئەگەر ژیان ڕێگەم پێ بدات زۆر شتی تر ئە نووسم كە پێویستە بنووسرێت، ڕەنگە چیرۆكی زۆر گە ورە دروست كات!! دەستی ماندوو نەناسیتان ئەگووشم دڵ خۆشتان كردم بە لێپرسینەوەی هاورێیانەتان، بۆ خۆشم و بۆ حەمەش جارێكی تر ژیانتان پێ بەخشیم . بۆ ناسینی من و حەمە چیرۆكێكی زۆر دوور و درێژە هەندێكی بە كورتی باس ئەكەم و ئەوانی تریش ڕەنگە هەڵگرم بۆ نووسینی ئەو چیرۆكەی خۆم ئەمەویت بینووسم بە دوورو درێژی. سەبارەت بە بوونی من لەگەڵ سیاسەتدا هەر لە منداڵیمە وە ئاشنا كرابووم بە مارك □ و ماركسیزم بە هۆی كەشی خێزانیمانەوە .دوایش كە گەورە بووم و خۆم ناسی هەر كاری گەری مابوو لە هزرمدا تا ساڵی( ١٩٨٨) زیاتر خۆم تیا بینییوە كە ئەوكات لەگەڵ ( ئەكرەم چاوشینی ) برام و هاورێی هەموو ژیانم پێكەوە ژیان وای لێكردین زیاتر ئاشنا بین بە كۆمۆنیزم و لە زۆر چالاكی و كاری سەرەتایی حیزبەوە بۆ ئەوكاتەی ئێمە ئاگاداریم هەبوو ئیتر هەر لەوكاتەوە لەگەڵ رۆحم تێكەڵاوی دروست كرد. بو حەمەش هە ر وا بووە هە روەك خۆتان مێژووە كەی ئەزانن پێشتریش كاری لەسەر كردووە . لە سەرەتای ساڵی (١٩٩٧) كاتێك هاتینە هۆلاند ئەوكات حەمەم

نەئەناسی و ساڵی داهاتوو سە نتەرێکی پەنابەریمان دروست کرد لە شاری (دیلفت) بۆ کۆبوونەوە و سیمینار و ئاهەنگ و زور شتی تر رێك ئەخرا .ئە و کات من یە کێك بووم لە بەرێوەبەرانی ئەو سەنتەرە بە ئاگاداری ئەو کاتەی (ح.ك .ک .ع) لە هولاند .هەر لەو کاتانەوە ناوم لە لیستی ئە ندامی حیزبدا هە بوو .دوای ساڵێك سەفەرم کردەوە بو سلێمانی و دوای گەڕانەوەم هە ندێ ڕۆژنامەی( بۆ پێشەوە) م هێنا کە تازە دەرئەچوو ئەبوو بگاتە دەست ئەندامان بۆ ئەوەی ئاگاداری کار و چالاکییەکان بن. لەوێ ئەوسا وەك ئێستا شت ئاسان نەبوو هەواڵ کەم ئەزانرا ئەو شتانە زەروور بوون ئیتر حیزبم ئاگادار کردەوە کە بیگەیەنم. بۆ ئەمەش حەمە ئەوکات بەرپرسی راگەیاندن و بڵاو کراوەکان بوو لە هۆلاند. بۆیە ئەو پەیوەندی پێوە کردم بۆ ئەوەی بیگەیەنمە دەستی . ئێوارەیەکی کۆتایی مانگی (٥) ی ساڵی (١٩٩٩) بوو، تەلەفونی بۆ کردم خۆی ناساند بو یەکەم جارمان بوو قسە بکەین یەکتریشمان نەبینیبوو .ئەوەبوو هە ندێ قسە و باسمان لە سەر کاری حزب کرد و باسی ڕۆژنامەکان کە بۆی پوست کەم بۆ ئەوەی تەوزیعیکات بەسەر ئە نداماندا. ئەویش زۆری پێباش بوو وتی بۆم بنێرە ئەو لەشارێکی تر ئەژیا (زووتیرمیر) لای هاوڕێیەکی ئەوکات حەمە جوابی نەبوو ئەبوو لە کەمپا بێت، بەس بۆی هەبوو لە کەمپ نە مێنێتەوە ئەگەر عینوانێکی هەبیت لای کەسێك بیناسێت، بژی. ئەوەش هاوڕێیەکی بۆی کردبوو ناوی (هاوڕێ) یە لێرەوە جارێکیتر سوپاسی ئەکەینەوە. ئە وە بوو دوای دوو ڕۆژ ویستم بۆی پوست کەم، بەڵام نەگونجا. بۆیە تەلەفونم بۆ کرد و داوای لێبوردنم کرد کە ناتوانم بینێرم. وتی کێشە نییە ئەکرێت کاتێکیتر بەدەستی بۆم بێنیت خۆم دێم بۆی بۆ (دیلفت) لێت وەرئەگرم .زۆرم پێ باش بوو کاتمان دانا کەی و چۆن دێت و چۆن بیناسم لەو شوێنە جەنجاڵییەی وێستگەی شەمەندەفەردا؟ ئیتر هە ر لێرەوە جوانی و ڕاست گۆیی و سادەیی و زۆر شتی تری دەستی پێکرد کە جێگای کردەوە لام و بوونە پرسیار؟؟؟ وتی هەرکات هاتی بۆ وێستگەکە و هەر کەسێکت بینی بە پانتۆڵێکی کاوبۆ و قە میسێك و ئیلەگێکەوە و جانتایەکی ڕەش بە شانییەوە و لە هەموو کەس زە عیفتر بوو ئەوە منم ؟؟؟ واش بوو کاتێك چووم دەوروبەری کاتژمێری (٣) ی پاش نیوەڕۆ بوو بەو شێوەیەی خۆی وتی بینیم هەرچەندە دەموو چاوی دیار نەبوو چونکە پشتی لێم بوو تە نها چاوم چووە سەر باڵای ئەو بەهۆی جلەکانییەوە .کاتێك ئاوڕی دایەوە ئەوە ئەوە بوو یەکسەر قسەمان کرد و بەدەم قسەوە چووینە دەرەوەی وێستگەکە بۆ ئەوەی قاوەخانە یەك یان رێستورانتێك ببینینەوە لێی دانیشین بەڵام بەهۆی قەرەباڵغی دەرەوە و شوێنەکان جێگە نەبوو ڕۆژی شەممە بوو بۆیە وا بوو . ئیتر شوێنێکمان دەست نەکەوت لێی دانیشین بۆیە قەرارماندا لەسەر دوو بەردی گەورە لەسەر جادەی ناو سە نترومی (دیلفت ) کە ئەو دوو بەردە دوایی بوونە جێنزرگەی هەردووکمان زۆر خۆش بوو بۆمان زۆر دڵمان

پێی ئەکرایەوە یادگارییەکی جوان و خۆش بوو. لەویا چەند کاتژمێرێك دانیشتین قسە و باسمان کرد چ لەسەر سیاسەت چ لەسەر ژیانی شە خسی خۆمان تا درەنگ دانیشتین و دوایش ڕۆژنامەکانمان کۆپی کرد بۆ ئەوەی دابەش کرێن .زۆر شتی خۆش ڕویدا لەو ڕۆژەدا بووە جێگای یادگاری بۆ دواییمان .من ئەو کاتە بیرم لە هیچ نەئەکردە وە بەرامبەر حەمە بۆ من ناسین و ئە و شتانە نامۆ نەبوو چونکە پیشتر زۆر تیکەڵاویم هەبوو لەگەڵ خەڵك و هاورێ و کەسوکار و خیزانەکەشمان وا پەروەردە کرابووین پیاو و ژن جیا نەکرابوووینەوە ئەوە منی زیاتر دروست کردبوو . بەڵام دیار بوو حەمە بیری لێ کردبۆوە هەر لەیەکەم دەقەی بینینیا بێ ئەوەی من بەخۆم بزانم .حەمە پێشتر زۆر پەیوەندی لەگەڵ ئافرەتی تر هەبووە هیچ کات بێ خۆشەویستی نەژیاوە، هەمیشە گەڕاوە بەدوای خۆشەویستی ڕاستەقینەدا زۆر ڕاستگۆیانە خۆشەویستی کردووە ئەگەرچی ئەوانەی بەرامبەری هیچیان ئەوە دەرنەچوون کە ئەم ویستوونی، بۆیە سەریان نەگرتووە. بەڵام من خۆم بە هیچ جۆرێك تا ئەو کاتەش کەسم نە بینیبۆوە وەك خۆم بیت. وەك خۆم لێم تێبگات. بۆیە بیرم لەویش نەئەکردەوە لەگەڵ ئەوەی شتیکم بۆ دەرکەوت تیایدا ئەمە بۆ من ئاسایی بوو، بەس هەستم ئەکرد زۆر مورتاح بووم لەگەڵی. لێرەوە بووە هەوێنی یەکتری ناسین و دڵخۆشی و مورتاحی و یە کتر بینینی بەردەوام. هەفتانە دووجار و قسەکردنی بەردەوامیش بە تیلفون و ببووینە دوو هاورێی زۆر نزیك و زۆر خۆشەویست بۆ یەکتر. زۆر ڕاستگۆیانە هەڵسوکەوتمان ئەکرد بێ قە ید و شەرت. ئەمە چەند مانگێکی خایاند تاڕۆژی (١٩٩٩/٩/١٨) هەر لە وێستگە یەکترمان بینییەوە، دانیشتین لە قاوەخانە ئەوێ و دوای قسەوباسێکی زۆر وتی ئەمەوێت ڕات وەرگرم لە سە ر شتێك ؟ وتم بۆ نا پێم خۆشە بڵێ. وتی خۆت ئەزانیت چەند وەختە یەکترمان دیوە و یەکتر ئەناسین و زۆر لە یەکتر تیگەیشتووین و متمانەمان بەیەکتر هەیە و دڵخۆشین بەیەکەوە و ڕێز و خۆشەویستیمان هەیە لای یەکتر، بیرورامان یەکە !! بۆ بیر لەوە نەکەینەوە بەیەکەوە بژیین ؟؟ من پیشتر لەگەڵ خێزانەکەم ئەژیام داوام لەو کرد بوو یارمە تیم بدات بۆ ئەوەی خانوویەك بگرم بەتەنها بژیم و ئەو ئەیتوانی یارمەتیم بدات. بۆیە یارمەتی ئەدام و خەریکی خانوو بوو بۆم. هەر لەو بۆچوونەشییەوە بیری لەوە کردبۆوە خۆشی بێت لەگەڵم بژی من ئەو کات کاریشم ئەکرد، شتەکان بۆ من زۆر ئاسان بوون. هەرچەندە پێشبینیم هەبوو لەسەر ئەو ڕۆژە بەڵام وتم با ماوەیەك بیری لێ بکەمەوە. ناکرێت یەکسەر بڵێم باش، بۆ من ئاسان نییە ئەو بریارە . شەویش بەیەکەوە چووین بۆ سیمیناری (مەلا بەختیار و تاهیر حەسەن). دوای ڕۆشتنەوەمان کەوتمە بیرکردنەوە و پریاردان تا دوو هەفتەیەک بەتەواوی پریارمدا بۆ نا ؟ ئە ویش بۆ ئەوەی دڵنیا بم لە بریارەکەم و من کەسێکم بەئاسانی پریار نادەم تا جوان هەڵسەنگاندنم نەکەم هیچ شتیك ناکەم. بۆیە پڕیاری کۆتاییماندا و ڕێککەوتین

لەسەر ئەوەی تەواو لەسەر ژیانی خۆشمان و کارە شەخسییەکانی خۆشمان قسە بکەین و ماوەیەك بە و جۆرە و دوایش لەگەڵ خێزانەکانمان قسەمان کرد ئیعلانی پێکەوە ژیانمان کرد لە (١٥/١٠/ ١٩٩٩)ڕۆژی هە ینی بۆ هە ردووکمان خۆشترین رۆژ دەستی پێکرد ! لەو کاتەوە ئیتر هە ستمان بەفڕین کرد هە موو دنیا بوو بە هی خۆمان، هە موو شتێك جوانتر بوو. عەشق و خۆشەویستی و گۆرانی و مۆسیقا و سەما و هەڵپەڕکێ و شەپۆڵەکان و خورەی ئاو و شنەی با، هە موو خەونەکانمان جوانتر بوون ! نووسینەکانم ئەوەندە یادەوەریم ئە هێننەوە بەرچاو و خەریکە مەست ئەبم ! خۆ ئەگەر ئەم دنیایە وەك ئێمە بێت و وەك ئێمە بووایە، ئەبوو چەند خۆش و جوان بووایە ؟ زستانەکان بە پۆلێك مەل شەوەکانی رۆحم ئەبەن ... تەڕبوونیش لەبەر باران بەرەو دنیای عەشقم ئەبەن ... وتم دێم و ئێوارەیەك ماچت ئەکەم ...جەستەی شەکەت لەبەردەمتا لە خاچ ئەدەم.

**مەشخەڵ : بە دڵنیایەوە حەمەزەکی شیعرەکانی خۆی بۆت خوێندۆتەوە، تا ئەو جێیەی ئاگادار بیت حەمەزەکی شیعری لە چ گۆڤار و ڕۆژنامە یان بڵاوکراوەدا بڵاو کردۆتەوە.ئایا نوسخەی ئەو شیعرە بڵاوکراوانەت لا هەن؟**

بەهرەخان : بەڵێ بەدڵنیاییەوە هەر لە یەکەم ڕۆژی بینینمانەوە تا هاوسەرگیریی و تا دوا هەناسەشی بەردەوام شیعرەکانی خۆی بۆ ئەوتم و زۆرجاریش قسەوباسمان لەسەر ئەکردن. بۆچی وتووە و هە ندێکیان بۆ کێ وتراون بە دوور و درێژی باسی زۆریانی بۆ کردووم ئەوەی پێی ڕاگەشتبێت. بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش بەڵێ هەندێکیان بڵاوکراونەتەوە و لە کتێبی شیعرەکانیدا ئاماژەیان پێدراوە کە لە کوێ بڵاوکراونەتەوە. من نوسخەم لا نییە ڕەنگە بۆ بەدەستهێنانی بتوانن لە کتێبخانەی گشتی بەدەستی بێنن ئەگەر بتانەوێت .ڕەنگە کاتی خۆی حەمە خۆی هەیبووبێت بەڵام بە هۆکاری نائاسایی ئەوکاتەوە ڕەنگە لە ناوچووبن. باسی بۆ کردم هەندێك لە شیعرەکانیشی ئەوکات لە سەردەمی حیزبی بەعسدا سووتێنراون یان لە ناوچوون بەداخەوە. وەهەندێکیشیانی لە دوای نووسینی یە کسەر کە هاوڕێیەکی یان کەسانی تر کە پێیان جوان بووە پێشکەشی کردوون. ئیتر نەیبینیوەتەوە. نازانم چییان لێ هاتووە!!!

**مەشخەڵ : ئایا هاوڕێکانی حەمەزەکی چ هاوڕێ کۆمەڵایەتییەکانی یان سیاسییەکانی، چەند توانیویانە لا لە حەمەزەکی بکەنەوە و یادی بکەنەوە؟ یان حەمەزەکی لە یادەوەری ئەواندا چ جێگایەکی هەیە؟**

بەهرەخان : ئەم پرسیارە لای منیش جێگای ناخۆشی و تاڵییە و ئازارێکی زۆری داوم .چەند نەمانی جەستەی حەمە و دووری لێم ئازاری داوم، ڕەنگە زۆر زیاتر دیوە نائینسانییەکەی عە قڵی ئەم کۆمەڵگا و بیرکردنەوە دوواکەوتوانەی هەر تاکێك لە ئێمە زیاتر ئازاری دابم بەوەی لەدوای وەستانی هەناسەی حەمە و مەراسیمی بە خاك سپاردنییەوە هیچ کامێك لە هاوڕێکانی حەمە چ سیاسییە کان چ کۆمەڵایەتییەکان ئاوڕێکی دلسۆزانە و جدییانەیان لێ نەداوینەتەوە و نە بۆ یادکردنەوە و باس کردنیشی هیچم نەدیوە تەنانەت بو مە راسیمی چلەکەشی داوامان لە هە ندێکیان کرد شتێك بنووسن یان بڵێن لەسەر حەمە قبوڵیان نەبوو هیچ بکەن و تەنانەت دوریش کەوتنەوە .خۆ ڕەنگە ئەوانەی ئێستاش هەن خۆم زۆر بە جدییانە پەیوەندیم پێوە کردوون و پێم خۆش بووە وە ك ئەوەی هەست بکەم حەمە ماوە و لە ڕووە فکری و ئینسانییەکەوە پەیوەندیمان بمێنێت ئەگەر هەبێت ئەوەیە و ئە وانیش دیسان بە هۆکاری فکری دواکەوتووی کۆمەڵگە و عەقلییەتی ئاینیی و کلتووریی و هەندێجار ترسی خێزانییەوە دوورکەوتوونەتەوە لەکاتێکدا ئێمە خاوەنی باوەڕێکین ئەو کلتوور و کۆمەڵگە و عەقلییەتەمان پێ ڕەفزە و هەرخۆشمان بەرجەستەی ئەو عەقل و کلتوورە بکەین ئەمە جێگای سەرسووڕمانە. !!!

**مەشخەڵ : حەمەزەکی ئینسانێکی کۆمۆنیست بوو، شاعیرێکی پێشکەوتووخواز بوو، تۆ چ ئیزافەیەکی ترت هەیە بۆ حەمەزەکی ئینسان، حەمەزەکی شاعیر و حەمەزەکی هاوسەر؟ یانی حەمەزەکی لەنێوان شیعر و سیاسەتدا چ هاوسەنگییەکی ڕاگرتبوو؟**

بەهرەخان : هەرچییەك بڵێم ڕەنگە لەئاستی ئینسانی حەمەدا نەبێت. ئەوەندە پڕم لەهەست و خۆشەویستی حەمە مشتێك ئەبێت لە خەروارێك سێ ساڵ لەگەڵی ژیام بەڵام بەشی سێسەد ساڵ ژیانی داومەتێ لێوان لێوم لە یادگاری و خۆشەویستی و لە هەناسەی و لە ماچ و لە پێکەنینن و گۆرانی و لە ڕۆمانسییەت و با بڵێم جوانترین و نموونەییترین مرۆڤ بوو کە بە درێژایی تەمەنم بە ئێستاشەوە دیبێتم. لەش سووك و شیرین خەمخۆر بۆ هەمووان . دوانەیەکی پراوپڕ بۆ یەکتر دروست بووین .بەنسبەت سیاسەت رەنگە بمانەوێت و نەمانەوێت بەشێکە لەژیانمان ڕۆژانە ئەوەندە سەرقاڵی کردبوو ڕەنگدانەوەی هەیە لەشیعرەکانیدا و رەنگە شیعر و سیاسەت ئەوەندەی من بە دیم کردبێت هاوسەنگ بوون.

**مەشخەڵ : شیعرەکانی حەمەزەکی هەست ئەکەی سۆز و خۆشەویستی ئینسان بەگشتی و ژن بەتایبەتی تیایدا شەپۆڵ ئەدا. تۆ لە کوێی ئەو شەپۆلانەوەی؟ تۆ تا چەند خۆت لەناو شیعرە خۆشەویستەکانی حەمەزەکیدا دەبینیتەوە؟**

بەهرەخان :حەمە لەبەر ئەوەی تا سەر ئێسقان عاشق بوو ! بۆیە هەمیشە لە شیعرەکانیدا عەشق ڕەنگیداوەتەوە. مرۆڤ هەر لە لە دایکبوونییەوە کاتێك چاوهەڵئەهێنێ بەعەشقی دایکییەوە چاو ئەکاتەوە دوایش ئەڕوات بۆ ئەوانی تر. دایکییش ژنە کە واتە ئەبێت بێم بەڵێ بەشێکی گەورەیە لە ژیانی حەمەدا لە ژن بوونی دایکییەوە گەراوەتەوە بۆ منی ژن !!! شەپۆڵی عەشق و خۆشەویستی حەمە لە هیچ ئۆقیانووسێکی ئەم دنیایەدا جێی نابێتەوە هەمووشی ڕۆژانە ئەڕژاند بەسەرما هەرچەندە من و حەمە دووانەیەکی راستەقینە بووین، بۆ یەکتر تەوابووینەوە و دروست بووین و تەواوکەری یەکترین بە ئێستاشەوە لەگەڵ ئەو شەپۆڵی عەشق و خۆشەویستییەدا یاری ئەکەم و خۆم لە لووتکەی ئەو شەپۆلانەدا ئەبینمەوە و لە هەموو شیعرەکانیدا تووانەوەی هەردووکمانی تیا ئەبینم بۆ یەکتری.

**مەشخەڵ : کتێبی حەمەزەکی کە چاپ بووە هەڵەی چاپی زۆر تێدایە.ئەم هەڵانە چۆن ڕوویاندا؟ ئایا توانیوتانە ئەو هەڵانە دەستنیشان بکەن و چاکی بکەنەوە؟**

بەهرەخان : هەڵەکان لای ئێمە نەبوون، لای ئێمەوە هەموویان بەراستی ڕۆشتوون لەکاتی نووسینەوە و تایپ کردنیاندا لە چاپخانە دروست بوون. ببوورن لەبەر ئەوەی من ئامادە نەبووم لەوێ، ئەکرێت کاك موحسینی برای یان تاڤگەی خوشکەزای حەمە باشتر ئاماژەی پێبدەن . ئەوان ئەڵێن گوایە پێمان وتوون ئەوانیش راستیان کردۆتەوە. بەڵام دیسان لەکاتی ڕاستکردنەوەدا سەیف نەکراوە بۆیە هەر بە هەڵەکان ڕۆشتووە و چاپ بووە.

**مەشخەڵ : زۆر دەستخۆش بەهرەخان. وەک دەرفەتیک چی ترت دەوێ باسیان بکەیت و لایان لێ بکەیتەوە و حەز دەکەی بیان خەیتە بەرچاو، دەتوانی سوود لەم دەرفەتە ببینیت و قسەی خۆت بکەی.**

بەهرەخان : ڕەنگە هەر ئەوەندە بڵێم خۆزگە هە موو کەس وەك حەمە خۆشەویستی راستە قینەیی بوایە و وە ك ئە و دڵپاك و راستگۆ و بە ئەمەك و دلسۆز ئینسانی بوونایە. چەند بنووسم کەمە ئۆقیانووسێکە لە خۆشەویستی با بمێنێت بۆ ئەو کتێبەی رەنگە دواتر بتوانم بینووسم لەسەر ژیانمان. لای من لە رۆمانی رۆمیۆ و جولیت و لە لەیل و مەجنون و شیرین و فەرهاد و جوانتر ئەبیت چونکە کاتێك دوو کەس چەند بە گەورەیی یەکیان خۆش بوویت رەنگە کە بە یەکگەشتن و چوونە ژێر سەقفێکەوە ئەو کات ئەو خۆشەویستییە جوانیکەی نەمێنێت و رەنگیشە بریاری جیا بوونەوە بدەن .بۆیە رۆمیۆ و جولیت و شیرین و فەرهادەکانیش ئەگەر بەیەك بگەشتنایە ئەکرا وەك ئێستا لە سەرزار نەمانایەتەوە و سەردەمەکەشیان جیاواز بووە زیاتریش بە شێکن لە ئەفسانە. خۆشەویستی من و حەمە لە سەدەی بیستەما زۆر ئاستەمە دوو کەس بۆ یەکتر بتوینەوە ؟ حەمە بۆ من توایەوە و منیش بۆ ئەو ئەسووتێم. ئەمەوێت ئەوەش بڵێم خۆزگە بکرایە یان بیتوانیایە هەندێ کاتیش لەو کاتە جوانانەی بە منی بەخشی بە (ڤارا)ی کوریشی ببەخشییایە وەك باوك چونکە ئەزانم نموونەییترین باوکی دنیا دەرئەچوو وەك چۆن نموونەییترین هاوڕێ و هاوژین بوو بۆ من تا سە ر ئیسقانم خۆشم دەوێت .
زۆر سوپاس بۆ ئیوەش چاوتان ماچ ئەکەین هەر بژین..

بیرەوەری یوسف مەحموود ناسراو بە یوسفە سوور
هاورێی منداڵیی و لاویی حەمەزەکی

**عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) : هاوڕێ یوسف ناسینی ئێوە بۆ حەمەزەکی دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک و چۆن ئاشنای یەکدی بوون؟ چ یاوەرییەکی منالێتان پێکەوە هەیە؟ حەمەزەکی رابەرێکی قوتابیابوو لە مانگرتنەکەی ساڵی ١٩٨٤، ڕۆڵی حەمەزەکی وەک هەڵسوڕاوێکی چەپ لە زانکۆی**

**سەلاحەدین چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ تۆ تا چەند ئاگاداری دونیای شیعری حەمەزەکی هەیت؟دوا پرسیار بۆ خۆتان جێدێڵم، ئەگەر هەر شتێکت هەیە باسی بکەی و لەسەر هەر لایەنێکی ئەدەبی و سیاسیی حەمەزەکی پێتخۆشە قسە بکەیت، فەرموو.**

وێنەی یەکەم :

لە یادی حەمەی حەمە زەکیدا ڕۆژی ١٨-٩-٢٠٠٢دەمە و ئێوارەیە و بێ تاقەتی و شەکەتی غوربەت ڕامدەکێشی بۆ کەناری دەریا ؛ تا لە وێ ئەگەر بتوانم بۆکاتێکی کورتیش بێت ، خۆم لە ژاوەژاوی مێشکم ڕزگار بکەم. خەیاڵم لەگەڵ شەپۆلەکاندا تێکەڵ بووبوو ....خۆم دابووە دەست یادگارییەکانم . لەگەڕەکی ئازادییا خۆم بینییەوە، ئەو گەڕەکە هەژار نشینە کوردییەی کەرکوک کە بێجگە لە سزای زیندان و مەرگی لاوەکانی لە لایەن دەسەڵاتی بەعسەوە؛ سزای بێ بەشکردن لە هەموو خزمەتگوزارییەک بەسەریدا سەپابوو. کاتێ خەیاڵم گوزەری دەکرد بە کۆڵانەکانی ئازادیدا، هاوڕێ و دۆست و کەس و کارم بەسەر دەکردەوە. حەمەزەکی هاتە سەر ڕێم ، داچەڵەکیم . چونکە پێی ڕاگەیاندبوم کە بەنیازە ببێتە باوک. مۆبایلەکەم دەرهێناو تەلەفۆنم بۆیکرد، بۆ ئەوەی هەواڵی بزانم وپیرۆزبایی لێبکەم ..بەڵام کەسێکی دی تەلەفۆنەکەی وەڵام دایەوە و پێیوتم حەمە مرد. وتم ئازیزم کاتی گاڵتەو گەپ نییە دەمەوێ لەگەڵ حەمە قسەبکەم ...بەڵام ئەو گاڵتەی نەکرد، پاش سێ ڕۆژ لە باوکایەتی حەمە بێ ماڵئاوایی کۆرپەکەی و ئێمەشی بە جێهێشت بوو . منیش بە چاوی پڕ فرمێسکەوە گەڕامەوە بۆ زیاترلە سێ دەیە لەژینی ڕابوردووم.لە چرکە ساتێکدا دەیان وێنەی یادگاری خۆم و حەمە هاتنە پێش چاوم. تێکەڵ و ئاوێزان نە سەرەتایان هەبوو نە کۆتایی. گێڕانەوەی هەر یەکێکیان لەگەڵ ئەوی دی تێکەڵ دەبێ...سەرەتای ئەم دەبێتە کۆتایی ئەوی دی هەروەها بە پێچەوانەوە .وێنەی یەکەم: ماڵی مام کەریم و میم زلێخ خێزانێکی گەوەرە و دەرامەتێکی کەم. منداڵەکانیان خستۆتە بەر خوێندن بەو هیوایەی لە پاشە ڕۆژدا ژیانێکی باشتر بژێن...حەمەزەکی کوڕی بچوکیانە، کوڕێکی ئەسمەری موو ڕەشی باریکەلە گەنجێکی ڕوو خۆش، خۆشەوێست لە ماڵەوە و لە ناو هاوڕێیانیدا .ئەو دەمە من و ئەو لە قۆناغی ئامادەیی بووین، دوو لاوی هاوگەڕەک ڕۆژانە هاوڕێیەتیمان زیادی دەکرد و لەیەک نزییک دەبوینەوە، ئەو کات وەک ئێستا نەبوو، بیرمان لە هۆکارەکەی ناکردەوە بۆچی هاوڕێیەتیمان زیاد دەکات..لە لایەکی دییەوە من لە گەڵ هاوڕێی خۆشەویستم کاکە غالب، لە منداڵییەوە لەتەمەنی شەش حەوتساڵییەوە برادەر و هاوڕێ بووین و ئەو کاتێش لە یەک شانەی ڕێکخستندا بووین. نازانم یان ڕەنگە هەر بیریشم لێی نەکردبێتەوە کە حەمە زەکی وکاک غالیب پێشترچەندە برادەر بوونە.بەڵام دەزانم هاوڕێیەتیمان رۆژ دوای ڕۆژ زیادی دەکرد .من و کاک غالیب

ماوەیەک بوو کەوتبووینە گڕوگاڵی مارکسیییەت لە بۆتەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، نزیک کەوتنەوەی حەمە زەکی لە ئێمە دورکەوتنەوەی بوو لە نوێژ. بە ئاستێک میم زڵێخی دایکی دەیووت ئەم سەگە سوورە کورەکەمی لە ڕێ دەرکرد. ئەو دەم حەمە زەکی وردە وردە شیعری دڵداری دەنوسی، بە تایبەتی بۆ کچێکی چاوشین کە هەندێ گرفتی سەر ئێشەی هەبوو. بە بینین ودانیشتن لەگەڵ حەمە زەکی، هەستی بە باشتر بوون دەکرد.ئەگەر ئەمە دەستپێکی شیعری حەمە زەکی نەبوبێت (بە تەئکید (لەسەرەتاکانیدا بوو. کە ئەودەم دەیویست بە ناوی حەمە ئاوارە بنوسێت .

وێنەی دووەم

من و حەمە و زۆرێک لە لاوەکان سەرباری دەست کورتی ونەهامەتیەکان خولیاو ویستی سەیرمان هەبوو لەم وێنەیەدا حەمەم هاتە بەرچاو ٣٠ دیناری ئەو کاتەی چۆن کۆکردبووەوە نازانم، تەنیا ئەوەی لە بیرمە ڕۆیشت پێم وابێ بۆ ئۆرزدی باک دای بە کەمانچەیەک وهێنایەوە و داوای لە موزیک ژەن مامۆستا نورەدین مام برایم کرد کە ماڵیان لە کۆڵانەکەی ماڵی حەمە ڕەش بوو(ئاخر زۆرێک لە کۆڵانەکانی ئازادی ناوی تایبەت بە خۆیان هەبوو) یارمەتی بدات لە فێربوونی موزیک، مامۆستا نورەدین زۆر دڵسۆزانە ئامادە بوو، بەڵام تەنگی ڕێگای حەمە بواری پێی نەدا بەم ویستەی بگات، هەر چۆن کاک غالیب لە تەمەنێکی زۆر مناڵیدا دەستی بۆ شیعر بردو بەو ویستەی نەگەیشت، حەمە چێژێکی سەیری لە موزیک دەبینی، ئەو ئاشقی گۆرانی سونەتی بوو. وێنەکە هاتە سەر ئەوکاتانەی دادەنێشت بە دیار چارەگێ عارەق و مشتێ گوڵەبەڕۆژەو غەزەلێکی گوڵپایگانی یان نەوارێکی قادری سەیاحی کە بە هەڵە پێمان دەوت( سەعیدی قەندی). هەندێ جار لەو کەشەدا خۆی لە باوەشی شیعرێکدا دەبینیەوە. هەندێ جاریش دەستی دەکرد بەوتنەوەی گۆرانیەکان یان خوێندنەوەی شیعرێک، هەر چۆن جارێکیان ئێمە هەشت ٨ گەنج بە سواری نەسرێکی بچوک کە جەلالی حاجی نادر هێنابوی لە ئازادییەوە ڕۆیشتین بۆ شۆڕیجە و لە وێش بۆ جینگڵاوە بۆ ماڵی محمەدی خاڵۆی دایکم. ماڵەکە بریتیبوو لە ژورێک و بەرهەیوانێک، ئێمە هەر هەشتمان لە ژورەکەدا بوین خاڵۆ ومیمی پیر بوون ئەوان لە بەرهەیوانەکەدا بوون.بێجگە لە ئێمە لە ژورەکە دوو مسەجەلی لێبوو، یەکێکیان نەوارێکی نەوای نەی کرایە سەری وبەوی دیش ڕیکۆرد دەکرا حەمەش دەستی دایە ئەو کتێبانەی لە تاقی پەنجەرەکەدا بوون ودەستی بە خوێندنەوەی شیعرەکانی ملوانکەی شین و ناڵەی جودایی کرد. محەمەدیش کاری ڕیکۆرد کردنی گرتە ئەستۆ، بەبێ هیچ پلانێکی پێشوەختە نەوارێکی خۆشی بێ ناونیشانی لێ بەرهەم هات. پاش ماوەیەک بە قاچاخ لە تەسجیلاتەکان دەفرۆشرا. بەڵام من هیچ زانیارییەکم نیە چۆن گەیشتە دەستی تەسجیلاتەکان.

.وێنەی سێیەم

ئەمجارەیان خۆم و حەمەم لە کرێکاری بینی، ئەو دەمە من (نەجاڕی مسەلەح) بووم. ئازادی جۆرەها وەستای خانوبەرەی لێبوو. وەستای دیواری قایەو گەچ، وەستای ئیشتایگەر..هتد دارو تەختەی خاڵۆم بوو، لە ڕەحیماوە من و حەمە و کرێکارێکی دی بووین. دەوروبەری نیوەڕۆ دای لە کەلەمان ئەو جەژنە لە لادێ بکەین، دەستمان لە ئیش هەڵگرت وبەرەو ماڵ و لەوێشەوە بەرەو قەمچوغە، ئێوارە درەنگانێک گەشتینە ماڵی کوڕە میمکێکم خۆی( پ. م ) بوو، ماڵی لە قەمچوغە بوو. دوای دووسێ شەوێک مانەوە لە قەمچوغە ملی ڕێمان گرت بەرە و پشدەر.ماشێنەکە لە خەلەکان وەستا و دەبوایە بە ماشێنێکی دی بچوینایە بۆ ڕانیە، بەڵام دوو گەنج بە جلی کوردی خاکییەوە وبە تەنکە ڕیشەوە بوینە جێی سەرنجی سیخوڕ و پیاوەکانی بەع □، دەوریان گرتیین و پێش هەموو شتێک کەوتنە پشکنینی گیانمان، کە هیچیان پەیدا نەکرد گەڕانەوە بۆ لای بەرپرسەکەیان، ئەو لە ناو ماشێنێکی لاندگرۆزدا بوو. حەمە ئەو چرکە ساتەی قۆستەوەوە ڕوی کردە من و لە بن لێوەوە ووتی جانتاکە هی منە و تۆ نازانی چی تێدایە. چون ژێری جلەکانمان چەن بڵاو کراوەیەکی تێدا بوو. بەرپرسەکە کوڵەیەکی ڕەشتاڵەی وورگن بوو، خۆی هات وبە کوردییەکی خراپ پرسیاری کرد "-:چی ئەکەن لێرە؟ "حەمە ووتی هاتوین بۆ ماڵی سەعدی. "سەعدی کوڕی ئاغایەکی ئەوێ بوو فەوجی جاشیان هەبوو." پرسی چۆن دەیناسن لە وەڵامدا حەمە ووتی لە جامیعە لە سەفێکین. ئەو وەڵامە بوو بە خێرو ڕزگاری کردین. بە پەلە سواری سەیارەیەک بووین بە بێ ئەوەی لێی بپرسین بۆ کوێ دەچێ لە خەلەکان هاتینە دەرەوە، سەیارەکە خۆشبەختانە چووە ڕانیە ئەو شەوە لە ڕانیە چووینە ئوتێل وریشمان تاشی و جلەکانمان گۆڕی و ڕۆژی دوایی گەیشتینەوە کەرکوک. ئەگەرچی حەمە لەم کاتەدا زیاتر شیعری حەماسی دەنووسی، بەڵام زۆر موعجیب بوو بە شیعرەکانی حەمەی حەمە باقی و کتێبی ژوانی ئەوی زۆر پێ خۆش بوو. وەک لاساییش لە ژێر شیعرەکانی خۆیدا دەینوسی حەمەی حەمە زەکی.

**(*) بەداخەوە کاک یوسف لەبەر هەندێ هۆی تەندروستی نەیتوانی وێنەکانی یادەوەری خۆی حەمەزەکی تەواو بکات.**

قاسم ئەمین ئیبراهیم
هاورێی سەردەمی منداڵی و لاوی حەمەزەکی

حەمەزەکی زۆر کتێب و نامیلکەی شۆرشگێری بەتایبەت فکریی کرێکاریی و مارکسیی بۆ دەهێنام و دەیوت بیخوێنەوە

**مەشخەڵ : ناسینی ئێوە بۆ حەمەزەکی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مناڵی لە گەڕەکی ئازادی لە شاری کەرکووک،تۆ چۆن حەمەزەکیت ناسی و چۆن ئاشنای یەکدی بوون؟ ئەگەر بتوانی تیشک بخەیتە سەر سەردەمی منداڵی حەمەزەکی.**

قاسم ئەمین ئیبراهیم : حەمەزەکی ئینسانێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو، زۆر خۆشەویست بوو، هەردەم من و ئەو و کاک غالب محەمەد نەجم پێکەوە بووین. لەبەر ئەوەی لە ماڵێکی کەمدەرامەت و هەژار بوو، بۆیە لە منداڵییەوە خەریکی

کارکردن بوو. بە بیرم دێت کە منداڵ بووین کونجی و لوقومی لەسەر سینییەك دەفرۆشت. باوکی حەمەزەکی مام کەریم ئەزبەری بەعارەبانە دەفرۆشت. زۆرجار یارمەتی باوکی خۆی دەدا یان لە باتی باوکی عارەبانەی پاڵ دەدا و ئەزبەری دەفرۆشت لەبەر ئەوەی مام کەریم پیرەمێردێکی بەتەمەن بوو. بۆ زانیاریشتان باوکیشی مرۆڤێکی کارگەر و خۆشەویست بوو.

**مەشخەل : حەمەزەکی کەسێکی مارکسیی بوو، تۆش بەهەمان شێوە نزیکایەتیتان هەبوو لەگەڵ مارکسیزم و سۆشیالیزم. ئایا چ یادەوەرییەکتان هەیە پێکەوە بەتایبەتی لەبواری سیاسەتدا؟**

قاسم ئەمین ئیبراهیم : تەبعەن دەزانرا حەمەزەکی شیعری دەنووسی و زۆر حەزی لە شیعری کۆمیدی و هەجوو بوو بەتایبەتی شیعرێکی زۆر خۆشی هەبوو کە کچێکی دیتبوو سوراوێکی زۆری لە دەمولێوی دابوو. زۆر جار بۆمی دەخویندەوە دەیوت لێوی بۆیاغ کردووە بە بۆیاغی پێڵاوی سوور. بەداخەوە شیعرەکەم لە بیر نەماوە. سەرەڕای شیعر و خوێندن و نووسین کتێب و نامیلکەی شۆڕشگێڕی بەتایبەت فکریی کرێکاریی و مارکسیی بۆ دەهێنام و دەیوت بیخوێنەوە و پاشان موناقەشەی لەسەر دەکەین بە تایبەتی ئەو کتێبانەی لەناو شۆڕش لە چیا پەیدا بوو یان چاپیان دەکرد، دەیهێنا. حەمەزەکی زۆر هاتوچۆی گوندی کڵاوقوتی دەکرد بەتایبەتی هاوینان ئیشی سایەقی دەکرد. پیکابەکە مۆدیل ١٩٧٥ بوو، ڕەنگێکی زەردی هەبوو. پیکابەکە نازانم هی کێ بوو ئیشی پێدەکرد؟ حەمەزەکی سەرەڕای نووسین و خوێندنەوە، خولیایەکی بەهێزی میوزیکی هەبوو، ئێواران دەچووە پرۆڤەی ژەنینی ئامێری کەمان. گەنجێکی جوان و پووختە بوو زۆر حەزی لە جلوبەرگی جوان بوو. هەردەم قات و ڕیباتی لەبەردە کرد. ماوەیەکیش دوکانێکی کەمالیاتیان کردبۆوە، ئەویش ئێواران دەهاتە بەر دوکانەکە.

**مەشخەل : دوا پرسیار بۆ خۆتان جێدێڵم، ئەگەر هەر شتێکت هەیە باسی بکەی و پێتخۆشە قسەی لەسەر بکەیت، فەرموو.**

قاسم ئەمین ئیبراهیم : جارێکیان وتی نیوەڕۆ ئەچین بۆ خاسە بۆ مەلە خۆت بزر مەکە. منیش نیوەڕۆ خۆم ئامادە کرد و ئەو نەهات. هاوین بوو خەوی لێکەوتبوو. منیش توورە بووم و چووم بە دوایا بۆماڵیان، دایکی دەرگای لێکردمەوە و هەر بانگم کرد هەڵنەسا! لەکۆتایدا وتم حەمە خەرات ئەوە من ڕۆیشتم. ئیتر سەری

بەرزکردەوە و بە بزەیەکەوە وتی ئە وە چیت وت؟ منیش وتم حەمە خەرات. هەستە هە ستا و دەستی کرد بە پێکەنین و وتی وەڵڵا نازناوێکی باشت بۆ دۆزیومەتەوە. وە ختێ لە ساڵی ١٩٩٦ چوو بۆ ئەوروپا هات بۆ دهۆك بۆ لام و دوو ڕۆژ لەلام مایەوە. (ژیان)ی هاوژینم بێ سەروبەر بوو لە مانگی خۆیدا بوو کە منداڵی ببێت. من و حەمەزەکی نانمان حازر دەکرد بەتایبەتی ئەو دەستێکی باڵای هەبوو لە خواردن ئامادەکردن لەبەرئەوەی لەبەشی ناوخۆی قووتابیان بوو کاتێ قووتابی کۆلێج بوو. حەمەزەکی دەستی سووتا و هاواری لێبەرز بۆوە چونکە دەسکی تاوەکەی بە گەرمی دەست لێدابوو. کە نانەکەمان دانا هەر فووی لە دەستی دەکرد و دەستی رادەوەشاند. (ژیان)یش وتی : خێرە وا دەستی خۆت سووتاند؟ حەمەزەکیش وتی ئا دەستم سووتا ئاخر تۆ بینیوتە میوان خواردن بۆ خاوەن ماڵ ئامادە بکات؟ هیوادارم دوو منداڵت ببێت و بە نانکردندا نەگەیت. ئیتر ئەوە بوو دوای ماوەیەک دوو کچمان بوو کەناومان نان دیلان و جیهان.

# عوسمان ئەنوەر هاوڕێی حەمەزەکی

حەمەزەکی کوڕێکی چاک و خاکیی و دڵسۆز و قسەخۆش بوو. زۆر جیددیش بوو لەگەڵ چەپ و چەپگەرییدا.

**عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) : کاتێک لەڕێگەی مامۆستا موحسینەوە زانیم کاک عوسمان ئەنوەری هاوڕێی سەردەمی منداڵی خۆم، هاوڕێیەکی حەمەزەکیش بووە، پەیوەندیم پێوە کرد و لە دوو پەیامی دەنگیدا مەبەستی پرۆژەکەم بۆ باس کرد و ئەویش هەر بە پەیامی دەنگی وەڵامی دامەوە، چونکە کاک عوسمان تاقەت و سەلیقەی نووسینی نەبوو. ئەمەی خوارەوە پوختەی قسەکانی کاک عوسمان ئەنوەرە سەبارەت بە ناسین و هاوڕێیەتی و هەروەها یادەوەری لەگەڵ حەمەزەکیدا.**

عوسمان ئەنوەر : من و حەمەزەکی هاوڕێیەتی و دۆستایەتییەکی زۆر بەهێزمان هەبوو. ساڵی ١٩٨٥ دەفتەرێکی دوو سەد لاپەڕەیی بەرگ ڕەشی داپێم کە کۆی شیعرەکانی تیا نووسیبۆوە تا بیدەمە ئەحمەد زامدار برای حەمەکریم عارف تا بیخوێنێتەوە و هەڵی بسەنگێنێ. ئیتر ویستیبووی بیباتەوە نەیوێرابوو لەبەر ستەم و سەرکوتی ڕژێمی بەع □، ئەوە بوو دەفتەرەکە بەجێهێشت و دای بە من و لای من مایەوە.بەداخەوە ئەو دەفتەرە لای من فەوتا.خۆت دەزانی من ئەهلی شیعر نیم وەک بیرم بێت یەکێ لە شیعرەکانی تەرجەمەی ورد و جوانی گۆرانییەکی داریوش بوو. حەمەزەکی لە منداڵییەوە ناسیمە. کوڕێکی چاک و خاکیی و دڵسۆز و هێمن و ڕووخۆش و قسەخۆش بوو. زۆر جیددیش بوو لەگەڵ چەپ و چەپگەرییدا. حەمەزەکی سادە و ساکار بوو بچووبایەتە هەر ماڵێک بە ماڵی خۆی دەزانی و دایکی تۆ دەبووە دایکی و باوکی تۆ دەبووە باوکی. کاتێک من پێشمەرگە بووم و لە شاخ بووم لەگەڵ کاک یوسف مەحموود هاتن بۆ گوندی قەمچوغە و دوو سێ شەو لام مانەوە و کۆمەڵی وێنەی یادگارییان پێکەوە گرت و هەروەها داوای کاسێتیکی یەکێک لە گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی مەهەبادە بەناوی قادری سەیاحی. حەمەزەکی زۆر حەزی لە دەنگی گۆرانیبێژ قادری سەیاحی بوو. بیرمە یەکێک لە براکانی لە شەڕی عێراق – ئێران فیراری کردبوو ناوی کاک تەحسین بوو لە ئاوایی عەلیاوا لای گوندی دەلۆ ئیتر من وەکو ماڵی خۆمان ئەچووم لەماڵی ئەوان دەنووستم. کاک تەحسین لە دەلۆ

چایخانەیەکی دانا و کاستەر و چا و شتی وای دەفرۆشت. مامۆستا موحسینیش هەر لەوێ فیرار بوو و دوایی بوو بە مامۆستای شۆڕش حەمەزەکی بەبەردەوام ئەهات سەردانیمانی ئەکرد کە ئەوکات من پێشمەرگە بووم لە ناوچەی شوانی دەوروبەری کەرکووک. شتێکی تر حەز ئەکەم باسی بکەم کە حەمەزەکی هەوڵیکی زۆرمان دا تا لە ئایین دەربازمان کرد. نەنکی کاک یوسف مەحمود مردبوو، لە تازیەکە خێمەیەکیان هەڵدابوو لە گەڕەکی ئازادی لە شاری کەرکووک و حەمەزەکی قورئانی بۆ ئەخوێند. حەمەزەکی لە قۆناغی گەنجی پێش زانکۆ مەیلی ئایینی هەبوو، بەس زۆر توند نەبوو. ئیتر بە هەوڵی من و کاک یوسف مەحموود و لە زانکۆش لەگەڵ هاوڕێیانی تر کاریگەرییان بەسەرەوە هەبوو ئەو سێبەرە ئاینییەی لا نەما و بە جیددی بوو بە چەپ و کۆمۆنیستێکی خاراو. هەروەها لەگەڵ خێزانی ئەسوەدییەکان لە کەرکووک بەتایبەتی لەگەڵ هۆشیار ئەحمەد ئەسوەد و نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد پەیوەندییەکی پتەوی هەبوو و بە چەندین شەو لەماڵیان دەمایەوە.

## حەمەغەفوور

## نووسەر و چالاکوانی سیاسی

شیعرەکانی حەمەزەکی ڕەنگدانەوەی ئێش و ئازاری خەڵکی و یاخیبوون و ڕووبەڕووبوونەوەو سەوداسەریی و ڕۆمانسییەت وعاشقێکی ڕەفتار دێوانەیە.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : من کتێبێکم لەسەر حەمەزەکی ئامادەکردووە و زۆر برادەریش ئەوانەی حەمەزەکی ئەناسن و ئاشنایەتیان هەیە بە شیعرەکانی بە یەک دوو پرسیار یان بە کورتە نووسینێک بەشدارییان کردووە. ئەگەر حەز ئەکەی و پێتخۆشە بەشداری ئەو کتێبە بیت، دەرگا ئاوەڵایە بۆ بەڕێزتان.**

حەمەغەفوور : لە خزمەتام بەخۆشحاڵییەوە .

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ناسینی تۆ و حەمەزەکی چۆن بووە؟**

حەمەغەفوور : من حەمەزەکیم کاتێك ناسی ئیتر باسی سیاسەت و ئەدەبمان ئەکرد ..لەکاتی زەواجی من وسوهەیلەی هاوسەرمدا لەمانگی هەنگوینی لەبەغدا حەمەزەکی ئەو کات لە بەغدا لەدەستگایەك(فەرمانگەیەک) وەکو شۆفێر کاری ئەکرد هەموو ئێوارەیەك ئەوو موزەفەر فاتیح وحەمەی مەلا قادرو فازیل عوسمان کەئەمان قوتابی زانکۆی تەکنەلۆجیا بوون ..ئەهاتن بۆ لای ئێمە لەئۆتێل نازەنین لە بەتاوین ..هەموو بەغا ئەگەڕاین. مانگی ئۆکتەبەری ١٩٨٩بوو.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ئەی چۆن باسی ئەدەبتان ئەکرد و چ بابەتێکتان موناقەشە دەکرد؟**

حەمەغەفوور : من دوو مەیلی شیعریم لەحەمەدا بینی .یەکەمیان ڕەنگدانەوەی ئێش وئازاری خەڵکی ویاخیبوون وڕووبەڕوو بونەوەو .دووەمیان سەودا سەری و ڕۆمانسیەت وعاشقێکی ڕەفتار دێوانە

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : وایە بەڵام حەمەزەکی لەهەمان کاتیشدا سیاسەتی دەکرد و لەگەڵ بزووتنەوەی چەپی نوێ سەروکاری هەبوو. ئایا ئەو جیهانبینییە کاریگەری نەبوو بەسەر شیعرەکانییەوە؟**

حەمەغەفوور : بەدڵنیایی من یەکەم ڕۆژی ناسینم حەمەم وەکو چەپێك ناسی دوایی زانیم کەئەهلی شیعر و ئەدەبە..فازیلە ڕەش نازانم ئەیناسی یان نا .زۆر نزیکی حەمە بوو ..شەوێك لەماڵیان بووم دوای ڕاپەڕین لەسلێمانی زۆر بەحەماسەوە شیعری فیشەکی حەمەی خوێندەوە کەوێنای مرۆڤێك ئەکات لەلەحزەی گولەبارانکردندا.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : حەمەزەکی ماڵئاوایی لە ژیان کرد و دوای خۆی جگە لە عەشقێکی گەورە و کوڕێکی جوان و کۆمەڵەشیعرێک، هیچیتری جێنەهێشت. بەڵام لە یادەوەری ئێمەو ماناندا حەمەزەکی نەڕۆیشتووە و هەر زیندووە. تۆ ئەڵێی چی؟**

حەمەغەفوور : هاوڕاتم دەقیق وایە ..بۆ هەر کەسێك حەمەی لە ( نزیك) وە ناسیبێت ..ئەو مێژووەی ئەوی تیا ناسیووە ..بەشێکە لەیادەوەرییە پرشنگدا رو جێی ڕێز و شانازییەکان. لەتورکیا بووم نازانم چۆن تلیفۆنی منی دەست کەوتبوو ڕۆژێك تێلی بۆ کردم تێر گاڵتەو باسی کەرکووك و بەغدا و ڕۆژی ژن هێنانەکەی موحسینی برایمان کرد .ئەو ژمارەی خۆی پێدام ..زۆر خۆی خواردەوە کەدرەنگ زانیویەتی لەتورکیام وئەبوایە کۆمەکی مادی بکردمایە .وتم حەمە گیان خەریکی کارم و خۆت نیگەران مەکە پێویستم بەپارە بێت تێلت بۆ ئەکەم. یەك دوو جاری تر تێلی بۆ کردم. جارێکیان تێلم بۆ کرد پرسیاری برادەرێکی خۆمم لێکرد کە لە هۆڵەندا دکتۆر بوو .پێکەنی وتی حەمە گیان من دکتۆر لەکوێ ئەناسم .ناوەکەی لێوەرگرتم و وتی ئەم هەفتەیە ئەیدۆزمەوە. دوای هەفتە تێلم بۆ کرد ژنێك هەڵی گرت وتم بێزەحمەت ئەتوانی تلیفۆنەکە بدەیتە حەمەزەکی پێی بڵی حەمە غەفوورە .بەدەنگێکی پڕ لەحوزنەوە وتی کاکە حەمە لێرە نییە .!! وتم چۆن ئەمە ژمارەی ئەو نییە وتی بەڵێ. لێی پرسیم تۆ زۆر ڕەفیقی کاکە حەمەی وتم بەڵێی هەر زۆر ڕەفیقین .وتی ببورە بەڕێزم و تلیفۆنەکەی داخست . بەداخەوە دوایی زانیم کەکاتێك من تێلم کردووە حەمە سەعاتێك بووە گیانی سپاردووە، بەڵام ئەو خانمە حەزی نەکرد پێم بڵێ .یادی هەمیشە زیندووە .وابزانم وێنەشمان هەیە بەیەکەوە.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : من لە کۆتایی کتێبەکەمدا گەلەرییەکم کردۆتەوە بۆ وێنە و ئەو کەسانەی وێنەیان هەیە لەگەڵ حەمەزەکی. ئەگەر بەڕێزتان هەر وێنەیەکتان هەیە دەتوانن بینێرن و منیش ئاماژەی پێدەکەن کە لەلایەن کێوە هاتووە و لە ئەرشیفی کێوە وەرگیراوە.**

حەمەغەفوور : هەوڵ ئەدەم وێنەکان ببینمەوە بۆتی دەنێرم.

**عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) : ئەی دوا قسەتان چییە بۆ ئەم پرۆژەیە و حەمەزەکی؟**

حەمەغەفوور : دەستت خۆشبێت کارێکی چاك ئەکەیت کەبیۆگرافی حەمەزەکی و بەرهەمەکانی ئەنووسێتەوە .حەمەزەکی بەشێکە لەمێژووی جوانی وڵاتی ئێمە و بەتایبەت کەرکووك .حەمە شایانی لەوە زیاترە ..خۆ ئەحمەد هەردی بە( ڕازی تەنهایی) ەکەی ناسراو ..ئەنوەر قادر محەمەد یش بە ( زریان ) ەکەی..دووبارە دەست خۆشیت لێ ئەکەم ئەو کیتابە ڕووناکی بینی پێم خۆشە ..هەم بێت. دەست خۆش .لە کۆتایشدا حەز ئەکەم نوکتەیەکی خۆشی حەمەزەکی بگێڕمەوە. ئێوارانێکیان ئەسوڕاینەوە لەمەنسور لەبەغدا..حەمە دەستی خستبووە سەر ملی من و سۆیلە وتی با تەماشایەکی ئەم جامخانەیە بکەین بزانین پێڵاوی جوان بەچەندە ..؟.پێڵاوێك دانرابوو نرخەکەی ٥٩ دینار بوو .وتی ئەرێ ئەوە هیچ سەگبابێك هەیە ئەمە بکڕێت ؟.بانگی کردە فازیل عوسمان و وتی خۆ ئەوە پێڵاو دانراوە بە ٥٩ دینارە ..فازیل وتی تاکی ؟ حەمەزەکیش وتی هەی قەرەج خۆمن باسی تایە ناکەم.

سەمیر نوری

یادەوەرییەکی حەمە زەکی قارەمان!!

**هەڵوێستی قارەمانانەی حەمەزەکیم بیر ناچێتەوە**

حەمە زەکی یەکیک لە هاوڕی خۆشەویستەکانی لاوێتی و خوێندکاری سەردەمی زانکۆم بوو. لە زۆربەی ناڕەزایەتی تێکۆشانەکانی زانکۆ لەسەردەمی بەعسدا بەشدار بوو. ئینسانێکی چەپ بوو لەژیانی ڕۆژانەدا لە سیمایدا دیار بو لە خێزانێکی هەژار و زەحمەتکێشە، من حەمە زەکی وەک شاعیر کەمتر دەناسم بۆیە هیچیک لەسەر شیعرەکانی ناڵێم، بەڵام هەڵوێستیکی قارەمانانەی ئەوم بیر ناچیتەوە. لە غەربدا هەر کەسێک کەسێک لەمەرگ ڕزگار بکات یان هەتا گیاندارێک لەشوێنێک گیری کردبێت لەمردن ڕزگاری بکات پێی دەڵین قارەمان"هیرۆ" بەڵام قارەمانەکەی من حەمە زەکی لەمەیدانی خەباتیدا قارەمان بوو.

ئێمە لەزانکۆی سلێمانی و دواتر کە گوێزرایەوە بۆ هەولێر ناویان لێنا زانکۆی سەلاحەدین هەر دوو ساڵ جارێک بە خۆپێشاندان و مانگرتن ڕوو بەروو بونەوەی حکومەتی بەع □، هەولێرمان دەشەڵەژان. بۆیە زۆرێک لە روداوەکانم لیٚ تێکەڵ بووە، ئێستا ڕووداوەکانم وەک ساڵی بەفرەکە ساڵی کووللەکە شتی لەو بابەتانە دەکەوێتەوە بیر. کاتێک دەیانگێرمەوە دەمەوی بیانخەمە سەر کاغەز زۆر دڵنیا نیم لە بەرواری ڕوودانەکەی بەڵام ڕووداوەکەم وەک خۆی لەبیرە.

دوای مانگرتنەکانی زانکۆو لە ١٩٨٤ ساڵی دوواتریش بە ڕسوب بۆ خوێنکاران حساب کرا بۆیە ئەو خوێندکارانەی رسوبیان هەبوو دەبووە بە دوو ساڵ بۆیان و دەردەکران لە زانکۆ. ژمارەمان سەدان خوێدکار بوو بۆیە پریارماندا مانگرتن و خۆپێشاندن ئەنجام بدەین، ئەوەبوو تەبلیغاتێکی زۆرمان بۆی کرد لە نێو خوێنکاراندا. ئەو شەوە بیرمە لە بەشی ناوخۆی کولێجی زانستیماینەوە مەبستم کۆمەڵێک خوێدکاری ئاکتیڤیست بووین بۆ ئەوەی شەو باسی نەخشەی خۆپێشاندانەکە بکەین. ئەو شەوە من و حەمە زەکی و موکەرم و ئەوانەی بیرم بێتەوە خۆشناو و عیزەدین و سالار و عوسمان چەندان هاورێی تر لەو ژوورە بووین پریامان دابوو لە پێش زانکۆ کۆببینەوە.

ساڵی ١٩٨٦ئەو کاتانە حکومەتی بەع □ لەزۆربەی بەرەکانی جەنگ شکستی خواردبوو، هەر پرشێک ناڕەزایەتی ئیحتمال بوو هەموو خەڵک بێنێتە سەر جادە. بۆیە ئەو خۆپیشاندانە یان کۆبونەوەیە ئێمە پریارمان لەسەردا یاری کردن بوو بە ئاگر. ڕوو بەڕوو بونەوەیەکی نابەرابەر بوو. لەراستیدا جموجوڵیکی بزووتنەوەی چەپی ناو شار بوو بۆیە هێزێکی وەک یەکێتیش سەمپاتی نەبوو بۆ پشتیوانیمان.

ئەو بەیانیە ئێمە هەموومان ڕژاینە بەردەم سەرۆکایەتی زانکۆ و نمە نمە باران دەباری وورده وورده ژمارەمان بەرەو زیاد بوون دەڕۆیشت، هێزە چەکدارەکانی حکومەتی چواردەوریان گرتین ڕووی دۆشکاو ئار پی جی و چەکەکانیان لێکردین بەتایبەتی ئێمە نزیک بووین لە مەنزومەی شمالەوە کە دەزگایەکی سەرکوتی ئەمنی هەموو ناوچەی کوردستان بوو، هەر وەها مدیریەی پۆلیسی هەولێر لەو نزیەکە بوو بۆیە هەر زۆر زوو بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر خۆی گەیاندە ئەویٚ بە

زمان دڵسۆزی هەوڵی دەدا کۆتایی پێبێنین پێش ئەوەی کارەساتێکمان بەسەر بهێنن. بەڵام ئێمە پافشاریمان لەسەر داواکاریەکەمان دەکرد ئەوەش گەڕانەوە بوو بۆ سەر کورسی خوێندن.

ئێتر بەدەستە جەمعی پریارماندا نوێنەرایەتیەک هەڵبژێرین بۆ قسەو باسکردن لە گەڵ سەرۆکایەتی زانکۆدا. بۆ ئەم مەبەستە (حەمەزەکی، موکەرەم موحەمەد شکور و من ) هەڵبژێراین بۆ نوێنەرایەتی کردن. ئیتر ئێمە چوینە ژوورەوە و هەر لە پرسگەکەدا ڕوو بەرووی بەڕێوبەری پۆلیـ□ و بەرپرسی ئەمنی زانکۆ ئەبو تەلال بووینەوە لەژوورەوە ئەبو تەلال لەسەریەکە هێرشی دەکردە سەرمان بەڵام قارەمانێتی حەمەزەکی لەوێدا ئەوە بوو زۆر جەسورانە ڕوو بەڕووی ئەبو تەلال دەبووەوە. لە کۆتایدا هەویەکانی لەهەرسێکمان وەرگرت و خستیە گیرفانییەوە، بەڵام ئێمە هەر سووربووین لەسەر داواکاریەکانمان و نوێنەرایەتی مانگرتنەکە.

بەڵام ترس بە دەم چاوی دەسەڵاتەوە دیار بوو، دواتر زانیمان دەرگای هەموو کۆلێژەکانیان داخستبوو تا ڕێگە بگرن خۆێنکارانی تر پێمانەوە پەیوەست بىن و مەسەلکە گەورەتر ببێتەوە، نەیان هێشت یەک خوێنکار لە کۆلێژەکان بێتە دەرەوە.

ئێمە لە کێشمەکێشدا بووین لە ژوورەوە لەگەڵ ئەبو تەلالدا، لەو کاتەدا سەرۆکی زانکۆ خەسرەو شاڵی و مدیر ئەمنی هەولێر هاتنە ژوورەوە بە دوای خۆیاندا هەموو خوێدکارەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنایە ژوورەوە، ئیتر لەوێدا ئێمە وەک نوێنەر دەورمان نەما چوونکە ئیتر هەموو خوێندکارەکان لەگەڵیاندا لە هۆڵێکدا کۆ بووینەوە. بیرمە خەسرەو شالێ لەسەریەکە دەیکێشا بە مێزەکەی بەردەمیدا و مدیر ئەمن هەڕەشە و گورەشەی دەکرد، لەوێدا ئاسان نەبوو قسە بکەیت و دەربکەوێت، لەوێدا حمەزەکی قارەمانێتیەکی تری نواند و هەستا سەرپێ وتی" ئێمە خوێندکارین ئەمانەوی بگەڕێینەوە زانکۆکانمان هیچ تاوانێکمان نەکردووە ئەمە مافێکی دیموکراتی خۆمانە" ئەم قسەیە زۆر بوو بەڕووی حکومەتی بەعسدا بیڵێتەوە. ئەگەرچی ئەو هاتنە ژوورەوەیە هەڵەیەکی گەورە بوو بەڵام ئێمە مانگرتنەکەمان سەرکەوت زۆربەی خوێندکارەکان گەڕانەوە زانکۆکانیان. ئێمە هەر زوو ڕامان گەیاند کەس لەدەورو بەری سەرۆکایەتی زانکۆ نەوەستی و نەمێنی ئەگێنا دەیگرن و حەقی ئەمەمان لێدەکەنەوە.

دوای دوو کاتژمێر هەواڵمان پێگەیشت ئەبوتەلال دوای حەمەزەکی کەوتووە بەسەربانی خانووەکانی تەیراوەدا ڕاوی ناوە بۆ ئەوەی دەسگیری بکات، بەڵام خۆشبەختانە نەیتوانی بوو دەسگیری بکات. من بەش بەحاڵی خۆم ئەو ساڵە نەمتوانی دەوامی زانکۆ بکەم لەترسی ئەبو تەلال و دایەرەی ئەمن بەڵام بیرم نایەت ئەگەر حەمە زەکی گەڕابێتەوە خوێندن، بە داخێکی زۆرەوە بۆ دوو ساڵ دواتر موکەرەم بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت.

بۆ من ئەم هەڵوێستانەی حمەزەکی هەڵوێستی قارەمانانە بوون و هەموو کەس نەیدەتوانی ئەم هەڵوێستانەی هەبێ لەبەرامبەر دڕندایەتی حکومەتی بەعسدا . یادی ئەم قارەمانە بەرزو بەرێز بێت.

**تێبینی : لە کتێبی مێژوویەک لە یادەوەریدا کە لەلایەن سالار ڕەشیدەوە ئامادەکراوە بە درێژی باسی ئەم مانگرتنەم کردووە.**

ئایاری ٢٠٢٠

## حەمەزەکی و شیعر

سەرەتای پەیوەندی حەمەزەکی و شیعر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کاتێک حەمەزەکی وەک هەر گەنجێکی تری ئەو سەردەمە هەڵگری هۆشیاریی و زەخیرەیەکی رۆشنبیریی بوو کە دەیویست بەو هۆشیاریی و ڕۆشنبیرییەوە لەڕێگەی شیعرەوە گوزارشت لە بیرۆبۆچوون و تێروانینی خۆی بکات بۆ ژیان و عەشق و ژن و خەبات و ڕزگاری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. حەمە سەرەتا شیعرەکانی بۆ هاوڕێکانی دەخوێنێتەوە و دواتر کاتێک لەجیهانی شیعر قووڵ دەبێتەوە، ئیتر دەکەوێتە بڵاوکردنەوەیان. سەرەتا لە ڕێگەی گۆڤاری کاروان و دواتریش لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان و پاشکۆی عێراق وگۆڤاری ڕەنگین و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و ڕۆژنامەی یەکسانی بەرهەمەکانی دەخاتە بەر دیدەی خوێنەران. جا بۆ ڕۆچوونە نێو پەیوەندی نێوان حەمەزەکی و شیعر وام بە پەسند زانی کە بەپرسیار ڕووی دەمم لە چەند نووسەر و هاوڕێیەک بکەم تا

ئەوانیش کە هەم هاوڕێی حەمەزەکی بوونە و هەمیش ئاگاداری ڕەوتی خەمڵینی شیعریی حەمەزەکین بەشداری کارا و ڕاستەوخۆ بکەن لەتیشک خستنە سەر ئەو پەیوەندییە.

نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ڕۆژگارێك لەگەڵ حەمەزەكی

**حەمەزەکی سەرباری ئەوەی زۆری دەخوێندەوە، زۆربەی کات شیعری دەنووسی، هەم شیعری سۆزداری و دڵداریی بەجوانی دەنووسی، هەم شیعری سیاسیی چینایەتی و نەتەوایەتی و شیعری جۆش و خرۆشی ڕاچەنین**

سەرەتای ئاشنایەتیم لەگەڵ حمە زەکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨١، ئەو کاتە خوێندکاری زانکۆ بووم لە بەشی عەرەبیی کۆلێجی ئەدەبیاتی زانکۆی سەڵاحەدین لە هەولێر، حمە زەکی لە بەشی فیزیای کۆلێجی پەروەردە بوو، کەواتە لە هەولێریەکترمان ناسی، لەرێگەی عیزەدین مەجید کە هاوڕێیەکی پێشترمە و لە ناوەندی و ئامادەییەوە پێکەوە بووین، عیزەدینیش هەر لە بەشی فیزیای کۆلێجی پەروەردە بوو، بێگومان هەر لەرێگەی عیزەدینەوە چەندین هاوڕێی دیکەم لە شارەکانی دیکەدا ناسی، بەهۆی ئەوەی ئێمە هەم لەناو کۆلێجەکانی زانکۆ و هەم لە بەشی ناوخۆییدا سەردانییەکترمان دەکرد و هەندێ جاریش شەوان لەلاییەکتر دەماینەوە، پاڵنەری سەرەکیی ئەم پەیوەندی وسەردانیکردنە بریتی بوو لە: یەکەم هاورێیەتی، دووەم چالاکیی رۆشنبیری و دواتریش سیاسی.

ئێمە زۆر نەبوو لەگەڵ حمە زەکییەکترمان ناسیبوو و باسی ئەدەب و کتێب و بابەتی رۆشنبیریمان دەکرد، هەر زوو باسی بابەتی سیاسی و کۆمەڵەی رەنجدەرانمان بە ئاشکرا دەکرد، واتە لە ماوەیەکی کورتدا ئاشنایی و متمانەی زۆر لەنێوانماندا

دروست بوو، چونكە، ئەوسا، دەمووت مادام هاوڕێی نزیكی عیزەدینە و جێی متمانەیەتی، كەواتە كوڕێكی چاكە، هەرواش بوو، ئەو هاوڕێتی و متمانەو دۆستایەتییە تا مەرگی حمە زەكی بەردەوام بوو.

ساڵییەكەمی خوێندنمان لە زانكۆی سەڵاحەدین لە هەولێر، ١٩٨١-١٩٨٢، پەیوەندیمان پتەو بوو، هەر لەو ساڵەدا خۆپیشاندانەكانی زانكۆ دژ بە رژێمی بەع □ دەستی پێكرد، لە زۆربەی رۆژەكانی كۆتایی مانگی چوار و سەرەتای مانگی پێنج خۆپیشاندانمان ساز دەكرد، بەشی گەورەی جوڵێنەری ئەو خۆپیشاندانانە كۆمەڵەی رەنجدەران و یەكێتیی خوێندكارانی كوردستان بوو، ئێمەش سەر بەو رەوتە بووین. واتەیەكێكی تر لەو هۆكارانەی بووە پتەویی پەیوەندیی ئێمە، هاورێبازی بوو.

حمە زەكی هەم لە خوێندنەوە و گفتوگۆی ئەدەبیدا كەسێكی جدی بوو، هەم لە كار و چالاكیی سیاسیشدا، بۆیە لە خۆپیشاندانەكانی ساڵی ١٩٨٢ی زانكۆی سەڵاحەدیندا لە هەولێر، رۆڵێكی بەرچاوی هەبوو، هەمیشە بە حەماسەوە لەپێشەوە دەبینرا. ئەو ساڵانە بەردەوام خۆپیشاندان و مانگرتن ساز دەكرا، كە حمە زەكی لە هەموویاندا دەبینرا، دوایین مانگرتن مانگرتنەكەی ساڵی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ بوو دژی بەزۆر سەپاندنی جەیشی شەعبی لەناو خوێندكاراندا، هەروەها گێرانەوەی ئەو خوێندكارانەی بەهۆی خۆپیشاندانی ١٩٨٢ و مانگرتنەكانی ١٩٨٤ لە زانكۆ دەركرابوون، ئێمەسەد خوێندكار زیاتر بووین لەبەردەمی سەرۆكایەتیی زانكۆی سەڵاحەدین لە هەولێر كۆبووینەوە، كە دەكەوێتە شەقامی نزیك كۆلێجی پەروەردە. دایرەیئەمن و بەرێوەبەرایەتیی پۆلیسی هەولێر، جارێك بە شێوازی تۆقاندنی جیاجیا و جارێكیش بە نەرمی، زۆریان هەوڵدا مانگرتنەكە بشكێننو كۆتایی بە كۆبوونەوەكە بهێنن، بەڵام خوێندكارەكان سووربوون لەسەر داواكانیان، بیرم دێ حمە زەكی لەوێدا بە دەنگێكی گڕ و قەبەوە دەدوا و داوای لە خوێندكارەكان دەكرد پاشەكشە نەكەن، خوێندكارەكان دەیانویست سەرۆكی زانكۆ ببینن و داواكارییەكانی خوێندكارانیان بە روونی پێ بگەیەنن، دواتر خوێندكارەكان لەنێو خۆیاندا رێك كەوتن سێ 3 كەس هەڵبژێرن وەك نوێنەری خوێندكارانی مانگرتوو بچنە ژوورەوە بۆ لای سەرۆكایەتیی زانكۆ، ئەوانیش بریتی بوون لە: خالید محەمەد فاتیح خوێندكاری كۆلێجی پزیشكی، موكەڕەم محەمەد شكور خوێندكاری كۆلێجی ئەدەبیات (لە بەشی عەرەبیی كۆلێجی ئەدەبیات پێكەوە بووین، لە ساڵی ١٩٨٧ بەهۆی نەچوونمان بۆ سەربازی، لەماڵی ئێمە بوو، بەداخەوە كە رۆیشتەوە بۆ گوندەكەیان، لە باداوە ئەنفال كرا)، حمە زەكی خوێندكاری كۆلێجی پەروەردە. ئەوان چوونە سەرەوە بۆ لای سەرۆكی زانكۆ و ئێمەش لەخوارەوە چاوەڕوان بووین، زۆریان پێچوو، ئێمەش نیگەران ببووین و هەستمان دەكرد شتێكیان بەسەر هێناون، لەخوارەوە كردمان بە دەنگەدەنگ و هەرا، داوای چارەنووسی ئەو سێ هاورێیە و زوو گەڕانەوەیانمان دەكرد، ئێمە لەو دۆخەدا بووین كە نوێنەری سەرۆكی زانكۆ هاتە خوارەوەو وتی هەر هەمووتان وەرنە

سەرەوە، هەندێك دوو دڵ بوون لە چوونە سەرەوە بۆ لای سەرۆکی زانکۆ کە بەرێوەبەری ئەمنی هەولێری لەلابوو، وتیان ئەگەر پرۆین هەمووومان دەگرن و ونمان دەکەن، بەڵام ئێمە نزیکەی ٤٠ کەسێك دەبووین چووینە سەرەوە، بە ڕاڕەوەکاندا بردینیانە ژوورێکی گەورەوە کە سەرۆکی زانکۆ و بەرێوەبەری پۆلیسی هەولێر و بەرێوەبەری ئەمنی گشتیی هەولێری لێبوو، دانیشتین، بینیمان حمە زەکی و خالید و موکەڕەم بە بێدەنگی دانیشتوون، بەڵام چاویان سوور ببووەوەو ترساو دیار بوون، منیش لەناوەوە ترسم لێ نیشتبوو، چونکە قسەی خوێندکارەکانم بیرکەوتەوە کە دەیانووت ئەگەر بچینە سەرەوە هەموووومان دەگرن و ونمان دەکەن. سەیرێکی حمە زەکیم کرد، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، بەڵام خالید و موکەڕەم، بەتایبەتی خالید، بە تووڕەییەوە دانیشتبوون، دەست کرا بە قسە، سەرۆکی زانکۆ (خەسرەو شاڵی) باشتر بوو و کەمێك بە نەرمی قسەی دەکرد و دەیویست خوێندکارەکان هێور بکاتەوەو واز لە کۆبوونەوەو مانگرتن بهێنن و بچنەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن، دەیووت: "ئاخر عەزیزم ئێوە زۆر شت نازانن، ئایندەتان گرنگترە، ئایندەی خۆتان مەفەوتێنن، بگەڕێنەوە بۆ کۆلێجەکانتان، ئێمە لە شەڕێکی قورسداین لەگەڵ رژێمی ئێران، عەزیزم ئەگەر عێراق شکست بێنێت ئێمەش وەکو کورد تیا دەچین" و پاشان بیرم دێ وتی:"ئێوە بەخۆتان نازانن هەڵەیەکی گەورە دەکەن، بۆچی ژیانی خۆتان دەخەنە مەترسییەوە، پرۆنەوە بۆ کۆلێجەکانتان عەزیزم"، بەڵام بەرێوەبەری ئەمن بە ریتمێکی توند قسەی دەکرد و بەردەوامهەڕەشەی دەکرد و دەیووت "ئێستا هەموووتان دەنێرمە ئەمنی بەغدا"، دوای قسەو مشتومڕێکی زۆر، سەرۆکی زانکۆبەڵێنی داینێ کە راهێنانی جەیشی شەعبی زۆرەملێ نییە، و خوێندکارە دەرکراوەکانیش دەگەڕێنرێنەوە، ئەگەرچی لەدواییدا زۆربەی بەڵێنەکانیان نەهێنایە دی. (رووداوەکانی ئەو مانگرتنە، لە کتێبی "مێژوویەك لەیادەوەریدا"ی سالار رەشید، بەدرێژی باس کراوە).

بەهەرحاڵ ئێمە هەر هەمووومان بە کۆمەڵ هاتینە خوارەوە، بەڵام هێشتا ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکە پڕ بوو لە ئەمن و پۆلی ☐ و چەکدار. ئێمە بڵاوەمان لێکرد، بەڵام هەر سێ نوێنەرەکە مەترسییان لەسەر مابوو، بۆیە هەریەکەیان بەجۆرێك خۆی شاردەوە، ئەمن پتر بەدوای حمە زەکیدا دەگەڕا، لەسەرەتادا نەمانزانی بۆچی بەتەنیا حمەزەکی، چووینە کۆلێجی پەروەردە بۆ ئەوەی حمەزەکی لە مەترسییەکە ئاگادار بکەینەوەو بیهێنینە دەرەوەو بیهێنینە بەشی ناوخۆیی ئێمە، خۆی بە مەترسییەکەی دەزانی، وتی ئێوە پرۆن ئەبوتەڵاڵ لێرەیە و با ئێوەش نەگیرێن، دوو ئەمن بەدوایەوە بوون، حمەزەکی پرسگەی تێپەڕاندو رای کرد، ئەبوتەڵاڵ کە بەرپرسی ئەمنی زانکۆ بوو، لەو ناوە دەخولایەوە، زانیمان دەیەوێ حمە زەکی بگرێ، حمەزەکی بە کۆڵانەکەی تەنیشت کۆلێج رای کرد و خۆی ون کرد، بێگومان ئێمەش هەریەکەو بەلایەکدا خۆمان ون کرد، من لەگەڵ زاهیر حمە غەریب و سەردار محەمەد ساڵح، بە تەنیشت هۆڵی رۆشنبیرییەوە رۆیشتین تا شوقەکانی روناکی و

لەوێوە هەر بەپێ بۆ بەشی ناوخۆیی. لەدواییدا زانیمان حمە زەکی توندتر قسەی لەگەڵ بەرێوەبەری ئەمن کردبوو. ئیتر حمەزەکی هەولێری بەجێ هێشت و چووەوە بۆ کەرکووك، وابزانم نەگەڕایەوەو ئەو ساڵەی لەکێ □ چوو. بەڵام ساڵی دواتر دەستی کردەوە بە خوێندن.

حمەزەکی سەرباری ئەوەی زۆری دەخوێندەوە، زۆربەی کات شیعری دەنووسی، هەم شیعری سۆزداری و دڵداریی بەجوانی دەنووسی، هەم شیعری سیاسیی چینایەتی و نەتەوایەتی و شیعری جۆش و خرۆشی راچەنین. بەتایبەتی شیعری دڵداریی زۆر بە جوانی دەنووسی، ئەو کاتەی لە تەکێ لەدوای راپەڕین و بەدیاریکراوی لە نیوەییەکەمی نەوەدەکاندا پەیوەندیی سۆزداریی لەگەڵ کچێکی مامۆستادا هەبوو کە خەڵکی کەرکووك بوو و خزمی خۆیشیان بوو، ئەگەرچی ئەو پەیوەندییە بە ئاکام نەگەیشت، بەڵام جوانترین شیعری بۆ نووسی. لە خوێندنەوەشدا زۆر جدی و وریا بوو، هەر کتێبێکی بخوێندبایەوە بە وردی باسی دەکرد و گفتوگۆی لەسەر دەکرد، جارێکیان لە حەی عەسکەری لەماڵی ئێمە بوو، غازی عاسی و رووناك خانی هاوژینیشی لەوێ بوون، حمە زەکی سەری خستبووە سەر کتێبێك، وابزانم شانۆنامەیەکی برێخت بوو، وازی نەهێنا هاتا هەمووی تەواو کرد، جاروباریش سەریهەڵدەبڕی و بەشداریی قسەوباسەکانی ئێمەی دەکرد. ئێمە سەرمان سوڕما چۆن توانی لەماوەیەکی کورتدا ئەو کتێبە بخوێنێتەوە، جا بۆ ئەوەی سەرسوڕمانەکەی ئێمە کەم بکاتەوەو بیسەلمێنێت کە هیچی لێ نەپەڕاندووە، کەوتە باسکردنی پوختەی ناوەرۆکی شانۆنامەکە و دەستنیشانی چەندینلاپەڕەی دەکرد.

لەساڵی ١٩٨٧ دا عەبدوللا سلێمان مەشخەڵ و جەمال کۆشش و من، رێکخراوێکی ئەدەبیی نهێنیمان دامەزراند بەناوی (حەڵقەی ئەدیبانی کومونیست)، گۆڤارێکمان دەردەکرد بەناوی (رابەر)، بەدەست لەسەر وەرەقەی رایز و لەژێر کاربۆن دەماننوسییەوە، هەر جارەی ٢٥ یان ٣٠ دانەمان لێ دەنووسییەوەو بەسەر هەندێ هاوڕێی متمانەپێکراودا دابەشمان دەکرد، حمەزەکی یەکێك بوو لەو کەسانەی رابەرم بۆ دەبرد، خەتی جوان بوو بۆیە ئەویش چەندین نوسخەی تری لەبەر دەگرتەوە، ئەو کاتە ماڵی هاوڕێ مەشخەڵ لە خانووەکانی کارگەی نەسیج بوو لە هەولێر، لەوێ کۆ دەبووینەوە، دواتر شوقەیەکمان لە هەولێر بەکرێ گرت مانگی بە ١٦ دینار، حمەزەکی زوو زوو سەردانیی دەکردین، هەموومان دەرچووی زانکۆ بووین بەڵام نەچوبووین بۆ سەربازی، بە ناسنامەی زانکۆ، دوای دەستکاری و گۆڕینی بەروارەکەی، هاتوچۆمان دەکرد.

حمەزەکی لەو دەمەدا کاری شۆفێریی دەکرد، تاکسییەکی پێ بوو، ئیشی دەکرد و دۆخی دارایی لە ئێمە باشتر بوو، بۆیە لە کرێی شوقەکەدا یارمەتیی دەداین. من بیرم لەوە دەکردەوە حمەزەکی ببێت بە ئەندامی ئەو حەڵقە ئەدەبییە، نیازی ئەوەم

هەبوو ئەو بیرکردنەوەیەم لەلای دوو هاورێکەی ترم باس بکەم و بۆچوونی ئەوان وەربگرم، تا ئەو کاتەی من لە رێکخراوەکەدا بووم، نەبوو بە ئەندام لە "حەڵقەی ئەدیبانی کومونیست"، سا ئەگەر لەو کاتەدا حمەزەکی ئەندام بووایە، بە بۆچوونی من پتر پەرەی بە گۆڤارەکە دەدا و رۆڵێکی باشتری دەبوو لە بە نهێنی بڵاوکردنەوەیدا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی تاکسیی پێبوو و هاتوچۆی نێوان کەرکووك و هەولێری دەکرد.

دوای تەواوکردنی زانکۆ، ئێمە نەچووین بۆ سەربازی، فیرار بووین، بەڵام بە ناسنامەی ساختە هاتوچۆی پێویستمان دەکرد، ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٨ لە گەڕەکی حەی عەسکەری خەریکی دروستکردنی خانوو بووین، زۆربەی هەرە زۆری تەواو ببوو، هەندێ شتی کەمی مابوو، من و براکانم (جگە لە ئازاد کە ئەو کاتە لە بەندیخانە بوو) لەگەڵ حمە زەکی و موکەڕەم محەمەد شکور بەزۆری لەو خانووەوە دەماینەوەو لەوێش دەنووستین، جاروبار عیزەدین مەجید و غازی عاسیش دەهاتن بۆ لامان، هەم ئیشی خانووەکەمان تەواو دەکرد و هەم خەریکی نووسین و خوێندنەوەو گفتوگۆ بووین، حمەزەکی لە کاری خانووەکەدا زۆ چالاك و دەستڕەنگین بوو، قادرمەکان و هەندێ بەشی خانووەکە ئەو دروستی کرد و جێ پەنجەی بەڕوونی دیار بوو، بەداخەوە موکەڕەم زوو رۆیشتەوە بۆ گوندەکەیان باداوە،یان باوە، هەر دەیوت دەچمەوە بۆ باوە و ئەوێ سەلامەتترە و دوورە لە دەستی حکومەت و ئەمن، ئێمە حەزمان نەدەکرد پروات، رۆژێك وتی جلە کوردییەکانتم بدەرێ ئیشم پێیەتی، وتم بۆچیتە؟ بۆ گاڵتە پێم وت: چالاکیی پێشمەرگایەتی ئەنجام دەدەیت؟ پێکەنی و ئەویش بە گاڵتەوە وتی بەڵێ. بەڵام حمەزەکی تێگەیشتبوو کە بریاری داوە بچێتەوە بۆ باوە، باوەشمان پیا کرد و ماڵئاواییمان لێکرد، بەداخەوە دوای ئەوە ئیتر هەرگیز نەمانبینییەوە.

حمەزەکی لەکاتی ئیشکردندا بەردەوام گۆرانیی دەوت، هەر گۆرانییەکی بوتایە وەکو خۆی دەری ئەکرد، سا گۆرانیی کوردی بوایە یان عەرەبی، بەزۆری گۆرانییەکانی هونەرمەندی عێراقی حەمید مەنسوری دەوتەوە، بەتایبەتی گۆرانیی (سەلامات) کە لاسایی دەنگی ئەوی دەکردەوە، هەروەها هەندێ لە گۆرانییەکانییاس خزر، بەتایبەتی گۆرانیی (اعزاز)، هەروەها هەندێ گۆرانیی ناسری رەزازی، دەمانوت: حمە زەکی سەر و سمێڵ و شێوەت زۆر لە ناسری رەزازی دەچێت، پێی خۆش بوو، ئەوەندەی تر چریکەی لێ هەڵدەبری و گۆرانییەکانی ئەوی دەوتەوە. لە سروودیشا دیسان هەر دەنگی خۆش و قەبە و زایەڵەدار بوو، زیاتر حەزی دەکرد سروودی ئینتەرناسیونال بڵێتەوە، بەتایبەتی ئەو تۆمارەی لە رادیۆی دەنگی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو دەکرایەوە، بە جۆشوخرۆشێکی زۆرەوە دەنگی هەڵدەبری:

**هەستن ئەی هۆزی بەشمەینەتان**

**دیلانی برسێتی دنیا**

**لە تەنورەی بیروباوەڕتان**

**قرمەژنی تریشقەڕاسا**

**ئاخرین شەڕە شەڕی سەر و ماڵ**

**بایەككگرتوو بین هەڤاڵان**

**بە ئەنتەرناسیونال رزگار دەبێ ئینسان**

كە ئەو دێرانەی دوایی دەوتەوە، هەمووومان دەنگمان بەرز دەكردەوەو بەدوایدا دەمانوتەوە و ئیتر دەبوو بە قاقای پێكەنین و دەرپرینی خۆشی.

ئەو كاتەی لەگەڕەكیحەی عەسكەری خانوومان دروست دەكرد، قەناعەتمان بە باوكم كرد كە بەهۆی خراپیی بارودۆخ و هەلومەرجی ژیانی ئێمە، ژێرزەمینێكی نهێنی دروست بكەین، هەم بۆ خۆشاردنەوە لەكاتی پشكنینی ماڵان و گەڕان بەدوای فیراردا، هەم بۆ شاردنەوەی كتێب و بڵاوكراوەی نهێنی، باوكم زوو رازی بوو، بگرە ئەویش كارێكی وای بە پێویست زانی، دەیوت ئەم بەعسە زاڵمە و بەخوا ناشپرخێ. كە ژێرزەمینە نهێنییەكەمان دروست كرد، حمە زەكی لەگەڵماندا بوو. لەدواییدا ئەو ژێرزەمینە نهێنییە كەڵكێكی ئێجگار زۆری بۆ ئێمە و هاورێكانمان هەبوو، بەتایبەتی چەند رۆژێك پێش راپەرینی كەركووك و ئازادكردنیلە ١٩٩١دا كە عەلی حەسەن مەجید رەشبگیریی گەنجانی كوردی لە كەركووك دەست پێكردبوو، لەترسی راپەرین و لەترسی ئەوەی نەوەك پێشمەرگە بێنە ناو كەركووكەوەو گەنجانی كورد بچنە پاڵیانەوە، ئیتر ژمارەیەكی زۆری كوردی دەستگیر كرد، لەو كاتەدا ئێمە بەزۆری لەو ژێرزەمینەدا خۆمان حەشار دەدا، نەك هەر خۆمان، ئەو هاورێیانەش كە نۆرە دەهاتە سەر گەڕەكی ئەوان، دەهاتنە ماڵی ئێمە و ئەو شەوە لای ئێمە دەمانەوەو لەو ژێرزەمینە نهێنییەدا خۆمان حەشار دەدا. ئەو كاتەی نۆرە هاتە سەر پشكنینی گەڕەكی حەی عەسكەری، من و هەر سێ براكەم ئازاد و وشیار و ئاوات، هەروەها باوكیشم، خۆمان خزاندە ناو ژێرزەمینە نهێنییەكەوە، سەری ژێرزەمینەكە بە مەنهۆڵێكی گەورە دادەپۆشرابوو، هەمیشە حەسیرێكیان هەر شتێكی ترمان بەسەر مەنهۆڵەكە دەدا، لەو رۆژەدا دایكم، دوای ئەوەی ئێمە چووینە ناو ژێرزەمینەكە، كەرەستەكانی نانی تیریی وەك ئارد و ساج و پرێمزی هێنا، دۆشەكێكیشی خستە سەر مەنهۆڵەكە و دەستی كرد بە نان كردن، چەكدارەكانی عەلی حەسەن مەجید هاتنە ماڵەوەو سڵاویان لە دایكم كرد، ئێمە لەژێرزەمینەكەوە گوێمان لە هەموو شتێك دەبوو، چەكدارەكان بە دایكمیان وت: حەجییە وێن ئەولادەك، دایكیشم وتی: وەڵڵا كولهوم بیلعەسكەرییە، ئیتر ئەوانیش دەستیان كرد بە خواردنی نانی تیری و لەگەڵ دایكمدا موجامەلەیان دەكرد. دوای ماوەیەك

ویستیان بڕۆن و بە دایکمیان وت: حەجییە فێماللا. دوای ئەوە نەرۆیشتن، بەڵکو چووبوونە سەر جۆلانەی باخچەکەمان و لەوێ دانیشتبوون، دایکم دەڵێ لەو کاتەدا دڵم بە پەلەپەل لێی دەدا و لەوە دەترسام ئێوە وابزانن رۆیشتوون و بکێشن بە مەنهۆڵەکە بۆ ئەوەی بێنە دەرێ، باش بوو ئێوە نەجووڵانەوە تا ئەوان رۆیشتن و من بانگم کردن تا بێنە دەرێ.

لەدوای راپەڕینی ١٩٩١ و لەپاش کۆڕەو و گەڕانەوە لە ئێرانەوە بۆ کوردستان، من و حمە زەکی و ئازاد سوبحی لە سلێمانی گیرساینەوە، ئەو لە (ئوتێلی هاژە) ئیشی دەکرد کە ئەوسا کەوتبووە تەنیشت کتێبخانەی گشتیی ئێستاوە لە شەقامی سالم، من شوێنێکی دیاریکراوم نەبوو، بەزۆری دەچوومە ماڵی کاك واحیدی کوڕی پووری باوکم لە خانووەکانی مەعمەلی جگەرە لە گەڕەکی رزگاری، جاروباریش دەچووم شەو لەلای حمە زەکی دەمامەوە .

بەو پێیەی دەرچووی بەشی عەرەبیی کۆلێجی ئاداب بووم، هەر ئەو کاتە هەوڵم دا لەرێگەی بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانییەوە وەك مامۆستای زمانی عەرەبی دابمەزرێم، ، ئەو کاتە چیرۆکنووس حمە کەریم عارف لەوێ فەرمانبەر بوو، یان بەرپرسی بەشێك بوو، بیرم نەماوە، بەڵام ئەو زۆریارمەتیی دام و کارەکانی بۆ ئاسان و تەواو کردم، تەنانەت لە کارێزەوشك قوتابخانەیەکی ناوەندیشیان بۆ دەستنیشان کردبووم، بەڵام من نەچووم، پەیوەندیم بە قوتابخانەکەوە نەکرد، بێگومان ئەو کاتە بارودۆخی کوردستان بەگشتی زۆر خراپ بوو، بەتایبەتی لەرووی ئابوورییەوە، مامۆستایان مووچەی نەبوویاخود مووچەکەی زۆر کەمبوو، وابزانم کۆی مووچەکە ئەو کاتە نەدەگەیشتە چوار سەد دیناری سویسری کە زۆر کەم بوو، ئەمە جگە لەوەی لە سلێمانیدا کار نەبوو و گوزەرانی خەڵکی بەگشتی باش نەبوو، بەتایبەتی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن زۆر دەگمەن بوو، کەچی هەولێر باشتر بوو، چونکە هەم پایتەخت بوو، هەم مەکتەبی سیاسیی هەموو حزبە کوردییەکان و حزبە عەرەبییە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەوێ بوون، واتە راگەیاندن و رۆژنامەکانیان لە هەولێر دەردەچوو، لەوێ بارودۆخی ئابووری کەمێك باشتر بوو، من و ئازاد سوبحی گواستمانەوە بۆ هەولێر، حمەزەکی هەر لە سلێمانی مایەوە، لەلایەك لەبەرئەوەی لە ئوتێلی هاژە کاری دەکرد، لەلایەکی دیکە نەیدەویست لەو کچەی خزمیان دوور بکەوێتەوە کە لە تەکیە مامۆستا بوو وماڵیشیان لە سلێمانی بوو.

من چوومە هەولێر و لە رێگەی بەرێوەبەرایەتیی پەروەردەی هەولێرەوە لە "ئامادەیی ئازادی کوڕان" وەك مامۆستای عەرەبی دامەزرام، هەر لە قوتابخانەکەدا ژوورێکیان دامێ و شتومەکم تێکرد و هەر لەوێ دەنووستم. ئازاد سوبحیش، لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە رێگەی ئەبوبەکر خۆشناوەوە، کارێکی دەست کەوت، هەر لەوێش دەنووست، بارەگای ئاڵای ئازادی لەسەر قەڵا بوو. جاری وا هەبوو من شەوان دەچووم بۆ لای ئازاد سوبحی و شەو لەلای

دەمامەوە، بەتایبەتی رۆژانی پێنج شەممە و هەینی کە دەوامی قوتابخانە نەبوو، هەندێ جاری تریش ئازاد دەهات بۆ لام. هەر کاتێکیش حمە زەکی بهاتایە بۆ هەولێر، هەرسێکمان پیاسەی باخچەی گڵکەند و ناو بازاڕمان دەکرد، شەو بە کۆمەڵێ رۆژنامەو کتێبەوە دەچووینەیانەی مامۆستایان و دەمانخواردەوە، بۆ نووستن حمەزەکی بەزۆری لەگەڵ من دەهاتەوە بۆ ژوورەکەم لە ئامادەیی ئازادی کوڕان، چونکە لەلایەك ژوورەکەی من گەورە بوو و دوو قەرەوێڵەم تیا دانابوو، یەکێکیان بۆ میوان کە جاروبار برادەرانی سلێمانییان کەرکووك دەهاتن بۆ لام و شەو لەوێ دەمانەوە، لەلایەکی تر من تەلەڤیزیۆنێکی رەش و سپیم هەبوو، ئینجا من شەوان زوو دەنووستم و نەمدەتوانی زۆر بمێنمەوە، بەپێچەوانەی ئازاد سوبحی کە شەوان تا درەنگ نەدەنووست، حەزی لە گفتوگۆی سیاسی و ئەدەبی بوو کە بە خواردنەوەی عارەقی فەل تا درەنگ دادەنیشت، حمە زەکیش شەوان زوو دەنووست، بۆیە زیاتر دەهات لە ژوورەکەی مندا دەمایەوە.

ژوورەکەم لە ئامادەیی ئازادی کوڕان لە خوارەوە بوو، بەیانیان زوو لە خەو هەڵدەستام، خۆم دەشوشت و نانیشم دەخوارد و خۆیشم دەگۆڕی، پێش ئەوەی قوتابییەکان بێنە ناو قوتابخانەوە من بەتەواوی ئامادە دەبووم بۆ وانە وتنەوە. ئەو شەوانەی حمە زەکی لەلام دەمایەوە، ئەویش وەکو من زوو هەڵدەستا و پێش کاتژمێر هەشت دەچووە دەرەوە بۆ بازاڕو ئینجا دەچووە لای ئازاد سوبحی، نیوەڕۆیەکترمان دەگرتەوەو پێکەوە نانمان دەخوارد و دەچووینە ئەملاو ئەولا .

لە سەربانی ئامادەیی ئازادیدا کونە کۆتر و هێلانەی کۆتری زۆر لێبوون، کۆترە کێوی بەزۆری لەوێ دەنووستن، شەوان من و حمەزەکی دەچووینە سەربانی قوتابخانەکە، بە ئەسپایی و بە بێدەنگ دوو کۆترە کێویی قەڵەومان دەگرت، دەمانهێنایە خوارەوەو سەرمان دەبڕین، حمە زەکی دەیکوڵاندن و خۆشترین خواردنی لێ دروست دەکرد، ئیتر گۆشتی کۆترمان بە تشریبەوە دەخوارد.

شەوێکیان غازی عاسیش هات بۆ لام و لەوێ مایەوە، لەگەڵ ئەویش چووینە سەرەوەو دوو کۆترمان گرت و بە تشریبەوە خواردمان، غازی زۆر سەرسام بوو بەو جۆرە ژیانەی من، ئەو شەوەی ئەو هات بۆ لام کاتی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ بوو، راڕەوەکان پڕ کرابوون لە ریحلە و ناوی خوێندکارەکانی لەسەر نووسرابوون، من و غازی لەسەر ریحلەکان دانیشتین و میوەمان خوارد و گفتوگۆی ئەدەبیمان دەکرد. شەوێکی تر ئازاد بەرزنجی هات بۆ لام و ئەویش ئەو شەوە لەوێ مایەوە، بەڵام ئەو ئێوارەیە کۆترمان نەخوارد، بەڵکو پەتاتەم بۆ کوڵاند و ئینجا کەمێك سوورم کردەوە، لەگەڵ تەماتەو سەوزە دامنا و دەستمان کرد بەخواردنی، سەیرم کرد ئازاد پارووەکەی بۆ ناجورێ و بە زەحمەت بۆی قووت دەدرا، وتم "ببوورە کاك ئازاد دیارە خواردنەکەشت بەدڵ نییە"، وتی "نا بەپێچەوانەوە من حەزم لە خواردنی پەتاتەیە"، دوای کەمێك دوودڵی بە شەرمێکەوە وتی "پەتاتەکە نەوتی تێکراوە، تام و بۆنی

نەوتی لێدێت"، کە لێم خوارد، وابوو، زۆر تەریق بوومەوە، پەتاتەکەم فڕێدا و دوای ئەوە وابزانم هێلکەو رۆنمان خوارد (ئەم بەسەرهاتانە بەدرێژی لە نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆمدا دەگێرمەوە).

بەر لە رووداوەکانی ۳۱ی ئابی ۱۹۹٦، من لەرێگەی نورەدین ساڵح باوەنوورەوە، کە ئەوسا جێگری سکرتێری "کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان" بوو، لەگەڵ ماکۆك شێخ حەمەد و قابیل قادری رەحمەتی گۆڤارێکیان دەردەکرد بە ناوی (کازیوە) و خۆیشم بابەتم تیادا بڵاو دەکردەوە، لەرێگەی ئەوانەوە بووم بە سەرپەرشتیاری یەکێك لە بەشە ناوخۆییەکانی خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین، بینای بەشە ناوخۆییەکە کەوتبووە سەر ئەو شەقامە گشتییەی بەرەو بازاڕی شێخەللا دەچوو نزیك گەڕەکی جوولەکان، بەرامبەر وزارەتی شارەوانیی ئەوسا، پێشتر بارەگای رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) بوو، بەشە ناوخۆییەکەش هەر بەناوی کوردستانی نوێوە بوو، لە قاتی سەرەوە ژوورێکی خۆش و گەورەیان دامێ کە پەنجەرەیەکی گەورەی تیابوو دەیڕوانییە سەر شەقامە گشتییەکە، من کەرەستەو شتومەکەکانم لە ئامادەیی ئازادیی کوڕانەوە گواستەوە بۆ بەشی ناوخۆیی کوردستانی نوێ، ئازاد سوبحیش جاروبار بە عەرەقی فەلەوە دەهات بۆ لام و شەو لەوێ دەمایەوە، حمە زەکی زوو زوو دەهات و هەرسێکمان پێکەوە خۆشترین کاتمان بەسەر دەبرد، کە زیاتر بریتی بوو لە پیاسەی ناو بازاڕ و گەڕان بەدوای کتێب و پشووی باخچەی گڵکەند و گفتوگۆی ئەدەبی و خوێندنەوەونووسین، دواتر پێشنیازی ئەوەم بۆ ئازاد کرد کە بەیەکجاری بێت و لە ژوورەکەی مندا پێکەوە بین، ئەویش وای کرد، ئیتر تا ماوەیەکی درێژ من و ئازاد سوبحی لەو بەشە ناوخۆییەدا پێکەوە بووین تا ئەو کاتەی هاوسەرگیریی لەگەڵ سوعاد خاندا کرد کە ساڵانێکی زۆر بوو پەیوەندییان هەبوو، پاشان ئازاد لەدوای هاوسەرگیری خانوویەکی بەکرێ گرت و شتومەکەکانی لای من گواستەوە، ئیتر من و حمە زەکی ماینەوە، بەڵام حمە زەکی لەهیچ شوێنێکی دیاریکراودا ئۆقرەی نەبوو، لەنێوان شارەکاندا هاتوچۆی دەکرد، خەم و خولیا و هەوڵی زۆری بۆ ئەوە بوو بچێتە دەرەوەی وڵات. لەدواییدا لەرێگەی هاوسەرگیری لەگەڵ بەهرەخاندا لەساڵی ۱۹۹٦دا چووە هۆڵەندە وکورێکیشیان بوو.

پەیوەندیی من و حمە زەکی بەتەنها لە چوارچێوەی تاکەکەسیی خۆماندا نەبوو، بەڵکو پەیوەندیی خێزانیشمان پتەو بوو و هاتوچۆی ماڵییەکترمان دەکرد، واتە من پەیوەندیم لەگەڵ هەموو خێزانەکەیاندا هەبوو، بەتایبەتی لەگەڵ هەردوو براکەیدا کاك تەحسین و مامۆستا موحسین. بەداخەوە حمە زەکی لە ساڵی ۲۰۰۲دا لە هۆڵەندە لە تەمەنێکی زۆر زوودا کۆچی دوایی کرد.

یادەوەری عیزەدین فاتیح ناسراو بە ( جەمال ئەیوب )
حەمەزەکی هەمیشە بیروباوەری سیاسی خۆی هەبوو وەک کەسێکی
مارکسیستیی بیری دەکردەوە هەڵسوکەوتی دەکرد.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : ئێوە پەیوەندییەکی هاورێیەتی نزیکتان لەگەڵ حەمەزەکیدا هەبوو. چ لە دەورانی زانکۆ و چ دواتر. دەتوانی باسی سەرەتاکانی ئەو هاورییەتییەمان بۆ بکەن؟ پاشان وەک دەزانن حەمەزەکی شاعیر بوو و شیعری دەنووسی و تەنانەت بڵاویشی دەکردنەوە. تۆ چۆن لە شیعرەکانی حەمەزەکی دەڕوانیت؟ هەروەها حەمەزەکی جگە لە نووسینی شیعر سیاسیش بوو و ئەندامی حیزبی**

**کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو،ئایا جیاکارییەک هەبوو لەنێوان حەمەزەکی سیاسی و حەمەزەکی شاعیردا؟ ئەی وەک چالاکوانێک و تەنانەت وەک رابەرێکی قوتابیان لە مانگرتنەکەی ساڵی ١٩٨٤ی قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان ڕۆڵی بەرچاوی گێرا. تۆ ئەو ڕۆڵە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ئەی بەڕێزتان بەحوکمی پەیوەندی نزیکتان لەگەڵ حەمەزەکی ئایا حەمەزەکی هیچ تموح و ئارەزوویەکی ئەدەبی هەبوو بۆ داهاتووی؟ ئایا هیچ پڕۆژەیەکی رۆشنبیریی تایبەتی لە خەیاڵدا هەبوو کە لە داهاتوودا کاری بۆ بکات؟**

چەن وێستگەیەک لە تەمەنی هاورێیەتی هاورێیەکی دێوانە

کەمجار ڕێکەوتووە کە تۆ بتوانیت بە ویستی خۆت هاورێیەک بۆ ژیانی خۆت دەست نیشان بکەیت جگە لە هاورێی منداڵیت. هەمیشە ئەوساتە وەختانەی کە ڕێکەوتێک بۆتی دێنێتە پێش و دواتر تەونی پەیوەندییەکی قوڵی لەسەر دەچنرێت زۆر زیاترن لەوەی خۆت ئارەزوومەندانە پەیوەندییەک بخەیتە ژیانتەوە .
هەندێ ڕێکەوت خۆی بۆخۆی دەبێتەسەرەتایەک بۆ تەمەنێک لە پەیوەندییەکی چاوەروان نەکراو و دواتر نازانرێت چۆن و بە چ ئاقارێک کۆتایی پێ دێت. هەندێک جاریش ئەو ڕێکەوتە کارەسات یا تراژیدیای لێ دەکەوێتەوە یا بە پێچەوانەوە دەبنە ڕێکەوتێکی ئاڵتوونی.لە ژیانی مرۆڤەکانیشدا هەندێ ساتەوەخت هەن وەک نەقشی سەر بەردی هەڵکۆڵراویان لێدێت بێ ئەوەی تۆ هیچ ئیرادەیەکت بۆی هەبێت یان پێشبینیت بۆ ڕووداوەکانی بووبێ کەسایەتی و کارەکتەرەکانی پانتاییەکی گەورە لە ژیانت دادەگرن و بۆ هەمیشە یادەوەریەکانیش دەبن بە ریزبەندی تەسبیحێک چوون ئەو تەسبیحە قەزوانەی کە حەمەزەکی هەمیشە وەک دێوانە لە ملی خۆی نابوو.

یەکەم بینین

پایزی ساڵی هەشتاو دوو بوو کە دەیکردە ساڵی خوێندنی ١٩٨٢-١٩٨٣، کە بۆ من دەیکردە دووەم ساڵی خوێندنم لە زانکۆ ،ساڵی یەکەمی خوێندنم بەر شاڵاوی خۆپیشاندانەکانی هەشتاو دوو کەوت ،بەهۆی خۆپیشاندانەکان و بایکۆتی تاقیکردنەوەکانی سەری ساڵ ئەساڵەم کردە قوربانی پاشخانی تێکۆشانی سیاسی خۆم. ئەگەرچی دواتر ناچاربووم بۆ خولی دووەم تاقیکردنەوەکان پڕۆم

لەکۆی چوارده ماده تەنها سێ دانەی وەکو تەوق بۆساڵێکی تری خوێندن ئاڵایە ملمەوە.
بەئومێدی ساڵێکی نوێی خوێندن ڕووم لە زانکۆ کردەوە ، سەرەتای ساڵی خوێندنی زانکۆ بوو یانەی کۆلێژی پەروەردە بەهۆی پشوازی لە ساڵی خوێندنی نوێ و هاتنی خوێندکاری نوێ بۆزانکۆ جمەی دەهات، هەبوون ساڵانێک بوو پێکەو بوون و ئێستاش بۆ ساڵێکی نوێی خوێندن پەیمانی هاورێیەتی نوێ دەکەنەوە. هەشبوو یەکەم ساڵ و یەکەم دیداریان بوو بۆ خۆ بەیەکتر ناسین سڵاویان لەیەکدی دەکردو و یان بێ هۆکار قاقایان لێ دەدا و بێ هۆکار موجامەلەی یەکتریان دەکرد .
هەفتەیەک بوو خوێندن دەستی پێکردبوو بەڵام هەروەک ڕۆژی ئەوەڵ وابوو بەردەوام پۆل پۆل خوێندکار دەهاتن و پەیوەندیان بە کۆلیژەکانیانەوە دەکرد.من بەوهۆیەوە کە ساڵی پێشووم تەوا نەکردبوو، ناچار بۆ چەند دەرسێک ساڵێکی نوێ دەست پێبکەمەوە ، درەنگ چوومە زانکۆ و هەفتەیەک لەدەستپێکردنی خوێندن دواکەوتبووم لە یانەی کۆلێژەکەماندا لەگەڵ هاوپۆلە کۆنەکانم کە ساڵیک بەرلەوە لە کلاسێکدا پێکەوە بووین دانیشتبووین بەدەم چاخواردنەوە خەریکی دەمەتەقێ و کەیف و هەواڵپرسینی یەکدی بووین لەپڕ کورێکی باریکەلەی برێک ئەسمەر ، موو ڕەش، تۆزێک سینگ دەرپەڕیو ڕیش و سمێڵێکی بەردابووەوە کە زۆرتر هەوادارانی کۆمەڵە و رێکخراوە چەپەکان هەیان بوو ( باو بوو لە هەشتاکان گەنجەکان بۆ نیشاندانی باری سیاسی بوونی خۆیان یان وەک نەرێتێک بۆ لایەنگری بوونیان لە ڕێکخراوە سیاسی و چەپەکانی ئەوسەردەمە ڕیش سمێڵێکیا بەردەدایەو جووتێک کالایان لەپێدەنا ) روومەت رەقەڵەو چاورەش کە دەیڕوانی تروسکەی لێوەدەهات چاوەکانی پڕێک گەورە لە قووڵایدا بوون،پانتۆڵێکی رەساسی کراسێکی سپی لەبەردا بوو لەبەر گەرما چاکەتەکەی بەبان قۆڵی چەپدا دابوو بە بزە و خەندەیەکی پاکەوە رووی تێکردین بەرەو لای من هەنگاوی نا ، گەیشتە ئاستمان بزەیەکی سادەی بۆ کردوو سەلامی لێکردین ، ڕووی دەمی لەمن کرد و وتی :
-تۆکاک عیزەدینی
بەڵێ
-دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم
بەڵی فەرموو
-من زەکیم ناوە بە حەمەزەکیش بانگم دەکەن خوێندکاری تازەم لەیەکی فیزیا دەوام دەکەم، ناوەکەتم لە لیستی ناوی خوێندکارەکانی پۆلەلەکەماندا بینی وتیان ئەو کورە خوێندکاری پارە و کوردە وخەڵکی کەرکووکە دەتوانی یارمەتی لەو وەرگریت. منیش وتم فەرموو سەرەتا دانیشە با بچم چایەکت بۆ بێنم. چایەکمان لەگەڵدا بخۆرەوە ، چووم چایەکم بۆ هێنا و ئەوسا وتم فەرموو چۆن دەتوانم یارمەتیت بدەم؟

_ وتی ناوم لە هیچ بەشە ناوخۆییەک دەرنەچووە جێگا نەماوەتەوە پێیان وتووین چاوڕێ بکەن تا جێگای تازەتان بۆ ئامادە دەکەین ئەوسا ئەوانەی ناویان دەرنەچووە دەنێردرێنە ئەو شوێنە، ئێستا نازانم بۆکوێ بچم کەسیش ناناسم کورت و موختەسەر دەمەوێ ئەگەر بۆ موەقەتیش بێت لەبەشی ناوخۆی لای تۆ بمێنمەوە،دەزانم ئەمە تەکلیفە بەڵام چارەیەکی دیکەم نییە لە ئێستادا. ئەو نەیدەزانی ئەوانەی کە لەگەڵم دانیشتوون لە هەمان ژوور لەداخلی پێکەوە دەژین ،منیش نەمزانی چۆن وەڵامی ئەو داوا راستەوخۆ و بێ پێچ وپەنایەی بدەمەوە چونکە بۆ من تۆزیک قورس بوو بەناوی رەفیقەکانمەوە بریار بدەم هاوکات لە موعانتی ئەویش گەیشتم چونکە ساڵی پار هەمان موشکیلە ڕووبەڕووی خۆم بووەوە و بۆ ساڵێک میوانی موەقەتی کۆمەڵێک هاوڕێ بووم بۆیە لە کێشەکەی گەیشتم بەڵام ئەو بڕیارە تەنها بڕیاری من نییە بەڵکە بڕیاری هەمووومان واتە خۆم و هاوێکانم بوو نەک من بە تەنها، بۆیە پێم وت کە ئەمانەی کە لێرە لەگەڵمدا دانیشتوون لەهەمان ژوورین پێکەوە دەژین من لای خۆمەوە بۆ کاتی یارمەتیت دەدەم بەڵام حەز دەکەم ئەوانیش موافق بن ، لەراستیدا هاوڕێکانم کە ساڵێک بوو لە کۆلێژ پێکەوە بووین دەستیان بەروومدا نەدا وتیان قەیچێکە مادام کاک هێرش( هێرش ناوێك بوو هاورێکانم لە داخلی بۆیان دانام کە تا چەند ساڵی زانکۆ و دواتریش لای ئەو هاوڕێیانە و کۆمەڵێک هاوڕێی تر هەر بەو ناوەوە بانگ دەکرام حەمە تا دواجاریش کە بە تلیفۆن قسەم لەگەڵدا کرد هەر بەو ناوە بانگی دەکردم) حەز دەکات بۆ نا دەتوانیت بۆماوەیەک تا شوێنێک پەیدا دەکەیت لەگەڵماندا بیت. ئیدی لەو ڕێکەوتە و لەو ڕۆژەوە حەمە بۆ من بوو بە هاوڕێیەکی هەمیشەیی و پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هاوڕێیانە بەیەکدی بەستینییەوە کە نەک هەرتەنها لە سەردەمی ژیانی خوێندکاریم بەڵکو دواتر بۆ هەموو تەمەن ئەو هاوڕێیەتیمان تا دواساتەکانی ژیان بەردەوام بوو.

## حەمە زەکی چ کارەکتەرێک بوو

حەمەزەکی کۆڕێکی هێمن و بێدەنگ بەڵام چاو نەترس بوو لە ژیاندا ڕیسکی زۆر دەکرد هەموو جار خۆی بەخۆی دەوت من وەک پشیلە حەوت روحم هەیە چونکی جارێک لەڕێی کەرکووک هەولێر لەپاسێکدا دەبێت پاسەکە وەردەگەڕێت ژمارەیەک لە سەرنشینەکانی بریندار دەبن ئەو بەسەلامەتی گەشتەوە هەولێر، جارێکی دیکەش لەکەرکووک لەماڵی خۆمان دەبورێتەوە بەپەلە گەیاندمە تەوارییەکەی پێم وابێ نەخۆشخانەی جمهوری بوو ئەوسا سەربا زبوو لەوێ کە سەیری هەویە و ئیجازەکەیان کرد کە سەربازە بەپەلە ئێمەیان تەحویل نەخۆشخانە سەربازی کرد لە کەیوان. دوو شەو لەوێ لە نەخۆشخانە لە ژێر چاودێری چر هێشتیانەوە ئەو دوو

شەوە من لای مامەوە دواتر دەرکەوت تووشی ئیلتئهابی دەماخ بووە من نەمزانی کە ئەو نەخۆشییە لەڕێگەی ڤایرۆسەوەیە ئەگەری زۆرە ئەوانەی دەوروبەری بە ئاسانی تووش بن دواتر خۆشبەختانە زوو ئەو حالەتەی تێپەڕاند و چاک بووەوە منیش سەلامەت دەرچووم، لەبەر ئەوانە هەموو جار دەیوت حەوت ڕوحم تەنات مردنیش لەمن دەترسێت .
ئەو زۆر لە ڕوو بوو واتە شەرمی نەبوو زوو دەهاتە نێو بابەت وهیچ پێچ و گرێیەکی نەبوو لە دەربڕیندا ئەگەر بویستایە کارێک بکات یا شتێکت لێ داوا بکات راستەو خۆ دەیووت یا ئەنجامی دەدا .کە قسەی دەکرد هەمیشە دەم بەخەندەبوو زوو لەگەڵتا دەکرایەوە بە نوکتە و گۆرانی و شیعر مەجلیسی زوو بۆ گەرم دەکردی. دەنگی بۆ گۆرانی وتن خۆش بوو هەرەوها بۆ قورعان خوێندنیش هاهاها جارێکیان لە کۆلیژ خەبەریان بۆ هێنا کە باوکی بۆ دواجار ماڵئاوایی لێکردوون و تەمەنی درێژی بۆ ئەوان بە جێهێشتووە زۆر بێتاقەت بوو پڕ چاوی بوو لە فرمێسک نەیدەزانی چیبکات بەڕاستی قوورسیش بوو ئینسان لەو لەحزە مێشکی کاربکا و ڕەش لە سپی جیابکاتەوە یان راست و چەپی خۆی بناسێتەوە هەموو ئەوانەی بەدەورییەوە بووین کۆبووینەوە و دڵنەوایمان کرد و وتمان تەنها نیت چی پێویست بکات بۆتی دەیکەین کەس لەگەڵ مەرگ هیچی پێناکرێت موهیم ئێستا تۆ لەدەوروبەری خوشک و براکانت بیت باری دەروونی و خەمی سەرشانی ئەوان برێک سووک بکەیت. من نەمدەتوانی لەو ڕۆژە سەختە و لە بارە نەفسییە هەروا بەجێی بهێلم  پریارم دا کۆلێژ جێ بهێلم و لەگەڵیدا بگەرێمەوە کەرکووک ئەو دەمە حەمەزەکی ماڵیان لەئازادی بوو بیرمە لەناو بازارەکەوە کەلەکۆڵانەکە دەچویتە ژووری لەوسەری کۆڵانە بەدەستی ڕاستدا بوو ، دوای ئەوەی گەیشتینە جێ، دەستمان دایە ئامادەکاری بۆ ڕێکخستنی تەعزیە .عادەتەن تەعزیە لە مزگەوتدا دەگیرا باش بیرم نایە شوێنێکی چکۆلانە بوو هۆڵ بوو یان مزگەوت ، دەستمان کردە چاککردنی شوێنەکە و ڕیکخستنی کورسییەکان جەماعەتێک لەوێ ووتیان قورعان خوێنمان نییە تەزیەش بێ قورعان خوێن هەر نایێت دەبێت قورعان خوێنێکیش بهێنن حەمە وتی پێویست ناکات من خۆم قورعانەکە دەخوێنم شانی لێگیرکردوو دەنگی لە موکەبەرەی ناو هۆڵەکەوە هەڵسان و دەستی پێکرد، بەس بەراستی دەنگی خۆش بوو . حەمە ئەوکارەی لەبەرخاتری خۆشویستی بۆ قورعان و ترادیشوێنە ئایئنییەکە نەبوو، بەڵکە لەبەرئەوە بوو کە لەو ماڵە هیچ ئیمکانێک لەبەردەستدا نەبوو مەلاش پارەیەکی زۆری بۆ ئەو چەند سەعاتە وەردەگرت بۆیە خۆی ئەو کارەی کرد.
هەرواها حەمەزەکی شەوان لەبەشەی ناخۆیی کاتێک مەجلیسمان گەرم دەبوو زوو زوو بە گۆرانییەکانی یاس خذر و حەمید مەنسور جەوی دانیشتنەکانی بۆمان گەرمتر دەکرد. ئەو لە خوێندنەوەی شیعریشدا ئیلقایەکی جوانی هەبوو شیعرە

کلاسیکییەکانی جوان دەخوێندەوە هەر حەزت دەکرد گوێی لێبگری، چێژت لە خوێندنەوەی شیعر وەردەگرت کاتێک کە بۆتی دەخوێندەوە. تابلێی ئامەدە و لەسەرپێ بوو بۆ هەرکارێک بۆ هەر جێگەیەک تەکلیفت لێ بکردایە ئامادەباش بوو سەردان و هاتوو چۆکانی کات و وەختی دیاریکراوی نەبوو بێ ئاگاداری پێش وەخت خۆی دەکرد بە ژوورەوە ، هەرکات خۆی بیویستایە لەدەرگای ماڵەکەتی دەدا ، ئەو تابلێی سەرکێش و بوێر بوو هەر ئەو سیفەتەش وای دەکرد لەباری سیاسییەوە زوو لەگەڵتدا بکرێتەوە ، کاتێک ئەو هاتە زانکۆ کەش و هەوای زانکۆ بە کۆمەڵێک باس و مەسائیل و چالاکی سیاسی بارگاوی بوو ، هیچ کەس نەبوو بە جۆرێک لە جۆرەکان قاچ و قولی خۆی لەو کەش و هەوا سیاسییە نەئاڵێنێ .

## حەمەو نارەزایەتییەکانی خوێندکاران

پاش خۆ پیشاندانەکانی ساڵی هەشتاو دوو کە بە هۆی یادکردنەوە ساڵڕۆژی بۆردوومانی قەڵادزە لە ساڵی هەفتاو چوار دەستی پێکرد ژمارەیەکی زۆر خوێندکار ساڵێکی خوێندنیان دانا هەندێ خوێندکار بەداخەوە کوژران و ژمارەیەکیش بریندار و ژمارەیەکی زۆرتریش نەقلی کۆلێژەکانی بەغدا و بەسرا و شارەکانی خوارووی عێراق کرا. دواتر رژێم بەزمی جەیش شەعبی هێنایەپێشەوە بەمە جوڵانەوەو نارەزایەتییەکانی خوێندکاران جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە. ئا لەو کەشو هەوایە دا ئیدی خوێندکاری بوێر و بە هەڵوێست و چالاکت بۆ دەردەکەوێت. بۆیە یەکتر ناسین و تێکەڵ بوون بە نارەزایەتییە خوێندکارییەکان و جموجۆڵی سیاسی نێو کۆلیژ ئەو پەیوەندییە هاورێیەتییەی لەگەڵ حەمە هەم بوو توندوتۆڵتر بووەوە و ئاستی سیقە و هاوڕیەتییەکەمان زیادی کرد .دەبێت ئەوە بڵێم کاتێک مانگرتنی خوێندکاران بەدژی جەیش شەعبی لەئاست زانکۆی سەلاحەدیین دەست پێکرد ئێمە لیژنەیەکمان بەشێوەی ڕێکخراوێکی خوێندکاری بەناوی لیژنەی کاتی خوێندکاران پێک هێنا ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکارانی ئازاو بە هەڵوێست لەو لیژنەیادا کارو هەڵسوڕانیان کرد یەکێک لەوانە حەمە زەکی بوو.

کاتێک مانگرتنێکی سەراسەریمان لەبەردەم ریئاسەی زانکۆ رێکخست بۆ گەیاندنی داواکارییەکانمان، حەمە زەکی یەکێک لەو نوێنەرانەی خوێنکاران بوو کە لەگەڵ چەن هاورییەکی دیکە بۆ گفتوگۆ چوونە لای سەرۆکی زانکۆ و داخوازییەکانی خوێندکارانیان پێشکەش کرد.ئەو رۆژەی ئەو کۆبوونەوەمان ئەنجام دا سەرجەم شاری هەولێر بە قوەخاسە و هێزەکانی تەواری تەنرابوو ،تەنانەت ڕژیم تەنانەت بۆ چاوترساندن و پیشاندانی فەزای سەرکووت زرێپۆش و هێزێکی زۆری لەدەروبەری

ئێمە دانابوو ئێمە لەنێو گەمارۆی ئەو هێزە مانگرتنەکەمان ئەنجام داو داخوازییەکانمان دایەدەست ریئاسەی زانکۆ.
یەکێکی دیکە لەو هەڵوێستانەی ئەوکە جەسارەت وهەڵوێستگیری سیاسی ئەوی نیشان دەدا ئەوبوو جارێکیان لە پۆلی سێی فیزیا بووین لە کۆلیژی پەروەردە لە هۆلی کۆبوونەوەکان بە گشت خوێندکارانی کۆلێژەکە بە هەموو بەشەکانییەوە کۆبوونەوەک سازکرا، داوا لە خوێندکاران کرا کە دەبێت هەموو ببن بە بەعسی لە کۆبوونەوەیە ژمارەیەکی زۆر لەگەورەپیاوانی بەع □ لەوانە مەسئولی ئەمن مەسئولی فرقە و شوعبە مەنزومەی شیمال لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە بوون ئامانج لەم کۆبوونەوەی حیزبی بەع □ هەم ترساندنی خوێندکاران و هەروەها بەبەعسی کردنی سەرجەم خوێندکارانی کۆلیژی پەروەردە بوو،دوای قسەکردن و هەڕەشە و گورەشەیەکی زۆر داوایان هەمووخوێندکاران کرد کە قبوول بوونی خۆیان لە ڕیزەکانی حیزبی بەع □ نیشان بدەن هەروەها وتشیان هەردەبێت ببن بە بەعسی ئەگەر نا لە هیچ شوێنێک تەعین نابن تا ماون ناتوانن وەک مامۆستا دەرس بڵێنەوە، پاشان وتیان ئەوەش کە نایەوێت ببێت بە بەعسی با لە هۆڵەکە بچێتە دەرەوە ، من بێ دوودڵی دەستم بەرزکردەوە وتم من نامەوێ ببم بە بەعسی پرسی کێیتر نایەوێت با دەست بەرز بکاتەوە بەدوای من حەمەزەکیش دەستی بەرزکردەوە. وتیان کێی تر کەچی لەو حەشاماتە زۆرەی ناو هۆڵەکە هەموو بێدەنگیان لێ هەڵبژارد ئیدی هیچ کەسێکی دیکە دەستی بەرز نەکردەوە ئێمە هەردووکمان هۆڵەکەمان بەجێهێشت و هاتینە دەرەوە دواتر ئاورمان دایەوە هیچ کەسی دیکە دوای ئێمە هۆڵەکەی جێنەهێشت جگە لەو دوانەمان. دەبێت ئەوە بڵێم کە کاتێک ئێمە ناومان لە کۆلێژی پەروەردە دەرچوو ڕژێم قانوونی قبوڵ خاسی لەسەر کۆلێژی پەروەردە هەڵگرتبوو واتا پێش سالانی خوێندنی ئێمە هەرکەس بەعسی نەبووایە فۆرمی تایبەتی پڕ نەکردبایەوە ناوی لە کولێژی پەروەردە دەر نەدەچوو.
چەند ڕۆژێک دوای ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژێک لەناو هۆڵی خوێندن کەسێک هات و داوای لە مامۆستای وانە وتنەوەکە کرد کە ئیزن بدات من و حەمەزەکی بەریت بۆ لای ڕاگری کۆلێژ لەراستیدا من لە فیکەی خۆم حاڵی بووم کە ئەوە تەڵەیە بۆ گرتنمان هاتوون کاتێک من و حەمەزەکی لەهۆڵەکە دەرچووین کە لە قاتی دووەمی بیناکە بوو لە پەنجەرەکەوە سەیارەی تەواری قوە خاسەمان بینی کەلەبەردەم عمادەی کولیەکە راوەستابوو، دەست بەجێ بە حەمەم وت با رابکەین ئەوانە بۆ گرتنی من و تۆ هاتوون، ئەوەبوو لەدەرگای پشتەوە کۆلێژەکە هەردووکمان بۆمان قوچان ئەوێمان بەجێ هێشت دوای زیاترلە مانگێک پاش ئەوەی خەبەرمان زانی کە بارودۆخەکە هێور بۆتەوە گەراینەوە بەڵام ئەوساڵەی خوێندنمان لەسەر دانا و دواتر فەسڵێکی جوان و پوختیان دایە دەستمان، بەڵام لەو ماوە زۆرە توانیمان خانووە بە

بلۆک هەڵچنراوە تەواو نەکراوەکەی ئۆردوگای جدیدە تەواو بکەین کە ماڵی کاکە حەمە دوای تەرحیل بوونیان لە کەرکووک بۆی دوور خرابوونەوە.

## عیشق و شیعر

حەمە زەکی زۆر دڵ تەڕو عاشق بوو، هەمیشە لەبەر خۆیەوە منجەمنجی گۆرانی وتنی بوو، ئەو عاشق  بە سروشت و جوانی بوو، ئەو زوو زوو دەکەوتە داوی عەشقێکی شێداری یەک لایەنە و ئیدی فەنتاسیای شیعری بۆ دەخستە گەڕ هەرکات کۆپلەیەک یان چەن کۆپلە شیعرێکی دەخستە پاڵ یەک یەکسەر بۆمانی دەخوێندەوە و دەیویست لە ڕێکستن و جوانکردنی بەرهەمەکەی باری سەرنجی هەمووومان بزانیت. لەراستیدا بەو پێیەی کە منیش حەزی شیعریم زۆر بوو تاڕادەیەکیش  خوێنەرێکی باشی شیعر و ئەدەب بووم بەهەموو هەستم باری سەرنجم دەخستە سەر شیعرەکە و گوێم لەئیلقا و ئەدای خوێندنەوە و ریتم و قافیە و خەیاڵی شیعرەکە دەدا. پێم وانییە لەماوەی ئەو چەن ساڵەی تەمەنی هاوڕێیەتیمان شیعرێک یان پەخشانە شیعرێکی ئەو هەبووبێ بەر لە بلاو کردنەوەی بۆمن یان بۆ چەن هاوڕێیەکی دیکەی نەخوێندبێتەوە  لەوانە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد کە لەڕێگای منەوە ناسی زۆر جار پێکەوە دەبوین ئەو هاتو چۆو ئاشنایەتێک قووڵی لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی ماڵی ئەوانیش هەبوو. حەمەزەکی بە حوکمی سادەیی لە هەڵبژاردنی هاوڕێ ، هاوڕێیانێکی زۆری بۆخۆی پەیدا کردبوو زۆر خەڵکی دەناسی لەوانە نووسەر و شاعیر و کەسانی چەپ، بۆیە پەیوەندییەکی فراوانی هەبوو بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی پرسی بە زۆر کەس و هاوڕێی خۆیەوە دەکرد. حەمە زەکی لەرووی سیاسییەوە کاریگەری  شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵا پەشێو بەسەرەوە دیاربوو بەڵام بۆ شیعرە رۆمانسییەکان لە ژێر کاریگەری شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی جەمال شارباژیری بوو یان وردتر بڵێم لە ریتم و تۆنی ئەوان شیعرەکانی دادەڕشت. من ناتوانم هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی ئەدەبی بۆ شیعر بکەم بەڵام وەک موتەلەقیەک وە ئاشنایەتیم بەشیعری ئەو شاعیرانە هەبوو هەستم دەکرد نزیکایەتییەکی بە شیعری ئەو شاعیرانەوە هەبوو هەرئەوەش وام لێدەکات ئەو سەرنجەم لەسەری هەبێ .

## متمانە و پتەو بوونی هاوڕێیەتی

حەمە زەکی باوەڕی قووڵی بە مارکسیزم و بیری یەکسانیخوازی هەبوو .ئەو سەردەمە بیری چەپ و مارکسیستی گاریگەری زۆری لەسەر کۆمەڵگا بەتایبەت لە

نێو خوێندکاراندا دانابوو. من سەرەتای دەستپێکردنم لە زانکۆ هەم لە ڕێکخراوی کۆمەڵەی ڕەنجدەران هەروەها لە ڕێکخراوی خوێندکاران کار و هەڵسورانی سیاسیم دەکرد، دواتریش لە گروپ و ڕێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی ئەو سەردەمە درێژەم بە هەڵسورانی سیاسیدا ، حەمەزەکی هەمیشە لەو حەلقە و پەیوەندییە رۆشەنفیکری و سیاسیانە بوو کە لەزانکۆ پێکمان هێنابوو ڕاستە ئەو ڕاستەوخۆ بەناوێکی خوازراو یان نهێنی کاری نەکردوە لەگەڵمان تا ئیشارەتی پێ بدەم بەڵام لەو ئەجوا و پەیوەندییانەدا بووە کە لەزانکۆ و لە کەرکووک پێکمان هێنابوو ئەو هەمیشە بیروباوەری سیاسی خۆی هەبوو وەک کەسێکی مارکسیستیی بیری دەکردەوە هەڵسوکەوتی دەکرد. من هیچکارێکی ڕێکخراوەیی یان ئۆرگانیم لەگەڵ ئەودا نەکردوە تا دامەزراندنی حیزب مەبەستم حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە، پەیوەندی ڕێکخراوەیی حەمەزەکی لەگەڵ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بۆ ساڵانی نەوەد و پێنج دەگەڕێتەوە، پێم وابێ لەو ساڵە بووحەمەزەکی بە ڕیزەکانی حیزبەوە پەیوەندی کرد و لە چوارچێوەی کۆمیتەی کەرکووک کاری ڕێکخراوەیی دەست پێکرد ئەو دەمە ئەو لەسلێمانی دادەنیشت یان راستر بڵێم لەسلێمانی لە هوتێلێک بۆ پەیداکردنی بژێوی خۆی کاری دەکرد. ئەوەبوو دوای چەد ساڵێک بارو هەگبەی پێچایەوە و ملی ڕێگای هات و نەهاتی گرتە بەر بەرەو تورکیا و پاشان بەرەو هۆڵەندا کۆچی کرد تا هۆڵەنداش پەیوەندی بە حیزبەوە بەردەوام بوو. تا دواجار لە هۆڵەند ماڵئاوایی لێ کردین.

تێکەڵاوی و هاورێیەتی من و حەمە تا ئاستی هاموو شۆو پەیوەندی خێزانی گەیشتبوو. ئێمە تەواو لەگەڵ یەکدی تێکەڵ بووبووین پەیوەندی لەگەڵ دایکە زولەیخای پڕلەمیهر و زەحمەتکێش بە زەعیفی و پێچ و لۆچەکانی دەست و چاوی دیار بوو چەند ماندووی ژیان و بەستەزمان ئۆخەی لە خۆ نەدیوو بوو، لەگەڵ خوشک و براکانی پەیوەندییەکی باشمان لەبەینا بوو، من پەیوەندییەکی توند بەهەردوو براکانی حەمە (کاک تەحسین ومامۆستا موحسین) دەیبەستمەوە چ لە کەرکووک وە چ لە جدیدە کاتێک کە تەرحیل کران وە چ لەسلێمانی ئەو پەیوەندییە ئێستاشی پێوە بێت هەر بەردەوام درێژەی هەیە هەروەها هەردوو خوشکە بچووکەکەی ( بەیان و کوێستان)، دایکە پڕ لە میهرو بەزەییەکەی کە قورسی ژیان خەندە و رووخساری خۆشی لەبەر هەڵبزرکاندبوو، ئەو دوای مەرگی مێردەکەی بەرپرسیارەتی خێزانێکی گەورەی بەسەرەوە کەوتبوو دوای ئەوەی تەرحیلی ئۆردوگای زۆرەملێی جدیدە کران من و حەمەو تەحسین موحسین هەر رۆژە و تاخمێکمان ناوەبەناوە چەن ڕیزێک بلۆکمان بەسەر یەکەوە دەنا تا کولانەیەکی ساردو تاریک و بی سفرە و رەونەق بەیەکەوە بنێین من و حەمە لە پێنج شەم و جومعەکان دەچووینەوە جدیدە بۆ ژوور دروست کردن ،لە ڕاستیدا بڕیاری تەرحیل بۆ ئەوان زۆر قورس و قابلی قبوول نەبوو.

ئەوەبوو دواتر هەریەکەیان بە بەهانەیەک لە ماڵێک لە کەرکووک بەدزییەوە خۆیان قایم کردەوە تا بتوانن بگەڕێنەوە کەرکووک،بۆماوەیەک یەکێک لە خوشکەکانی لەماڵی ئێمە ئەوی دی لە ماڵی خاڵی و حەمە ئاوارەی ئەم ماڵ و ئەوماڵ دواتریش سەربازی و هەڵپەکردن بەدوای کاردا.. بەو شێوەیە جارێکیتر لەکەرکووک گیرسانەوە.

## حەمەزەکی شاعیر

لەراستیدا من ناتوانم قەزاوەت لەسەر شاعیر بوون یان نەبوونی ئەو بکەم. هەروەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەوە کاری ئەوانەن کە دەتوانن هەڵسەنگاندن و دیراسەی ورد لەسەر شیعرەکانی بکەن. ئەو لای من شاعیر بوو شاعیرێکی هەست ناسک پڕ لەعێشق و دیوانە ئەو هەم تەمەن وە هەم قوورسی باری ژیان ڕێگەی پێنەدا لەو بوارە قاڵبێتەوە .

حەمە زەکی وەک هەر شاعیرێک بە کۆمەڵیک فاز و قۆناغی جیاواز تێپەڕیوە لە چەند مەدرەسەیەکی جیاواز لە نووسینی شیعر خۆی تاقی کردۆتەوە ناتوانم بڵێم حەمە لەهەموو قۆناغەکان چوون یەک قەڵەمی خۆی تاقی کردۆتەوە چونکە ئەوە کاری ئەوانەیە کە لەبواری لێکولینەوە و هەڵسەنگاندنی شیعردا شارەزاییان هەیە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەو لە بواری شیعر نووسیندا سەرەتایەکی باشی دەست پێکرد، تەکانێکی باشی بەخۆی دا، لەوبارەوە ئەو شیعرەکانی زوو دەچوونە دڵەوە لەباری وێنا و داڕشتنەوە توانایی پێوە دیار بوو سەرەتا بە عەشق دەستی پێکرد ، چونکە حەمە بەشێوەی عاشقێکی بێ بەخت و دێوانەیەک دەردەکەوت. من ئاگاداری چەند کورتە ژانێکی چەند عێشقێکی لەدایک نەبووی ئەوم هاوکات شاهیدی چەندین موعانات و شەو نخوونییەکانی ئەو عێشقە سەرنەگرتووانەی ئەوم، ئەو تەنانەت لە عێشقی یەکلانەی خۆی چێژی بەدینی ، ئەو زوو هەڵاوی دڵی بەفەریکە عەشقێک تەڕ دەکرد دواتر ئەندێشەی وەرینی پایزەگەڵای ئەو عەشقەش دەکردە هەوێنی چەندپارچە شیعرێکی جوان. بەڵام ئەگەر بڕوانینە ئەو شیعرانەی کە لە نەوەدەکان نووسیویەتی هەست بە کامڵ بوونی شاعیرانەی ئەو دەکەیت بۆ نموونە ( ئێواران جێگاکەم لەژێر نەرمایی ئاوەکان ڕادەخەم) ، یا ( دراماى شکانی ڕووح) ، یا ئەوانەی کە کراون بە گۆرانی .

حەمە بەو پێیەی لەخێزانێکی تابڵێی هەژار و دەست کورتدا بوو هەستی سیاسی و چینایەتی زۆر قووڵ بوو لە هەموو شیعڕێک تەناتەت خۆشەویستیش مۆرێکی سیاسی یان چینایەتی بە شیعرەکەیەوە دەدا، حەمە بۆ غوربەت و دایک و شارەکەی شیعری وتوە.

ئەو هەندێجار لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە لەوانە هاوکاری ،پاشکۆی عێراق، رەنگین،بەیان هەوڵەکانی خۆی تاقی کردۆتەوە ئەو رەنگە زۆری نووسیبێ بەڵام کەمی بڵاو بۆتەوە، ئاوارەیی و جێگۆرکێ بە شوێنی ژیان بۆ نموونە کەرکووک ،جدیدە ، کەرکووک ، سلێمانی هەندەران ئەونە وای کردوە شاعیر جگە لەو تێشووەی کەلەم سەفەرە سەختانەیدا هەیبووە شتێکی دیکەی شک نەبردووە بۆیە دڵنیام زۆرێک لە شیعرەکانی لەملاو ئەولا بێناز و بێ ساحێب ماونەتەوە ،بەداخەوە ئەو تا خۆی لە ژیان بوو هیچ دیوانێکی بەچاپ نەگەیاند تا بکەوێتە بەر دەستی ڕۆشەنبیران و نووسەران تا هەڵسەنگاندن بۆ شیعرەکانی بکەن و خۆشی لە ئەزموون ورەخنەی ئەوان سوود وەرگرێت تەنانەت کاتێک لە ژیانیش نەما بەهاوکاری هاوسەر و براو هاورێیانێکی دیوانە شیعرێکی کۆکرایەوە بەچاپ گەنێرا کەچی نەم بینی یان نەم بیست کەسێک لێکوڵینەوە یان هەڵسەنگاندنێک بۆ شیعرەکانی بکات .هیوادارم ئەم کارەی کە ئێستا هاورێ عبدوولا سلێمان( مەشخەڵ) بۆ ناساندن و بۆ هەڵسەنگاندنی شیعرەکانی حەمەزەکی دەیکات شایستە بێت بەو مرۆڤەی کە وەک پەروانە لەدەوری چرای عێشق و ئەویندا دەخولایەوە .ڤارابیم ناوی ئەو دیوانەشێعرەیە کە لەپاش مەرگی شاعیر بە چاپ گەیشتوە. لەم دیوانە بچوکەدا کە١٨٠ لاپەرەی لەخۆ گرتووە بۆ چوار کۆمەڵە شیعر دابەشکراونەتە سەر کاتە جیاوازەکانی تەمەنی شاعیر. هەندێکیان لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی ئەوسەردەمە بڵاوکراونەتەوە و زۆرینەشیان یەکەم جارە بڵاو دەبنەوە. بەرهەمە شیعرییەکان شاعیر تێکەڵن لە کورتە شیعر و، شیعری دڵداری شیعر بەسەر هاورێیان و شیعر بۆ دایک و بۆ غوربەت و بۆسەفەر. بەکر ئەحمەدی شاعیر پێشەکییەکی کورتی بۆ نووسیوە هەروا بورهان ئەحمەدی شاعیریش کە هاورێی حەمەزەکی خۆیەتی بە کورتە دەربڕینێک لەسەر یادەوەری خۆی و شاعیر هەرەوەها بە پارچە شیعرێک لە پێشەکییەکەدا بەشداری کردووە ،مامۆستا موحسینی براشی لە کۆتایی کتێبەکە بە کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر خوێنەری زیاتر ئاشناکردووە. ئەو دیوانە ئەگەرچی حەقی شاعیر خۆی نەدراوەتێ، بەڵام وەک سەرەتایەک و ئەرشیفێک بۆ کۆکردنەوەی شیعرەکانی شاعیر و بەچاپ گەیاندنیان کارێکی گرنگەو جێگەی دەست خۆشانەیە.من پێم وایە حەمەزەکی شیعرەکانی زۆر لەوە زیاترن کە کۆکراوەتەوە بەڵام بەداخەوە پێدەچیت نە خۆی نەکەسانی دیکەش بەتەواوی ئەرشیفیان کردبێت چونکە حەمەزەکی لەسەرەتای هەشتاکانەوە هەوڵی نووسینی شیعری هەبووە هەر ئەو سەردەمەش هەوڵی داوە لێرەو لەوێ بڵاویان بکاتەوە،بەڵام بەهۆی چەند جار ئاوارەیی و فیراری و جێگۆرکێ کردنەوە لەراستیدا نەماڵی هەبوو نە مەکان بۆیە تەنانەت خۆشی بۆ ئەرشیفکردنی شتەکانی خۆی زۆر بە هۆڵەوە نەبووە، من بزانم لەو ساڵانی دوایدا کە لەسلێمانی ژیا بیری لەوەکردەوە

کە دیوانێک بە چاپ بگەیەنێت پێدەچوو هەر ئەو کاتە ئامادەکاری بۆئەوە کردبێت بەڵام دوایی سەفەری هات و نەهاتی ڕێگەی قاچاخ و تورکیا و هەندەران رەنگە جارێکی دیکە ریسەکەی لێ کردبێتەوە بە خوری. دواجار ئەو لە هۆڵەند گیرسایەوەو ژیانێکی ئارام و پر لەسۆزو خۆشەویستی لەگەڵ هاوسەرەکەی دەست پێکرد، هەموو خەونەکانی ئەو بریتی بوو لەو جۆرە ژیانە بەڵام بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا خۆشی و ئارامیەکانی ژیان بەردەوام بکات. ئەفسوس کاتێک کە ئەو تووشی ئەورووداوە هات من لە تورکیا بووم،بەڵام پێش ئەوە بەردەوام لە ڕێگەی تلیفۆنەوە پەیوەندیمان هەبوو. مەرگی ئەو هەموومانی تووشی شۆک کرد و خەسارەتێک بوو لەهەموومان وە بەتایبەت لە هاوژینەکەی کوڕە شیرینەکەی کەوت . یادی ئەو هەمیشە بەرزو بەڕێزە ئێمەش بۆ هەمیشە بەو یادەوەرییە تاڵ شیرینانەوە دەژین.

عەبدولقادر سەعید سەرچناریی شاعیر و ڕۆماننووس

حەمەزەکی توێشووی سۆشیالیزم هەمیشە وەک خەزنەیەکی فیکری بەکاردەهێنا.

**مەشخەڵ : حەمەزەکی لە شیعرە لیرکییەکانیدا ئینتمایەکی بەهێزی هەیە بۆ نیشتمانی خۆشەویستی. ئایا ئەم ئینتمایە دەتوانێ شوناس ببەخشێت بە شیعرەکانی ئەو؟ شێوازی شیعری حەمەزەکی دەکرێ بڵێین شێوازی هەشتاکانە و بەتایبەتیش لەژێر کاریگەری ئسلوبی شێرکۆ بێکەس دایە. ئایا نەبوونی شیوازێکی تایبەت شاعیر دووچاری چ چارەنووسێک دەکات؟**

**مەشخەڵ : کاک عەبدولقادر سەرچناریی ئێوە چۆن حەمەزەکیتان ناسی و کەی ناسیتان و چ یادەوەرییەکتان هەیە لەگەڵیدا؟ حەمەزەکی جگە لەوەی شاعیرێکی عاشقە، لەهەمان کاتیشدا پەیوەستە بە بەرەی پێشکەوتوخوازی جیانیی و ڕادیکالێزمی کۆمەڵگە.. ئەم پێشکەوتووخوازییە چۆن لە شیعرەکانی حەمەزەکیدا دەبینیت؟**

عەبدولقادر سەرچناریی : حەمەزەکی خاوەنی دنیا بینینیەکی گشت گیر بوو،بەمانای وشە دڵسۆزی مەسەلەی نیشتمان و بانگەشەی ئازادی دەکرد.شوناسی ئەم شاعیرە نیشتمانی و ڕزگاری خوازانە بوو،توێشوی سوسیالیزم هەمیشە وەک خەزنەیەکی فیکری بەکاردەهێنا. هەر شیعرێکی بەتەنها جۆرە یاخی بونێکی تیایە جیاواز لەفۆرمی پێشوی. بە واتایەکی تر فرە کاری حەمەزەکی پەیوەستە بە زۆری پرۆژەکانیەوە ،کەهەرجارەی سەربە هەوڵێکی نوێترە بۆ تاقی کردنەوەی فۆرمی نوێتر .لیریک بەڕێژەیەکی باڵا لەشیعرەکانیدا هەیە، کە ڕەنگە بڵێم وەک سیبوڵی بەرخۆدان وە هەوڵی سرودی نیشتمانی وبەشداری جۆرێکی تر شیعر بنوسێ بەگشتی حەەمە زەکی سەرەتایەکی دڵخۆشکەری هەبوو بەداخەوە مەرگ بواری نادا.

عەبدولقادر سەرچناریی : کۆتایی ساڵەکانی هەشتا حەمەزەکیم لەسلێمانی ناسی ئەودەمە سەردەمی هەڵوێستی خەڵکی تێکۆشەر بۆ لە بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمدا.قسەو باسیپرسیار : شیوازی شیعری حەمەزەکی دەکرێ بڵێین شیوازی

هەشتاکانە و بەتایبەتیش لەژێر کاریگەری ئسلوبی شێرکۆ بێکەس دایە. ئایا نەبوونی شیوازێکی تایبەت شاعیر دووچاری چ چارەنووسێک دەکات،؟

ئەو خەڵکانە جۆرە هاوڕێیەتییەکی دروست کردبوو کەمتمانە بەیەک بکەن .وە لەبەر سادەیی و دڵسۆزی لەڕادەبەدەری حەمەزەکی زۆر بەزوویی تێکەڵی هاوڕییان دەبوو ،حەزیشی بۆ ئەدەب بەتایبەتی شیعر هۆکارێکی تربووکەهاڕێیەتی بەزویی پەسەند بکەین. ئەم گەنجە ڕەفتار جوانەبەزوویی سەرنجی هەمووماندیراکێشا تا کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام هاتوچۆمان پێکەوە هەبوو دواتر هەردوکمان چوینە ئەوروپا من لە ئەڵمانیا دەژیام ئەوچوە هۆڵەندا بەداخەوە بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی کرد. بەڵام تاڕادەیەکی باش ئەم شاعیرە کاریگەری لەدوا خۆی جێ هێشت بەو بەرهەمە کەمانەیەوە توانی لەخانەیەکی شیاوو شایستەدا شیعرەکانی بخوێنرێتەوە و وەک بەرهەمێکی جوان لەکتێبخانەی کوردیدا دابنرێت

جەماڵ کۆششی نووسەر و ڕەخنەگر

حەمە زەکی، شاعیری وردی عەشقە، بەمانا یەکجار فراوانەکەی خۆشەویستی

**عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) : ناسینی ئێوە بۆ حەمەزەکی دەگەڕێتەوە بۆ چ ساڵێک و چۆن ئاشنای یەکدی بوون؟**

جەماڵ کۆشش : مێژووی ئاشنایی من وحەمە زەکی،بۆ ساڵە جوانەکانی یەکەم سیمستەرەکانی زانکۆلە شاری هەولێر بوو، هێندەی بیرم بێت.ساڵی ١٩٨٣ بوو. قوتابییە کەرکوکییەکان، بەزۆری کۆتایی هەفتە( پێنجشەممە وهە ینی) لە هەولێرەوە بەرەو کەرکووک لە نێو پاسی ٢١ نەفەریدا دەگەڕاینەوە. گفتوگۆی گەرم وئاڵوگۆڕی کاسێتەکان بە شوفێرەکان و چاو بازی وخۆشەویستی لە نێو کچ وکورە بەشە جیاوازەکانی خوێندکارانی زانکۆ، پشتی پشووی دەدا بە هەفتەیەکی پڕ لە موحازەرەکان، ژینی دەبەخشییەوە بە شار. لەو هاتوچۆیانەدا بوو،ئاشنایی یەکدی بوین. بەڵام زۆر تێکەڵاویمان نەبوو. حەمە زەکی ئینسانێکی کۆمەڵایەتی دەستپێشخەر بوو، لە ناسینی کۆمەڵایەتی. شەرمن وکزۆڵ نەبوو. لە ڕێو ڕۆشتنیدا، باوەڕ بە خۆبونێکی خاکیانەی بێغرور، نیشان دەدای. چاپک و تینووی ژیان بوو، ئەو بەڕادەیەکی باش، ئایدیال ورەنگدانەوەی نەوەیەکی دەکرد، لە گەڕەکە هەژارەکانەوە، لە خێزانە پان وپۆرەکانەوە کە سیانیان خوێندەوارە و ، چوار نییەتی ، خۆی لە زانکۆ وبە لەبەشێکی زیندوو دا پێگەیاندبوو. لەو ساڵ و مانگانەدا، لەو هات وچۆو ژینگە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەدا، ئاشنایەکی شیرینی ئەدەبی وهاوڕێیانە لە نێوانمان دروست بوو. زۆرێک لەو برادەرانەی حەمە زەکی، هاوڕێی نزیکی منیش بوون، ئەوەندەش بۆ هەموو متمانەو نهێنیکارییەک بەس بوو. یەکدوجار لە بەشی ناوخۆ، لای ئەو بوو یان لای هاوڕێیەکی،(باشم لە یاد نییە)،گفتوگۆی ئەدەبی مان بوو، ئەو ئیلقایەکی هارۆمۆنی و موزیکی لەخوێندنەوەی شیعر دا هەبوو. ئەو دەم من دەستنوسی ڕەخنەیەکم لە ڕۆمانی شاری حسێن عارف گرتبوو، نیشاندا، هەقیقەت بیرم نەماوە تیبێنی و سەرنجەکانی چۆن بوون، بەڵام هێندە لەگەڵ یەکدی تێکەڵاوبووین، کە دواتر لە ژمارەکانی ڕابەر،بڵاومکردەوە.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) :حەمە زەکی ڕابەرێکی قوتابیان بوو لە مانگرتنەکەی ساڵی ١٩٨٤، ڕۆڵی حەمەزەکی وەک هەڵسوڕاوێکی چەپ چۆن هەڵدەسەنگێنێنیت؟**

جەماڵ کۆشش : گواستنەوەی زانکۆی سەلاحەدین لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر، پلانێکی شەڕانگێزی حکومەتی حزبی بەع□ بوو. زۆر کەم لایەنی لۆجیستی وتەکنەلۆژی و بینایاتەوە، لە زانکۆ دەچوو. کە بەداخەوە تا ئێستاش سێ دەیە پێشکەوتنێکی گرنگی نەبینیووە، . بەشەکانی زانکۆ نەگونجاوو لێکداپراو بوون، . بۆ نمونە کۆلیژی ئێمە (بەشی پزیشکی) یەکساڵ لە قوتابخانەیەکی دواناوەندی پەڕگەی سەرووی گەڕەکی تەیراوە دا بووین، نە تاقیگەی کیمیا و فیزیا و ئەنەتۆمی و

نەخۆشخانەو پێداویستییە زۆر سەرەتاییەکانیشی بۆ کۆلیژی پزیشکی تیا نەبوو، کۆلیژی ئاداب و سەرجەم بەش وپەلەکانی دیش هەروا، بەڵام نەخشە سەربازیی و شەڕانگێزی و هەژموونگەراییەکەی حزبی بەع □ هیچ ناکرێیەیەک، گواستنەوەی زانکۆکەی دوانەخست .. نەک تەنها گواستنەوەکە، بەڵکە ناوەکەشی گۆڕی و کلتوورو ئایدینتی زانکۆی سلێمانی سەندرایەوە، گۆڕدرا بە زانکۆیەکی داڕوخاوی پێشەوایەکی ئاینی دژی زانستی و قارەمانێکی جەنگی دژی خاچپەرستان . ئیدی زانکۆ بۆ لیژنەی باکوری حزبی بەع □، مەیدانێکی جەنگ و باڵادەستی، سەربازیکردنی کۆمەڵگە بوو. هەر لەو ساڵانەدا، زانکۆ وەک شانۆی ململانێی تەوژم و ڕەوتە هزری وسیاسییەکانی لێهات. چەقی کۆبونەوەی ئەنجتلیساییەکان گفتوگۆ و کۆڕگروپەکان ورەخنە لە ناسیۆنالیزمی ناتابەبا بەشارنشینی وپێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەکان، قووڵبوونەوەی ئەزمە سیاسی و فکرییەکان،سۆراخ و گەڕانی هزری و فەلسەفی، چەکەرەی چەپێکی ڕادیکاڵی دەرەوەی بازنەی چەپە کلاسیکییەکان، تا دەهات خۆی دەخزاندە نێو ئەم توێژە و خودی ئەم توێژەش لە چەندین لاوە هێرشی فکری وسیاسی و جەسەدی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی دەکرایە سەر. حەمە زەکی لاوێکی شۆڕشگێر و چاپووک و هەست ناسکی نێو ئەم فەزایە بوو.لە هێرشی بە زۆر ملکەچپێکردنی خوێندکاران بە جەیش شەعبیدا، ڕاوەستایەوە. من بە وردی ئاگاداری هەڵسوڕان و چالاکییەکانی لە بەشەکەی ئەوان نەبووم( زانستی فیزیا)، بەڵام وەک ئەوەی کە وەک یەکێک لە نوێنەری قوتابیان لەگەڵ لیژنەی خوێندکاران دەبێت بۆ دانوستان لە نێو ئاپۆرەی دەرەوە و ناوەوەی خوێندکاراندا لە بینایەی سەرۆکایەتی زانکۆ لەگەڵ سەرۆکی زانکۆ و دەزگا ئەمنیەکانی زانکۆ ، دانیشتنیان کرد و دوای نیوەڕۆکەی دەزگای ئەمن دەچن بۆ گرتنی لە نێو ئەو شتەی پێدەڵێن حەرەمی زانکۆ،( پێدەچێت، رۆڵی رابەری گێرابێت)، بەڵام ئەو، گیانبازی دەکات و ڕادەکات وخۆی دەرباز دەکات. لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان، هیج، هەر هیچ نوزە وئاسەوارێکی لەو مێژووەدا نییەو ئێستا میراتگری فەرمی خەباتەکانە، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە شێوازی زۆر لە هەوڵی خامۆشکردنەوە وکۆتاییهێنانە بە مانگرتنە شکۆدارەکەی دژی جەیش شەعبی بە زۆری خوێندکاران. لەملاشەوە حزبی دیکتاتۆری بەع □، بەهەموو شێوەیەکی قەهراوی، خوێناوی دەیەوێت ئەم ناڕەزایەتییە سەرکوت و بێدەنگ بکات. حەمە زەکی وەک سمبولی بەرەنگاری و ملنەدان ، یاخیبوونەکەی تا ڕادەی گیانبازی، پێدەگەیەنێت. بەگشتی بزووتنەوەی نوێی مارکسییەکانی کوردستان، کە خۆیان لە ناسیۆنالیزم جیاکردبۆوە ، خۆیان لە نێو بزوتنەوەی خوێندکاراندا گەشەیان کرد وپەرەشیان بە بزوتنەوەکەشدا و رۆڵی گرنگ ورابەرییان تیا گێرا.

**عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) : حەمەزەکی شاعیرێک بوو،بەرهەمی ئەدەبی لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاو دەکردەوە، ساڵی ٢٠١٣ کۆی شیعرەکانی لەکتێبێکدا لەلایەن یەکێتی نوسەرانی لقی کەرکووک بڵاوکرایەوە، ئایا بەڕێزتان چ خوێندنەوەیەکتان بۆ شیعرەکانی حەمەزەکی هەیە؟**

جەماڵ کۆشش : حەمە زەکی، شاعیری وردی عەشقە، بەمانا یەکجار فراوانەکەی خۆشەویستی. عەشق لە نێو ئەندێشە و هەستەکان، لەنێو خەیاڵ و مۆسیقا و ڕستە و هارمۆنیا و لە نێو ئازار وخەونەکانیدا، گینگڵدەدا. خوێنی عەشق هەندێجار ، لەلڤاک □ و زەی موحەدەکە و تەنوورە تەنگەکەدا تابلۆکە دەنەخشێنێ، هەندێ جار لەگڕی ئاخی هەناسەی سووتاوی دایکێک ، کاتێک مەرگی کۆرپەکەی بەرەوگۆڕستان بەڕێ دەکرێت، عەشقی داپرانی شاعیر لە خودی خۆی، نامۆبوونی ئینسان لە منداڵی و جیهێشتنی ناچاری زێدی وهەڵبژاردنی حەتمی پەنابەری، داماڵینی ئینسانە لە خودی خۆی، لە مێژووی، لە خەونی، لە ئارەزووەکانی، لەو ژیانەی کە منداڵی و هەرزەکاری تیا نمای کردووە لە هەندەران. ئەم خۆشەویستییە، زمانێکی سادە و جوان، ناسک و هارۆمۆنی، هەمیشە بەیەک ریتم، لەو پەڕی هەستەوەری و نەزاکەتدا،بەرهەمێک دەخوڵقێنێ، کە بەشێکە لە ئایدنتتی، لە بوون، لە ڕاستگۆیی خالقەکەی. حەمەزەکی ، بۆ هەر کوێ دەچێت، لەهەر کوێ دەژیەت، چاوە قەترانییە خەماوییەکان وخەونە قووڵە یونیڤرساڵییەکانی عەشق لەگەڵ خۆی دەبات و شکایەتی داد و قەرەجی خۆی و سەرگەردانی یەسەنین و هۆشیاری مایکۆفسکی ئاوێتەی یەکدی دەبن. زمانی تێکشکان وپەژمووردەیی کەرکووکییەک دەنووسێتەکەوە. مەبەستمە بنووسم، حەمەزەکی، شاعیرێکی تەڕ و جوان، هەمیشە بە چاویلکەی عەشقەوە، لە ئینسانەکانی دەوروبەر، لە کیژە خۆشەویستەکەی، لە خاڵۆزاکەی، لەخودی شیعر، لەنان پەیداکردن، لەئاوارەیی، لە خودی عەشق.،ژیان و مەرگ دەڕوانێت.

هۆنراوەکانی سەرپۆشێکی تەنکی بوکاوی تەنانەت لەو پەڕی بێ هیواییدا بەسەر خۆیدا دادەوە. لەوێدا کە زمان، تەنها چەقۆیەکی تیژ لەخوێنی خۆی دەسوێ، عاشقانە و بەریئانە ژان و ناسۆری گۆرانی دەچرێت. بەڵام مناڵەکەی ناو شاعیرە! ئینسانەکەی ناو حەمە زەکییە، دەیبات و هەموو ئەو گەڕان وسۆراخەی پێدەکات.ئەو مناڵە مێژووی جیاواز، بابەتی هەمە چەشن، گەشت و هەڵاتن و تەهلیکە و سەرهەڵگرتن، عەشق تاکە ئامراز، تاکە توێشوو، وە تاکە ئامانجی ئەوە. ئەمە. شاعیرییەتی ئینسانە. کە ڕەنگە شاعیریش نەبێت. کێ بوو دەیووت هەموو شاعیرێک پێویستە عاشقێکی شێت( بەمانا فەنتازییەکە) بێت، بەڵام هەموو

ئینسانێک پێویستە عاشقێکی ریالیست بێت. حەمەزەکی، تایبەتمەندی عاشق بوونی، خۆرسک بوو، تۆ لە ژیان و هەڵسوکەوتی رۆژانەشدا،لە هەڵوێست و لەپەشۆکاوییدا،بتناسیبا ،لە جموجۆڵی دەست وپەنجە و گرژی و خاوی ماسولکەکانی لێو و دەموچاویدا، هەستت پیدەکرد. بەڵام ئەم فرچکەی ئاوێزان بە فەلسەفە و دونیابینی ئینسانی ورۆشنبیری و تاقیکردنەوەی تایبەتی شەخسی خۆی کردبوو. کاتێ من دەمەوێت لەسەر حەمەزەکی بدوێم ، وا هەست دەکەم خۆم دەنووسمەوە. لەبارەی خۆم، لە ناسۆری و دادی کەرکوکییەکان، لەخوشکە نەخویندەوار وقەیرەکانم،باوکێک لەلادێ خێزانێکی دەسەر خێزانی لە حەوشەیەکی گەورەدا بە هیوای زەراعەت و مەڕداری - سەریەک نابوو،ئێستا تەرحیلکراوە بۆ کۆمەڵگەیەکی زۆرەملێ یان بەدزییەوە گواستۆتییەوە خانەقوورەکانی شۆریجە کەلەخانووە دوو ژوورییەکەداپەستێنراون و شەوانە تا درەنگ کورە لاملەکانی بە موناقەشەی سیاسی و چالاکی نێهێنی سەراپای ژیانە بچووکەکەی لەلێواری.دۆزەخی بەعسدا ڕادەگرن. لەبیمی باوکم، کە زەندەقی چووە، کە سەردەمانێک کە لە کارەساتی حەرەس قەومییەکان ، دوو ساڵ زیندانی بوو، لە بەریئی دایکم، کە تەنها زمانی دوعا دەزانێت، لە سووتانم بۆ لەهەولێر کەتازەگی زانکۆ بە هەموو جوانییەکانی، لە نێو شەوی خەم و غوباری رۆژگاری زوڵمکارییدا هەولێریدا دەخنکێت، لە ناز و عیشوە و فەخری کیژانی سەرەتایی کۆلیژ و بەشە ناوخۆیی و لە هەندەران و زیندە بەچاڵکردنی ئەو خەونە گەورانەی کە لە سەرەتاوە هەمبوون و لە نامرادی ئیشکردندا، لە داپڕانی ڕۆحیم لەخۆم و بوونم بە ڕۆبۆتێک و سوانم لە رۆتینیاتی رۆژ بەڕێکردن و بوونم بە داتایەک و ژمارەیەک وەک بەکر ئەحمەدی شاعیر، نووسی.، نووسین لە بارەی جوانییەکانی شیعرەکانی حەمە زەکی، بریتییە لەوگرتە ناشرینەی تەمەنی نەوەی ئێمەی خوارد.جەنگ و دەربەدەری و نائومێدی. ڕەنگە هەزاران کەسی دی ئەو هەمان ئەو لێکدانەوە و بۆچونەنایەن بۆ ڕابردووی خۆیان هەبێت، بەڵام کەم کەس وەها شاعیرانە، لە کاتی خۆیدا، وێنایان بکات وتوانای دەرپرینی هەبێت. حەمە زەکی لە بارەی خۆیەوە نووسییەوە، بەڵام ئاوێنەی تەمەنی نەوەیەکی سەرچڵ و بێداد و بریندار دەنوێنێ..

ئەکرەم نادر (چاوشین)

حەمەزەکی قەت نائومێد نەبوو بەگەیشتن بە سۆسیالیزم و خەبات لە پێناو ڕزگاری بەشەرییەتدا.

حەمەزەکی شاعیری چەوساوەکان بوو، عاشق بوو، کرێکار بوو، پەنابەربوو. شۆڕشگێڕانە دژی هەموو نەهامەتییەکانی کۆمەڵگە بەشیعرەکانی هەستی خۆی دەنواند و دەینووسین.

**عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) : خوێندنەوەی ئێوە بۆ حەمەزەکی چییە لە کاتێکدا حەمەزەکی نزیک بە پانزەساڵە جێیهیشتووین و لەناوماندا نەماوە؟**

ئەکرەم نادر : سەرەتا دەمەوێت دەستخۆشی لە تۆی ماندوونەناس بکەم کە(حەمەزەکی)ت فەرامۆش نەکردووە،بەڕاستی بۆ من حەمەزەکی ئەو هاوڕێ کرێکارە کۆمۆنیستەم بوو کە کورتماوە هاتە ژیانی خۆشەویستترین هاوڕێ و خوشکی ئازیزم کە بەهرەی هاوژینی بوو، بەڵام بەهۆی دڵسۆزی و خەمخۆری و زمانشیرینی ئەو بووە خۆشەویستی هەموو خێزانەکەشمان و هەربە حەمە گیان بانگکراوە لەناوماندا ئەویش بەهۆی ئەوەی هەمیشە وشەی گیان لەگەڵ ناوهێنانی ئەودا بۆ هەمووەمان بەکاردەهێنرا. حەمە دەمێکە بەجێیهێشتووین بەڵام یادگارییەکانی لای من وئەوانەی بۆجارێکیش ناسیویانە هەمیشە زیندووە.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : شیعرەکانی حەمەزەکی تا ئەو شوێنەی ئاگادار بن، تا چ ئەندازەیەک پەیوەندی بە خەبات و شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە هەیە؟ ئایا دەتوانین حەمە بە شاعیرێکی چینی بەشمەینەتی کۆمەڵگە ناوزەد بکەین؟**

ئەکرەم نادر : حەمەزەکی شاعیری چەوساوەکان بوو، عاشق بوو، کرێکار بوو، پەنابەربوو. شۆڕشگێڕانە دژی هەموو نەهامەتییەکانی کۆمەڵگە بەشیعرەکانی هەستی خۆی دەنواند و دەینووسین. بۆ حەمەزەکی شیعر و سیاسەت و خەباتی چینایەتی و عەشق بۆ ژیان و جوانی لێکداپڕاونەبوون. ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بوو کە من ناسیم بەرپرسی کۆمیتەی ئەو حیزبە بوو لە هۆڵندا. حەمەزەکی شانبەشانی هەموو کارکردی بۆ ژیان و ماندووبوونی هەمیشە لەناو پەنابەراندا چالاکانە کۆبوونەوەو کۆڕو کۆمەڵیانی گەرم دەکرد و هەوڵی پێکەوە بەرەنگاری نامۆیی و تەنهایی و بێچارەیی ونەبوونی وەڵامی پەروەندەی پەنابەران و کەمکردنەوەی خەمەکانیانی دەدا، حەمەزەکی سەرباری بەهێزکردنی گیانی بەرەنگاری لەگەڵ یاساکانی دژی پەنابەران لە هۆڵندا. شانبەشانی پەنابەرانی هاچیبی خۆی دەجەنگا، حەمە زۆر ماندوو بوو بەڵام هەرگیز باسی ماندووبونی خۆی نەدەکرد و هەستت نەدەکرد هیچ شتێک بتوانێت ڕایگرێت لەژیان و خەبات. بەڵام مەخابن مردن لەناکاو زەفەری پێ برد.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : حەمەزەکی جگە لە نووسینی شیعر سیاسیش بوو و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو،ئایا جیاکارییەک هەبوو لەنێوان حەمەزەکی سیاسی و حەمەزەکی شاعیردا؟**

ئەکرەم نادر : حەمەزەکی شاعیری شۆڕشگێڕانەی سیاسەت و هەست و سۆزی عاشقانە و خەباتی چینایەتیش بوو،مەحاڵ بوو بۆی ئەو دوو شتە لەیەک جیاکاتەوە.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : بەڕێزتان بەحوکمی پەیوەندی کۆمەڵایەتیتان لەگەڵ حەمەزەکی،بێگومان گەلێ یادەوەریتان لەگەڵیدا هەیە و لەنزیکەوە گەلێ قسەوباستان هەبووە. ئایا حەمەزەکی چ تموح و ئارەزوویەکی ئەدەبی هەبوو بۆ داهاتووی؟ ئایا هیچ پڕۆژەیەکی رۆشنبیریی تایبەتی لە خەیاڵدا هەبوو کە لە داهاتوودا کاری بۆ بکات؟**

ئەکرەم نادر :حەمە زەکی هیواو ئاواتی زۆربوو هەربۆیە قەت هەستت بە ماندووبونی نەدەکرد،زۆر بزێو بوو حەزی دەکرد فێری هەموو شتێک ببێت و کاری بۆدەکرد زمانی هۆڵندیشی باش دەزانی و زۆرجار پێکەوە لەو ماوە کورتانەی بەتەلەفۆن یان کە دەچووم بۆ سەردانیان لە هۆڵندا قسەوباسی سیاسیمان زۆردەکرد و دەردەدڵی خۆی دەکرد سەبارەت بەزۆر شت لە ڕەخنەکانی لەسەر حزب و شێوازی بەرخورد و زۆر شتی لەوبابەتانە،بەڵام قەت نائومێد نەبوو بەگەیشتن بە سۆسیالیزم و خەبات لە پێناو ڕزگاری بەشەرییەتدا،هیوای بوو لە داهاتوودا کارەکانی چاپ بکات و بڵاویان بکاتەوە.

**عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) : دوا پرسیار بۆ خۆتان جێدێڵم، ئەگەر هەر شتێکت هەیە باسی بکەی و لەسەر هەر لایەنێکی ئەدەبی و سیاسیی حەمەزەکی پێتخۆشە قسە بکەیت، فەرموو.**

وەڵام : حەمە زەکی بەمانای وشە مرۆڤ بوو ئەم بەسەرکردنەوەیەش ڕێزلێنانێکی گرنگە بۆ ئەو کەبەداخەوە خۆی لێی بێبەشە بیبینێت. حەمە گیان لە زۆر شت بێبەش بوو لە ژیان بەداخەوەم لە بینینی دەرپەرینی خۆشەویستی ئێمەش بۆ ئەو بێبەشە بەڵام گەورەترین گەوهەری خۆشەویستی بۆ جێهێشتین ئەویش ڤارایە هەروەها جوانترین خۆشەویستی بەجێهێشت کە زۆر کەم وێنەیە لەم جیهانە بێ دڵەی سیستمی چینایەتی سەرمایەداری دا کە هەتا ئێستا بەهرە لەگەڵیدا دەژی و قەت لەیادی ناکات.هەزاران جار دەستخۆشی لەم بەسەرکردنەوەیەت دەکەم هاوڕێ مەشخەڵی ئازیزو خۆشەویست..یادی حەمە زەکی بۆ هەمیشە بەرز و بەڕێز بێت.

## هونەرمەندی شێوەکار فەلاح عومەر

حەمەزەکی وزەبەخش بوو، پڕ بوو لە وزە و بارگاوی ئەکردی بە بە هیوا و گەشبینیی.

**مەشخەڵ : لەهونەرمەندی شێوەکار کاک فەلاع عومەرم پرسی کە ئایا هیچ یادەوەرییەکی تایبەتی لەگەڵ حەمەزەکی شاعیردا هەیە کە بیەوێ باسی بکات و لەم پرۆژەیە بەشدار بێت؟. هونەرمەند فەلاح عومەر سەرباری تابلۆیەکی هونەریی زۆر جوان لەسەر باکگراوندی ژیانی کۆمەڵایەتی – چینایەتی حەمەزەکی شاعیر کێشاویەتی و پێشکەشی ئەم پرۆژەیەی کردووە بەناوی (تابلۆی بیرەوەری)، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەند دێرەی ناردووە کە بە پیویستی ئەزانم شوێنی شایستەی خۆی بدەمێ لەم پرۆژەیە.**

فەلاح عومەر : دەستتان خۆش. بەڕاستی شتێکی زور دیار و تایبەتم بیر نییە بەڵام دوواجار لە هەولێر لەهۆڵی میدیا بینیم لە ساڵی ١٩٩٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دێرینم هاتبوونە سەردانی پێشانگاکەمان کە من و کاک ئاشتی گەرمیانی و کاک بژار کەریم ئامادەمان کردبوو لەگەڵ هاوڕێ کاک عەبدولا قادر دانساز و خێزانەکەی و کاک ئەحمەد زێرنگەر. چەند برادەرێکی تر بوون کاکە حەمەزەکی پێش ئەوەی شاعیر بێت، مرۆڤێکی پەپوولەئاسا بوو زۆر ناسك و جوانپۆش و بوو هەمیشە بە ڕێکپۆشی دەردەکەوت لە سەرووی ئەوانە و لە هەمووی گرنگ تر کە کاکە حەمەی پێ ئەناسرێتەوە ئەوەیە کە وزەبەخش بوو، پر بوو لە وزە و بارگاوی ئەکردی بە هیوا و گەشبینی. بەڕاستی هەموو کات کە ئەمبینی زۆر ئەگەشامەوە و زۆر دڵخۆش ئەبووم بەو هەموو گرنگیدان و ڕێزەی کە نیشانی ئەدایت. ئێمە کوری گەڕەکێک بووین (گەڕەگی ئازادی) لە شاری کەرکووك. دوایی بۆم دەرکەوت کەتێکەڵی خێزانیشمان هەیە، بەڵام زۆرترین کات لە شەقامی کۆماری لە چایخانەکەی (ئەبو عاسی) یەکترمان ئەبینی. زۆر بە داخەوە ڕۆژگاری جە نگ و ئاوارەیی هەر هەموومانی پەرتەوازە کرد و ئاگامان لەیەک نەما و دابراین لەیەک. بە هیوابووم ڕۆژێک دابێت هۆکارێک کۆمان کاتەوە. بەڵام مەرگ داپرانەکەی کردە ئەبەدیی. ئەوا ئێستا لەڕێگەی هاوڕێی بەڕێز کاک عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)ەوە کۆبووینەوە، دەستخوشی لێ ئەکەم بەهیوام بەردەوام بێت لە بە ئەرشیفکردن و کۆکردنەوەی کارەکانی کاکە حەمەزەکی و زۆربەی هونەرمەندان و نووسەرانی شارە بێکەس بێنازەکەمان.

## دەقی نامەیەكی كاك نەژدەت بۆ بەهرەخانی هاوژینی حەمەزەكی

نامە یادەوەرییەكی كاك نەژدەت

ئەم كاتەتان باش.. نازانم تا چەند توانیومە ئەوە بنووسم كە دەمویست .بە هەر حاڵ ئەمەی كە لە خوارەوە نوسراوە شتێك لە ڕۆشنایی دەخاتە سەر ژیانی حەمەزەكی . كاتێك كە بەهرە (خێزانی حەمە زەكی ) تەلەفۆنی بۆ كردم، ژمارەی حەمەزەكی لە سەر موبایلەكەم دەركەوت بۆ چەند چركەیەك دڵم كەوتە خوورپە. دوایی یەكسەر بیرم كەوتەوە كە حەمەزەكی لەم دنیای ئێمە نەماوە وەك لاشە. بیرەوەرییەكانم لە گەڵ حەمە زەكی خۆش و ناخۆشن. بیرمە كە ساڵی ١٩٩٤ – ١٩٩٦ بوو لە دۆڵی نازەنین خەریك بوو بكوژرێین. جارێكیان لە ساڵی ١٩٨٨ شەوێكی هاوین لە پاڵ باخچەی (كوردو عەرەب ) لە هەولێر لە سەر دیوارە نزمەكەی دانیشتبووین جگەرەمان دەكێشا باسی خۆشەویستیمان دەكرد. باسەكان زیاتر گێڕانەوەی ئەو شتانە بوون كە ڕۆژانە تێیدا دەژیاین نازانم چۆن باسەكانمان كەوتە ئەوەی كە ئایا تا چەند خودی خۆمانمان خۆش دەوێت وەك كەسی. بە حەمەزەكیم وت : تۆ ناكرێت لە خۆشەویستیدا بیت ئەگەر پێش هەموو شتێك خۆتت خۆش نەوێت! چەندین ساڵ دوای ئەوە حەمە زەكی لە چەندین بۆنەدا پێی دەوتم : نازانی ئەو قسەیەی ئەو شەوە تا چەند كاریگەری هەبوو لەسەرم، من لەو ڕۆژەوە فێر بووم كە خۆمم خۆش بوێت بۆ ئەوەی بتوانم دەوروبەرم خۆش بوێت .

یەکەم جار کە حەمەزەکیم ناسی ساڵی ١٩٨٥ بوو لە خانەی تایبەت بە قوتابیانی زانکۆ بووین لە هەولێر ( مەعهەدی هەولێری ئێستا ) دوو ژوورمان بەین بوو. جاروبار یەکترمان ئەبینی. کورێکی باریکەلە زۆربەی کات جگەرەی بە دەمەوە بوو. شەش حەمام بە تەنیشت یەك لە کۆتایی ژوورەکەمان بوو. لە حەمام بووم خۆم دەشت و گۆرانیم دەوت گۆرانییەکی داریوش کە ئەو دەمە زۆر حەزم لێ دەکرد بەڵام شیعرەکەییم لە بەر نەبوو بۆیە بە زۆری ئاوەزەکەییم ئەوتەوە. لە ناکاو گوێم لە دەنگی کەسێك بوو لە حەمامەکەی تەنیشتم بە دەنگێکی زۆر خۆش گۆرانییەکەی بۆ تەواو کردم. کە حەمە زەکی بوو خەریکی جل شتن بوو، بە گەرمی دەست خۆشیم لێ کرد و دەستمان کرد بە قسە کردن، لەو ڕۆژەوە من و حەمە زەکی کەم تا زۆر ئاشناییمان لە گەڵ یەک پەیدا کرد . لە ساڵی ١٩٨٨ دوای ئەوەی لە فەسڵ گەڕاینەوە ( لە بەر ئەوەی نەچووین بۆ جیش الشعبی ) دوو ساڵ فەسڵ کراین دوای ساڵی ١٩٨٨ بە قەراری ٨٣٦-٨٣٧ گەڕاینەوە . من و حەمەزەکی و عیزەدین لە یەك پۆل بووین زوو زوو یەکترمان دەبینی و باسی مارکسییەت و شیوعییەت و یەکێتی سۆڤییەتمان ئەکرد. لەگەڵ حەمەزەکی زۆر هاوڕێیەتیمان پتەو بوو. شەوێکی هاوینی ١٩٨٨ لە هەولێر لە قسمی داخلی قوتابیان لە تەیراوا لە بالکۆنێکی زۆر تەسك قەرەوێڵەیەکمان دانا بوو حەمەزەکی لەسەر قەرەوێڵەکە بوو منیش لەسەر کورسییەکی بچووك دانیشتبووم، حەمەزەکی شیعرێکی خۆی بۆ خوێندمەوە کە تازە نووسیبووی ( نەتناسیووم) وێنە شیعرەکان و دەنگی حەمەزەکی و کپی ئەو شەوە هاوینە یەکگرتنێکی زۆر جوان کۆی دەکردنەوە و حەمەزەکی ڕێك ببوو بەو شیعرە، دووبارە شیعرەکەی خوێندەوە دەتوت ڕۆحی ئەو بەسەر هەورێک لە وشەکانەوە بوون کە لە دەمی دەردەچوو . حەمەزەکی خۆشەویستییەکی پەتی بوو. بیرم نایەت بۆ یەك جاریش ڕق یان کینم لە حەمەزەکی بینیبێت هەتا بەرامبەر خەڵکانێك کە سوور ئەیزانی حەزی پێ ناکەن ئەو ڕقی نەبوو. وێنە شیعرەکانی حەمەزەکی لە لووتکەی جوانیدان. جوانترینیان ئەوەی کە ئەڵێ :

**ئەم تەلبەندە بێ سێبەرە . جێی منی تیا نابێتەوە**

یادگاریەکانی زۆر ناسك و شیرینن توانیم ئەوەندەیان بنووسم .

چاوی ڤارا ماچ ئەکەم .

نەژدەت هاوڕێی حەمەزەکی

١٠/١٠ /٢٠٠٤

**تێبینی : ئەم نامەیە لەلایەن بەهرەخان هاوژینی حەمەزەکییەوە تایپ کراوە و نێردراوە.**

# نامەی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

نامەیەک بۆ
بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حککع

سڵاوتان لێبێ و هیوام خۆش و شادیتانە
هاوڕێیان ..ماوەیەکە خەریکی پڕۆژەیەکی ئەدەبیم لەسەر هاوڕێی جوانەمەرگ (محەمەد زەکی کەریم قادر) کە لە وڵاتی هۆڵەندە لە ١٦ی مانگی ئەیلوولی ٢٠٠٢ ماڵئاوایی لە ژیان کرد. پڕۆژەکەی من خوێندنەوەیەکی گشتیگیرە بۆ شیعرەکانی حەمەزەکی و هەروەها لا لالێکردنەوەیەکشە لە چالاکی و هەڵسوڕانی سیاسیی – چینایەتی ئەو، ئەمە سەرباری ئاوڕدانەوە لە سەردەمی منالی و گەنجیی و سەرەتای پەیوەستبوونی حەمەزەکی بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نوێوە و ڕۆڵی حەمە لە مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین تا دەگات بە حیزبی کۆمۆنیست و ئەندامبوون لەو حیزبە. شایانی باسە حەمەزەکی وەک من ئاگادار بم ئەندامی حککع بوو لە وڵاتی هۆڵەندە هەڵسوڕاو و چالاکیی هەبووە. من لێرە بۆ ئەوەی پڕۆژەکەم ورد و زانیارییەکان دروست بن، دەمەوێت ئەو چەند پرسیارەی هەمە ئاراستەی ئێوەی بەڕێز بکەم تا وەڵامەکانی ئێوە لە پڕۆژەکەم(کتێبەکەم) وەکو خۆی دابنێم و ببێتە ڕۆشناییەک بۆ خوێنەر.
پرسیارەکان ئەمانەن :
یەک : حەمەزەکی کەی بوو بە ئەندامی حککع و چ بەرپرسیارێتییەکی هەبوو لەنێو ڕێکخستنەکانی حیزبدا.
دوو : کاتێ ماڵئاوایی لە ژیان دەکات حیزب بەیاننامە دەردەکات یان نا؟ ئەگەر دەریکردووە دەتوانن نوسخەیەکی ئەو بەیاننامەیەم بدەنێ؟

سێ : لە مەراسیمی پرسە و ناشتن و چلەی حەمەزەکی حککع چ ڕۆڵیکی هەبوو؟
چوار : دواجار حککع چ هەڵسەنگاندنێکی بۆ چالاکی ئەو ئەندامەی هەیە؟

هاوڕێیان ..ئەم پڕۆژەیەی من پڕۆژەیەکی کراوەیە و هەر بەڕێزێک کە یادەوەری هەیە لەگەڵ حەمەزەکی یان وێنەی هەیە و پێکەوە گرتوویانە، یان بەرهەمی شیعری حەمەیان لایە دەتوانن یادەوەرییەکانیان بنووسنەوە و بێ قەید و شەرت لە کتێبەکەم بڵاوی دەکەمەوە و وێنە و شیعرەکانیش هەر بەو جۆرە.
ئیتر ئومێدەوارم بە زوویی وەڵامم لێبگێڕنەوە و ئاسوودەیی و بەختەوەریش بۆ ئێوە.
دەستتان دەگووشم و هەر بژین

عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)
کەنەدا
٢ی ئەیلوولی ٢٠١٩

## وەڵامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

هاورێ گیان سڵاو هیوادارم باش و لەش ساغ بیت ..فەرموو ئەوە زانیاریەکان لەسەر حەمە زەکی.. ببورە لە دواکەوتنی وەڵامەکەت.. بەداخەوە هاورێیانی عێراق زۆر درەنگ وەڵامەکەیان بەدەست گەیاندم ..الرفيق العزيز سمير عادل بعد التحية عزيزي بعد اتصالات كثيرة مع عدد كبير من الرفاق حول حمه زكي....و جوابا على اسئلة الشاعر عبدلله سليمان... تفضل بما لدي من معلومات -1 :الملحق هو بيان الحزب

الذي قرات في المراسيم الرفيق حمه زكي قرا من قبل الرفيق عبدالله حينذاك وهو مسؤل الحزب حينذاك -2 ....انضم الى الحزب في سنة 1994 وتم كسبه من قبل الرفيق جمال ايوب .واخيرا كان عضوا فعالا والحزب ممتنا له ولنشاطه في هولدان وخصوصا يتمتع بعلاقات اجتماعية واسعة في هولندا.. وكان يدير اعماله الحزبية على وجه الجماعي و الانضباطي, بفقدانه تاثر الحزب في هولندا لفترة معينة ,هذا كل الذي حصلت عليه لاتنسى البيان في الملحق سامان.

**تێبینی : ئەم وەڵامەم لە ماسنجەری فەیسبووکەوە لە هاوڕێی ئازیزم (موحسین کەریم ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان)ەوە بەدەست گەیشتووە.**

## شیعرەکانی حەمەزەکی

ڕەنگە شیعرەکانی حەمەزەکی زۆر لەم کۆمەڵەشیعرە زیاتر بن(*). بەڵام ئەوەی لەبەردەستمدایە هەر کۆمەڵەشیعری (ڤاراییم)ە، کە بتوانم وەک تاکە سەرچاوە لێی پروانم. جا لەبەر ئەوەی شیعرەکان پرن لە هەڵەی ڕێنووس و تایپ و هەروەها

کتێبەکەش لەوپەڕی ناڕێکیدا چاپکراوە، وام بەباش زانی لێرەدا جارێکی تر شیعرەکانی حەمەزەکی دابنێمەوە و هەڵەکان چاک بکەمەوە و نزیکی بکەمەوە لەو فۆرمەی کە حەمەزەکی ئەگەر خۆی بمایە هەر وای لێ دەکرد. من جەغد دەکەمەوە کە بەهیچ جۆرێک دەستکاری شیعرەکانم نەکردووە بەڵکو تەنها و تەنها ڕێنووس و هەڵەکانم راست کردۆتەوە.

**(*) بیرمە لە ناوەراستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو حەمەزەکی شیعری لە گۆڤاری کاروان بڵاو کردەوە و لەم کۆمەڵە شیعرەدا نییە.**

# کۆمەڵە شیعری یەکەم

# دەروازە

## سەفەر مەکە

لەدوای شەش ساڵ خۆشەویستی
بۆکوێ ئەچی؟
نیازی کام لات هەیە بڕیاری کام ڕێگات داوە وا بارگەکەت هەڵئەپێچی
با بزانین گەردەلوولێکی سەرشێتی ناوەختەبی
کەهەڵت کرد بەچی ئەچی ؟
گەر سەفەر کەی لق و پۆپی دارەکانیش بۆ ئەم سەفەرە شوومەی تۆ
شایی ناکەن
گوڵەکانیش زویر ئەبن چاویان بە شەونم تەڕ ناکەن
بەبیستنی سەفەرەکەت نێرگز چاوی لەیەک ناوە
شەقامەکانی ئەم شارەش ڕوویان گرژ و باریک باریک
لەئاسۆگەی چاوەکانتا لایان داوە
جا کە وایە سەفەر مەکە وەک دارێکی وشک و بێ ئاو
ڕەق ڕاوەستە ئیتر مەڕۆ تێ ڕامێنە
سەرنج بدە تا چ حەدێک ئەم هەڵوێستەت مەداری ئینسان شکێنە

سەدان چیرۆک لە باوەشی نامەکانتا هەڵکڕوزان
سووتان سووتان بوون بە قەتران
ملیۆن ملیۆن وشەی قەبە و ئەفسووناویت
بوون بە خڵتەی دەم لافاوی زەلکاوەکان
جا کەوایە سەفەر ئەکەی بۆ کوێ ئەچی..
بۆ ناو باخی گوڵی نایلۆن .. گەڵاو بەری بێ تام وبۆن..
لە ماڵێکی سارد وسڕی غەیرە چینتا چی ئەبیستی .. یا ئەبینی..
کام نەغمەی خۆشی هوزار .. یان کام گوڵزار
کێ ئەناسی چییە ئەوەی چاوەڕێتە غەیری زیندان ؟
وا تۆ سەری خۆت هەڵئەگری
کوێ مەنزڵتە غەیری وڵاتی بیابان ؟
کە تۆ سرکی چیاو شاخی دڵی من بی
میوانێکی هەمیشەیی خوێنی من بی
دڵنیابە لەو هەوارە خەراباتە قەت هەڵناکەی
مەنزڵی خۆت مەشێوێنە
هەنگاوی شێتی هەڵ مەگرە و
گفتی شەش ساڵەش مەشکێنە
گەر گەردەلوولی پاییز بی
ئەم سەفەرەش پاییز وەختە ئەبێ وابێ
منیش شەش ساڵە عەشقی تۆم بۆیە دەڵێم
سەفەرەکەت بەخێر نابێ .. تا سەر نابێ
هەر بەو حوکمەی هەرچی شتێ لە خوێنی ئینسانا جێگیر بێ
نیسبەتی بۆ خۆی وەرئەگرێ
خۆشەویستی تۆش ئاوەها بەناو دڵما .. هەڵئەزنێ
بە شەکڵێ تێکەڵم بووە هەتا ئەبەد سەفر ناکا و جێم ناهێڵێ
جا کە قانونی تەبیعەت ئاوەهایە
چاک بزانە کۆچ و بارگەی سەفەراویت
لەگەڵ عەشقێکی شەش ساڵە نا تەبایە
مەودات نەدام کە پارسەنگی وشەی ڕاستی بیری ئینسانی ئەم چەرخە
شیکەمەوە .. حەزێکی بێگەرد و پاکی خۆشەویستیت ئاودەمەوە
هەر لە پڕا..
زۆر لەپڕا .. بیستم .. بینیم بێزارییەک کلیلی گشت سوێندەکانتی
لە قوژبنێکی نووتەکدا حەشار داوە

شەپۆڵە پڕ کەفەکانی دەریاچە شینەکەی چاوت .. مەنگ و بێ دەنگ
چنگیان لە یەکتری داوە
نەلرفەیەک .. نەهاژەیەک وەکوو جاران ئەبزوێن و دەنگیان ماوە
جا با ئەسپی کەحێلی یاڵ درێژی سەفەرەکەت
لە حەوت پشتەوە ڕەسەن بێ
یا تاخمی ئاوزەنگی پێو زینی ژێرت ڕەنگاو ڕەنگ بێ
ئەبێ مەنزڵگەی سوارێکی سەر لێ شێواو و خۆ نەناس
بێ لە وێڵی ناو شەوە زەنگ و تاریکی یا غەیری هەڵدێران چیبێ ؟
جا کە وایە سەفەر مەکە
تا چیرۆکی بیری ئینسان تەواو ئەکەم
تا شەلەگەی ئاوەدێری جۆگەلەکانی ئەم عەشقە ئەشکێنم و
هەموو جەستەی خۆشەویستیت پاراو ئەکەم
چاوەڕوان بە تا دەریاکان ئەهەژێنم
لرفە و هاژەی شەپۆڵەکان ئەوروژێنم
خۆ هیچ نەبێ سەدان کەڕەت ئەفیونی سەر کوڵم و لێو و
ئاوەڕۆگەی مەمکەکانت کرد بە پێکی خامۆش بوونم
سنگی نەرمت بە دەیان جار بوو بە ئیستگەی سەری کاسی ماندوو بوونم
کاکۆڵیشم هەموو جارێ
چاوەڕوانی داهێنانی پەنجەی تۆ بوو
سەروسیمای تۆزاویشم لەبەر تیشکی چەپکێ تەلیسمی چاوانتا
تابلۆیەکی باوکەڕۆ بوو
جا کە وایە بەلاڕێدا مەخزێ
کۆرپەی عەشقێکی شەش ساڵە جێ مە هێڵە
کام گێلە پیاوی نامۆشە
بارگەی کۆچت واوە ئەبا ڕایسپێرە
ئاه و ناڵەی دەیان وەرزی سەرما و تووشی عاشقێکی پێ بژمێرە
ئەوجا ئیتر هەرچییان وت ،هەرچییان کرد
سەفەر مەکە و گوێ مەدێرە.

## کسپە

چۆن پێشوازی شیعرێکی دزێوم ئەکەی ئەگەر بێت و
لە بەرامبەر چرپە و جووڵەی لێوەکانتا
پەپوولە بێ و باڵەکانی ببزوێنێ
لە تریفەی پێکەنینێکی گەرمتدا
جارناجارێک شەپۆڵ بات و سەردەربێنێ ؟
چی لێ ئەکەی گەر بیەوێ
هێدی هێدی ئاوا بێتە ناو پەساری مەمکەکانت و..
لێوی حەزی هەناسەیەک بماڵێتە رۆخی تەزووی موچورکێکا و
پێستی ئاڵی دوو ترۆپکی مەمکانت بروشێنێ ؟

یا ببێتە شنەی بایەکی سەرشێت و بە تان و پۆی شان و مل و
نەرمە پێستی ژێر چەناگە و گەندە تووکی لاڕوومەتتا هەڵگەڕێت و
تاو نا تاوێک لەبەر گەرمی شەپۆلێکی هەناسەتدا
کۆرپەی حەزێکی تاساوت بلاوێنێ؟
چی لێ ئەکەی گەر حەز بکا لەناو تیشکی چاوەکانتا
زەردەخەنەی خۆشییەک بێ پێکەنینێ ؟
یا لە گۆشەی سەرنجێکتا بەدرێژترین تاڵی قژتا هەڵبزنێ ؟
لەچاولێکنانێکی نەرمتدا پێڵوەکانت جێ بێڵێت و
وەک گەڵای زێڕینی پاییز چەند وشەیەک هەڵوەرێنێ ؟
گەر دەتەوێ شیعرێکی زۆر بزێو نەبێ و دەستەمۆی کەی
یان بەشکڵێ وەکو چەترێ بەسەرسەرتا
لەسەرە ڕێی باراناوی شەقامەکانی هەولێر و..
لە شەستییەوە هەتا کۆلێج، تا بەر دەرگا هەڵی بدەی ؟
لە پیادەڕەوی ژوورەوە
لە هەڵنانی هەر هەنگاوێ
لە بەر چاوی دەستە خوشک و هاورێکانتا سەرکێش نەبێ؟
لە هەر خشپە و خشانێکی جانتای شان و ڕانی تووندبووی
ناو تەنوورەی خۆڵەمێشیت پەی پێ نەبەی..
لە هۆڵەکانی خوێندندا
لە ڕوانینی شووشەبەندی ڕوو لە باخچە و کورسییەکانی چاوەڕوانی بەدی نەکەی
لەگەڵ چرکەی ترازانی دووگمەی جزدانی پارەدا
لە ناو پاسی ئێوارە ڕێی گەڕانەوەت بۆ دەنگی ئەو گوێ هەڵنەخەی
یا حەز دەکەی لەگەڵ جیرەی واڵابوونی دەرگای حەزی پشوودانتا
لەگەڵ سیمای بەشی ناوخۆ و سەرشەقامی ڕاکشاوی پێش دەروازەی
کۆگاکانی ئەو ناوەدا سەرگەرمی هاتنەوەت نەبێ
لەشەوانی سەرقاڵ بوونا
لە نووسینا
لە خوێندندا
لە دوو توێی پەڕەی کاغەزی وانەکانتا بە ناو بۆنی کتێبێکا
هەڵنەکات و تێهەڵنەچێ
یا لە ڕیزی دورمانێکی ڕۆبی نووستنی شەوەوە
بە ناو شانتا هەڵ نەگەڕێ
لە ئارەقەی بن باڵێکتا نەتوێتەوە

بە موچوورک و
بە تەزووی سارد
بەڕاچەنین
هەموو لەشت هەڵنەلەرزێ
ئەوا وەرە لە شەوانی ئیمتحانا
تاڵێ لەو قژە خاوەی خۆت لە ملی وشەکانی کە
تا بەبۆنی عەتری قژت تاوناتاوێک وەک سەرخۆشێ
یان خامۆشێ وەنەوز بدا بۆ چەند تاوێک ڕات نەمووسێ
ئاخر شیعرێ
کسپەی عەشقی تۆی بەرکەوێ
خۆی ڕاناگرێ ناچار ئەبێ لاسار و بزێو دەرکەوێ.

## خوێنم بۆنی قژی تۆی گرتووە

ئەو شەوانەی لە سەر تەلی خەیاڵمدا
وشەی شیعرم ئەبنە کانی و وەک مرواری هەڵ ئەقوڵێن
جۆگەلەکان گوێ ڕائەگرن
لەناو گەرووی چەمێکەوە دەنگی قاقای دارستان دێ
بۆیە جوان جوان ڕیز ئەبەستن
وەکو سیحری لەنجەی شۆخێ نەرم نەرم وردە شەپۆل
بەسەر سنگی چەمی سەر ڕێدا هەڵ ئەگرن
وەک چۆن شانە نەرمە تاسەی قژێکی خاو بەجێ دێڵێ
کانیش ئاوها جۆگاکانی بۆ بەزمە ساتی دارستان
تەختی سینەی وردە زیخ و لم ئەشێلێ
جۆگاکان دێنە سەیرانی ڕەنگ و جوانی و هەڵگرتنی نازی کچێ
کەچی کاتێ چاو هەڵ ئەبڕن
لە ناو گەرووی رووبارەکەی ناو چەمەوە
ئاوازێکی پڕ خرۆشن بۆ گۆرانی ڕێبوارەکانی سەرە ڕێ
ئەو شەوانە تۆش ئەبیتە پەڵە هەورێکی تۆراو و
بۆسەر کێڵگەی چاوەڕوانیم هەڵناکەیت و تێر ببارێی
لێم ئەبیتە باوەشێ ئازاری بە سۆ و لە دەروونما گەورە ئەبی و
هەموو ساتێ یەخە گیری زامەکانمی و داناپڕێی
جگە لەوەی چاک ئەزانی جەستەی تەنیایی ئاواتم
زۆر تامەزرۆی بارانێکە سۆمای چاوی لێ پاراو کا
سنگی حەزی وشەکانم زۆر بەتاسەی گوشینێکتە
بە قەوارەی سییەکانی بۆنی قژی ڕەش و خاوی تۆی لێ بکا
لات وانەبێ ئەو ساتانەی لە بەرامبەر نیگای چاوتا
ڕائەوەستم دەریایەکی کپ و خامۆش بێ شەپۆلی ڕۆخەکانم
لە ڕاستیدا من دارێکی گڕ گرتووم و لە حوزوری باڵای تۆدا
ورد ورد خەریکی سووتانم
من سووتانم بەردەوامە و تۆش وەک جاران هەر لات وایە
تۆ هەر کەیلی بێ دەنگیت و باڵای حەزی وشەی منیش هەر تەنیایە

ئیتر ئاوها  لە ناخی سووتانی من و
بۆنی قژی خاوی تۆدا مەرگ و ژیان تێکەڵ ئەبن
جار و باریش لە خورپەیەکی بێ بنا
وشەم لەزمان ئەتۆرێ و دەنگەکانیش یەک لەدوای یەک
بێ دەنگ ئەبن
جا چۆن گیانە رازێکی وا لە باوەشی مەرگ و ژینا مەڵاس درا و
بدرکێنم
وشە و زمان ئاشت کەمەوە و
پەردەی حەزێکی پیرۆزی پڕ تین ڕاوەشێنم
تا هەڵکەوێ بۆنی قژت
بەڕەنگی خوێنم ئاشنابێ
بە دیداری بارانێکت
کێڵگەی وشکی چاوەڕوانیم بەهارێکی پڕ شەتاوبێ.

**تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری بەیان ژمارە ١٦٢ دا بڵاو بۆتەوە.**

## پـــــایز

کێ وەکو تۆ؟!
گزنگی سۆمای زەرد باوی بە پەنجەرەی نیگاکانییەوە هەڵ ئەخا

کام گەردنە؟!
مەرگ ئەکا بە گەردانە کڕنۆشی شەرمی پێ ئەبا
سا وەرە لام ئەی پڕ تەماسی ڕۆحەکەم
وەرە بە ڕۆحما هەڵزنێ و دەرگای پەنجەرەی ژوورەکەم
لێ واڵاکە
لاشەی سارد و پڕ تەزینم بۆ جیهانی دەوری شاری
پڕ غەوارە و بێ نازەکەت پەل کێش بکە
وەرە هەرگیز دەس بەرداری نیگام مەبە
بم بە سەیری ڕەقسی گەڵای دەم بەیانی
لە ناو ئەو ڕەنگە پەڕیوەی سەر دوو لێوی گەڵاکانتا لەگەڵ خۆتا
بمکە بە خەم
بمکە بە ئێش بە گۆرانی
وەرە ئەوا سەردەمێکە پەنجەکانم بە ناو قژی زەردی خاوتا نەگێڕاوە
لە شەپۆڵی پڕلە تینی چاوەکانتا زەمانێکە
خەونی شین و خەونی زەردی عاشقانەم نەبینیووە
من قەرەجێکم تامەزرۆ
لەبەر پەنجەرەی چاوانتا ئەتوێمەوە ئەبم بە ئاو
وەک شەتاوی خۆرەتاوێ وەک تریفەی مانگە شەوان
لە ناو نیگای زەردە پەڕی سۆماکانتا ئەبمە خوناو
وەرە کچە شیرینەکەم لە باوەشتا بە ئاوازی لوورەی باڕەش بملاوێنە
هەر منم خەو ئەمباتەوە بەو ئاوازە دڵ تەزێنە
وەرە خۆمن لەو ساکەوە وا تەماسی ناو باوەشی دایکی خۆمم جێهێشتووە
چاوەکانم بەتریفەی زەردە پەڕی سۆماکانی تۆ ڕەشتووە
زووکە غوربەت بە قەد باڵای چنارەکانی قەراغ شار
لە باڵای ڕۆحم ئاڵاوە
بە سەر لاشەی هەناسەمدا چی مەینەتی شارەکەتە هەرچی تاسەیە و غوربەتە ڕاکشاوە
وەرە خۆ من هەتا ئێستا نەم توانیوە
لە فەرهەنگی عەشقەکەتا
سێ چوار وشە هەڵ وەرێنم
نەمزانیوە بۆ لە ئاستی زەردە پەڕی هەڵچووی چاوتا
ناتوانم لێو ببزوێنم
وەرە و ئەمشەو بەسەر دوو چاوی بێ نازی شارەکەتا

شەو باڵی خۆی ڕاکێشاوە
خامۆشییە
خامۆشییە خەمیش چلوورەی بەستووە
هەر بە تەنیا من و پاییز شەوارەمان بۆ کازیوەی شار گرتووە.

**تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٠٨٩ ی ٣مانگی حەوتی ساڵی ١٩٨٩ بلاو بۆتەوە.**

## نــەی نــەوا

هێشتا شەو بوو
شاری هەولێر نوقمی دەریای کپی خەو بوو
لەناو باوەشی ئەم بێ دەنگییە
لەسەر ڕووخساری ئەم خامۆشییە
ئەوانەی خەویان لە چاو زڕا بوو
دوو چاوی ڕازی من و قەڵا بوو
ئەوەی کە نیگای پڕی بووە زەردەی بلاجکتۆری چوار دەوری قەڵا

هەناسەی من بوو
ئەو شەوە هەموو ژان و یادگاری شاری هەولێرم
کرد بە یاداشت و خستمە سەر کۆڵی رووباری عەشقم
هەرچی غوربەتی چەندین ساڵەم بوو
شەپۆلم پێدا و لە چاوما ڕشتم
کازیوەی بەیان
چاوی نازی خۆر هێشتا پڕ شەرمی کۆچی شەوی بوو
دیانا(١) هێشتا
خەریکی ناز و پرشنگی گەرم و ڕازی شەوی بوو
لەسەر دەروازەی خۆری نەینەوا (٢)
عەشقم سێبەری بە رێبوار ئەکرد
لەبەر هەتاوی پڕ لە پرشنگی چاوی مناڵی تەبەق لەمل ، لە ناو گەراجا
پەلکی هۆنراوە قژی زەردی خۆی بەشانە ئەکرد
نهێنی ژینی ئەو مناڵانە لە چاوما رژا
چرۆی ئومێد و باوەڕی بەرزیان بە ڕووما پژا
ئیتر لەوێدا مەلی نهێنیم دای لە شەقەی باڵ گۆرانیم ئەووت
رێبوارم هاتووم بۆ شـارەکەتان گـوڵێکم پێیە
گوڵیش پەیامی عەشقی پـیرۆزی نیگامی پێیە
هەنگاوم هەڵنا هەتا دەروازەی حەزرەتی یونس □ (٣)نیگای لێ پریم
هەتا هاڕەی شار
سەدای گۆرانی ئەو مناڵانەی لەلا پێ پریم
ڕێبوارێ هاتووە بۆ شـارەکەمان گـوڵێکی پێیە
گوڵیش پەیـامی عەشـقی پیرۆزی رێبواری پێیە
لە ڕووی دەروازەی زانکۆی نەینەوا بە یەک نیگایەک
کاشـی بە کاشـی رێگاکەم ژمارد
یەک بە یەک گەڵای گشت ئەو دارانەی چواردەوری هۆڵی
خوێندنم ژمارد
لەناو رێڕەوی هۆڵی خوێندنا من چاوەڕوان بووم
لە گەڵ منیشدا میلی کات ژمێر
خشتەی وانەکان
یەک بە یەک درزی دەرگای هۆڵەکان
پلە بە پلەی پەیژەی دابەزین
تاڵ بە تاڵ قژی کیژانی ئەوێ چاو لە رێگا بوون

هەر کە زەردە پەڕ لە نیگای شیرین بەڕوودا رژا
من یەک هەناسە
لەو گوزەرەشدا ملیۆن هەناسە لە چاودا رژا
هەتا بەگەرمی باری سەرنجم لە نیگای ئاڵا
بۆنی گوڵاوی پەیامی من و عەتری پەرچەم و قژی خاوی ئەو بوون بە سکاڵا
ئالەو ساتەوە ریزی دووەمی کورسی دانیشتن ناو کتێبخانە
زۆر بە شەرمەوە کڕنۆش ئەهێنێ
ئەڵێن لەو ساوە هەرچی عاشقێ لەوێ دانیشێ
تۆوی بەهاری عەشق ئەچێنێ .

**ژێدەرەکان**

**(١) دیانا : مانگ لە ئەفسانەی یۆنانی کۆن**
**(٢) دەروازەی خۆر باب الشمس لە شاری موسل.**
**(٣)دەروازەی حەزرەتی یونس باب النبی دیسان لە موسل**

نەتناسیوم

گەر دەتەوێ بۆ یەک تاوێک هۆگری ئێشەکانم بی

گوێم بدەرێ
من زۆر سادەم
زۆر نزیکم بۆ دوور مەڕۆ
هەست ڕاگرە و گوێم بدەرێ
من وا لەناو هەناسەتام تێڕامێنە
لەگەڵ تیشکی چاوەکانتا تێکەڵ بوومە بملاوێنە
لە هەر شوێنێک
لە هەر جێیەک سەرنجت ڕاکێشا ورد بەرەوە من ئەبینی
لە هەر لایەک خەونەکانت وەنەوزیاندا
بە چاوی ڕۆح تەماشاکە من ئەبینی
نەتناسیووم
من چەپکێ تیشک و رووناکیم زەرد وەک پرچی کیژی لادێ
هەرچی تەمی گەواڵە بووی تاریکییە بە ئاوازی من ئەهەژێ
نەتناسیووم
من شەتاوی خۆرەتاووم
من نێرگزی سەر دوولێوی کلووی بەفرم سەردەردێنم
من هاوارم هاوارەکەی سەدەی بیستم
خەونی قووڵی ئەم جیهانە ئەزرێنم
نەتناسیووم
من وا لەناو کاروانێکدام ترپەی پێی دێ
ورد بەرەوە ئەوا دەنگ دێ
ئاوازی دەنگی پێ و دڵی ئەم کاروانە
مەزنترین سەمفۆنیایە لەسەر پەردەی مێشک و رۆحی ئەم جیهانە
نەتناسیووم
من شیعرێکم تاڵ بە تاڵی قژی خاوت لە باوەشی وەسفم ئەگرم
لەسەر شەپۆلی هەناسەت زۆر بە ئاستەم ،
ئارام ئارام ئۆقرە ئەگرم
دەسا شیرینتر لە جاران وەرە پێشێ زەردە خەنە ببارێنە
لەسەر سنگی پر ئاوازما حەزەکانت بخەوێنە
بێ بمناسە دوورە پەرێز ڕامەوەستە وەرە ئێرە
رێگە لە خەونەکانت مەگرە چاو هەڵبێنە
لەگەڵ سیحری ئەو شەبەنگی کەزییە جوانەت
لەگەڵ ئاوونگی سەر لێوو پێچ و تاسەی قژی خاوتا ئاهەنگ بێنە

وەرە بۆ لام من تاڵێ گیتاری گارام بۆیە ئەتوانم بگەریەم
بەو ئاوازە ئافەریدەم بۆیە جیهان لەگەڵ خۆمدا ئەهەژێنم
وا قرچەدێ دڵی ئینسان وەکوو پشکۆ داگیرساوە
پەنجەکانت ببزوێنە تابلۆیەکی سەرتاسەری ئەم جیهانە بەرەنگی زەرد
بەرەنگی سوور بنەخشێنە
بێ و بگەڕێ من وا لەناو تابلۆکەتام
ئاخەرین ڤاڵسە ئازیزم دەستم بگرە و لەناو قەدی جوانی خۆتی بئاڵێنە.

**تێبینی : ئەم شیعرە لە پاشکۆی عێراق ژمارە ٢٤٠ ی ٢٥ ی نیسانی ساڵی ١٩٩٣ دا بڵاو بۆتەوە.**

## فورات

ئەمشەو بووکی فورات ئەگری .. بەسەر کەژاوەی سووتاویا هەنسک ئەدا
وا چنگ دەکا بە تۆری ما سیگرانا و کاروانی ژانێکی تازە بەری ئەخا
فورات کیژە شۆخەکەی باکوورە و سەر و قژی شێوێنراوە.
فورات بووکی رۆژ هەڵاتە و شەوی پەردەی لێ دزراوە
ڕۆژ ئەخەوێ لە ناو بازنەی خەوی قووڵا ، شەو لە گریانی بێ دەنگا بە ژێر
پردەکەی فەیسەڵا ئازار و شین بەڕێ ئەخا ،فورات ئەمشەو پڕێلووەکانی لەگەڵ هەر چاو لێکنانێکییا
بەژمارەی بورغووەکانی باڵای پرد و شەپۆلی

ورد ئەسرین ئەسرین بەسەر ئاسمانەکەی شاری سەماوەدا ئەخا
فورات ئەمشەو بۆنی ئارەقەی شەکەتی و نوزەی لێک داپرانی لێ دێ
هاواری بێ نەواییە و قرچەی سووتانی هەناسەی ڕەوەماسی و گیاندارانی
ئاوی لێ دێ ئاخر چۆن فورات وا نەبێ ئەوەتانێ وا لەچاوی کیژەکانی
سەماوەدا وەک گۆرستان هەزاران خەون رائەکشێ ئەوەتانێ لە ژێر
زەبری ستەمێکی یەکجار قووڵا خەنەبەندانی موحەڕەم
کۆمەڵ کۆمەڵ مۆری پەنجەی دونیایەک ئینسان وەر ئەگرێ
دیواری ڕەش ئالای هەر ڕەش کالا و بالای پردی فەیسەڵ بەکفنێکی ڕەش
داپۆشراو کوخت و پەنا ئەم لاو ئەو لا بوونە بەوێستگەی سەردانی و
بە نەزەرگا ئەی ئیتر چۆن فورات نەگری
من ئەڵێم گریانی فورات هاواری خەڵکی فوراتە
شێوانی ئەو سەرو پرچەی ئەم بووکەمان لێڵ بوونی ئاسۆی نەجاتە
فورات بێ و موژدانەم بەرێ دیاری وردی کێویم پێیە
فورات گوڵی زۆر ناسک و دەنکە قەزوان
مەڵحەم بەند و رستی مێخەک بەندم پێیە
فورات چەند شەوێ پێش ئێستا لەو ژوورەوە نوزەی گریانێکی ماندوو
لەسەر لێوی کۆرپەیەکی ژێر دەوارا بەری ئاسمانی گرتبوو لە پاڵییەوە
گۆرانی خەمی باوکی بێکار دایکی نەخۆش گوێچکەی دونیای پر کردبوو
فورات چرا زۆر خەمگینە لەبێ دەنگیدا بسووتێ ، هەناسەی ژنانی ئێمەش
زۆر بەتینە کوا سنگی ئاسمان ئەکوتێ
فورات ئەمساڵ ئەم هاوینە لەو هەوارە خۆر شەرمی لە ئینسان ئەکرد
شەو وەک دڵۆپی ئارەقەی شەرمەزاری زەڕە زەڕە ئەچوو بە ناخی رۆژگارا و کۆچی ئەکرد
فورات سەرت دانەوێنە رستێ میرووی ئاڵم پێیە
فورات گوڵێ زۆر ناسک و دەنکە قەزوان مەڵحەم بەند و ڕستی مێخەک بەندم پێیە.

## ڕەشەبا

لە باوەشی ڕەشەبادا شەوێکی تووش
دایکی شارێک لە ژاندا بوو
هەموو چیاکانی دەووری شار گوێ قوڵاخ بون
چاوەڕێی بیستنی گریەی کت و پری ساوایەک و
بزەی نەجاتی سەر لێوی دایکانی بەر ڕەشەبا بوون
گریان پەردەی ژانی دڕی
سیمای پڕ بزەی دایکانەی ئەو شارەمان
سەرپۆشی ڕەشی ئاسمانی لووتکەی پڕی
ئەی کیژۆڵەی ناو باوەشی دایکی رەشەبا و دایکی شار
گەرچی باڵات وەکوو لقی ئەو دار بیانەی بەسەر شەقاما کشاون
ڕەنگی ئێوارەی تیا ماوە
بەڵام ئێستاش شار ژان بیگرێ داوای گریانی تۆ ئەکا
ئێستاش پاییز خەم دایگرێ داوای هەناسەی تۆ ئەکا
ئەمە ژانی عەشقی بەرزی ئەم چەرخەیە بە ئاسانی دانامرکێ
کێویلەیە لە دەستی کەسا ڕام نابێ
هێندە بڵندە لەناو هەوری بەر هەناسەی ڕەوە کۆتری کوێستانا ئارام ئەگرێ
هۆ گوڵاڵە ئەم گریانە دوا گریان بێ
هەتا چیتر شار ژانی نەزۆک نەیگرێ
وەرە لەناو هەناسەما باڵەکانت ببزوێنە
پەلکی دار خەونی چەند ساڵەت ڕاوەشێنە
گەرچی ماوەیەک لەمەو بەر شاعیرێکی شێت و وێت بووم

وا لە سای تۆ و شارەکەتا من سەر عەشقی کاروانێکم
ئەگەر هاتم لە شەوێکا وەکو پشکۆیەک داگیرسام
تۆش پەروانەی ڕازی گشت ئەم جیهانە بەو
باڵەکانت بە کڵپەی من بسووتێنە.

ئۆرکیســــــــــترا

ئەمشەو هەموو لەرەو جووڵەی جێ خەمی تۆم
داوای ڕاز و نیگای بەرزی پڕ ئیحساسی چاوەکانی تۆم لێ ئەکا
ئەمشەو کۆری ئۆرکیسترای ئاوازستانی رۆحم
داوای ترپەی پڕ ئیقاعی دڵی پاکی تۆم لێ ئەکا
ئەمشەو من خاکی سووتاوم
تۆش بارانێکی بەخوڕی و بۆن کڕوزی خەمەکانم
تا ناو سینەت هەڵ ئەمژێ
وەک فریشتەی ئاسمانێکی پڕ لە میهری خۆشەویستی ئازارەکانم ئەنێژێ
ئای لە ڕەزمی ئاوازی تۆ و سووتانی من
ئیحتیاجێکی چەندە بەرزە و بەرجەستەیە
تێکەڵ بوونی ئەم دوو رۆح و هەناسەیە
چەند پیرۆز و پڕ خورپەیە.
ئەمشەو خەمم بێ باڵای تۆ شەختە ئەگرێ
چۆڕاوگەی چلورە بەستە و بەر لە بینای چاوم دەگرێ
دونیا سڕە
نە هەتاو دێ
نە با و باران
نە ڕەشەبا تا ماچێکی پڕ لە گەرمی لەناو ڕوحی پڕ ئحتیاجما
بۆ خۆی ببا
ئەمشەو بێ تۆ هەنگاو ئەنێم
حاڵەتەکەم نیمچە شێتی و هیستیریایە لە کەللەی ئەسپێکی شێدا
خول ئەخوات و
سەری کاسمی هەڵگرتووە
گشت شارەکەت پێی زانیوە کەوا ئەمشەو لێواو لێوی کاسەی سەرم
پڕ گلەیی دووریت بووە
بۆیە ئێستا هەر پاییزێ خەم دامگرێ
لەشاری تۆ پرچی کیژێ لە گەردەلوولێ دەئاڵێ و
ئەبێ بە پاشکۆی رەشەبا و من جێ دێڵی.

## فلووتی عەشق

هۆ کار ئاسکە هۆگرەکەی ناو باوەشی پرچی هەتاو
بێ شک ئێستا تۆش وەکو من
بە سەر پشتی پاییزێکی پڕ غوربەتا هەنگاو ئەنێی
وەک من لێوت لە سەر لێوی فلووتی عەشق داناوە
خەمت کردووە بە ئاواز و جار نا جارێک بەستە ئەڵێی
وەرە لەگەڵ ئەم ئاوازە قژی خاوت لە گەردنم بئاڵێنە
تەماشاکە سەمای ڕۆحە شەم گریانە
ترۆپکی بە یەکتر بوونە تێکەڵ بوونی ئەم دووگیانە
زوویر مەبە کیژۆڵەی خەمکە جێی ژوانی هەناسەمان
لە دوورگەیەکی نادیارا جێی گرتووە
ئەمە ژانی گشت ئەو عەشقە پاکانەیە کە وەکوو باڵی پەپوولەن
یەکجار ناسک و خەم بارن
بەو خەمانەی نەزمی ئەمڕۆ ڕایگرتووە

ئەمە باجە باجی عەشقە
بۆ مەست بوونی ئەو کەسانەی لەوسەرەوە دانیشتوونە
ئەوان بەری ژیانیشیان لە بەردەم ئێمە گرتووە..
مانی ئەوان کراسێکی یەکجار تەنگە
جەستەی دونیا ئازار ئەدا
پەیوەندێکمان وەک تەرازووی بێ مافی وان
تەمزە و فریوەی وان دەخوا
لە بەر نیگای پڕ لە عەشقی پاکی ئێمەش
جیهانێکی یەکجار سووک و لارە سەنگە
هەناسەکەم وا دێمە بەر میحرابی تۆ و بەخۆم ئەڵێم
نەکەی ئیتر خەم داتگرێ
دوور بڕوانە سەیری ئاسۆ چەندە ڕوونە کە خۆر هەڵدێ
تۆش وەرە با هەردوو ئێستا
نیگا ببڕین لە هەنگاوی ئەو کاروانەی بەڕێوەیە
لە ناو ڕەزمی دڵی ئەودا تێکەڵ ببین
بزانە چۆن بێ جیاوازی بەرەو نەزمی ژین بەرامبەری دەچین.

# پەیام

خۆر هەڵاتە هەر چەند ئەکەم لە سەیری نیگات تێر نابم
وەکو دەریام لێ هاتووە بۆ یەک تاوێکیش ڕام نابم
بە نیگاتا هەڵ ئەزەنێم تا دەگەمە سەرپۆشی خۆری ئێواران
سەرپۆشی سوور قژی زەردی خۆرەتاومان دائەپۆشێ
هەتا وەکوو قولنگەکان بە سەرمانا ڕەو ئەکەن و
ئەو دیمەنە هەموو باڵای بووکی پاییزمان ئەپۆشێ
خۆر هەڵاتە هەر چەند ئەکەم لە سەیری نیگات تێر نابم
دونیا سرکە
دەنگی هەموو ئەم دونیایە لە شەپۆڵەکانی مندایە
وا باڵاکەت وەک بەندەری بەر شەپۆلە
ئاڵایەکی بەر کزە بای بەیانیانە لە جووڵە و هەنگاو ناندایە
کەحیلێکی پڕ ڕامانە
خەونەکانت نێرگزە جارێ پێ دەشتە و پڕ هاژەی بەهارستانە
یاخی بووە دانانەوێ
هەتا چرپەی ئەم دونیایە کوڵ نەسەنێ
حەزیش ڕەزمی ئاوازێکی بەرز نەبێ
دەست لە جڵوەی شل ناکا و ئازارەکانی دانانێ
خۆر هەڵاتە وا دەروازەکەی پەیامیش وەک ئاوێنە
لە بەر تیشکی چاوەکانت ئەبریسکێنێ
وا چۆلەکەی سەر دارەکانی هەواری برایم پاشا
بە لێشاوی جریوەیان باڵات ئەکەن بەو میوانەی
دیاری ژیان بۆ کاکۆڵ و قژی خاوی مناڵانی پەیـــــــام دێنێ
خۆر هەڵاتە ئاوازی تۆ جارێکی تر پەنجەی شیعرم ئەبزوێنێ
بۆنی گوڵاوی هەناسەی تۆ
بە دیواری هەناسەما ئەپرژێنێ
وەک هەر باڵندە و گیان دارێ
هەر ئینسانێ

وا غوربەتێک تێکەڵ بە دووری تۆ ئەبێ و ئەمتاسێنێ
تا چار ئەبم دواین لووتکەی عەشقی پاکم بەچاوانی تۆ بسپێرم
تۆ بەر جەستەی ئەو چەند دڵپە شیرە بووی
لە گۆی مەمکی ئارەقاوی دایکێکەوە هەڵمژی
کەچی ئێستا چاوەڕوانم ، سەدایەکی پڕ عەشق بی
مژدەی خۆرێ بۆ ئەم زەمینە بهێنێ
منیش بێ تۆ کانیلەیەکی بچووک بووم ، ورشەم ئەهات
کەچی ئێستا لەبەر تیشکی چاوی تۆدا گەورە بوومە
شەوێک نییە بەسەر سینگما سەدان کەشتی ڕانەدێرم
خۆر هەڵاتە ڕووباری عەشقت بەڕێخە
با بە جووتە خۆ لە دیواری ژین بدەین
ئاگادار بە، گاڵتە نییە ئەم زۆرانە
ئاسان نییە گوێ شل کردن بۆئەم سەدای داڕوخانە
کە دێیتە لام تاڵی قژت لە هەناسەم بئاڵێنە
گەواهیمە پەیامەکەت
ئەگەر خوێنم بۆنی قژی خاوتی نەبوو،لێم زویر بە و
ئیتر گوڵاڵەش مەدوێنە.

**تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ١٢٥٦ ی ١١ی تەمموزی ساڵی ١٩٩١ دا بڵاو بۆتەوە.**

## خـاچ

زۆر چەتوون بووم هاتم ویستم
هەواری دڵ لەناو چاوی تۆدا بخەم

تۆ ئازارێکی بێ دەنگ بووی ، تەشەنەت کرد
چزای بە باڵای هەنگاوما
نەتکرد جارێ خەمی ماندوو بوونم بخۆی
قۆناغێکی پڕ نشێوو پڕ مەینەتی هات و نەهاتی تۆم پڕی
تۆ پەڵە هەوری سەر کێش بووی
نیکایەکت لە هاتن و هەنگاویشت ڕۆیشتن بوو
خولیایەک بووی دەستت بە ناخا نەئەنا
ئەسپێکی بێ جڵە و سەر شێت بووی
تا شنە لە سەر یاڵت با ، مەنزڵی ڕەوتت دانانا
بە هاتنم پرسیارەکان ئەیانگرتم
شەکەت  شەکەت
ئای چەند تاقەت پروکێنە خەمی هەنگاوی وا بخۆی
هۆ شنەبا هۆ هۆ شنە سەر کەشەکە هەڵکە، ڕۆ
بەرەو کاروانی ئەوانەی عەشق بەرەو مەنزڵ ئەبەن
بیانگەرێ پێ یان بڵێ :
چەتوونێ هاتوو یەکجار پەلەی کرد
ویستی رەشماڵی هەواری عەشقی
لەناو چاوانی کیژێکا هەڵخا
کیژێکی وا بوو
هێشتا عەوداڵی پرشنگی هەتاو ڕەوتی کەو نەبوو
هێشتا تامەزرۆی هاژە و فوارەی تا ڤگەکان نەبوو
بێ باک .. بێپەروا
خەرمانی تاسەی عەشقێکی پاکی بەبادا ئەدا
دڵی کیژۆڵە دەشتی بەرێنی کاکی بە کاکی بیابانی بوو
شنە بای بێ گەرد لام مەمێنەوە
بەس چرپەی ڕۆحم بە گوێچکەی خۆم دا بچرپێنە و
بەس ئاوازەکان بەسەر دوو لێوی ئازارەکانا بپرژێنەوە
لێم گەڕێ تاوێک با خامۆشییەک بۆ خۆیم بەرێ
بەرگی غوربەتم لەبەر کەرەوە
هەنگاویش ڕووەو گوڵاڵە هەڵنێ
بڵێ سکاڵای عەشقێکی بێ گەرد وا لە گەردنی من و تۆ دایە
عاشقێک گڕی عەشقی گرتووە
خەمی دونیاشی لە کەللەی شێتیا باوەش گرتووە

ئەگەر سکاڵای ئەم عەشقە ون بێ
شیعر ئەسووتێ و جەستەی من و تۆش بە خاچا ئەدرێ .

## سەمفۆنیای مەرگی ساکار

نە یەڵدایە
نە دەیجوورە
نە شەوێکی مەست و ماندووی پایزە هەوارە ئەمشەو
ئەمشەو دونیا کوڵ ئەسەنێ
مانگی ئەمشەو پەیام و عەشق هەڵنا گرێ
گەردوون پەستە، کراسی ئاسمانی گوڵ ئەستێرە
تا دامانی دا ئەدڕێ
ئەمشەو شیعر دەنگی پەنگ خواردووی هەڵئبڕێ
ئەوا گەڕەک لەسەر لاشەی کیژی خۆرا کۆبۆتەوە
کاروان هەڵوێستیان گرتووە
کاروان جوڵا
کاروان هەژا

هەر هەنگاوی بێ شومارە لە دوای سەر قافڵەی تەرمەوە وا ڕێ ئەکا
دەنگ هەر چرپە و وروژان و هەناسەیە
لاشەیەکی بێ گیان .. بێ گیان لەسەر دەستە
بە هەردوو لەپ هەڵگیراوە، خەم سەر ئەکا
تاوێک بەرزی، تاوێک نشێو
ئەم زەمینە لەبەر نرکەی دڵی دایکا خۆی شل ئەکا
سەر سوڕمانە .. سەرسوڕمانە!!
سامی مەرگی کت و پڕی دڵی ساکار چەند گرانە
تەماشاکەن هەموو سیمای ئەم کاروانە بووە بە چاو
منداڵەکانی گەڕەکیش لە بەزم و یاریان کەوتوون..
ئەوا چرپەکان گڕ ئەگرن
خروشانێک تێ هەڵئەچێ
سنگی ئینسان بەرگە نا گرێ
هەڵاوی گەرمی هەناسە ڕوەو ئاسمان تێ هەڵئەچێ
لاشە و ڕێگا باوەشیان لە تێرامان داوە
بەسەر شانی یەکا کەوتوون
دەنگ و هەنگاو .. کوڵ قرچەی جەرگی دایک
پێشیان کەوتوون
ڕەزمە ڕەزمە سەدای خروشانی ئەم کاروانە
پەرچەمی خۆر کڕوزانە لاشەی ماتی بەبێ جووڵە و هەنسکی ئەم داپرانە
ساکار گوڵاڵەی مەجلیسی منداڵان بوو
زەنگی دەنگی بابە، بابەی لەناو تەمی ئێوارەدا توایەوە
لەم ئێوارە خەماوییە وەک کارژۆڵە
بەبیستنی وڕەی پاسی کرێکارەکان چاوی شینی لێ هەڵبڕی
قەڵم بازی کار ئا سکی دا
ڕووەو کاروان هەنگاوی نا ویستی بڵێ : بابە جوانم
کاروان بە مەنزڵ نەگەیشت
کاروان ئاونگی ڕاحەتی بەسەر و سیمادا نەنیشت
ساکار گوڵێ بوو شەمزا بوو
ساکار گوڵاڵی بەهار بوو بە ڕەشە باوە چزا بوو
منیش هاتووم ، گوڵی خاڵۆ منیش هاتووم
مشتێ یادگاری دێرینم هەڵگرتووە
بە گڵکۆکەتەوە نووساوم

یادگار یادگار قەرزارت بووم
بە قەد تاڵی قژی زەرد و قژی خاوت قەرزارت بووم
زووکە خاڵە ماچەکانم بدەرەوە ماچی خۆمن
خۆم کڕیوومن بم دەرەوە
عاجز بوومە هۆ لالە گیان ماچەکانم بدەرەوە
گیانی لالە هاتووم ماچم بۆ هێناوی ، سەرهەڵبڕە
لەسەر گڵکۆی گۆڕەکەتا ،لەم گەرمەسێری گەرمیانە
تاڵە نێرگزی بەهارم بۆ هێناوی سەر هەڵبڕە.

**تێبینی : ئەم شیعرە لە گۆڤاری ڕەنگین ژمارە ٧ ی ساڵی ١٩٩٣ دا بڵاو بۆتەوە.**

## کۆکتێلیا

سەر دەمێک بوو وەک هەناسە
لەبەر ترپەی دڵی تۆدا ئەشنامەوە
لەگەڵ بارانی گریانا کلوو کلوو ئەتوامەوە
سەر کاس ئەبووم

گلەیی زۆر بینی ئەگرتم
کە تۆ دوور بووی هەنگاوی زیزی ورکا ویم
پشتی هەموو ڕێگاکانی شارەکەتی دائەماڵاند
لەم دەڤەرە چاوی گوزری شارەکەت لافاوی عەشقی ڕائەدا
لە پشت چارۆکەی شەوەوە ئەستێرەیەک ئەهاتە لام
تا باس لە هاتنت بکا
ئەو شەوانە دەمەو بەیان، خەم و گریان، خەم و باران
هەموو لافاوی کوچەکان ، من و باڵای گشت خەمەکان
چاوەڕوانی هاتنت بووین
هەتا ڕۆژێ گەردە لوولی ئەم ژان و کۆمەڵە شتە
تۆشی لوولدا ، تۆشی هێنا
هەڵکورمایت و لێی خامۆش بووی بانگت کردم : سنووری کۆستم بشکێنم
منیش لەوێ پڕ بەتاقەتی هەناسە بۆنی گوڵاوی قژی تۆم کرد
لەسەر قژت بۆن هەناسەی دارستان بوو
تەلیسمێکی یەکجار سەیری بەرامەی خاک و گەردوون بوو
وەشتی تەڕی پێش باران بوو
بۆنی گوڵە پرتەقاڵ و کوزەڵەی دەم جۆگاکان بوو
بۆنی لمی تازە تەڕ بووی دەم کانیلە
جاڕە نێرگزی کێوان بوو
کۆکتێلێکی زۆر دەگمەنی هەزار جۆری ئەو دیوو شوشەی
کۆگاکان بوو
کە لێم پرسیت : چ بۆنێکە لە خۆت داوە ئەم بۆنە دارستانییە
نیگات کردم وتت :
ناشێ وابزانی بۆنی شوشەی لێ درابێ
تاڵی پرچی کە پەروەردەی قەیرانی شارستانییە.

## پێم ئاشنا نیت

ئەگەر نیگای حەزی دونیاش لە چاوانت کۆبێتەوە
پێم ئاشنا نیت
هەنگاوەکانت وا ئەڵێن
خەزانە ئەم خۆ بەڕوح دادانە، تەنیا بوونە
بۆ ناخی قوڵایی چوونە دارستانی چەقۆی مەرگی ئەم تیاچوونە
ئەوەتانێ ڕوحی شەڵالی غوربەتم
بەسەر ئومێدی هاتنت هەڵخراوە
مێرووستانە، تێکەڵ بوونی ئەم ئێشانە
ئەوا شەونم ڕێچکەو ڕیزی لێ بەرداوە
قەتماغەی ئەو عەشقەی منی باوەش ناوە
ڕێچکەی ڕووەو خاک و خۆڵی وڵاتتانە
لەونی دلۆپی فرمێسک و گەڵای زەرد و قەتماغەی خوێن
تێکەڵ بە جەستەی خاک ئەبێت
کە پاییز قژی داهێنا، باخەکانتان عەشقی منیان تیا سەوز ئەبێ

گەر پێت وایە گریانی من یادگارێکی ئەو دیوو کەلە ئاوا ئەبێ
پێم ئاشنا نیت
گەر یادگاری پۆپەشمی بێ دەنگی و خەونی ، لێم ئاوابە
یان لات وایە سووتانی ڕوح ئاوازێکی سەر پێیە
ڕەزمستانێکی کێوییە پێم ئاشنا نیت
لێم ئاوابە
ئێش بە قووڵی زامەکانم باوەش ئەگرم
بەرگەی خەمی ئاشنا نە بوونی تۆ ناگرم
لێم ئاوابە
ساڵەهایە تەراوێلکەی نێوان تەنهایی و بێ دەنگیم
ڕەزالەتە ئەم سۆراخ و چەند و چوونە
نە شەکەتی وەنەوزی خەوم بۆ دێنێ
نە شەماڵیش بۆنی هەناسەی تۆم بۆ دێنێ
گەر ئاوابووی لەو دیوو کەلی گەردوونەوە ویستت تاوێک یادم بکەی
تاشە بەردێ، چڵدارێ، ئێسکی سووتاو یاد کەرەوە
ئەگەر هاتی بێدەنگ وەرە
بە بێ سەرپۆش بە پێی خاووس
تولێکی تەنک لەبەر کە ، پاییز ئاسا بۆ لام وەرە
وەرە ئەوسا ببە ئاشنام
سوور ئەزانم بۆچی هاتووی، ئەوسا تامەزرۆی ماچێکی بێ خەوش بێ
ماچی پڕ دەستبەرداری، ماچی بەرزی ڕۆحت ئەوێ
سا ئەو ساکە سەر هەڵبڕە، هەر چوار دەورت لێوی ماچمە
گەڵای زەردی گشت دارەکان لێوی منە
باڵی قوڵنگی کۆچەری ئەو هەوارە لێوی منە
چاوت لێکنێ
گشت بێ دەنگی وەرزی پاییز ماچی منە .

**تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی هاوكاری ژمارە ١٣٢٤ی ٢١ ی كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٩١دا بڵاو بۆتەوە.**

## ڕەزمی پرسە

ئەگەر ئەڕۆی بڕۆ بڕۆ
بەدوای خۆتا گشت کانیاوی هەنگاوەکانی هاتنت هەڵبەستە لێم
دەشتی وشکی هەڵقرچاوی تەنیا بوونم بۆ جێ بێڵە
کانی وشە و ، خامۆش بوونم بۆ جێ بێڵە
ماوەیەکە وەکو جاران ئاوە زەنگی سەردانی باڵات
سەدان کیلۆ مەتری ڕێگام پێ ناپڕێت
خەمی چیم بێ، بۆ لای کێ بێم؟!
هێندەم بەسە هەتا ماوم ئاشقێک بم ، سرک و شێت بم
کەی عەشق بوو بە گەردە لوول ، منیش بەفرم ئەتوێتەوە، ئەبم بە ئاو
خەمی چیم بێ؟
بۆ فرمێسکی دوور بوونی تۆ لە چاومدا بێتە خوناو !
ئەگەر ئەڕۆی بڕۆ بڕۆ
خەمی تەنها بوونم مەخۆ
پرسەی غوربەتێکی قوڵم هەڵگرتووە
پێش ئەوەی بێم بۆ شارەکەت ئازیزەکەم:
لێوەکانم بەو غوربەتە سوور کردووە
خەم لە داری عەشقم بخۆ
وا سێبەری بۆ باڵاکەی تۆ کردووە
تەماشاکە ، شۆڕبوونەوەی باڵای چنار پەلکی خەمە
ڕشماڵ ئاسا خۆی ئەنوێنێ وا لەناخما جێی گرتووە

ئەگەر ئەڕۆی یڕۆ یڕۆ
یڕۆ نیگای زیز و تەنهام چۆن جێدێڵی سەر فراز بە
من نیگاکانم بۆ چییە؟ کە دیداری چاوەکانی تۆم لا نییە
وا بە بێ تۆ سیما و جەستەم وێڵن، ئەڕۆن ، ئەوانیشم جێ هێشتووە
ئەگەر ئەڕۆی یڕۆ یڕۆ
یڕۆ لەگەڵ ڕۆینتدا هەرچیەکت لێ جێماوە بیسووتێنە
من دڵنیام تەنها ڕوحم جێ ئەمێنێ خۆی کڵپەیە و ناسوتێنرێت
روحێک ئازاد لووتکەی بەرزی عەشقی پاکە داناکەوێ
تا پاییز بەهەرەمێن بێ ،خامۆشییەک لەرەی ئاڵای گەڵای زەردبێ
قەت نانەوێ
ئەگەر ئەڕۆی یڕۆ یڕۆ
من لە زۆر شت بە جێماوم
تەنها دڵم بە تۆ خۆش بوو لام بمێنێ
تۆش لە جیاتی پرسەکاری دڵم بکەی
خۆت لە ئۆمزەی گریانەکەی ڕۆحم نادەی ئیتر یڕۆ

## نەورەس

وام ئەزانی شەوێک دێیت و
بە سەر کوختی تەنیایمدا ڕائەبووری
دێیت و هەموو تاریکییەکان شەقار ئەکەی

دێیت و هیچ نەبێ بزەیەک بەسەر سیمای ڕوحما ئەبەی
نیوەی تەمەنم زیاتریش چاوەڕوان بووم تۆ دیارنەبووی
ئیتر تا کەی چاوەڕوانبم؟؟!!
هۆ نەورەسە بێ لانەکان
گەر بهاتبان گوێم لە شەقەی باڵتان ئەبوو
گەر بهاتبان گوێم لە خورپەی دڵم ئەبوو
ساڵەهایە ئەم کاروانە قەتارەتان بەڕێوەیە
وا ئەمشەوەش وەک گشت شەوێ بێ ئێوە سەر ئەنێمەوە
لە جیاتیتان تاریکی دێ و بەسەر دڵما ڕائەبوورێ
دەمەو بەیان کزەباکان گۆرانی خەم ئەلاوێنێت
دووری ئێوەم لێ ئەکەنە ئەو ئاوازەی
پەنجەی گریان بەسەر تێلی شەقامەکانا ئەهێنن.

# کۆمەڵە شیعری دووەم

# مەنزڵی دەوارەکان

## تۆ لە خەمی پیرۆزمای

ئێوارەیە، ئێوارەیەکی سەر شێتە
پڕ باوەشی ئەم وڵاتی هەندەرانە
غوربەت لەسەر هەناسمە
لە باوەشی ئـــەم ئـێوارە تەماوییە
ئـەم ئـێوارە خەماوییە
ئـەم ئێوارە پەرچەم خۆڵ و لـمـاوییە
شێتی لە خوێنما مەوج ئەدا، نیگام پڕە لە شیکایەت
بـەردو داری ئـەم هـەوارە داپـۆشراوە
تەمە تەمە، تەمی سپی خامـۆش بوونی باوەش ئاوە
هێند شەکەتم شـەوم بـووە بە زستانێ
هـەتا ســەر ئێـسـکم سـووتاوە
شانم تـەزیـوو ،خـوێنم تـەزیـوو
ئاگرە سەرمای ڕۆح و گیانە
لـقـی دار بـەڕوو چـەمـانـە
بۆ ئێرە دێ، وا تاریکی بۆ ئێرە دێ

نووتەکی چەخماخە ئەدا بارانی غوربەتی پێیە
باوەشـی منیش والآیە
هاکە بیـنیـت پاڵتـۆیەکی ڕەشـی شـەوم لەبەردایە
ئـەم ئـێـوارە پـڕ ئـاوازە تاقـە ئـێـوارەی ژیانە
گریانی لە دایکبـوونە
ژانی مەرگ و ڕەزالەت و خامـۆش بـوونە
ئەڵێن مـرۆڤ لە هەندەران شــەیدای تەمـە
شــەیدای دووکـەڵی جـگەرە و هـەڵڕشتنی کـوڵی خـەمە
ئای کە مەرگ لە باوەشـی تەنهاییدا چەندە شـۆخ و
چەند ستەمـە
گریانی سـەدەی بیستەمە
فرمێسـکی خۆڵەمێشـیە ئەم ماتەمە
هاوار هاوار چەقۆم لە زاما ڕسـکاوە
ئاواز ئاواز گشـت تاڵەکانی گـیتارم پـچڕێـنراوە
خوێن بارانە
ئاوەنووزەی هەناسـەکان لێوی ماچی داپرانە
وەیشـوومەیە، بارانەکانی هەندەران پڕ ڕەهێڵە و بێ ئامانە
یادگار یادگار بیرت ناکەم
لەگەڵ تۆدا خودی خۆم و ئەم دونیایەش لەبیر ئەکەم
گریان گریـان، بـۆ تـۆ بـگریـم یـا بـۆ دایـکـم
بۆ تۆ بگریم یان بۆ خوشــک و یا بۆ برا
بـەدوای گریانـێـکا وێـڵـم هـەمـووتان لـە باوەش بکا
وادێ بابـێ زەمـزەمـەی لێک جودایی دێ
ئاگرێکی بێ چارەیە ئـەبێ لە ناخا هەڵکرێ
کامە گریان پیرۆز ترە عەشـقە گریان
یاخود کســپەی جەرگی دایـک ؟
کامە ڕەزم بـاڵا تـرە رەزمـی عـیـشــق
یا خـود خـورپـەی دڵی دایک ؟
ســا کـەوایە ئەم نامـەیـە بـۆ تۆ و دایـکم
هـەتا وەکـو لەژیـنا بم بـیرتان ناکـەم
تۆ ئەسـپێرم بە تاڵێ لە قژی دایکم ئەویش بە تۆ
لـە سـاتەکـانی غوربەتا بۆنی پرچی خۆرە تاوکەن
ئیتر ئێوەش من لەبیر کەن

من خەونێ بووم لە میحرابی شەوارە تان ئەتلامەوە
باوەشێ لە تەمی سپی و ئازاری بووم
بۆ یەکجاری ڕەوامەوە.

## بێ ناونیشان

ڕووبارێکی چەند پڕ لەرفە و سەرهەڵگرتوو
بووە بە هاودەمی ڕازت
تێک ئاڵانی باڵاکەی تۆ و پرچی رووبار

جەستەی منیان سڕ کردووە
بوومە باوەشێ گەواهی وام لەبەردەم هەردوکتانا هەڵکورماوم
ئەوەی نیگای تۆ ئەیبینێ هەر کەنارە و هەر ڕووبارە
وتم قژی ئەم کیژەمان دارستانە و ئاڵۆسکاوە
وا بەرامەی تەڕو شێداری ئەوێیە لە تاڵی قژت ئاڵاوە
تەماشاکە هەر نیگایە و بە هەورازی قژی تۆدا هەڵزناوە
تەماشاکە ماندوو بوونە
بێ بیستنی سکاڵای تۆ ئەم ڕرووبارە چەند چەتوونە
ڕۆژ نییە ئەم کەنارانە چاویان بە غوربەت نەڕێژن..
بکەوە ڕێ
لە ژێر هەنگاوی ما ندووتا
ڕۆژ نییە هەورازی سەر ڕێ شەقار نەبێ ،بکەوە ڕێ
خۆر کەوتووە
ئەوا قورسی خۆرەتاویش بۆ هاتنت لەتاوا شەقی بردووە
تەمیش هانای بۆ خەرمانەی نیگاکانی تۆ بردووە
کێ هەیە بەم بنارەدا تێپەڕێت و تامەزرۆی پشوویەک نەبێ
کێ هەیە لەم کەنارانە باڵاکەی تۆی لەبەر چاو و لەیاد نەبێ
مەگەر شاعیرێ چەتوون بێ
ئەو شاعیرەی لە وڵاتێ ڕاو نرا بێ
سا کیژۆڵە تۆ داستانی مۆرەی خەمی هەندەرانت لێ نیشتووە
تازە ملوانکەی سەدەفی ئەم کەنارەت لەملی خۆت ئاڵاندووە؟!
ئاوڕدەوە وڵاتەکەت یەک باوەشێ وەیشوومەیە
وڵاتێ کە شیعر تیایدا ڕاونراوە، سەدان چیرۆکیان سەربڕی
گۆرانییەکان وەکوو خەون بوونە بە مەل ، مەل هەڵفڕی
ئەوەی جێما زیندە چاڵ بوو
ئەوەی سرک و سەرکێش نەبوو ، سەری تیاچوو
لەسەر سنوور ئەوەی نوزەی تیادا مابوو
گیتارێ بوو
ژێیەکانی لە قژی تۆ ڕاکێشرا بوو
ئەی ئیتر چۆن شاعیر نەبێ بە زوخاڵ و کەناریش خەماویی نەبێ
کە هەر تاڵێ لە قژی تۆ هێندە خەمی هەڵگرتبێ.

## ســەرزەنشــت

کـێ وەک ئێمـە کۆیلـەی سـەختیانی ئەم مـەرگە تاسانـەیە
های لەم شـەلالّی قوڕاوە
چ غوربەت و چ مردنێکی تەزیوە ئەم گیاندان و سـەرانەیە
لە وڵاتێ ڕاونراوم هـەرچیم هـەبوو
ئینسـانێک بوو، جێم هێشـتووە
هۆ ئەو کەسـەی لە وڵاتێ خۆشـم ویسـتی و لە هەندەران بەجێت دێڵم
گوێم بدەرێ
هۆ غەجەر ئەسـمەرەکەی دەشـتی گەرمیان
ئەی سـەر قا فـڵـەی ئەسـپی کەحێل جڵەوگرتوو
ئەی قژی ڕەش بەسـەر یاڵی ئەسـپا کەوتوو
ئەی سێبەری یاڵی ئەسـپ بەسـەر ملی ڕێیا کەوتوو
گوێم بدەرێ
زوو بەڕێم کە
بە ئاونگی ئارەقەت بم
بە شـنەی رۆح هەناسـەت بم زوو بەڕێم کە

با ئاونگی ئارەقەت زەنگووڵ زەنگووڵ بێتە خوارێ
ڕاست و چەپی ئەم ڕێگایە بە نیگاكانت بكێڵە
كە پایـیز هات بە تێڕوانین كەروێشكەی نێرگز بشێلە
زۆر ئەبەدی من تۆراوم ئیتر سـەر و رۆح هەڵ ئەگرم
وا ئێستاكە لە قووڵایی مەرگە نووك تیژە كانەوە ئەڕوانم
دوورگەكەت جێ دێڵم ئەڕۆم
بۆچی نەڕۆم؟
كە سـەد ئەوەندەی هۆگر بووین لەیەک دوور بووین
بۆ كەللەی كاسمهەڵنەگرم
ئیتر كە ئاوها تاسـاوم بەقەد ئەوەی بیرت ئەكەم لە بیرتەكەم
مـوشـكلێكم مـەكۆی خەمـم ئاڵۆســكاوم
چۆن ئەسـتێرە لە ئاسـمانا بۆ كوێ لێژ بێ دائەچۆڕێ و سـەر هەڵ ئەگرێ
منیش ئاوها سـەر هەڵ ئەگرم
وا شـڵپە دێ مەوجی خوێنم، ئاگری رۆحم كڵپە ئەكا
یەک باوەشـێ ژانی شـێتم لە ئیحـتیاجـا
بەو ئاواتەی ئاخر شـەڕ و تاڵ و كوێر بم سـەرهەڵئەگرم
ئەڕۆم لەناو تاریكیا چارەنووسـە ڕەشـەكانم سـەر كوێر و ڕەش ئەكەمەوە
سـەرگوزوشـتە ژەنـگاویـیەكان لەناخا بیر ئەبەمەوە
لە وانەیە لە هەندەران تەنها پـێكێک، جگەرەیەک
باوەشـێ خامۆشـی بێنێ بۆ كەسـانێ كەسـیان لەدوا جێ نەمابێ
كەچی وا من خامۆشـی خۆم بە سـووتانی ئێسـک و رۆح و پرچی پاییز
بەدەس دێنم
دەسـا با پایـیز ڕاچەنێ من وا لەپرچی ئاڵاوم
سـەر هەڵگرتووی دوورگەیەكم لە ڕۆژێكا سـەدان جار تیا سـەرپڕاوم

.

## داستانی قژی غەجەرێک

کە مناڵ بووم ،ئەمـووت بریا وەکو تۆ بام
تۆ ئاسایی سرک و شێت و بێ پەروا بام
کەچی ئێستا لەناو بەزمی عەشقی تۆیا کاسەی سەرم خامـۆش بووە
سـەرتاپا رۆح بووە بە ژان
لە چرکەکانی زەمـەنا مـنێ و ڕەنگی عەشقم گرتووە
(سیروان) تۆ کەی وەکو منی!! ؟؟
لەمپەر شکێنە سەرشێتیت لرفە ئەکا !!
گوێم لێ بگرە،تا بزانی ئەم داستانەم بەچی ئەگا
وەسفی باڵا و وەسفی قژی غەجەرێکت بۆ هەڵ ئەدەم
گەر هاتە لات ڕاز و ناز و کوڵی هەڵرشت گوێی لێ بگرە و تووڕەی مەکە
من دڵنیام ئەو هەر ئەگری
زۆر بە نەرمی دەست بەرە بۆ تاڵی قژی گیتارێکی لێ دروست کە
تۆش ئاوازی وە ها خەمگین لێدەرەوە
لەگەڵ خۆتا گشت هەندەران بلەرزێنێ
ئـەو باڵای چنار ئاسایە
وەک خەمەکانی ڕۆژهەڵات باڵای چووە بە ئاسمانا
باڵای خەمی سەرتاپا زەرد ئاو دامانە
ئەو مناڵ بوو هێشتا قژی گەندە تووک بوو
گشت قەرەجە برۆنزییەکان لە ڕۆژهەڵات تا ڕۆژئاوا
هەر یەک تاڵێ لە قژی خـۆی کردە دیاری
قوڵنـگ هاتن قژیان کێش کرد ڕایانکێشـا بە سـەر بەفرا
بە سـەر لووتکە و دارستان و چەم و دەشـتـا
بۆیە ئێستا ئەم کیژەمان دێتە لای تۆ بەس بۆ گریان
بۆنی قژی بە ئاسمانا هەڵئەزنێ، وەک دارستان
ئەم کیژەمان زۆر یاساغە (سیروان) نەکەی ناوی ببەی
نەوەک ناوی پڕ لە نازی بەسەر زمانەوە بزرێ

نەوەک لەرەی پڕ ئاوازی پەردەی گوێچکەی ئینسـان بدڕێ
وەیشـوومـەیە، گەر ناوی بەی
چونکە ناوی کلیلی نهێنیەکانی جیهانە
چونکە ناوی سـەرگوزشـتەی شـەڕی نێوان چـینەکانە
خـۆ ئەو کـچە شـتێک نییە دڵی خۆشـکا شـیـعر نەبێ
گەر هاتە لات شـیعری داسـتانی غەجەری پـێشـکەش کە
خەمەکانی بە ئاوونـگی وردە شــەپـۆل بـشـۆرەوە
نەکەی سـەر شێت بێ ئاگابیت زامـەکانی تەڕکەیـتـەوە
سـیروان نەکەی .

١٩٩١-٥-٢٦

مـیدالـــیا

به میحرابی سەر گڵکۆت بم هەی سـنین
هەستە سەر پێ ، بکەوە ڕێ
واخەریکە گەرد و تۆزی بێ پەیمانی بەر لە بینای خێڵێک لە غەجەرمان بگرێ
مەزارەکەت هەڵتەکێنە
وا جلۆەی ئەسپی سپی گورج و تیژڕەو
لـە ئێمـەوە لای گـڵـکـۆکەت تووند بەدەستی پۆشکینەوە چا وەڕێتە
وەرە ئێرە بگە کاروان
کاروان ما ندوو ،کاروان شـەکەت جـڵـەو بەستوو چا وەڕێـتە
بێ و پـێشـکەوە، بێ و جڵەوی ئەم کاروانە ڕاکێشـەوە
تەماشاکە چلـۆن غوربەت سـەرتاپای ئێمـەی گرتووە
ئەوا لێرە لە ڕۆژهەڵات ، لە هەندەران
عـەشــق یــاسـاغ
شیعر یەخسـیر شـاعیریان ڕیـسوا کردووە
لەم ڕۆژانەی کە تۆ دووری
قژی کچێکی بێ پەیمان بیناقاقای دیوانی شیعری گرتووە
ســیرغی ئەمسـاڵ ئێمەی قەرەج
لە سـەرە رێی کاروانمانا کیژێک هاتووە
بۆ گۆرانی خەمەکانمان گوێچکەی هەڵخست
هاتە ناومان
پرچی شــێواو ئاڵۆسکاو بوو
لە پەنجەمان شانەی قژمان بۆ دروست کرد
شـەپۆلەکانی مردبوو
بووینە باڵدار لە زەریا شـەپۆلـمان بۆ کرد
کیژمان هێنا
بەرگی غەجەر، تارای زەردی وەرزی پایـیزمان لەبەر کرد
کیژ ئاوزەنگی ئەسپـێکی یاڵ ڕەشـی لێدا
کیژ سیمای داستانی هەڵگرت
سـیرغی خۆ من سـەر غەجەری دوا چارەکی قەڕنی بیستم
ئێستاش دەنگی تۆ ئەبیستم
بەڵام ستەمە مخابن لە مەنزڵمان:
بەیانیەک پێش ئەوەی تیشکی خۆر هەڵبێ
بەردم دوان
دارم دوان

ڕووباری سیروانم دواند
باسیان باسی تەفرە  دەری ئەو کچە بوو
باسیان دەرچوون لە نەزمی گشت قەرەجان بوو
بۆ ئەو کیژە عەشقی قەرەج
تازە لە کەللەی دا زابوو کەروێشکەی دەشت ڕەوایەوە
گوڵ کوڵمەکانی خۆی ڕووشاند ،زەردەوە بوو
هاوار سیرغی نا عەشقیمان وەیشوومەیە
دابی عیشقی گشت قەرەجان بریندار بوو
هاوار سیرغی من سەر قافڵەی باڵای شـومـم
ڕۆژی سەد جار لەو ڕۆژەوە خۆکوشتنی تۆ ئەبینم
گریانێکی گەرم ئەگریم
زامی گوللەی مایکۆفسکیم هەڵگرتووە
سەرکێش سەرکێش مەدالیای قەرەجی خۆمـم بەو کچە تیوە بەخشیووە
هاوار هاوار کەژاوەی قافـڵەم سووتاوە
ئەسپم لە جڵەو یاخییە لەسەر هەردووپێ وەستاوە
ئەحیلێنی داوای بۆنی تۆم لێ ئەکا
سا بیگەرێ با سەر خێـڵـێک لە دەس نەدا
ئەگەر هاتی پڕ تاو وەرە
ئەگەر هاتی مشتێ لە خۆڵی سەر گۆری مایکۆفسکیم  بۆ هەڵگرە
ئەگەر هاتی  بەفرسەنگە  دوورەکانا  ما ندوو مـەبە
بە دەروازەی ئەفسانەی یۆنانا وەرە
ئەگەر هاتی لە چاخانەکانی تارانا پشوو بدە
"زامەکانت  بە گوڵێکی شینی تاران  تیمار بکە  (١)
بێ و بگەرێ
کامە دەواری  دەوارستان تەمی غوربەتی لەسەر بوو لێی بپرسە
کام کچت دی گوڵی زەردی  پایـیزانەی لە سەر سەر بوو لێی بپرسە
هەر رێـبوارێ  گۆرانیەکانی  قەرەجی لەسەر لێو بوو لێی بپرسە
کێ ئەڵێ ئەو رێبوارە من نیم.

**(١)   تێبینی حەمەزەکی خۆی:   ئەم  دێرە لە دێرە شیعرێکی وەرگێراوەوە وەرگیراوە کە هی سیرغی یەسنینی  شاعیری ڕووسە.**

# کۆمەڵە شیعری سێیەم

# دەربەنی ئەمدیو دەوارەکان

## ســـــووتان

چەرداخی بەر ڕەشماڵەکەم ئاڵای خێڵـمە
بۆ شـەوانێ ئەمگرێنێ سێبەری بۆ باڵات ئەکرد
سـیمای زەردی ناو رەشـماڵم بەرەو ئەو تیشـکانەم ئەبەن
لە گەرمەتاوی ژیانا خۆیان بەسـەر باڵای تۆیا پەخش ئەکرد
من ئێسـتا سـەرم بە تەمی دوری تۆ سـپاردووە
سـەرهەڵئەگرم و ئۆغر کردنم دووایین هەناسـەی خۆ سـەرپرینە
مەودای روئیامی داگیر کردووە
بۆ ئەو ڕۆژانەی تیایا گریاوین پاییزی مەبە
بۆ ئەوووڵاتەی تیایا سـەرپراین توشـی قەدەری ڕێکەوتم مەکە
ڕۆژگار مەسـپێرە بە قەدەرەکان
نەک هەتا مردن غەریبی بمبا
لەمەراسـیمی ڕێگا و ڕەسـمێکا سرووودێک بڵێ
نەک دەسـتی تیرۆر گۆرانیش ببـا.

١٩٩١-٧-٦

## دیـوار

تێم مەڕوانە
نیگاکانت بە نازەوە هەڵمەهێنە

یەکجار شەکەت و سەر شـــێتم
خوا نەکردە نەوەک ڕۆژێ هۆگرت بم
نەوەک بێم و بە خۆم و دڵی شێتمەوە لەبەر پەنجەرەی چاوانتا لەنگەر بگرم
لێم گەڕێ با سەرە ڕۆ بم با تەنیا ڕێگاکان تەی کەم
نەک هۆگریت سەرایێک بێت
ئاگرێ تر لە ڕۆحی سەر شێتم بەردەم
جادەکان چۆڵن منیش بە پیاسەی شەوی ئەم شارە دەسکەنەی غوربەت
گوڵ بژێر ئەکەم ، دڵە خورپەشمە تا ئەم شەو ئەڕوا
نەک لە مردنی پاڵ دیوارێکا تەمەنمتەسلیم تەنهایی بکەم
شەوێکم نەدی لەرزوتای عەشقت سەر تا پام نەگرێ
نەکرا لە جیاتی دیوار و غوربەت دەستەکانت بێ و توووند دەستم بگرێ
تا وەک یەک نەژین وەکوو یەک نەگرین بە یەکتر ناگەیین
زەردی پاییزیش کاڵتر ئەنوێنێ تا تۆش وەکوو من پڕ پڕ ئەشک نەگری
تۆ لە ناوەندی کەلاوەکانا دڵت تەنگ ئەبێ
منیش کوچەکان دارتێلی بەرزی سەر شەقامەکان ، هاوڕازی وێڵی و تەنهاییم ئەبێ.
ئیتر بەهیوام خەو بمباتەوە چونکە دڵنیام
هەر بە خەون ئەبێ تۆ بێیتە لام و دیوار و غووربەت نێوانمان نابێ.

١٩٩١-٨-٤

# گرانە عەشقە تا

هەناسەت سوار
هەنگاو شل و ڕەنگی پایــیزی زێرینت لێ نیشتووە
هاوڕێ ی شیرین دڵە ساف و بێ گەردەکەت لەم دونیا تاڵە تۆراوە
وا ئەم دونیا پڕ کێشەیە ڕووخساری تۆی داگرتووە
تۆ نازانی ئەو دەمانەی چاوەکانت بەگەرمەتا قوورس ئەبێ
ڕۆحی منیش کلوو بەفرە بەعەزرەتە بە شنەیەک بۆ لای تۆ بێ ؟
هۆ کار ئاسکی باڵا چوار وەرزە بێ گەڵا
ئەم وڵاتە سەر تا سەری تاگرانە
تۆ پروانە.. بۆ چاوی خەڵکی پروانە
بۆ پرسیاری نەخۆشییەکەت خێڵی قەرەجم کۆوە کرد
سەر شۆستە و دەرمانگاکان گەڕام
هەموو پیر و دونیا دیدەی شارەکانم ئاگادار کرد
بۆ ناسینی نەخۆشییەکەت
وەسفی سیما و وەسفی بۆنی قژی تۆم کرد
وتم گرێکی ترسناک لەسەر دوو لێوانی دیارە
بەرەو ژوورە ، بەرەو خوارە
لەدەوری باڵای چەماوە پەلکە زێرینەی ئێوارە
هەناسەی ئەسپی سەرشێتی سەر چیایە
سەرگوزشتەی سەدانناڵی چەتوونی لە ناخ دایە
دەستم دامێنی عەشقتان
چ دەردێکە ئەم کیژەمان تووشی بووە
وتیان زووکە ئەو کیژەی تۆ رۆژگارێکی ترسناکی چاوەڕێیە
هەوری گرانە عەشقە تای غوربەت لەسەر نیگای
بارانێکی پڕ ڕەهێڵەی سەر ڕۆحستانی پێیە
هاوار خەڵکە تا ئێوەش تووشی نەبوونە ڕێم بۆ چۆڵ کەن
ساڵە هایە بۆ ئەو کیژە
دەرمانی عەشقەتای قوورسم لە ناو ڕۆحما هەڵ گرتووە
ئێرە چۆڵ کەن
رۆحی خۆمم لەسەر دەستم ڕاگرتووە

با رۆحی من سەرگەردانی باڵاکەی بێ
با چاوە پڕ لە نازەکانی گەش گەش هەڵبێ
کە خۆری نیگاکانی هەڵهات خوێنم بکەن بە ئارایشت لە بۆ شەوێ
کەوا تیایدا ئەو کیژەمان جلی بووکی لەبەردایە و
لە کەژاوەی بوکێنیا دەرئەکەوێ.

١٩٩١-٨-١٥

## چاوەکانت لە پایزا

خۆم چەتوون بووم
کە تۆش هاتی چەپکێ تەلیسمی چاوانت ڕۆحمی سمی
ئەوا ئیتر لەو ڕۆژەوە ڕۆحم رەنگی چاوەکانتی هەڵگرتووە
رۆژ بە ڕۆژ داومە لە کەمی
ئازاری تۆ لێم ناگەڕێ
من وا بۆ خۆم تێگلاوم ، قژی تۆش دێ و تێم ئە ئاڵێ
خنکاندومی ئەو عەشقە بێ دەنگ و ڕەنگ
سەر ئاوی عەشقی تۆ کەوتووم
شەپۆلێکت بۆ کەنارێ هەڵم ناگرێ و ڕامبماڵێ
من هەر بۆ خۆم گشت پایــیزێک ئەسووتێم و سەرتاپای عەشقم گڕ ئەگرێ
کوڵ و سەر کوڵ.
هەناووم پڕ هەنسک ئەبێ.
بێ کەڵک ئەبم دڵم تەنگ و ناسک ئەبێ
ئەگریـم ئەگریـم بە کوڵ ئەگریم..
بۆ کوێ بچم ئەم پایـــیزە!!
کەی من بەرگەی مەرگی گەڵاو تیشکی زێڕینی تۆش ئەگرم ؟؟!!

١٩٩١-٨-٢٧

# مــن و تــۆ

خۆ من و تۆ هەرگیز بە یەکتری ناگەین
وەک دوو هەورین دوو ڕوو لەیەکین
دوو بــا پاڵمان پــێوە ئەنێ، دوو دەریاش لە کۆڵمان ئەگرێ
کە تێکەڵی یەکیش ئەبین هەر خەیاڵە بارانێکمان لێ نابارێ
خـــۆ مــن و تۆ کەسمان لەوی ترمان ناگەین
تەنیا کە یەکتر ئەبینین چاوەکانمان شیعر ئەڵێن
وەک دوو لاڵین لە خێڵ جێماو
دوو سەرەڕۆ دوو ژێر پاژنە زبر و خوراو
وەک دوو ڕێبواری بەشخوراو دوو عاشقین
هیچمان نییە دڵمان خۆش کا عەشق نەبێ
هیچمان نییە ئەم زستانە دایگیرسێـێـنین چاومان نەبێ
دە پاڵتۆ شڕەکەت هەڵبگرە بەرەو بازاڕ چەترەکەمان لەبیر مەکە
بیاندە بە چەند دینارێ
با هەردووکمان سەر هەڵـبگرین
تا بزانین خۆری ئێمە لە چ کوختێکی خۆر ئاوا ئاوا ئەبێ ؟!

١٩٩١-١٠-١١

## گـەشـــت

گەڵای شـۆڕە بییەک نەبووم لە شـوێنێ دوور
لە کیشـوەری بەفر پۆشـی ئەوسـەر دونیا
وردە بەردی شـاخێک نەبووم لە دوورگەیەکی ناو دەریا
قوڵنگ نەبووم شـاهۆ نەبووم
نەبووم بە نەرمە پەڕێکی دەم با
هەڵم بگرێت وەکوو زۆر شـت منیش ببا
هۆ کەشـتیەوان دەریا کپە، شـەپۆڵ خامۆش
هەتاو کیژێکی عاشـقە، شـەماڵ بۆنی قژی کراوەی ئەو دێنێ
دەنگ گۆرانی مەلەکانی ئەو ناوەیە
هەر وا مەلەو بە ئاوازی خۆی ئەخوێنێ
هەڵم بگرە بۆ ئەم گەشـتەت منیش بەرە
لە کوێ دوورە بەجێم بێڵە
گەر دوو عاشـق سـەرمایان بوو بمسـووتێنە
گەر دەریاش بوو بە جێم بێڵە
ئەنگوسـتیلە و سـەعاتەکەم لێ مەکەوە تۆ ئەڕۆیت و با دوو ماسـی
بە دەورمدا خول بخۆن و یاری بکەن.

١٢-١٢-١٩٩١

## ئـــەڕۆمەوە

شـەو نییە یەک باوەش لە خەونی کایی
بە هەوار و بە ڕەشـماڵ و بە تۆ و ڕێگاکانەوە نەبینم
دەسـت لە ڕۆحی خۆ بەردانە خەونەکانم
لەو شـەوانە سـەرماترم کەوا تیایدا پشـتمان بە شـێباکەی (سـیروان)

شەونم باربوو، شانمان تەزیوو ناوچەوانمان وەکوو پشکۆ داگیرسابوو
ئەو شەوانەی دار ئاگری لە باڵای سەوزی بەر ئەدا
بە دیاریەوە چەند شەکەت بووین چاومان لە یەکتر ئەخلیسکا
هەر لەوێ بوو زەوی عەشقم بۆت شەقار بوو
هەر لەوێبوو کوانووی ئاگر
ڕەشماڵی شڕ هیلالی سوور لێ بار کراو
فەرشی خوڵمان چرای قوتوو
چرای شووشە هەتا ناو قەد نەوت پڕ بوو
هەر لەوێبوو
توورەکەی نان
سەرینی پڕ لە جلە کۆن
دوو بەتانی
سنووقێکی بەتاڵی سێو لە سوچێکی ناو دەوارا
ماڵ و حاڵ و ژیانمان بوو
هەر لەوێ بوو
تاقمی چامان نەسەماوەر نە پیاڵەی زەڕللی نەخشاو بوو
پیاڵە قوتووی ژەنگ لێداوی ماسیەکانی یارمەتی بوو
دونیا هەمووی وەک خەون بوو
من لەێ بووم بە چاوەکانت هۆگر بووم
بۆیە ئێستاش چاو لێک ئەنێم
وەک بروسکە بۆ ناو خەونی
ڕەنگی کایی و ناو دەواری عەشقی تۆ دێم!!

١٩٩١-١٢-٢٧

## شــەوێکی پەمەیی

لێو عەودالّی زوقم بار بوو
بەڕادەی مەرگ و ترازان ئێسک خاش بوو
درز شەقار، هەڵ وەشانی تۆری تەزوو
شەو پەمەیی
شەومان خامۆش
دونیا پێکی شەرابی خەستی ڕژاو بوو
مـۆم باڵای زەڕافـە ئاسای لە ئاسمان بوو سەمای ئەکرد
بست بە باڵا شەو لە کراسی ڕووناکی یەکانی دەر ئەکرد
هەتاکوو تاریکتر بایە
دەنگی تۆ ناسکتر ئەبوو
شەپۆلی دەنگەکان پچڕان بەس لەرەی تۆ تێ هەڵ ئەچوو
ڕەنگەکان ئەپاڕانەوە لە ملیان کەی
ئەو شەوەمان سەر هەتا پێی پەمەیی بوو
پەردەی پەنجەرەکانت لادا
بارانێکی نەرم باری ئاواتێکت لە دڵما چاند
کە دوور نەبێ
لەم شەوەوە تا هەتایە خۆشتم بوێ.

١٩٩٢-١-١

## کلـۆری عەشـق

کەوتمە کێشـە
کێشـەی شـوێن و کێشـەی کاتی چاوپڕکەوتن
کێشـما کێشـە شـارەکەی تۆ
سـنگی نەرمی قامیشـەڵانی لێ ئەڕوێ
دڵم گرتووە بەدەسـتمەوە
چاوم پڕ بووە لە ڕوانین
چاو ئەگێڕم لە شـوێنی پاک لە سـەر ڕێگای حوزور هێنان
بیکەم بە فەرشـی هاتنەوەت
بە ئاگادێم دڵم بووە بە بێژەنگی ژەنگ هەڵهێناو
خەڵتانی دڕک و چەقۆی قامیشـەڵانە ئەم دڵەی من
هاورێم نەما لێم نزیک بێ و شـەوێک لە دەرگاکەی نەدەم
جامی کوپەی ماڵێک نەمـا لێوی تینوومی بۆ نەبەم
وەرزێک  نەما کە من تیایدا نوێژی پایـیزیت بۆ نەکەم
لەوەتەی عەشـقم بۆ ئەکەی بە ملوانکە من وێڵ بوومە
ئەگەڕێم بۆ ناوی خۆم و قامکی دڕک بژێری تۆ
من ئەبەدی چاوم بۆ عەشـقت هەڵهێنا
قور بەسـەر دڵی تەزیووم
گۆشـە نەما جێی ڕمی عەشـیرەتت نەبێ

چیبکەم ئیتر چاوەڕێت کەم ؟
(کوێ) ت پێباشە تا من لەوێ چاوەڕێت بم
لە کلۆری کامە داری سەرە ڕێگای سلێمانی چاو لە ڕێت بم ؟
ئەی چونە تۆی جێگای نوستن دەستەپاچە بە نەفرەت بی
عەشق ئەوەیە لە کلۆری دارەکانا شەو بەسەر بەن
هێ ی پیاوانی بە پیاوەتی سەر نەخشێنراوی وڵاتم
ئێوە هیچ یەک ژنەکانتان مارەی لێتان نەهاتووە
هۆ کورینە، هۆ کچینە، شاگەشکە بن ئێمە هەر هەمووومان زۆڵین
سەرابین گوریسی مەرگین مێردەزمەین خەونی یەکتر ئەخنکێنین
سواری با بن
زریان تاو دەن
شاخ پروخێ کای ئاوی تیادا نەبێ
ژین بسووتێ
جۆگا عەشقی لە چاوانییەوە سەر نەبێ.

١٩٩٢-١-٣

## کورتە شیعر

## چــاو

چاوەکانت دوو ئەستێرەی ئەودیو ئۆقیانووسی بەفرن
دوو پەپوولەن
لە سەر یەک گوڵ ئەنیشنەوە
بە یەکەوە هەڵئەفڕن

## شــــــەو

ئەو شەوانەی کە فرمێسکێ
پێڵووی چاوی بەجێ دێڵێ
لەو دیوو شووشەی پەنجەرەکەم
فریشتەیەک ڕائەمێنێ

## گــــــەڕان

زۆر جار بێ تۆ هەنگاو ئەنێم
سێبەرەکەم لەپێشمەوە بۆ سێبەری تۆ ئەگەڕێ

## چۆڵـەوانی

بیابانێکی وشک نیم تامەزرۆبم بۆ بارانێ
دارستانێکی زۆر چڕم
لانەی هوزارەکانم چۆڵن

١٩٩٣-٣-٩

# ئـاور

شاخ دوو باڵی کۆتری سپی
داری قەد پاڵ تەوقەو میرووی قژی ئەوە
ئەمشەو بەفری تر ئەبارێ
هەر بەو بەفرە (دەربەن ) قژی خۆی مێش ئەکا
هەنگاو خرچەی بەفری قوراوی دەمڕێیە
ئەوا منیش بیرکردنەوەم بۆ بینینی چاوەکانت شتی پێیە
هاتووم بۆ لات دەریشم کەی پێیەکانم هی خۆم نییە
دڵە ڕاوکێ و کزەی سەرماکەش قوتمەدەن کەچی هەر دێم باکم نییە
عەشق هێندە پڕ لە تینە خوێن بەرەو سیما سەر ئەخا
هەنگاوێکیش باکی نەبێ دۆڵی دەربەنی هاتنیش پڕ لە سێڵاوی بەفر ئەکا
کە ئەهاتم رۆحم تینوو فرتەی دڵم چۆلەکە بوو ..

لەناو مشتی مناڵێکی چەتوونا بوو
گۆرەپانی هیچ شەڕێکیش وەک ئەوسای من سەربازێکی ترسنۆکی تیادا نەبوو
نەبوو ..
نەبوو .. گیان بەوە بوو پێیەکانم هی خۆم نەبوو
بەڕێت خستم هەنگاوەکانم لە گریان ژیربوونەوە
کەوتمە سەر ملی رێگاکەو بە یەکەوە تواینەوە
بیرم هەر لە لای گریان بوو
کە بەر یەخە و دەستم تەڕ بوو نیگایەکی ئاسمانم کرد باران نەبوو
ئاورێکم لێ دایتەوە بزانم هێشتا وەستاوی!؟
ئینجا زانیم باران نییە
یەک دوو دڵۆپ فرمێسکی خۆڵەمێییە
لەو کاتەدا بەڕێت خستم لە چاو زایی

١٩٩٢-١-٢٣

## تیـرۆژ

ئەم هەنگاوە مـلمـلانێی هەڵنان ئەکا
تیرۆژی تیرۆژی ئەم ڕەشـەبایەسـەر سینگی بەفری تازە یاری ئەکا
زریـــان زریـــان
ئەی خواوەندی ئەڵقەی پەنجە
کچی ئۆرانۆسـی مەزن ، منیمـۆزین(*)
لە وڵاتی بەفری خەتەر عــەشق بەنانەوە ئەخورێ
عەشـق ئەبێتە هەناســە و بە ئاسمانی چاوا ئەفڕی!!
زریان ئەڵێ لەو ساتەوە شـەوی سپی دوو عاشقی بێ چرا و بێ نانم دیووە
بووم بە تابلۆل بووم بە پۆستەر
لە پێشانگای دەروێشیا هەڵواسراوم
سـەیر کەران دێنە سـەیرم
ئەوا کچێک یاری لەسـەر ژێیەکانی شیعرم ئەکا
سا خەڵکینە ورد ڕوانن
لە هەر سووچێک تارمایـیەک گرمۆڵە بوو تێی ڕوانن
بزانن لاشـەی شاعیرە و شیعری قژی کچێک ئەیخوا!! ..

١٩٩٢-٢-٢

**(*) تێبینی حەمەزەکی خۆی : منمۆزین لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا ناوی هاتووە گوایە کچی خواوەندی ئەڵقەیە واتە ئۆرانۆس.**

## ماچـە قەوزەی ڕەژوو

زیزبوونی تۆ شــەختە قەوزەی ڕووباری ئیسـتوای منە
شـەپۆل خنکاو
خوڕە و هاژە سـیحر و ورشـــە خامۆش ئەبێ
پرچی کانی
لە سـەر سنگی تاشـە بەردا ئەبێ بە قـژ
قەف بە قەفی هەڵ ئەوەشـێ، کەف ئەچڕێ
سـەراپا سـەری دارسـتان شـەختە ئەگرێ
پڕ لە سەدای شێتانەیە ئەم کەللەیەم
خەو نایگرێ
ئەی خواوەندی ئیمپراتۆرەکانی قەرەج خێڵ با کۆ بێ
خۆ من هێشـتا خەونەکانم نۆبەرەیە، بەرمەمکەیە
نەک شـەوە بیانباتەوە با شـیعر شـەوارە بگرێ
ئاخر زیز بوون شـاخ نایتوانێ
بەفر لە بەریا ئەلەرزێ
منیش دڵم بچکۆلەیە کە وڕکی ماچم لێ ئەگرێ
خـۆی لە قەوزە
خـۆی لە ڕەژوو هەڵ ئەسـوێ
بە هەر دوو دەسـت سـەر و قژی خۆی ئەڕنێ.

١٩٩٢-٢-١٣

## سەمای زیوین

شەپۆڵ سانا
هاڕەی خاش بوونی عەشق دێ
پێست بەڕەنگی سکڵ و ڕەژوو
هێشتا کەروێشکەی دەروێشی خرچەی شکانی شەختەیە
هێشتا هەتاو و ئەرخەوان
ڕستی میرووی سەر لانکی ئەم یەختەیە
فلووت شێلە ئەم ئاوازە ،تێکەڵ بوونی دە پەنجەیە
تۆش ئەژنۆ کەت توونت تر لەسەر سییەکانم ئاخن ئەکەی
لانەواز و تەرییم ئەکەی
هێشتا لە خوار ماڵتانەوە خۆر هێمنە و ئاوا ئەبێ
کە هەوریش سەرچۆپی ئەگرێ تولێکی سوور لە دەست ئەگرێ
هەشتا هێشتا لەسەر یەک تر کەڵەک ئەبێ
منیش هێشتا چاوەڕوانم لە گەڵ لێوی یەکەم ماچتا لە یەک بچین
هێندە سەمای زیوین بکەین هەتا رۆحمان تێکەڵ ئەکەین.

١٩٩٢-٣-١

## کەناڵ

ڕووبەر چڵکن، مێژوو جار جار باس لە دەلاقەکان ئەکا
بەر لە ڕۆژە ژەنگاوییەکان
بۆ کەلاکی دیوارەکان ئەمە جێگای دەلاقە بوو
ئەلێرەوە شەماڵەکان ئەهاتنە ناو سیەکانی ژیانەوە

هەر لێرەوە چاو بینی بە هەوارا ئەنا
خەو پەنجەکانی ئەتەقاند
خەونامەکان چەند جووت لاقی ڕاوەستاو بوون
پاژنەی سەرێک لە هەوریدا
ڕۆح نەترسا
بەناو ئازاری نینۆکما گەیشتمە تۆ
پەنجە بۆ ژێ
ژێ بۆ دەنگی گۆرانییەکان
دەوار جێگا عەشقی خێڵە
ئاگاداری پێستی خۆمم بۆ خۆرێک و توانەوەی گەواڵەکان
شەقار بوومە
ئەگەر مشکێ هاورێم بوایە
زووتر بارانەکان ئەبارین
ئەگەر نانێکم پێ بووایە سەگ وەڕێکم خامۆش ئەکرد
ئەوسەری گشت شەقامەکان کەناڵی زێرابەکانە
کەچی هێشتا بێ شەقامێ بەرۆکی خۆی دائەدڕێ
شەلاڵی چڵکاوەکانیش بم
لەم هەناسەی شەهوەتاتە پیرۆزترە
لە جادە بێ شۆستەکانا ئەگەر بمرم
لە شەهید بوونی دوورییەکان مەزنترە.

١٩٩٢-٨-٣

## سێبەری تاریکییەکان

بەپشکۆی خەمەکانم یاری مەکە
نەمئەزانی بەرەو مەرگە هەڵوەشاوەکانم ئەبەی
ئەم گریانە شێتانەی من پڕ کراون لە پێکەنین
لەناو قەدی ترازانا ئەڕوانمە یەکەم بینین
ئەوانەی وا توانەوە خۆرەکانی ئێوارە بوون
کراسی ڕەش مەکەنە بەر گوڵاڵەکان با بەهارەکان نەتارێن
ئەوانە کۆمەڵێ خەونن لەناو کەشتیەکی سپیدا بیانبینین
بەناو دەریای ماچەکان بەرەو لای من ئەتانهێنن
ئەی تۆ چەپکێ لەو پایزەت بۆ سەر کام گۆڕ هەڵگرتووە؟
دیسان لێوی شەبقەی ئەو پرسەیەت
لە سەر سنگی کامە شیعرم ڕاگرتووە؟
من دوورییەکان هەڵمئەگرن
یادگارەکان فرمێسکەکانم ماچ ئەکەن
بینینەکان دەستم ئەگرن جارێکی تریش دێمەوە
دیسانەوە پەنجەکانم ئەخەمە سەر ئێوارەکان
پەنجەرەکان دامەدەوە با تاوێک شنەی شەماڵ بێ

نەک تەنهاییم بە سێبەری تاریکییەکان زوقم باربێ
هەست ڕاگرە بەیانییەک بەردەمماڵتان
چەند سەد شیعری لێ وەستاوە
قژیان شانە
قردێلەی سوور یان پەمەیی
میرووی شینی بەپەتی ڕەش لێک بەستراویان لێ دراوە
شەقامەکە سەیرانگای مناڵی شیعرە
دارتێلەکە
جولانەوەی کەژاوەی شیعرە
ئەو پەردانە دامەدەوە نەک پەنجەکانت هەڵوەرێن
ڕێگاکان هێشتا مناڵن هاتنەوەکان بانەشێوێن

# ساڵێکی تر

لەوەتەی تۆ بەجێتهێشتووم
شیعریش دەرگای وشەکانی لێ داخستووم
ئەم هەوارە
پێش لێکنانی ئەم کۆچبارە جێی عەشق بوو
باران تەنیا بەسەر باڵای من و تۆیا دای ئەکرد و
هەتاو نێرگزی مەست کرد
شەماڵ هەمووی بۆ قژی تۆ
بێ دەنگییەکان بۆ ڕۆحی من
*
لەوەتەی تۆ بەجێتهێشتووم
دڵم بەکەس ناکرێتەوە
لە باوەشی خەونەکانا بەشەوەکانا دێمەوە
یادگارەکان پەنجەی سۆزیان ئەخەنە ناو کاکۆڵمەوە
پێڵوەکانم تۆم بۆ دێنن
جارێکی تر قەشەکانی کەنیسەی تۆ
شەهادەتی عاشق بوونم بەسەر زمانا ئەهێنن
*
نا کەچ نابێ ..ئەم هەنگاوە زۆر ئەستەمە ئەگەر شل بێ
زەمزەمەی ئەم دەروێشییە هێور نابێ
تا زام هەبێ ئازار هەروا لەدیار سەرە
هەتا تۆش لە من زویر بی
شیعریش هەروا لە خەتەرە
گەر کۆچیش کەی گریانەکان هەر ئەمێنن
ئێرەش چۆڵ کەی یادگارەکان دێنە وێزەم
شەوارەکەی سەری ساڵی ساڵی پارمان
هێشتا ئاونگی لێ ئەتکێ
لە جیاتی مۆم عەشق ئەسوتێ
ئەو شەوارە شەرابیە هەموو ساڵێ

پێکی تازەی لێ پڕ ئەکرێ

*

ساڵ دێ و ئەڕوا ناتوانم لە دڵ دەرت کەم
دیسانەوە لەم شەوەوە
توێشووی عەشقی ساڵێکی تر لەمل ئەکەم

## ساڵی خەزان

ساڵی خەزان
ساڵی لە یەکتر داپڕان
کەس نازانێ فرمێسکەکان چییان ئەوێ؟
ڕەهێڵەکان بۆ وا شێتن؟
گریان بۆچی چۆڕاوگەکان ئەتەزێنێ؟
بۆچی کانی بەسەر تەرمی گەڵاکانا ئەم شیوەنە ئەنەخشێنێ ؟
لە کزەبا ڕائەمێنم

سەرسام ئەبم
کۆچ لەناو لێک داپرانا بۆ کوێم ئەبا
ماڵ گرتنی دەروێشیمە ئەم هەناسەی غوربەتانە

ئەم سیناریۆی داپرانە با تەواو بێ
سەرم ئەنێم بە قژتەوە
تاڵ تاڵ یەک یەک لایان ئەدەم
هەر تاڵێکی شیعرێکی تازەی لێ ئەدەم

نەرمەباران عاشقەکانی خۆش ئەوێ
چراکان و
شۆستەکان و
تارماییەکان سەما ئەکەن
شەوارەکان گوری پیاسەی شەوێکی تر
بە دڵی عاشمان ئەدەن

## ماڵتان ئاوا

ئەمجارەیان برینەکەم یەکجارییە
لەڕەگەوە ترازاوم شەو هەتیو بار خەونەکانم هەڵئەلەرزن
سەرمایانە بۆ تۆ ئەگرین
سەرقاڵ مەبە لەگەڵ پەنجە ترازانا خۆم و هەموو خەونەکانم
بەجێت دێڵین
مەنزڵێکم هەر شیعرێکم تاڵێ قژی لێ ئاڵاوە
دوا هەناسەم لەسەر لێوە
ئەوەی پاش خۆم بەجێی دێڵم چەند شیعرێکە
ئەویشم بۆ تۆ داناوە
ئەمجارەیان بێ گیانەڵا بە بێدەنگی بەجێت دێڵم
گەر تەمەنیش خەراجی عەشقەکەی تۆ بێ من بۆم نییە رێی پێ نەدەم
ئەمجارەیان یادگارەگان ئەپێچمەوە هەڵیان ئەگرم
یادی ژیان یادی ئەوەی ئەهاتمە لات بەس بۆ گریان

باسی شـــەوان
ئەوەی دەوار فێری کردین
دڵۆپ .. دڵۆپ فرمێسکەکان کە بۆم ڕشتی
سـەرینی تەڕ بێ هۆشی تۆ
زەنگۆڵ زەنگۆڵ ئارەقەکانی پاش شێلان
تاوێک لای من تاوێک لای تۆ
یەک جگەرە بۆ هـەردووکمان
جام بەجامی ئەو ئاوانەی بە هەورازی سـەر دوو ئاو و زێی سـیروانا
بۆ قژی تۆ سـەرم شوێن پێی بەفر و قوڕی دەربەن
گشت مەنزڵی ئەم دوو شـاری دەوارەکان هـەی ئافەرین
تەسـلیمی مەرگەسـاتت کرد!
ئەمجارەیان ئەو جارەیە نەک هەر تەنها خۆت دوور ئەگری
حـا شـا لە بوونی شیعر ئەکەی
خەمم بەگریان بار نـاکا هـەر چییەکم بۆ دانا بووی هەمووی سووتا
چل هەناسـەشڕەگی ئازارێک دەرناخا
بە کام هەورازا هەڵزنێم؟
لە کام ڕووبارا بخنکێم ؟!
لە سێبەری کام دەوارا بۆت بگریەم!
ئەمجارەیان ماشـەی گەرمە وشـەکانت بەدڵما دێن
مەودام نییە چاویش لێکنێم
نا .. نا هەروان ئەم ژانانە تا ئەسوتێم
دابی خێڵم ناشێوینم خۆشی لە خێڵ لەگەڵ شیعرا بۆت ئەسوتێم
خۆر کە هەڵبێ کز ناسوتێ ئەوسا خۆرە پڕ شەتاوە
کە تۆش دوور بی ئیتر لای من هەر دوورییە گرنگ نییە چەند هەنگاوە
ئەمجارەیان کە هەوارت لێ چۆڵ کردم کوێ خەتەرە
کامە ڕەنوو بێ ئامانە من وا لەوێ
یاخیم لە شـەو یاخیم لە تۆ باکم نییە
تەمەن سـەودای خۆ کوشـتنە
بەس پێم خۆشـە لە سێبەری باڵاکەتا مەراسمی بۆ سـاز بکرێ ئەم مردنە
تێم پروانە
کەرنەڤاڵی دەست و مل چاو کردنە
ئەمجارەیان دوایین جارە
بەس ئەوەندە لام چۆڵ مەکە تا ئەسوتێم

دەســتی عەشـقێ بەســەر هەنـاسـەما بێنە
دوا هەناســەت لەگەڵ چــەپکێ گـوڵـــی سوورا بەســەر ڕۆحما ببـارێنە

١٠-٤-١٩٩٢

## مـن لاتانم

**ئەم شیعرە بەبۆنەی ماڵئاوایی کردنی کاک ئازاد ڕەشیدەوە نووسراوە کەلەبەرواری ١٩٩٣/٦/٢**
**دا بوو بە کارەساتی کارەبابوون لەکارگەیەکی خالس، بۆ دواجار چاوی لێک نا.**

هیچ ڕۆژێکی تەمەنی شــووم وەکو دوێنێ
تامەزرۆی بینیینتان نەبووم
ئەوا هـاتم وا گەیشـتم
وا بارانێک غوباری غوربەتەکانی لەســەر چاوانم شــتەوە
بە بینیینتان ســەرم مەســت بوو
باری قورسـی شــانم ســووک بوو
هـەر دوێنێ بوو ئەمانە گشــت لە باوەشــی دوێنێما بوو
کە جێم هێشــتن نیگاکانم دوو ســپاردەی لاتان دانا
(پەیکار) ، (گوڵان) دوو ئەستێرەی ئاسمانەکەی شــینی بابە
بە داخەوە ســەد مخابن عەســری ســبەی
دوو فرمێســکی یاقووتی ســوور

دوو جێ چڕنووک لەسـەر گۆنا
دوو سـەد کونی جەرگی سـوتاو
دیوانێکی پڕ لە شیعر لە دەروازەی تەختە بەنی بەر میحرابی خێڵما جێما
من ئەمزانی دووا هاتنم چی جێدێڵێ
توولی خەفەت بەسـەر قژی خۆڵ لێ نیشـتووی هاوسەرەکەما ئەهێنێ
ڕەشـپۆشـێکی چاو پڕ ئاوی پڕ لەکەسـەر
دەس لەسـەر شـانی دوو مناڵ بەجێدێڵێ
شـەو پڕ چەرەی باس کردنی مناڵیمان
دوو سـەد شووشـەی پڕ لە عەتری خۆشـەویستی
بۆ باوکی (ڕاڤێڵ )جێدێڵێ
من لاتانم ئەزانم کە بیرم بکەن
گوێ بۆ سەدای کامە گۆرانی شـل ئەکەن
کپ بنەوە من لاتانم
نەوەکو قرچەی دەروونتان کۆرپەکانم لەخەو بکا
نەک سـبەینێ ڕەنگی چاویان چاو لە ڕەنگی پاییز بکا
نەک قردێلەی توند بەسـتراوی دەسـتی دایکم
دەسـت لە یەخەی (پەیکار ) بکا
کپ بنەوە من لاتانم
ئامانەتی بزە و خەندەم لەسـەر لێوتان جێهێشـتووە
دوو بەهاری تەمەنی خۆم
بۆ سـاڵانی پاییزیتان جێهێشـتووە

١٩٩٣/٦/٢٣

**تێبینی حەمەزەکی خۆی : پەیکار و گوڵان تاقە کچ و تاقە کوڕی جوانەمەرگن.**

## فرمێسکە شکاوەکان

لەوانەیە ئەم کولبەیە کورەی توانەوەی من بێ
ئێرە ئەو کوختەیە منی تیا ئاخنراوم
ئەوەتانێ بەژێر دەریاکانا ڕێ ئەکەم بەرەو نادیار
لە نادیارەوە دەستی مناڵی ئەگرم
هەر بە تەنها مناڵییەکان لەگەڵما دێن بۆ شوێنە دوورەکان
بۆ کولبەیەکی تاریک
هەر مناڵییەکان ئەمباتەوە بۆ لای دەزگیرانەکەم
ئەو دەزگیرانەی لە مقەبا بۆ خۆمم دروست کرد
کە مردن دێتە دیار سەرم
پەیمان ئەبەستم بگەڕێمەوە
تا لەوێندەر جارێکی تر گەورە ببمەوە
دەنگەکان ئەکەونە جووڵــە ئەبنە کەڕەنایەکی ناخۆش
دەنگەکان کاڵ ئەبنەوە ئەبن بە دەنگی هاوڕێکانم
فەلسەفەی پیاوێکی مناڵ
فرمێسکێک ئەدا بەلێوەکانی مقەبایەک
نازانم ئەکتەری پیاوەتی بێپەردە و دەمامک چلۆنە؟!
نازانم بۆچی وا ئەسیرە ؟
بۆچی وا سەرابی و گوناهە؟!
دەزگیرانیم لەم دیوی خۆمەوە بووە بە بەرد
لەو دیووی ئێمەوە وڵاتێک بووە بە بەرد و مێژوویەک بیر چووە
زوو هەڵئەسم ئەڵێم ئەڕۆم
بیرم ناچێ و هەموو شەوێ بە ناو درزی دەرگاکانا ئەڕۆمەمە
سبەینێ دێ لەجێی خۆمم چاو ئەگێرم تا شەوێ تر بەقافی یڕۆمەوە!

١٩٩٤/٦/٣٠

نــەء

بارانەکان ئەرخەوانی ئەچنەوە
گریان دەروێشێکی شێتە
کە گوڵ بە هێلانەی مەل ناگا فڕین باڵای ڕێگا ئەسمێ

شــەویش کراسێکی مۆرە گوڵاڵەکان ئەتارێنێ
هەتا قامچی پشــتی زەوییە دەروونییەکان ماچ کاتەوە
دار بە ئاوی خۆری قەرەج باڵا ئەکا
کەرنەڤاڵی ســاڵی پاییز
نووکی گەڵا تۆقیوەکان لە دەشــتایی دڵ ئەچەقن
قەوزە گرتوون بەردە شۆری دەم کانییەکان
خەو مناڵێکی بزر بوو!!
چاوەکانم دوو مێروولەی قاچ شــکاون
لە ســەر پەردەی پەنجەرەکان هەڵئەلەرزن!!
هاتن تینـــــــــوو
دەریا لێوی بەماچـــی قور ئەتەزێنێ!!
کە هەمانە بەتاڵەکان عەشــقیان ڕژان کەرنەڤاڵ بوو
ڕێگاکانیش بۆ شوێن پێیەک هەڵئەوەشان
قەرەجنامەی قەڕنی عەشقم لـــێ بزر بوو
هاوســێ نەبووین شارەکانمان هاوســێی یەک بوون
لەجیاتی چاو دوو پەپوولە هەڵئەفڕین
ئاوێنەکان چەندە خاش بن عەشقەکان زاووزێ ئەکەن
بەرد و ئەفســوون
کەنار بەرەو گەردنەکان
فڕین خەو بێ بەردیش شەوەی نهێنییە
هەرچی کەنداوێکی لابێ هێشووەکانی مەرجانییە
کێ ئەفغانی ناوچەوانی شەتەک بدرێ گشت سبەینێکانی شەون
کـــێ بتوانێ مەراسمێ بۆ مەرگی من ئامادەکا پەنجەکانی سەوز ئەبن
گرینەکانیش تەزیون عەشقەکانیان بەدەست ڕادا
ئەم ڕێیە خۆی بەردەڵانە!
کێ گەردنی برینەکان ئازاد نەکا برینێکی لەدڵ نییــە
کە پەنجەرەکان دائەخرێن دیوارەکان پێئەکەنـن
دەرگایەکیان تیادا نییە!

١٩٩٢/٧/١٢

# كۆمەڵە شیعری چوارەم

# ســابات

سەرپرینی خۆر

سەردەمێک بوو ..بەر لەئێستا
گەواهییەک لە گیرفانما جار نا جارێک نووکی پەنجەی ئازار ئەدام
شەو لە ڕێگای فەعالییەت و گەڕانەوەم
ئەهاتە ناو تووکی سەر و لەسەر سینگم نەخشی تابلۆی
مناڵانی ئەم گەڕەک و ئەم شارانەی ڕەسم ئەکرد
سەردەمێک بوو..لەدوای ئەوەی ئەفکاری ناو عەمامەکان
ویستیان بێنە مەیدانی من بەراورد و زۆرانبازی و چی و چی
لەگەڵ مندا ساز دەن
منیش ماندووی ڕێی نەسیج و خەستەخانە و گەڕەکەکانی
پشت قەڵا و قەراغ شار و یا سەرقاڵی دیدەنی ناو یارانت بووم
زۆر تەییار و ئامادە بووم
مەجبوور ئاوام ئەدایە بەر تیشکی خۆر و
ئەمشەو شیعرێک بۆ دارەتوو و سبەی شەویش لەناو چرای
بنەسڵاوەی تاریکییا فتیلە بووم
من گرەوێک هەموو ڕۆژێک سواری کۆڵ و شانم ئەبوو
بەیەک بۆ ئەکرد و شانی خۆمم ڕائەوەشان
لەمیدیا بوو قوتبەکانیان من ناوم نان
هەر ئەوکاتە سوێندێکیان خوارد لەگەڵ خۆرا بەیەکەوە بمانکوژن
کاتێ وشە سەرئەکەوێ
جەستەی ماندووی دەیان هاوڕێی وەکو ئێمە خەڵتانی سووری خۆر ئەبێ
من شاپوور و منیش قابیل
ئێمە وەکو مەغریبەکەی هەژدەی ئەیبریل داگیرساوین
هەژدەی ئەیبریل ناحەزەکان لەپارێز بوون بۆ تیشکی خۆر
لەپارێز بوون بۆ سینگی پڕ لەدەفتەرمان
لەچەند چرکەی ژماردنی هەناسەیا..یادگارەکان هاتنە یادمان
یەک بە یەکیان لەسەر لێومان هاتنە سەما
بۆ ئایاری ئەم ساڵەمان خوێنی ئێمە برووسکە بوو تا شیکاگۆ چەخماخەیدا
هەولێر نرکەی بە قەڵادا
تا ئەو کاتە بەئاگا بووم
لێم ببوورن هاوڕێیانم لەوەبەدوا ئەبێ بنووم
ئاگام لێیە هاوڕێ قابیل وا بزەیەک لەچاوانیا و لەژێر لێوی بەگڕ هاتووی
نامەکانی بە نیگاما بەڕێ ئەخا

وتم هاوڕێ تەنیا نەڕۆێ لەگەڵتا دێم
ناکرێ تەنیا تۆ بڕۆیت و ئەم ئایارە منیش وەک تۆ
وەکو گوڵێک لەسینگی ڕەفیقان نەدرێم.

سەبات
١٩٩٨/٥/١

**دوو تێبینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) :**
**یەک : دارەتوو و بنەسڵاوە دوو ئۆردووگای زۆرەملێی زەحمەتکێش نشینن لە دەوروبەری شاری هەولێر**
**دوو : هاوڕێیان شاپوور عەبدولقادر و قابیل عادل دوو ڕابەر و هەڵسوڕاوی دیاری کۆمەڵەی ئاراوەکانی کوردستان و هەروەها دوو رابەری ماندوونەناسی کۆمۆنیست بوون لە ڕۆژی هەژدەی نیسانی ١٩٩٨ بەدەستی جەهالەت و تاریپەرستەکان تیرۆر کران.**

## مارس و ئێمە

زەمەنێک تۆ قژت ئەخەیتە سەر دەستی خۆرەتاو
هەناسەت ئەخەیتە سەر لێوم
پەیامت لافاوێک لەشیعرم بۆ دێنێ
زەمەنێک بۆ سبەی من سینگم سەرین و ڕۆژنامەی پەیامی ئێوەیە
پەنجەشم دە مۆمی پڕ شەوقی شەهیدبوون
دە ڕەنگی خەبات و ئارەقی ناو کار و
دە ڕەنگی یەکسانی و دە پەیام.. دە شیعر

دە عەشق و دە هیوا .. دەچرا دە ڕۆمان
دە ماچی خۆرەتاو.. دە گوڵی پڕوەیە.
هاوڕێکەم لە ڕۆژێک من گوڵی سەر سینگی ئەو دەبم لێم دوورە
ئەو گوڵەی وەک خوێنم ..وەک ڕەنگی شەفەقی سبەینێ
وەک نیگای ئاوابوون پر خوێنە
هاوڕێ گیان دەتۆش تا ئەو ڕۆژەی بۆ سینگت ئەو گوڵە و
بۆ قژی هەناسە و
بۆ تیشکی چاوانت وەک شەوق و بۆ ڕۆحت بارانم
ببوورە ئیحتاجم بە باڵات
ئەو شیعرەم لەدەرێی دەفتەری قژی تۆ نانووسرێم
ئاوازی ئەو بەستە پڕ عەشقەم بێ سیحری یادی تۆ ناوترێم
بەبێ تۆ شەوچرای ئەو گەلەم لەنیوەی ڕیگایا ئەکوژرێم
زەمەنێک بۆ باران هەورێکی بڵند و
بۆ نۆتەی سروودی سبەینی کلیل و
خۆم ڕۆند و بلانش و نوار و کرۆشم
خۆم گوێچکەی بیتهۆڤن
خۆم باخ و مۆزارت و ئاوازی دەریاچەی قوڵنگم
مۆنامۆی شەوانم..هەناسەی مناڵی سەر لانکەم
خۆم بزەی سەر لێوی ئەوانم
تۆ بڵێی سبەینێ پۆستەچی نامەی تۆی پێ نەبێ؟
لافاوێک لە مژدەی یەکسانی و ئازادی وەک ڕەنگی چاوی تۆ کاڵ نەبێ؟
من مارسم بۆچییە گەر ئاوها پر عەشق و
دونیایەک لە هیوای یەکسانی تیا نەبێ.

سەبات
١٩٩٨/٣/٧

# هاوڕێکەم

ئاسمان تەمێکی ساردەو زەمین گەرم
شەوەکانی تەنیایی نادیاریان لێ ئەبارێ
نادیاری وەك ڕەنگی كڵاوێ شۆڕئەبێتەوە
تا ناولەپی مناڵی ڕەنگەکان
پەڕینەوە لە ڕووبارێك لە هەڵم
پێدانانا لە سەر خاكێك لە تەم
خاکێك لە ئاسمان
بەرلە زەمەنی بارانەکان
ئاوازی دەنگەکان دەست لە قژی هەور ئەدەن
دەنگەکان غووربەتی تەڕ ئەکەنەوە
جەستە پڕ ئەبێت لە شەوق .. پڕ ئەبێت لە سەوز
پڕئەبێت لە بۆنەکانی خۆشی
سواری ئەسپێك ئەبم، ئەگەڕێم .
هاوڕێکەم تەنیایە
هاوڕێکەم بەرامبەر ئاوێنەیەکی سپی تاڵ تاڵ قژی خۆی ئەژمێرێ
هاوڕێکەم شەوانە خەونی پەمەیی ئەبینێ !

سەبات
١٩٩٥/١٢/١٠

# خوارووی ئاسمان

سەرووی زەمینە سەوزەکان ئا سمانێکی مناڵە
ئاسمانێکی پیر وا بە دیار بیاباناکانەوەیە
ئێوارە لێو بۆ چڵی پونگەکان دێنێ
ئێوارە کڕنۆش بۆ ئاوی ئەم کانییە شەو سەفەرە ئەبات
سەرسنگی شەقام پڕ لە باران
پڕ لە ئێوارە
پڕ لە شەوق
درەختەکان قژی کچانن شەوانە ئەکرێنەوە
هەور خواوەندە و درەخت کچی خواوەندە
شەقام کوری خواوەندێکی پیرو یاخییە
باران نامەی حەزرەتی هەورە بۆ درەخت و بۆ شەقام
نامەیەك پڕە لە ڕەحمەت نامەیەك پڕە لە نەفرەت
ئەمشەو ئەبم بە شانەیەك بۆ قژی درەخت و فلووتێك بۆ ڕەنگی شەقام
ملوانکەیەکم ئەمشەو لە ملی ئەستێرەدام
گوارەیەکم لە گوێی ئەو کچانەدام لە ئاوێنەی شکاودان
باران بۆ جەستەیە !!
باران بۆ ڕۆحە !!
سەر هەڵبڕە، لای خوارووی ئاسمان کەوتۆتە ژووروی شەوەوە
کە جەستەی گوڵەکان سیـ □ ئەبن، تەنهاییم پڕ ئەبێ لە بێدەنگی
بێ دەنگییم پڕ ئەبێ لە هەنسك
هەنسکم پڕ ئەبێ لە گریان
سەر ئەخەمە سەر کۆشی ئاسمان
ئاسمان نزیکترین شوێنە بۆ ڕۆح
ئاسمان دوورترین شوێنە بۆ سەفەر .

سەبات
١٩٩٥/١٢/٢٧

# ساڵێکی نوێ

نیوەڕۆیەك دەریاچەیەك
شووشەیی کپ ئەینوان .
چیمەن تەڕ بوو ، شەونم باربوو
جوانی ئەدا بە ئاسمان

ئەم دیمەنە هۆش ئەبا و خەیاڵ دێنێ
شەماڵیش دێ و بۆنی قژی تۆم بۆ دێنێ
هیچ خەیاڵێ بێ تۆ نابێ
وەك چۆن بەهار بێ گووڵ نابێ
تۆ لەوێدای لە گوڵزاری، خۆت گوڵیت و گوڵەكانیش ئەلاوێنی.
سەحەر هات و لە دەرگایدا
ساڵێكی نوێ خۆی كردەوە.
عەشق هات و خۆی لا نەدا، خۆی خستە دڵی هەورەوە
هەورێك هات و وەشتی هێنا لە سەر سەرمان دێ و ئەگەڕێ
نازانێ شوانی پاییز ڕازی دڵمان بە كێ بڵێ ؟!

سەبات
١٩٩٦/١/١

## گەڕانەوە

من ئەو چرپەی خۆرەتاوەی بەیانیانم ماچ كردووە
چونكە هەڵدێ و لە سەر چاوت مژدەی گەڕانەوەم دێنێ
ماڵئاوایی ساڵەكانی تەمەنی خۆم جێ هێشتووە
چونكە عەشقی ڕەنگ هەتاوی
تاریكییەكان بە جێ دێڵێ
من دڵنیام خۆرەتاوێك لەسەر سەرو دەریاچەیەك لە بەر پێمان
گەواهی بۆ عەشق ئەدەن

شنه باكان بۆ لای یەك دێن تا ئێواره پەنا بۆ شمشاڵێك ئەبەن
لە ڕۆژێكی پڕ بەهارا هەنگەكان دێن
لێو بۆ ماچی گووڵێكی پڕ عەتر ئەبەن !

سەبات
١٩٩٦/٢/٢٦

## وشەكانی عەشق

سبەینێ زۆر هێمن هەنگاوێك هەڵدێنم
وڵاتێك لە عەشق و دوو دەستی پڕ گەرمی ئازیزێك جێ دێڵم
سبەینێ ئەچمە لای غەریبی و ئاسمانێك لە زریان لە كۆڵ ئەگرم
لە شوێنی دوورەوە یادگاری ساڵەكان بەهارێ ئەچننەوە
شەو باڵای بەرز ئەبێ و دڵیش پڕ ئومێدی هاتنەوە
جریوەی چۆلەكە سپێدەی بەیانیان ئەخاتە ناو قژی دایكمەوە
دڵۆپی فرمێسكم سەحرایەك ئەخاتە ناو دەریای عەشقەوە .

سەبات
١٩٩٦/٣/٣١

# پڕ بوون

زەمەنێك تینووی بارانم
زەمەنێك تامەزرۆی چاولێکنانم
تۆ بە ناو ڕەنگەکانی هەتاوا ئەگەیتە ناو ڕۆحم
ئاسمان شەرمەزار ئەکەیت
ئاسمان چەتری دوورییەکانی نێوانمانە
زەمەنێك ڕووبارە قەدەرییەکان لە لرفە ئەکەون
چەندە لە یەك دوورکەوینەوە باوەشێك سەرابی زیاتر دروست ئەبێت !!
واقیع ئەو چمکە زەمەنەیەکە باوەشمان بە یەکدا کردووە
زەمەنێك هیواکانمان ئەبێت بە باران
کازیوە چاوەکانمان چیرۆزەیی ئەکات (*)
بۆشاییەکان پڕ ئەکەینەوە
بە نێوانە تونێلەییەکانی دووریتا خۆم ئەگەیەنمە وە بە شەو
دەنگی خۆم پڕ ئەکەم لە بۆنی شەو
غووربەتەکان لە بەر یەك ئەترازێن
زەنگیانە بۆ ملی ئەستێرە ڕست ئەکەم
مەراسیم بۆ هەشتی مارسێکی پڕ لە شەوق ڕێك ئەخەم
ئەگەڕێم .. ئەگەڕێم
چرکەیەك لە زەمەن ماچ ئەکەم
گووڵی سوور لە قژتا جێگەی خۆی گرتووە

بە بۆنی تۆ سەراپا ڕۆحی خۆم پڕ ئەکەم.

سەبات
١٩٩٦/٤/٧

**تێبینی عەبدولا سڵێمان(مەشخەڵ) : وشەی جیرۆزەیی بە بڕوای من هەڵەی تایپە و دەبێ وشەکە پیرۆزەیی بێت،**

یاد

ئەگەر شەوێك هاتمە یادت مۆمێکی تر داگیرسێنە
ئەستێرەیەك هێواش ئەکشێ ڕۆحی منە بیلاوێنە
نەکەی ئەمشەو فرمێسکەکان زەنگی شەوت لێ بگۆڕن
دڵی عاشق شەو دەریایە یادگاریەکانیش پاپۆڕن
دەسا وەرە برینەکان بە هەندەران ساڕێژ نابن
ئازارەکان وەك سەمفۆنیان هەر ئەڕۆن و تەواو نابن
بزانە من لە دووری تۆ شەوانا مەستی گریانم
دەست بەر نادەم لە یادی تۆ غەریقی دەریا و تۆفانم
دەسا وەرە لە خەونێکا بمبە ڕەقسی دەم بەیانی
لە ناو ڕەنگی گەڵاکانا بمکە بە شیعر و گۆرانی
ئەگەر شەوبوو هاتمە یادت مۆمێکی تر داگیرسێنە
ئەستێرەیەك هێواش ئەکشێ ڕۆحی منە بیلاوێنە .

سەبات
١٩٩٦/٦/٢٠

## ڕامان

ڕامان لە دوورەوە شین بوونە بۆ زیندوو مانەوە
لەو بەری ڕاهاتنەوە ڕووبەرێکی دووری هەیە
بە ناو پەرش بوونەوەی زەمەنا پەنجەکانی بیبین ماچ ئەکەم
خۆشەویستی فیزیایەکی نادیارە و عەقڵ ئەخاتە ژێر پرسیارەوە

ئەبەد ناوەستێ سروشت سەرداری بوونە
زەمەن پارچەیەکە لە سروشت و ڕەنگ ئەدا بە ماچەکانی ئێمە
لەو شوێنانەی شەبەق جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئێوارانا
ئاسمان کورت و خۆشەویستیش بێ جل و بەرگ پیاسە ئەکا
زەمەنمان لێ مەکەن بە دڕك و بە گوولە
با سروشت ئەم هەموو بارووتە قووت ئەدا
ئاگرەکانی شانتان لە بەر ڕۆحم لابەن
ئەی ئەگەرەکانی حەزی من و خۆشەویستانی من
شەڕ لاچێ من باڵام بەرز ئە بێ
مەجهولێك تێك بشکێت لە شوێنیا مەعلومێك سەوز ئەبێ
وەرنەوە بۆ سروشت ئەوێندەر جیهانی ئێمەیە
سروشت جیهانی مناڵەکانی مەملەکەتی پڕ یەکسانییە
مناڵەکان زۆر ئەبن
دونییایەك لە ڕەنگی ڕەهایی ئەڕژێنن لە سەر ڕێی کاروانا.

سەبات ١٩٩٦/١٠/١٣

## شاژنی شیعر

بۆ پەلەت کرد ؟!
خۆ من دەستم تازە خامەی هەڵگرتووە
دڵم تازە پڕ لە شەوقی چاوت بووە
ڕۆحم تازە وەك شیری مەمکەکانت سپی بووە
کوا من تێر تێر بۆنی قژی خاوم کردووی
کوا تا ئێستا کڕنۆشی شیعرم بۆ بردووی ؟!
هێشتا مابووی دەوار هەڵسێ و هەوار بارکا، تۆ کۆچت کرد
بێ ماچ ..بێ وشەی ماڵ ئاوا
بێ ناز .. بێ چرپە ..بێ شیعرێ ..
بێ باوەش بە یەکا کردن.
بێ ڕازی پاش ساڵی سەفەر لە ناو چاوی یەکا ڕشتن.

هێشتا مابووی خاک و خۆڵی ژێر پێت ماچ کەم
مابووی جارێ لە دەرگاوە چاوەڕێ بی بۆ هاتنەوەم
ئەی خانمەکەم.
مابووی هێشتا هەردوو گۆنات لە ناو مشت نێم
مەودا مابوو تێر تێر بۆنی پەرچەمت کەم
سێ بەهار بوو لە یەك دوور بووین
سێ بەهار بوو چەپك چەپك گوڵم ئەچنی
بەشی شەوی سێ بەهاری خەو بینینم ئاواتم لە ناو ڕۆحا بوو
وەك ڕووباری پەنگ خواردوو بووم سەرم ئەکرد
لە سەفەردا دەریاکان لێیان پرسیم
گەڕایتەوە یەکەم دیاریت ئەدەی بە کێ؟
هۆ دایە گیان ..
دڵنیابە تا بۆن لە مێخەکا هەبێ
تا خونچەی گوڵە باخ مابێ
سینگ و مەمك و تەسبیحەکەی باخەڵی تۆم لە یاد ئەبێ
ڕەفیقانم شانتان شل کەن
هێواش هێواش هەنگاو هەڵنێن
بەر لەو ساتەی دەست بەرن بۆ تەرمی دایکم
سەرو گوڵێکی قرمزی لە بەرۆکی خۆتان بدەن
نەرم بڕۆن ..
ئەمە جەستەی دایکی زەحمەتکێشی منە
زۆر هێمنتر هەنگاو هەڵنێن
ئەمە لاشەی پڕ حەسرەتی جوودا بوون و کوڕ ون کردووی دایکی منە
ئەمە شەوقی پڕ لە نوور و چرای منە
ئەمە تەرمی بەر فرمێسك و ڕەشەباکەی جەرگی منە
ئەمە دەنگی یەکەم وانە
یەکەم کتێب
یەکەمین مامۆستای منە
دایك دەریای لێبووردن و جەستەش تەرمە
سەر دێری کۆڕی ماتەم و نامەی بەر لێشاوی حەسرەت
ئۆرکێسترای شینی منە
ڕەفیقانم شانتان شل کەن
شاژنەکەی مەملەکەتی شیعرەکانم لە سەر شانتان

بۆ وڵاتی ئەو دیو عەقڵ .. ئەو دیو ڕوانین .. بۆ کوێ ئەبەن ؟
بریا چرای بەر پێتان بام
بریا تاڵێك لە دەزووەکانی کفنی سپی و چەپکێ گوڵی ناو دەستان بام
بریا لێوی دووایین ماچ بام
بریا گوێچکەی دواین چرپە
بریا یەکەم ئەسرینتان بام
نەك سەرقاڵ و پەنا بەری وڵاتێکی هەندەران بام
دایکە ئێستا لە میحرابا ڕاوەستاوم
خەجاڵەتم سێ بەهارە داپڕاوم
سێ بەهارە لە ئاواتما بەرەو تۆ دێم
من نەمزانی ڕێبواری ڕێی وڵاتێکی داڕووخاوم
پەیمان دایکە تا خونچەی بەهاران مابێ
خەیاڵ هەبێ .. وشە مابێ
شیعر هەبێ .. خۆشەویستی و ئینسان مابێ
ئەی تازە کۆچ و بارکردووم من تۆم ئەبێ .

سەبات
١٩٩٧/٤/١٥

# شەوبۆ

هاوكێشەی مەرگ و قوربانی پڕ لە نیگای ئازیزانە
بە سەر تابلۆی سادە ڕەشی جەهالەتا
دڵۆپ دڵۆپ هەر ئەڕوات و جۆگەی خوێنمان بێ وەستانا
چاوی گەڕان كامە شیعرە بە دی ناكا؟
ناو نیشانی كام پەخشانە لە بەر لێشاوی كوشتنا
تا دامێنی خۆی خۆی سوور ناكا؟
شەوبۆ .. قوڵنگی كۆچەر و بۆ بەیانیان جریوە بوو
زەردە پەڕی مامە یارە و بۆ ئێواران گەمەی كۆتر
دوو شاباڵی وەكو بەفر هەڵخستبوو.
شەوبۆ .. ئەمڕۆ ئەسپ سوارێكی تۆزاوی ڕێی غوربەتم ،
بۆ مەنزڵ دێم ، دێم و چەپكێ گوڵم پێیە
لە ناو شووشەی شیعرەكانما بە قەد باڵات پرسەم پێیە
شیعرم ویستی تۆ كۆچ نەكەی تا باس لە ئازادی بكەین
ویستی كۆچی زۆرە ملێی مەرگ نەكەی
تا لە ژینی یەكسانیدا لێوەكانت وەك گوڵاڵە سوور سوور بكەی
شەوبۆ شیعرم لەگەڵ جەهلا لە شەڕایە
تا چۆك بە جەهل دائەدا، خوێناوییە وەك كەزیەكەی لا چاوی تۆ
جەستەیەكی لەت و پەتی دوای تەقینی تی ئێن تییە
وەكوو جەستەی پڕ لە زام و برینی تۆ
گۆمێك خوێنە وەكو تابلۆی كوشتنی تۆ
شیعرم دیواری كون كون و بستێك خاكی هەڵكەنراوە
شیعرم ئێستا وەكو شوورای سەرووی گەڕەكی تووی مەلیك
تاوانباران مەحكوم ئەكا
وەك ڕۆژنامەی یەكسانییە كۆڕێكی ماتەمڕێك ئەخا
وەك ڕەفیقان بە دوای تەرمی ئازیزتا دێ
ئەبێ بە ڕەنگی ئێوارە و بە سەر جەستەی شارا ئەكشێ
شەوبۆ .. ئەمڕۆ ئەسپ سوارێكی تۆزاوی ڕێی غوربەتم
وەكو باران ئەشكم پێیە
وەكو دڵی شاعیرەكان پڕ حەسرەتم

بۆ ئەو شەرمەی هەموو کاتێك لە نیگاکەت دا ئەبارێ منیش سوورمەم
قەرزارت بووم، من دوور بووم و تۆش شە هید بووی
بریا ڕۆحم جامێ خوێن با و لە سەر دەستم ڕامگرتایە
بریا شیعرم وەك قەڵغانێك سەرگەردانی باڵات بوایە
نەك ئاوەها بێ ماڵئاوا هەوارم بێ تۆ چۆڵ بوایە.

سەبات
١٩٩٧ / ٩/١٤

## غەریبیی

من لەم سەری غەریبیم و تۆش لەو سەری غەریبیدای
ساڵی دووری دەمێکە بۆ هەناسەمان
دەمێکە بۆ سەری پەنجە و تاڵ بە تاڵی سەر و قژمان
حەسرەت لەگەڵ کلۆوی بەفرا
تاسە لەگەڵ دەنگی دەریا و لەرەی گەڵای دارستانا
شەوقێك لە ناو چاوەکانما مۆمێك لە ناو شەوەکانما
من لەمبەری غەریبیم و تۆش لەو بەری
من نازانم ئە م ژیانە چۆن بە بێ تۆ بە سەر ئەکەم !

ئه گەر سەوزایی بە هار بێ
یا خوود گوڵێك بۆ بەهارێك نیشانە بێ
پاییزی من بە هارانە
جەستەم نوقمی هەڵوەرین و ژێر کشەی گەڵا ڕێزانە
خۆزگە ئێستا ترپەیەکی دڵی ناسکی تۆ ئەبووم
چەپکێ تیشکی ناو خەیاڵ و چاوەڕوانی ساڵت ئەبووم
خۆزگە ئێستا لە ناو لەحزەی یەکتر بینین مۆمێك ئەبووم
لە سەر سینەی پڕ حەسرەتا ماچێك ئەبووم
دەست لە ناو دەست
لە ناو پیاسەیپێکەوە ڕێی سەرچنار و هەوارگەکەی قلیاسانا
چەترێك ئەبووم
یان کۆتری شاری نەوت و خوێن و دایك ئەبووم
گەڕەك گەڕەك سەربانی ماڵی ئازیزان گۆشە گۆشەی
ماڵەکانتان
خۆزگە ئێستا دڵنەوازی دڵت ئەبووم
بۆ هەنگاوت هێزی ئەژنۆ و بۆ نازت وەك شیعرێك ئەبووم
بزانە من لە کانییەکەی هەوار نەبێ سەروقژی خۆم وەرنادەم
شەستە بارانی بە خوڕی عەشق نەبێ
جەستەی خۆمی پێ تەڕ ناکەم
بۆیە ئێستا لەم دوورەوە دڵم بۆ تۆ دائەخورپێ !

سەبات
١٩٩٧/٩/١٦

## بیرت ئەکەم

نە شەبەق دێ .. نە گزنگێ
دوو چەپکی خۆی ئەخاتە ناو چاوانمەوە
هەروا کز و هەروا تەنیا
چاو ئەپڕمە چەپەری ئەم هەندەرانە
بڵێی گوڵی سەر کۆڵوانەی پەپوولەکان
نامەیەکی تۆی تیا نەبێ ؟
بڵێی دڵۆپێك بارانی ئەم هەورانەش هەناسەی تۆی تێدا نەبێ ؟
بیرت ئەکەم پڕ بە قووڵی هزرو خەیاڵ بیرت ئەکەم
لە گەڵ سێ □ بوونی گەڵایا منیش بۆ تۆ هەڵئەوەرێم
لە گەڵ گریانی کەمانچە و نرکەی دەف و مۆسیقایا
خەون و خەیاڵی ڕەنگاوڕەنگ سەر یەك ئەخەم
بیرت ئەکەم بیر لە جەستەی تاك و تەریوو
بیری ڕۆحی تا سەر ئێسکی سارد و تەزیوو
کێ دەڵێ لەم هاندەرانە
وەکو شیعرێ ناسووتێم و نابم بە وێردی زەمانە؟!
سەبات
١٩٩٧/١٢/٢٤

## قەسیدەی هەڵەبجە

کە باران گوێ ناگرێ لە خاك و گوڵاڵە
ئەو قەترە بارانە بەهاری پێ نییە
سەمایەك لە باڵای سونبلێك ئیلهامی وەرنەگرێ شەماڵی پێ نییە
ئەو قەترە شیرانەی لە دەما مانەوە و نەمژران
ئەو پەنجە و نینۆکە وردانەی بە سینگی دایکەوە هەڵواسراون
قە سیدەی هەڵەبجەم قەتاری ئەنفالە لە سینگما
ڕاپەڕیم هاوارم بۆ خاك بوو
وەك گوڵە گەنم و وەك باڵی کۆتری ئاشتیم بوو
پڕ نرکەی برینی هەڵەبجە و گەرمیان بوو
نەعرەتەی ڕاونانی کیمیایی و فڕۆکەی مەرگ بوو
شکانی لەشکر و ڕووخانی دیواری زیندان بوو
شوورایەك هێرشی خەڵك بوو
وەك هاژەی سیروان بوو
وەك هۆرە
توولە ڕێی هەورامان
وەك قوڵپە
وەك خورەی زەڵم بوو
دوو چاوی پڕ ڕوانین بۆ دونیای یەکسان بوو
من دەنگم بۆ ڕەنگی ڕەش نەدا کفنێکی لە قەتران ڕەشتریان بە باڵام دادڕی
شەبەقی هێمنیم پڕ بۆنی خوێن ئەکرد
کۆرپەمیان بۆ پاشای تەختی خوێن سەرپڕی
من هاوڕێی گوڵاڵە و نێرگز بووم
من شنەی شەماڵی بەهار و هاوین بووم
من هۆرەی ڕێبواران ،من دیاری دەستی دەزگیران
هەڵەبجەی شەهید بووم
بە خاکی بەهەشتی دۆزەخیان ڕاکێشا

ئەوەتا شوێن پەنجەی ئەوانە تا ئێستا گولاڵە ناوێرێ سەر دەركا
لەو ساوە هەورتان لێ كردین بە كیمیا و بارانتان لێ كردین بە ژەهر
منالٌمان ئاسمانیان خۆش ناوێ
لەوساوە دەسمان برد بۆ سێوێك پێی مردین
چۆلەكەش دار سێوی خۆش ناوێ
دیاریتان لە جیاتی هەڵاڵە بۆ پەچەم، مێخەك بەند بۆ مل و
نێرگزێك بۆ سینگ بێ
هاژەیەك لە دەنگی فڕۆكە، سەدایەك لە دەشت و خورپە بوو
هاوار بوو .. هەزاران دوو گوێچكەی قوڵاخی ترس بوو
وەك جەستەی بابە گیان بێ ترپە .. وەك قژی دایكە گیان ئاڵۆسكاو
وەك خەونی ئەبەدی كۆرپە بوو، وەك ڕەقسی دزراوی هەڵەبجە
وەك ڕستی مووروەكەی سەر لانكە و كوژەكەی لاجان بوو
من ئەمڕۆ وەك خەونی منالٌی گەڕەك و یارانی هەڵەبجەم
وەك فرمێسك من گەرمم .. وەك یاقووت سوور بوومە
وەك گوارەی گوێی نەشمیل .. وەك خەنەی پەنجەتان
وەك خاكی شارەزوور سوور بوومە
وەك خەونی سەر سینگی دایكم .. وەك دیاری شەوانی جەژنانم
ملوانكەی هەڵەبجەم .. پەستەی سەر جەستەی سەرمابووی ئەنفالم
قەسیدەی هەڵەبجەم .. بۆ دونیا وەك چرام

سەبات
١٩٩٨/٢/١٤

## گەیشتنەوە

ئەمشەو بێدار لە ئێوارە پەڕیمەوە
لە سەر پەرچەمی بەیانی پۆلە مەلی پاییز ئاسا تەنها یادە هەڵم بگرێ
نە وەنەوزێك خەمەكانم لە كۆڵ ئەگرێ

نە شەقامێك بۆ سبەینێ دەستم ئەگرێ
مۆمێك نییە لەم شەوەدا گوێم لێ بگرێ
یان چرایەك فرمێسكی بارانیم بسڕێ!
تۆش لەوێدا ، لە ناو دڵتا دارستانێك لە نەمامی چاوەڕوانی
پانتاییەك لە دەشتایی سەیری غوربەتیمان ئەكا
دڵم نایەت دەست بەرم بۆ برینەكان لێبووردنە ڕێم پێ نادا
با سووتانی شەوارەكان هەر لە ناخی عەشقی منا كڵپە بكا
خۆشەویستیت فێری كردم باڵای غوربەتم بەرز بێ
چ نەمامێك وەكو باڵای خەمی منە و سەر هەڵئەپڕێ ؟!
ئەوە نییە هەموو ڕۆژێ لقی سەوز و گەڵای تازە سەوز ئەبێ
ئەوە نییە وەك شەپۆلی دەریای باكوور مەودای ڕوئیای دوورتر ئەبێ
ئەوە نییە هەتا ئێستاش من فرمێسكم
لە trووسكەی سەدەفەكان سوورتر ئەبێ
وەكو ماچی بە یەكتری گەیشتنەوە، وەك ئەستێرە پڕ شەوق ئەبێ
پەنجەت بێنە .. با ئەنگوستت لە ناو دەست نێم
بۆ لەحزەی بە یەك گەشتنەوە ساڵانێكە من چاوەڕێم
ئەڵێن سەفەر پڕ ئەزموونە .. كام ئەزموونە ؟!
كە من بێ تۆ تا ئێستاش نازانم لە كوێم

سەبات
١٩٩٨ /٧/٨

# ئاسمان

تۆ لە سەرووی شیعرەوە بووی
لە دایك بووی هێشتا شیعر نەیئەزانی پەنجە چییە
گریان چییە
دایك چییە؟!
نەم ئەزانی لە دەرەوە دونیا هەمووی یەك ڕەنگ نییە
دەنگی تر هەن .. دەنگ هەر ترپەی دوو دڵ نییە
هێشتا شیعر نەیئەزانی گوڵێك چییە، فڕین چییە
ئاسمان چییە !
ڕۆژ بە ڕۆژ تۆ بەرز تر بووی
شیعریش بە دوای دونیای چاوی گێرا
لە گەڕانیا شیعرم خۆی کرد بەمەلێك و چووە دونیای فڕینەوە
دارستان و ئاراراتێك بنچك بنچك پێدەشتكان بۆت ئەگەڕا
كە ماندوو لە سەر چڵی دار قەزوانێك گیرسایەوە
سەری هەناسەی هەڵبڕی
ئینجا زانی ئاسمان تۆیت و تۆش ئاسمانی
بۆیە شیعرێكی بۆ وتی تیایدا وتی

نەڕۆچوونی .. نە دامانی
تۆ لە سەرووی شیعرەوە بووی خۆت ئاسمانی .

سەبات
١٩٩٨/٩/٢٨

## بازاڕ

زەنگی دەنگت لە ناو ڕۆحما بەرەو شەوقی عەشقم ئەبا
ماسی ئاسا لە ناو تۆڕام
خەممە ئەمشەو وەکو مۆمێك سووتان بمبا
بە خامۆش بوون ڕاهاتوومە، بۆ هاتوو چۆی حوجرەی عەشقت
موریدێکم فێری شەرابی خەست بوومە
هێند زویرم لە باسی دووری پڕ بوومە
دڵم دایم لە سەر دەسمە و نوقمی دەریای باکوور بووم و
مەرگ لە دووری جوانترە
شەوەزەنگی پێکەوە بوون لە هەتاوی جوودا بوونێك قەشەنگترە
لە وێستگەیەك ڕائەمێنم بۆ هاتنێك بۆ دیدارێك
بۆ جارێ تر دەست لە ناو دەست باس و خواستێ .
نەرمە بارانی گلەیی و ڕاز دەربڕین پاسەپۆرتێکم پێ نییە
بیابانێك لە پشتمەوە بە جێ ماوە کەچی ئەمڕۆ هەنگاوی تازەم هەڵنایە
ئەو واشەیەم لووتکە هەڵئەفڕم
ئێستا تەلبەندی هەندەران دەوری داوم
ئەو کۆترەم لە ناو باوەشی ئاسمانا دیار نەئەمام
ئێستا ئەسیری بازاڕی هەندەرانم فڕینم لێ قەدەغەیە و
لە ژوورێکا دان و ئاویان بۆ داناوم
ئەو منالەم خەون ئەبینم
بەڵام لێرە خەون بینین باجی ئەوێ، بۆیە باسی خەون نییە
لە هەندەران دەریا هەیە، بەڵام دەریای عەشق نییە
لە بازاڕیا گشت جۆرەکانی گوڵ هەیە

بەڵام تەنها بۆ گوڵدانە و گوڵی بۆنداری تیا نییە
ماچ وەك باران ئەبارێ
بەڵام ماچی پڕ لە تەزووی عەشق بوون و پڕ موچوڕکەی خۆشی نییە
لەرزینی دەست، دەم و لێوی ڕانەهاتوو، دوو مەمکۆڵەی یاخی نییە
ئەمانە گشت هەیە و نییە
ئیتر ئێرە هەر بازاڕە و هەر کڕین و فرۆشتنە
باسی عەشق و باسی خەون و باسی یەکسانی تیا نییە .

سەبات
١٩٩٨/١١/٤

## یۆگا

سەفەر ئەکەم
لە فاگۆنا  وێستگە وێستگە شیعر ئەبینم

سەر لە سەر سینگی پەنجەرە لەحزە لەحزە لە هەتاویش ڕائەمێنم
پەنجم ناگا بە قژی تۆ و سەرت ناگا بە سەر سینگم بیلاوێنم
هیوا لە هەور وەرئەگرم
وەکو باران ئەیخۆمەوە
باوەش باوەش چەپکێ هەتاو لە ڕووم ئەدا
لە عەشقا بەرجەستە ئەبم هەتاو ئەمبا
خەمی تۆ و داپرانی ئەوانەی نامۆ بوونە بە پێکەنین
وەك شەماڵی کیشوەر پڕە ئەسپی خەیاڵ بۆ مەنزڵی هیوای بینین
ڕێگاکان زۆر، ڕۆشتن کەم، من هەر دێم و سەفەر ئەکەم
حیلەی ئەسپێك گۆرانییە سەربادان و یاڵ پەرش بوون
عەشق و شیعر بەرەو شێت بوون هەنگاو نییە
ئەسپی خەیاڵ جارێکی تر ئەحیلێنێ
لە سەر دووپێ ڕاوەستاوە تا سەرکەوم بۆ مەنزڵی لای تۆم بێنێ
ڕەنگە جەستەم لە گەڵ ڕۆحما تەریب نەبێ
بۆیە داییم جەستەم بێ گیان سەفەر ئەکا
ڕەنگە شیعریش هەر خەیاڵ بێ
بۆیە خەیاڵ بە ئاسمانی ئەوروپاشدا پیاسە ئەکا
چاولێک ئەنێم .. چاوەکانم بە یۆگایەك گەرم ئەکەم
لە ناو لەپی هەتاوێکا فۆتۆن ئاسا بۆ لای تۆ دێم
ئەبمە حوجرەی ڕۆمانسیزمە من لێرە بم تۆش لەوێ بی
بتوانم لە گەڵتا بدوێم
خەیاڵ بە شەو بە خەونا دێ
خەیاڵ بە ڕۆژ وەك شەپۆڵی ئەو فاکسەیە ئەشکێتەوە و بۆ لای تۆ دێ
پاپۆڕی ناو دەریایە پۆستی پێیە .
بۆ بەندەری دەریای سپی بە هەڵپە دێ .
کاسێتێکی پڕ لە شیعرە لەگەڵ دەنگی فلووتا دێ .
ئاگرێکی ئۆڵۆمپییە لە ناو دەستی شیعرمدایە ئەمجارەیان بۆ ئاسیا دێ
ئەو شیعرەیە لە گەڵ توێژی ئۆزۆنا بە سەر گۆی زەمینا ئەکشێ
خەیاڵێکی ئەنیشتاینە گەر بێتە دی هەموو یاساکان ئەگۆڕێ
خەیاڵ ئەمشەو زۆر تەنکە ئەو تووڵەیە بەسەر سەری بووکا ئەدرێ
ئاگات لێ بێ کازیوەکەی شیعرەکانم
نەك شیعرێکم لە ناو دەستا بەرببێتەوە و
سلێمانی تووشی نەخۆشی شیعر بێ .

سەبات

١٩٩٩/١/١٤

**دوو تێبینی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) :**
**یەک : وشەکانی فۆتۆن و ڕۆمانسیزم و ئۆزۆن و ئەنستاین و سلێمانی لەنێو کەوانە دانرابوون.**
**دوو : وشەی بووکا لە تێکستەکەیا بووکو نووسرابوو، بەڵام دیارە کە هەڵەی تایپە و ڕاستم کردەوە.**

## ئۆکتۆبەری عەشق و لە دایك بوون

**پێشکەشە بە هاوڕێم**

**بەهرە**

لە ناو تەلبەندەکانی هەبوونی عەشق و
نەبوونی گوڵە جۆیەك ، ماچەکانی خۆمان شاردەوە
ساڵەکان پانۆرامایان دا بە تاڵەکانی قژمان و تەنهاییش چاوەڕوانی
بەیانیان گۆڕستانی جریوە و غایب بوونی خۆر و سەفەرکردنی ئەستێرە بوو
زەمینێك لە چۆڵی و ڕووبارێك لە ڕەشەبا
سەرپۆشی سەباتیان ئەدا بە سەر گوڵە گەنما
باڵکۆنی ماڵەکانمان شەوقی لە چاوە قەترانییەکانی شەو وەرگرت

نەبوونی گوڵ گەواهی ئەگەری فەنابوونمان بوو
نەبوونی دارسێویش کوشتنی سێبەرەکان
بە ناو مەرگی عاتیفە و مردنی گوڵە جاڕا
تابلۆی هەنگاوەکانی خۆمان ئەبینی
جەستەشمان لە سەر تەلبەند لەت لەت بوو
لە ناو سەردابەکانی ناخی خۆماندا بە دوای ترووسکاییدا گەڕاین
لە گەڵ عەسری کوشتنی عەشق و مردنی شیعرا یەخانگیر پێکەوە ئەخەوتین
نە ئەخەوتین بێ خەون .. نە ئەخەوتین بێ ئاوات
لە ژێر بارانەکانی عەشقا پێکەوە تەمەنمان لە یەك ئەدا
سینگمان ئەخستە بەر چۆڕاوگەی دڵانی قژمان
سنگێکی تینوو بە باران تینوو بە خورپەکانی ڕاچەنین
تینوو بە ماچەکانی عەشق و مردن لە پێناوی یەکا
کێ بە باران سەوز نابێ ؟
کێ بە باران گەورە نابێ ؟
کێ بە گەیشتنەوە لە دایك نابێ ؟!
کێ لە ئۆکتۆبەرا سەوز نابێ و
گەورە نابێ و جارێکی تر لە دایك نابێ !

٢٣ ئۆکتۆبەری ١٩٩٩
دێڵفت

## پێچەوانە

لە خەونی مناڵێكەوە پەڕەسێلكەی پاییزێكی زەعفەرانی
خۆی دا لە تەل پاژنە و باڵی پەپوولەیەك خاترانی ڤینۆس ئاسای
دایە دەس با .. لە دڵۆپی مەرەكەبێكی شینەوە
قاوغێكی حەوتەوانە .. كۆڵوانە وشەكانمان لە كۆڵ ئەگرێ
گەلا ئەیوت باوەشێنی ڕۆحتان ئەكەم
ڤینۆس ئەڵێ ڕێگای شەش ساڵ بە پێ هاتم
گوڵیش ئەڵێ مناڵتان ئەدەمە دەس گوڵە جاڕێك
لە ناو تەرمی پێنج هەزاران ژن
لە ناو خوێنی شاپوریتان
لە ناو ڕەنگی هەنگین ئەسای ئەو چاوانەی سێدارەكان ڕەنگیان شێوان
بە ناو خەونێكی شێدارا پێچەوانە هەنگاو ئەنێم
ئێوارەیەك بەر لەو كاتەی بچمە پیاسە
هەموو تەلی ماڵەكانتان بە دڵمەوە گرێ ئەدەم
ئێوارەیەك بەر لەو كاتەی بچمە پیاسە
ئەبمە شان و خۆم لە بەژنە عیلمانییەكەی شارتان ئەدەم
خۆم لە باخچە و
خۆم لە ئاوە سوهرابیەكەی نافوورەی گەڕەكتان ئەدەم
پێچەوانەم بە سیستەمێك هەموو ساڵێك ئەنفالمان ئەكا
پێچەوانەم بەو كۆڕەوەی هەر چەند مانگێك
بۆ سەر مەرزو گۆڕستانی سەیران بەن و پاوە و پیرانشارمان ئەبا
پێچەوانەم بە مینبەری مەلاكان و بە فتواكان
بە سەربڕینی ژنان و بە جیا كردنەوەی كورو كچ
پێچەوانەم بەو دەستانەی دەرگای ڕۆژنامە دائەخەن

بە قەڵەمی نووسەرانێك بۆ مەلاكان چۆك دائەدەن
پێچەوانەم پێچەوانەم بە نەزمی كۆن
هاوتام لەگەڵ خەونەكانی مناڵیتان
هاوتام لەگەڵ یەكسانیتان
هاوتام لەگەڵ ئازادیتان

سەبات ١٩٩٩/٧/١٨
هێلقەرسووم

ڕەچەڵەك

لە گۆرانییە ساردەکانەوە وەرە بۆ ناو سەهۆڵ بەندانی دەریایەکی نزم
گەشتییەکی نقووم دانیشە ئێرەیە غەریبی
خواوەند نیشتمانێکی قەوزەی لای ڕاستی خۆی داناوە
دەست مەدە لە ئاڵای ڕزیووم
وەرچەرخێ بۆ عەرشی خواوەندم با یەکتر بناسین
چیت پێیە بۆ ئەوی هەڵڕێژە
ئەو کەف و بڵقانەی سەرکەوتن گوناهی ئێمە بوون، هەڵوەرین
گوناهەکان پیر ئەبن
پەشیمان سەرئەدەن بە بەردی کەنارا
جیهانتان وەك دەنگی زەنگیانە بچووکە
ناتوانی برسێتیم داپۆشی
ناو دەریا نزمەکان پەناگەی ئارامە
خوێن کاڵتر بە تەنها سەردەمی مناڵ بوون لێم ئەڕژێ
تۆ بڵێی شەختەیەك لە ژێر پێی پەرییەك هەپروون بێ ؟!
ڕەشەباش بیەوێ هێوور بێ
پەرچەمی ڕەنگینی دەریایەك توند کرێ
بەرد نەبوولای ئێمە جێ بێڵێ و
لای ئێوە ڕەنگی خۆی نەگۆڕێ
گوڵ نەما سوار کوڵی نەهەنگی سوور نەبێ و
لای ئێوە زەرد نەبێ
ڕەچەڵەك دەریایە
بۆ ئەوێ سەفەرم ڕێك ئەخەم .

١٩٩٤

## چەند کۆپڵەشیعرێک(*)

ئێواران جێگایەك لە ژێر نەرمایی ئاوەکان ڕائەخەم
بە دەزووی چۆری ئاو ڕەنگەکان لێك ئەدەم
ئێرە ناو هەناوی دەریایە
دەریایەك زۆر نزم
چنگ بکەی بە لمی

گەرچی ئێستا شیعرەکانم
فۆتۆ و ڕەنگی تۆ هەڵئەگرن
وەك تۆ ئەژین
وەك تۆ قژیان دائەهێنن
دڵنیابە وەك تۆش ئەمرن

چەمكێ لە شەو ڕائەكێشم ئەیدەم بە سەر
قژی تۆیا
ئەم دڵەم بە خۆم نامۆیە
چەند بمەوێ بیگرمە خۆم
هۆگری كەم
سەرهەڵئەگرێ و لێم ئەتۆرێ
بە ئەمانەت لات دای ئەنێم
گەر نەتوانی گەورەی بكەی
مەیمرێنە .

گەڵای شۆڕەبیەك نەبووم
لە شوێنی دوور لە كیشوەری
بەفر پۆشی ئەوسەر دونیا
وردە بەردی شاخێك نەبووم
لە دوورگەیەكی ناو دەریا ، قوڵنگ
نەبووم .. شاهۆ نەبووم ..
نەرمە پەڕێكی دەم با هەڵم گرێ
وەكو زۆر شت منیش ببا .

لە گۆرانییە ساردەكانەوە وەرە بۆ ناو سەهۆڵ بەندان
دەریایەكی نزم
هێندە فڕیم باڵەكانم سووتان
ئەمەوێ بڕۆم
كەشتیەكی نقووم پێی وتووم
دانیشە ئێرەیە غەریبی
لێرە خواوەند لەودیو نیشتمانێك لە قەوزە دانیشتووە
دەست مەدە لە ئاڵای ڕزیوم
با یەكتر نەناسین
وەرچەرخێ بۆ عەرشی خواوەندم
چیت پێیە بۆ ئەوی هەڵڕێژە و پاك بەوە

ئەو کەفانەی دەریاکان
گوناهەکانی ئێمە بوون هەڵوەرین
گوناهی پەشیمان
سەر ئەدا بە بەردی کەنارا
گوناهی پەشیمانی
ڕەنگێکی زەرد زەرد و
دووچاوی کز کز و
ڕیشێکە بە بۆنی جگەرە فەلەکان قانگ دراوە
فڕینەکان ڕەنگیان بەرداوی و
نقووم بوون هاوسەری
ڕەنگێکی پەمەیی زۆر کاڵە
ناکرێ من ڕاوەستم لە چەقی ڕێگایا
یاخود دێم پەرییەکان ماچ ئەکەم
یا ئەڕۆم نۆکەری خێو ئەبم
جیهانم وەك دەنگی زەنگیانە بچووکە
ژێر دەریا نزمەکان
پەناگەی (ئارام)ە
ماسییەکان لێرانە شەڕناکەن
ڕەشەبای سەر زەوی و ژێر زەوی
دێ لێرە بۆ تاوێك ئەخەوێ
ئازیزانی ئەنفالیشمان ویستیان بەرەو ئێرە بێن و نەگەیشتن
تۆ بڵێی شەختەیەك بشکێ و
لە دامێنی ژنێکەوە مناڵێکی خوێناوی
بگاتە لای عەرشی خواوەند و قسە بکا ؟ .

**تێبینی عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) : ئەم کۆپلەشیعرانە تایتڵیان نەبوو من ئەو تایتڵەی سەرەوەم بۆ دانا.**

## سەرەتا

من شتێکی مەزنم نەکردووە
بە تەنها تۆم خۆش ویستووە
خۆشەویستی تۆ لە دەرەوەی من هەبوو
من خۆشەویستی تۆم دروست نەکردووە
برینەکان شوێنەواری تۆن
بێجگە لە تۆ کەس نازانێ ئەم برینانە هەن
برینەکان زۆرن ئەوەندەی ساڵەکان
برینەکانی من گەواهین بۆ مشتێ خۆشەویستی کوژراو
برینەکان بە سەفەری بێ هوودەیی ساڵەکان تۆزاوی بوونە
من برینەکانم زۆرن
ڕۆژێ هەموویانت بۆ دێنم
لە چاو تروکانێکدا هەموویان ساڕێژ ئەکەی
دەستی قودرەت لە تۆیا بەرجەستە ئەبێت
من و جەستەیەکی کوژراو ئەگەڕێینەوە بۆ لای یەك
کەس پروا ناکات ئەم گۆڕانە لە چاو تروکانێکدا ڕووبدات
ئەمە کۆتایی ئەبێ یان سەرەتا ؟!
تۆ ڕابردوو ئەکەی بە ملوانکە ، منیش ماچێکی ژێر چەناگەت
بە هەموو ڕابردوو نادەم
کۆتایی ئەوەیە برینێك نەمێنێ ..
سەرەتا ئەوەیە حەسرەتێك بخوڵقێ ..

١٩٩٤/٩/٢٤

## درامای شکانی ڕۆح

لە بەر باوەشی ئەستێرە و بەر تەرمایی نیوە شەوێك
دوو فرمێسك هاتنە خوارێ

دوو لێو ماچ و دوو مەمكۆڵە خۆیان تەڕ كرد
ڕۆحێك ناسك شووشەی چرای دوو هەزار و چەند ساڵێ ناو دەواری ئەم خێڵە بوو
دوو هەزار و چەند ساڵە ئەم چرایە هەر چرایە
ڕووناكییەك دەرزی ئاژنی تاریكی شەوان ئەكا
مەسیح هات و خاچێك چووە ملی هەموو نەوەی مەسیحییەكان
تەراویلكەی بێشكەی مێژوو
ئەمە یەک بوو وا بوو بە دوو ساڵ هات ساڵ چوو ساڵی هەزار سەدەی یانزە
تا گەیشتە نۆسەد ساڵ و نەوەد و دوو
ئاسمان سەرخۆش .. باران نووستوو
پاییز بووكی گوڵ بە دەستی لە دوورهاتوو
ڕۆژگارەكان شەو كارە بوون دەوار كەوتە هەوارەوە
چاو تروكا هەموو خەریك شەوچەرە بووین
ئێستاش ئەگریم بۆ ئەو فرمێسكە سوێر سوێرانەی شیرین ڕژا
ئای لەو شەوەی شیعر تیایدا هاواری كرد ماڵتان ئاوا
سووتان دیوار ، شەو لەرزین و گرانەتا ، یادگارێكی چاوەكانت لە پاییزا
دوو ترسنۆك سەریان هەڵگرت ، كاتژمێری لای ماسییەكان ، گریانێك بۆ گەڕانەوە
ئەو شەو وا پەمەیی بوو (١٩٩٢/١/١) ،
كلۆرێك لە داری عەشقی چاوەڕوانی ، ئاورێكی سەر تیرۆژی بەفر بارین
ماچ قەوزە و ڕەنگی ڕەژوو
سەمای پرشنگ زیوین سێبەر لە ناو تاریكی بوو
ساڵێكی تر ١٩٩٣/١/١ ساڵی خەزان، ساڵی لە یەكتر داپڕان
ڕەشەبا لایەك دەواری هەڵدایەوە، شووشە شكا
هەور لە ئاستی گوناها توایەوە
قوتابخانە ڕۆمانسییەكەی بەر دەواری خێڵەكەمان مەرەكەبی سەر لاپەڕەی
بە باران بوو، كاڵ بوینەوە
ئەمە دەنگی هاوار نییە ، كوژانەوە ،توانەوە ، خزان ، گریان ،
كپ بوونەوەی شەوە زەنگی تەنیایە
تاوێكی تر بێ دەنگییەك سەرم ئەخاتە باوەشی
دەست ئەخەمە سەر دوو شان خامۆشییەك منیش وەك ئەو لە لایەوە دائەنیشم
من ئەم شوێنانە ناناسم یەكەم جارە ئەیان بینم . پەنجەرەكان و تەلەزێ
پەردەكانیش زۆر تەنكن ، لە ناو حەوشەی ئەم ئاسمانەی وا منی تیام
هەناسەی ئەم ئەستێرانە دوورە دەنگی فووكردنە بە ناو جوقی غوربەتیا
ئەبێ وابێ سەرما لە ناو تاریكیا خێرا تر باڵ ئەبزوێنێ

لێرە چەند زوو کەللەی سەرم بەفر ئەگرێ ئایی ئێرە چەند تەنیایە .. !

ئێواران جێگاکەم لە ژێر نەرمایی ئاوەکان ڕائەخەم

ڕەنگە دڕاوەکان بە دەزوویەکی ئاویی ئەدوورمەوە
ڕەنگەکان ئەو منالانەن تازە خەویان لێ کەوتووە
ڕەنگەکان بە دەم فریشتەکانەوە خەندەیان پیا دێتە خوارەوە
تریفە کەوتۆتە پشت درەختە چڕەکانەوە
هەورەکان لە شوێنەکانی خۆیانەوە
تف لە بەرزاییەکان ئەکەن
چنگ ئەکەمەوە بە مێشکی خۆما
مشتێکی تر منالی دەردێنم
زیوین وەك پەرداخی بە هەور ڕوکەش کراو
پەرداخێك لە وەهم ئەخۆمەوە
ڕاستییەکان ئەبن بە سەراێکی بە جێماو
درۆکان زۆر خۆیان جوان ئەکەن ، بەڵام نابن بە پەپوولە

درۆکان میراتی بەجێ ماوی باوکن
درۆکان لە قوتوویەکی بچووك دا لە ناو جلەکانی جەژن دا ئەشارمەوە
تەنیا بوون ئەو شەوە بێ دەنگانەیە
هەست بکەی بارمتەی بە سەر ئەستێرەیەکی شەڕانییەوە
دەستم ئەگاتە سەرم، مشتێ منالّی دەردێنم
بۆ ئەوەی گەورە نەبم ، خۆم لە ناو پارچەیەك عەشقا مۆمیا ئەکەم
هەردوو چاوم لە سەر پەنجەرەیەك دائەنێم
ئەگەڕێم تا بزانم تا بزانم پەپوولەکان شەوانە لە کوێ ئەخەون
بە دزی دایکمەوە ئەیانبەمەوە مالّێ
گەورەبوون مەرگێکی هەلّواسراوە بە بنمیچی ئاسمانەوە
تەنیا بوون ئەو شەوە بێ ڕەنگانەیە هەست ئەکەی بارمتەی بە سەر ئەستێرەیەکی شەڕانییەوە
ئێمە لە نێوان ئەم هەموو ئێوەیەدا تووشی گەورە بوون ئەبین
کێ چنگی ئەگاتە مێشکی خۆی بۆ ئەوەی مشتێ منالّی دەربێنێ
لێمان گەڕێن با ئەستێرەکان بێن بۆ لامان
ئەستێرە ڕاومەنێن .. ئەستێرەکان مەکوژن بە پیربوونەکانتان
بۆ ئەوەی گەورە نەبم هەردوو دەستی خۆم مۆمیا ئەکەم
هەتا باران بەناو قژی بووکە شووشەکەی تۆدا ئەچۆڕێتە سەر لەتێ نان
ئەگەر بە منالّی ئەمزانی پەپوولەکان لە کوێ ئەخەون
بە دزی دایکمەوە ئەم بردنەوە مالّێ
گەورە بوون ئەو مەقەستەیە بالّی پەپوولەکان لەت لەت ئەکا
کێ خوێنی بالّندەکانی ڕژانە سەر ئەم خاکە پیسە ؟
ئێواران داوای لێبوردن مەکە ، گەورە بوون ئێواران داوای لێبووردن ئەکا
ئێواران بۆ ئەوە کراوە جێگا لە سەر نەرمایی ئاوەکان بۆ خەونەکانت ڕاخەی
ڕەنگە دڕاوکان بە دەزوویەکی ئاوی بدورەوە
ڕەنگەکان کە خەویان لێ ئەکەوێ
ئەبن بە منالّ
ڕەنگەکان بە دەم فریشتەکانەوە خەندەیان پیا دێتە خوارێ
تریفە کەوتۆتە پشت درەختە چڕەکانەوە
هەتا هەورەکان بتوانن لەو شوێنە بەرزانەوە تف لە بەرزاییەکان بکەن
تفی هەورەکان تا بەرزترین لووتکەی ڕۆحی من ئەڕوات
چنگ ئەکەمەوە بە مێشکی خۆما و مشتێکی تر منالّی دەردەهێنم
زیوین وەك پەرداخی بە هەور ڕووکەش کراو

پەرداخێك لە وەهم ئەخۆمەوە
ڕاستیەکان ئەبن بە سەرابێکی بە جێماو
درۆکان چەندە جوانن ، بەڵام نابن بە پەپوولە
بە درۆ ئەبم بە ناسراوترین پاڵەوان و عاشق
درۆکان بەهادارترین میراتی باوکمن بۆ من جێماوەتەوە
درۆکان لە قوتوویەکی بچووك دا لە ناو جلەکانی جەژنمدا ئەشارمەوە .

نوێژ

## بۆ نیوە برای خۆشەویستم سوارە شینە

له هه‌موو دنیادا به دوای شارێكدا ئه‌گه‌ڕێم
له به‌ر ده‌روازه‌یا فریشته‌یه‌ك وه‌ستابێ
باڵه گه‌وره‌كه‌ی له قۆڵ كه‌م
له‌وانه‌شه له شانما بشكێت و
ئه‌ستێره‌یه‌ك به ناو چه‌وانمه‌وه مۆر ئاسا هه‌ڵگرم

به‌رده‌وام به شه‌و ئه‌سوڕێمه‌وه
كه ڕه‌نگی شین له هه‌موو دڵمه‌وه دائه‌گیرسێ
ژیانێك بێزاری كردووم كه هه‌ڵم ئه‌سێنێ له خه‌و
لێدانی ڕه‌شی دڵم له‌گه‌ڵ ڕۆحی خواوه‌ندا پێچاوه‌ته‌وه

ئای خواوه‌ند ، به پاڵتۆكه‌ی خۆته‌وه بمپێچه‌وه
ئه‌زانم من بێ هۆشی جامی شووشه‌م
ئه‌گه‌ر دوا كه‌سی دونیا له خاچ بدرێ
من له فه‌رمانی ئه‌به‌دی خۆت بێ به‌ش ناكه‌یت
به ده‌ورمدا گۆی زه‌وییه‌كی تازه ئه‌خولێنێته‌وه.

ئه‌لفا

زستانەکان بە پۆلێ مەل شەوەکانی ڕۆحم ئەبەن
تەڕبوونەوەش لە بەر باران بەرەو دنیای عەشقم ئەبەن
وتم دێم و ئێوارەیەك ماچت ئەکەم
جەستەی شەکەت لە بەر دەمتا لە خاچ ئەدەم
لە ژوورێکا لە گەڵ کوڵێکا زیندانیم
تاراوگەیەك چۆن ئەتوانێ پەنجەرەیەك بۆ دڵی من بکاتەوە ؟!
تەمەننایەك چەند ساڵی تر بە یەکترمان ئەداتەوە ؟!
ناچار ئێستا لە چەخماخەی عەشقێکەوە لێوەکانم ئەخەمە سەر لێوەکانت
لە ماچێکتا ئەتوێمەوە و سەریش ئەخەمە سەر ڕانت
چاوەڕوانم .. چاوەڕوانم
چاوەڕوانم یادەوەریم لە دایك بێ و گەڵای تازە سەوز ببێ
ڕەنگە ئیتر پەنجەکانم شیعر نەبێ هیچی تریان پێ نەنوسرێ
دڵشکانی دووریت نەبێ بۆچی شیعر هەر خەریکی گریان ئەبێ
من باوەشم لە دووری تۆ بچکۆلەیە دوورکەوتنەوەش لێڵی ئەدا بە چاوانم
ئاخ ئەگەر تۆش لە مەملەکەتی گریانا
لە خاچ دانی ڕۆحی منت نیگا ئەکرد
تەنیا ئەوسا تۆش ئەتزانی بۆچی بۆ تۆ وەك مناڵێ بە گریانم .

سەبات
١٩٩٨/٧/١

**تێبینی بەهرەخان هاوژینی شاعیر : ئەم شیعرە لە لایەن بێخاڵ جەودەتی خوشکەزای حەمە زەکییەوە ساڵی ٢٠٠٢ کراوە بە گۆرانی دیاری قەرەداغی ئاوازی بۆ داناوە .**

## بارانە ماچ

نیگا لە یەکتر وەرئەگرین
لە دوورەوە عەشق بۆ یەکتر ئەنێرین
بە نیگامان بەردیشمان کرد بە ئاوێنە
ئەی خەون .. تۆش خۆت بنوێنە
خۆڵ و خاك و باران هەبێ .. عەشقیش لە پرچی هەتاوبێ
نەك هەر گوڵێك، گوڵە جاڕیش پەیدا ئەبێ
ئەستێرەیەك لە سەرەوە
تریفەی مانگ
زوڵفێکی ڕەش لە خوارەوە
شووشەی عەترێك
هەناسەیەك لە سەر مەمکان

ئەگەر ماچی ناودەم هەبێ ، ژوان ئەبێ
چەند وێنەیەك لە غەریبی
وا لە سوچی وێستگەیەکدا نەمامەکان تێك ئاڵاون
یا لە هۆڵی سەمایەکا بەرامبەریەك دەست لە ناو قەد
دەم لە ناو دەم ڕامووساون
ئەو وێنانەی لە ژوورەکەم هەڵواسراون
ئەو خەونانەن کە شەوانە ئەیانبینم
کاتێ سەحەر شووشەی پەنجەرە ئەدا وەك دوو کۆتر بە شەقەی باڵ
من بۆ ئەمسەری ئاسمان و تۆش بۆ ئەوسەری دوورییەکان
لە چاو ون و لە دووریا ئەتوێینەوە
سەیرە ئێمە نیگامان بێ و بۆ یەکتری وەك ئاوێنە
خەون و وشە ، گوڵ و باران بە یەکەوە ببەستین و
نێوانیشمان تاکو بنار دارستان و
شووشەی عەتر و شەومان هەبێ
هەناسەشمان بێت و بچێ
ساڵی دووری و شیعریش هەبێ
کەچی نەکرێ ئائەم دڵە سووتاوەی من
تەنیا جارێك لە سەر لێوت
لێزمەی بارانە ماچێك بێ ؟!

١٩٩٨/٥/١٥
هۆڵاند

## دوور بوونی فەنا

زیز بوونی تۆ ..
شەختە و قەوزەی ڕووباری ئیستیوای منە
شەپۆڵی تۆ .. خوڕەو هاژەی سیحری خامۆش بوونی منە
لە سەر سینگی تاشە بەردا پرچی کانی ئەکرایەوە
ئەبوو بە قژ کەفی چڕی هەڵ ئەوەشا
من برینم جارێکی تر ئەکولایەوە
پڕ لە سەدای شێتانەیە ئەم دڵەی من قەت ناسرەوێ
تا لە خەونا لێوەکانی ڕانەمووسم
نامەی عەشقێکی ئەبەدی بە برژانگی چاو ئەنووسم
ئەی خواوەندی خێڵی گەرمیان خێڵ با کۆ بێ
خۆ من هێشتا خەونەکانم نۆبەرەیە
نەك (ئەنفال) بیانباتەوە با شیعر شەوارە بگرێ
ئاخر ونبوون شاخ نایتوانێ
بەفر لە بەریا ئەلەرزێ
جودا بوونمان لەپڕا بوو کێ هەواڵمان بۆ ئەپرسێ
بۆ کوێی بەرم ئەم ساوایەم کە ورکی دایکم ئەگرێ ؟!
لەوەتەی تۆ ئەنفال کرای من ئاسمانێك لە هاوارم
هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا مێژووم دێت و خۆی لە ڕەژوو هەڵئەسوێ
جارێکی تر بەردەکانی دەم کانییەکان قەوزە ئەگرێ
جارێکی تر هەورێکی ڕەش ئاسمانی کوردستان ئەگرێ !

# ئەنفال

لە ناو زرنگانەوەی دەنگا پەنجە نەگەیشتە کاکۆڵی شەو
لە ژێر سەقفی بارانێکی پەمەییدا گوێم لە ترازانی ڕۆحی خۆم بوو
بە نیگات باڵام بەرز بوو .. نیگام کردی
لە ناو چرای چاوەکانتا گەیشتمە مەملەکەتێکی تەم
لە هەناسەی بەیانییەکی ماندوو بە دەست بە ڕێکردنی شەوەوە
شەوی ڕابردوو.. شەوی دووەم تیشکی چراکان بەستی
تیشکی چراکان چلوورەیەکی تەزیوو بوون
کە تریفەی مانگ و نیگایەکی تۆ بۆ چرا یەکتریان پڕی
سەقفێکی پەمەیی بوو بە پرووشەی نەسیمێکی دەرەوەی پەنجەرەکان
لە نێوان خاك و ئاسمانا یەکمان بینی
لەوێندەر سەردانی ڕۆحی یەکدیمان کرد
بە سواری گالیسکەیەك هاتینەوە بۆ ناو هەتاوە کۆنەکەی گەڕەکە شەق و شڕەکان
هاتینەوە بۆ لای بەرائەتی تورە بوون و ڕێبوارە حەسرەت لە دڵەکانی دەڤەر
هاتینەوە بۆ شکاندنی تەوقی ملی ڕەفتارە باوەکانی کۆمەڵگای پڕ عەشق و حەسرەت
هاتینەوە تا لە هێندەر بەیانییەکی دی بدەین لە پەرچەمی خۆمان
تا لە هێندەر بەبێ سانسۆر عەشق بکەین
بەبێ سانسۆر گوڵی سوور سوور لە بەرۆکی یەکتر بدەین
هاتین سەمای خۆشی بکەین
هاتین شەوقێك بۆ ناو دڵی مناڵانی ئەنفال ببەین
هاتین کەوتین بە سەر لاشەی خەڵتان خوێنی سەدان ژنا
ئەو ژنانەی نانیان نەبوو
ئەو ژنانای عەشقیان کوژرا
ئەو ژنانەی هاتنە ڕیزی ئەنفالەوە
ئەو ژنانەی بۆ کڕینی بزەی لێوی مناڵەکان جەستەی خۆیان بردە بازاڕ
بۆ لەتێ نان های لەشیان کرد
ئەو ژنانەی پێش ئەمانە شتومەکی ماڵەکانیان بۆ کڕینی پارووی نان و بزەی لێوی مناڵەکان، بۆ بازاڕ برد
لەو ڕۆژەوە چەقۆکان تیژ کران
لەو ڕۆژەوە ملی ئێوەیان پێ قرتان

لە هەناوما دووکەڵێکی سپی وەك تەم
وەك تەمەکەی سەر هەواری هەڵەبجەییم دێت و ئەڕوا
عەشقیش وەکو دەروازەی بەر ماڵانتان دڵۆپ دڵۆپ خوێنی تکا
ئەوێ شوێنی هەڵواسینی سەری ئێوە و تێکەڵ بوونی نان و خوێن و بزەی لێوی مناڵان بوو .

٢٠٠١
فلاردینگن / هۆللاند

## مەرگی بەڕێز

بەرامبەر لوولەی چەکداری پارێزەرانی سەرمایە ڕاوەستاوین
ئێوەی سەربەرز و شکۆمەند وەك پەراسووی سینگی مرۆڤ ڕیزکراون
یەکێکتان کورد.. ئەوانی تر خەڵکی ئەودیوو .. یاخوود عەرەبێکی یاخی
گرنگ نییە هەر قەومێ بن .. دوژمنانیش لە ژێر پێی ئێوە خزاون
وا تۆش هاوڕێ بەو چەند چرکەی ژماردنی یەك و .. دوو .. سێ
هەزار یادگار بە مێشکتدا تێ دە پەڕێ

خێزانی بێ خانە و لانەی پەرەوازەت
دایک و بابی پەك و پیری بێ ئەندازەت
دەمێ ئیشی ناو کارگەکان .. کوورە پەستخانە .. خشتەکان
هەڵپەی ئێوە دەمێ بۆ ئاو دەمێ بۆ نان
دەست و پەنجەی قڵیشاوی بێ بیهداشت و داو و دەرمان
ئەمانەن مشتێ ڕق و قین لە خەرواری کوێرەوەری و نەبوونیدا
بۆ هەڵشاخین بە ڕووی گرژی جەللادانا ئەنجامیشیان تێکشکانی نەزمی سەرمایەی جیهانە
دوو تەواو بوو گەیشتە سێ
تەزووی گەرمی یەکەم گوولله گەییشتە جێ
خوێنی دەریای دڵی سوورت شەپۆڵیدا بە سەر سینگتا
مەلی گیانت نیو هەناسەی تێدا مابوو دووەم گوولله پەرەی جەرگی سووتاو هەڵقرچاوی پێکا
تا چاوەکانت ڕەش داهات خاك تارای سووری لە سەر کرد
سولەیمانی دوای مەرگی تۆ حیجابێکی ڕەشیان هێنا و لە بەریان کرد
با هەر بەڕێز و نەمر بێ یادی تۆ لەم کاروانەدا
مەرگی تۆ هەر پێش دەکەوێ تا چۆك بە یەکێتی دادا .

(ساڵی نووسینی دیار نییە)
لە دەرەوەی مێژوو

## سەرما

من هەوارم بێ تۆ چۆڵە
خۆرەتاویش ئەم ڕۆژانی غوربەتییەم پڕ لە شەوق و گەرمی ناکا
تاوێك ئارام ناگاتە سەر پەیکەری پەیکەری ئێسکی تەزیووم
دەستێك نییە تەمی دووریم لە دڵ ڕادا
مەنزڵ دوورە و سەفەریشمان بەردەوامە
چەند لێت دووربم چەندە زیاتر هەنگاو بنێم زیاتر دڵم دائەخورپێ
زیاتر جەرگم پڕ لە خورپە و چاوم زیاتر پڕ ئەشك ئەبێ
ئەم کاروانە بە ناو تونێلی برسیەتی و بە ناو رووباری ئارەقە هەنگاو ئەنێ و عەشق ئەکا.
خۆشەویستیش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گووڵی تازە لە پەرچەم و قژی ئەدا
من ڕووباری ئەو عەشقەم و بە دوای نیگای تۆدا وێڵم
تۆ دەریایەك لە ئارامیت
شەوێك نییە کە من تیایدا دڵی گەرم و پڕ ئازارم بە باوەشی تۆ بسپێرم .

١٤دیسەمبەر ١٩٩٦

# ئەنفال(*)

لە پەنجەرەکانەوە سەیری ئاسمانی شەوپۆشی ڕێگاکانمان ئەکرد
تەنها بە ناو ئەو هەموو ئەستێرەیەدا سەفەر
سەفەرێکی گەرمی بەر مۆمە کز و گەشەکانی دوور و نزیك
چاوە پڕ لە سەیرەکانی ئەستێرە بۆ ڕێگا
دار بۆ باران و گەڵا بۆ هەتاو
لێشاوی ئەو نازە پڕ کەسەرەی لە چاوی گوندنشینەکانەوە ئەڕژێتە سەربەرماڵەکان
و
بە قەد ئەو حەسرەتانەی لە سەر بەردی کانییەکان نیشتوون
ئەو حەسرەتانەی لە چاو و قژی بەستراوی ژنان و کچانەوە ڕژان
ئەوانەی بە ملی گۆچانەکانەوە ڕژانە بەر پێی کوڕ ون بووەکان و
کچ ون بووەکان و کچەزا و کوڕەزا ون بووەکان
لە پەنجەرەکانەوە ئەڕوانمە ئەم سفرە گەورەی خەمە
چاو ناگاتە ئەوسەری و خورپەی دڵیش فریای نرکەی دەفی ئەم مەرگەساتە ناگرێ
پەیژەیەك نەما پەنجەکانی لە یەخەی گوێسەبانەکانەوە نەپرابێ
لقێ گوڵ نەما بولبولێك لە سەری بخوێنێت
بولبولێك نەما بە دوای لقێکدا بگەڕێت
بەرخێك نەما دەم بۆ گوانی پڕ لە شیری دایکی دا نەکوتێ
لە ناو ئەم هەموو شتە نەماوانەدا ئەوەی ماوە ئەو چاوە پڕ لە چاوەڕوانیانەیە
کە بە درێژایی ئەڕواننە ئومێدێکی تاریك و ئاواتێکی ڕەش پۆش
لە ناو خەونێکی پەمەیی هاتنەوەدا.

١٩ ئەبریلی ٢٠٠٢

(*) حەمەزەکی دوو شیعری بە ناوی ئەنفالەوە هەیە.

## مێژووی ژیان

کاتێك بە هاوارەوە
لە تابووتەکەم لە دایکمەوە هاتمە دەرەوە
لە نێوان لە دایکبوونی خیانەتکارمدا
مۆر کراو بە چەورایی بە ئاو بە خوێ
لە نێوان مردنێکم کە پێی لە دایکبووم ،
لەوساتەوەختە درێژانەی نێوان ڕۆژی هەینیدا
لەگەڵ ڕۆژێکی هەینی دامەزرا و دووبارەیا ،بەخێو کرام
گەورە کرام و ڕاهێنرام بۆ لەشکر .
ڕووی هێز بە شانسە کە بە ڕووکەش داپۆشراوە
ڕەمز هەموو ساڵێ جارێك ئەگۆرا
من هەموو ڕۆژێك کفنەکەی خۆم ئەگۆری
چوار هێڵەکەی ئاسمانم بینی
وشەکانم بە ناو بادا دەرپەڕاند
نە ناوبانگ نە مەرگ قووتیان نەدام
شەوانە جگەرم قورس ئەبێ وەکو بەرد
کاتێك هەینی دادێ گوێم لە هاوارێك ئەبێ
وەك ئەوەیە کە من لە کفنە سپییەکەم دا هاوار ئەکەم
پێش ماوەیەکی دوور ، ساتی لە دایکبوونم
بە توورەیییەوە ئەنووم بە بیرکردنەوەوە
ئەمە هیچ گرنگ نییە بە لامەوە ، شەڕێکی تر ڕوو ئەدات
سەگێکی تۆپیوی تر
من نیم ئەوەی ئەخرێتە سەر گولەتۆپێك و ئەنێردرێم بۆ سەر مانگ
نێژراو لە شوێنێکی پڕ لە هاوارا بێ بەش لە عەقڵ و ڕۆح .

**تێبینی بەهرەخانی هاوژینی شاعیر : ئەم شیعرەی بەرواری لەگەڵ نییە بەڵام بە تەسەوری من لە نێوان ساڵانی**
**( ١٩٩٧- ١٩٩٩)دا پێ ئەچێت نووسرابێت .**

## سەحەر

سەحەرێك
نزماییەکانی دوورگە چۆڵەکەی وڵاتی وێرانەم ئەمسوتێنێ
ئەمشەو پاییز لە سەر ڕۆحم خۆی ئەکاتەوە
کۆڵوانەیەکی پڕ لە ڕەنگەکانی وەرین و دەست بەردان
خاتوون .. ئەی هاوڕێی تراژیدیای شەوەکانی وڵاتی مانەوەم
ئاسمانێك لە تەم ئەبارێتە سەر شان و قژو جەستەم
زیاتر ڕۆحم ئەتەزێنێ
تورکیا ئەی نەزەرگەی عاشقانی بەجێماومان
من ناتوانم مرواریەك بە دیاری بۆ هاوڕێکەم بکڕم
من ناتوانم پڕ بە دڵم ئیحساسی خۆم بۆ هیچ کەسێك هەڵبڕێژم
دەستێك ئەمڕۆ بەندی دڵم ئەسووتێنێ
ئەمخاتە ناو دەریاکانی دوورکەوتنەوە و
بۆ یەکجاری لێك داپڕان ئەترسم .

١٩٩٦/١٢/١٥

## دوو ترسنۆك

نە من نە تۆ کەسمان لە یەکتری ناگەین
وەك دوو هەورین .. ڕوو لە یەکین
دوو با پاڵمان پێوە ئەنێ
دوو دەریاش لە کۆڵمان ئەگرێ
کە تێکەڵی یەکیش ئەبین .. بارانێکمان لێ ئەبارێ.
نە من نە تۆ کەسمان لە یەکتری ناگەین
تەنیا کە یەکتر ئەبینین
چاوەکانمان شیعر ئەڵێن
دووکەڕ .. دوولاڵ
دوو قەرەجی لە خێڵ جێماو
دوو سەرەڕۆ .. دوو ژێر پاژنە زبر و خوراو
دوو ترسنۆکی بەش خوراو
دوو عاشقین
هیچمان نییە دڵمان خۆش کا عەشق نەبێ
هیچمان نییە ئەم زستانە دایگیرسێنین چاومان نەبێ
دە پاڵتۆ شڕەکەت هەڵگرە بۆ بازاڕی چاوبرسییەکان
بۆینباخەکەی منیش بیرِ مەکە

بیانده بە چەند دینارێ دوو بلیتی شەمەندەفەریان پێ بکڕە
با هەردووکمان سەر هەڵگرین
تا بزانین خۆری ئێمە لە چ کوختێکی خۆرئاوا، ئاوا ئەبێ.

١٩٩١/١٠/١١
دەربەندی ئەم دیووی دەوارەکان

# گوڵە ئازادەکان

گوڵەکان لە ئینجانەدا
گوڵەکان وا لە بەر شنەی بایەکا
کامیان جوانن؟ کۆت و پێوەند یا ئازاد بوون کامیان جوانن؟
وەك دوو تابلۆی لە یەك نەچوون
لە نێوان هەردووکیانا ڕێگایەك هەیە بۆ دەرچوون
ئای هاوڕێ گیان ..
هەتا خوێنم لە سەر ڕووبارێك لە شەختە نەبێ بە گووڵ
بەهار نایە و خۆشەویستیش سەرچاوەکەی جێ ناهێڵێ
ئای هاوڕێ گیان ..
تۆ ئاوەها دەست مەدە لە فریشتەکان
ڕوانین مەرجە بۆ جوانییەکان
جوانی عەقڵێکی بەرینتر
جوانییەکان ئازاری قوڵتر
فرمێسکی گەرمتریان ئەوێ
سەفەرکە و کۆڵەکەی سەرشانی ماندووت تووندتر بگرە بە کۆڵتەوە
کۆڵاکەی سەرشانت قوورسە
وەك خەمەکەی سەر ڕۆحی من
ئەوبەرەوەت لە یاد نەچێ
ئەو بەر دەریای پەڕینەوەت ژیانێکی ئازادترە
لە دۆزەخا دەس مەبە بۆ گوڵاڵەکان
نەوەك سەری پەنجەکانت ڕەش بێتەوە
سەری کاست مەدەرە دەست قەدەرەوە زریانێکی بێ ئامانە
نە با گوڵە ڕەنگ ئاڵەکەی سەری کوڵمت کاڵ بێتەوە
هەموو شەوێك پەنجەرەکە ئەکەمەوە
دوو کۆتری قەترانی ڕەش
دەم ئەخەنە ناو دەمی یەك
هەتا سەحەر بۆ تەنیایی تۆ ئەخوێنن
ئەی هاوڕێ گیان ..
من گشت شەوێ لە پاڵ ئازارەکانی تۆیا
بە گەڵای وەریوی پاییز گۆڕێك بۆ خۆم هەڵ ئەچنم
ئەڵێم نەبا خەمم سەرکا و

تا بەیانی بەرگە نەگرم.
بەر لە مەرگم کام بەرزایی زۆر بڵندە
پەنجەیەکم بگەیەنێ بە تاڵێ لە قژی زەمەن
کامە نیگا پڕ لە سۆزە
بمبا بەرەو مەنزڵێکی تازەی تەمەن
من لەوێوە بۆ غەریبی خۆمان ئەگرییم.

١٩٩٦/١٢/٢٥

## نێوان

نەبوونی چەترێك و ڕەهێڵەی سپی بارانێك
پەنگ خواردنەوەی تاك و بارمتە بوونی عەشقە
یەخانگیربوونی کۆچ و شکانی ماڵئاوایی دەبارێ
نەبادا زۆرن بە ژمارەی هەناسەدان
کە بۆنی خاکم لێ دەپڕێ چمکێك لە کراسەکەی دایکم دەجووم

دەبم بە درەختێك ڕەگەکانم لە هەور گیردەکەم
کە بیری چاوانتان ئەکەم نیگام بەرەو هەور ئەبەم
بە درەختێك دەفڕم و بازنەیەك لە تاجە گوڵینە دەخەمە سەر لەپی دەستم دەبارێمە سەربانی خێزانێك .
هانای کۆچی شەوەزەنگێك بەرەو گەڕەک دەخەمە ناو شوشەیەك لە عەتر و لە گەڵ خۆم دەیبەم.
بردن بەرەو دەنگی لێزمە و گوێگرتن لە ترپەی دڵی خانمە هەتاوییەکەم
پێکەوە ساڵمان لێبوو بە سێ وەرزی زستانی و تیایدا چاوەڕێی
چەند ڕۆژێکی بەهاری دەکەین.
بەیانیان لەو ژوورانەی پەنجەرەکان هەڵماوین
بۆنی قاوەی کوڵاو دێ
پێکەوە خەریکی کردنەوەی ئەو دەرگایانەین دیوێکیان سووتاوی
بەر هەتاوەو، دیوێکیان بە هەڵمی شەوە زەنگ تەڕ بووە.
ئەو ساتەی هەتاو و شەوەزەنگ یەخانگیر لە ناو دەرگادا بە یەك دەگەن
ئەوساکە پەرژینێك لە هەور لە نێوان باخچەکان
باوەشێك ئەگەر زەنگیانە و کوژەکە لە باخچەی پشت ماڵان سەوز ئەبێ .
چەند مشتی خەروارێك لە خەون لە بەردەم شەپۆلی دەریاکەی باکوورا ئەڕوێنین !

٢٠٠١/٦/١٠
ماسلاند / هۆڵلاند

## بەشی وەرگێڕان

حەمەزەکی جوانەمەرگ لەم هەوڵە بچکۆلەیەی خۆیدا توانیویەتی شتێک بکات. دەستی بۆ کارێکی گرنگ بردووە. ئەو درکی بەوە کردووە کە وەرگێرانی دەقی ئەدەبی لە زمانە زیندووەکانی جیهانەوە بۆ کوردی بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. بەڵام دیسانەوە دەبێ ئەو داخە بخۆین کە مەرگ نەیهێشت ئەم شاعیرەمان بەهرەو توانایی خۆیمان لەم بوارەدا نیشان بدات.

## **هەڵبژا**ردەیەك لە شیعرەكانی ئیلیزا لاسكەر شیلەر

### دایكم

دایكم بوو ئەو فریشتە مەزنە بە لامدا تێپەڕی ؟
یاخود ئێستا دایكم لە ژێر خاكایە
لە ژێر ئاسمانێك لە دووكەڵ
ئەو ئاسمانەی شینی خۆی بەسەر گۆڕەكەیا هەرگیز
پەخش ناكات .

ئەگەر دوو مانگ لە چاوەكانما هەڵبێن
تیشك بۆ دایكم ئەنێرن
ئەگەر زەردەخەنەم لە ناو دامانما نقووم نەبووایە
بە سەر گۆڕەكەیەوە هەڵی ئەواسێ

بەڵام ئەستێرەیەك ئەناسم كە هەردەم پرشنگدارە
بە سەر خۆڵی گۆڕەكەیەوە هەڵی ئەواسم

من ئیتر كچێكی تەنهام بۆ هەتا هەتایە
وەك فریشتە مەزنەكەی
بە لامدا تێپەڕی.

## گۆرانییەك بۆ خۆشەویستی

( ساشا )

شار تاریکە
لەوکاتەوە تۆ بەجێت هێشتووە .
سێبەری ئەو دارخورمایە کۆئەکەمەوە
کە تۆ بە ژێریاندا پیاسەت کردووە

بەردەوام ئاوازێك ئەچڕم
زەردەخەناوی
خۆی بە دار خورماکانەوە هەڵئەواسێ

تۆ دووبارە خۆشت ئەوێمەوە
بۆ کێ دڵخۆشی خۆم بدەمەوە ؟

بۆ کچێکی هەتیو یان بۆ کەسێکی نوقمی
خۆشی یەکەم شەوی پەردە ؟
کاتێك بیرم لێ ئەکەیتەوە هەست بەوە ئەکەم
دڵم ئەبێتە منداڵ و دەست ئەکا بە گریان
لە بەردەم هەموو دەرگایەکی شەقامەکانا
ئەوەستم و خەون ئەبینم

یارمەتی خۆر ئەدەم تا وێنەی جوانیت
لە سەر دیواری هەموو ماڵەکان بکێشێ
بەڵام خۆم ئەسووتێم
لە بەردەم وێنەی تۆدا .

**دوو تێبینی عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) :**

**یەک : ئلیسا لاسکەر شیللەر شانۆنامەنووس و ژنە شاعیرێکی گوزارشتخوازی جوولەکەی ئەڵمانییە و لە ساڵی ١٨٦٩ لە بەرلین دایکبووە و لە ساڵی ١٩٤٥ لە ئیسرائیل ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. ئیلیسا بەهۆی ڕێگەی ئابووری بنەماڵەکەیانەوە، پەیوەندی هەبووە بە هونەرمەندان و ئەدیبانی گوزارشتخوازانی سەردەمەکەی. ئلیسا لە ژیانیدا حەوت کۆشیعر و دوو کتێب و شانۆگەرییەکی چاپ و بڵاو کردۆتەوە.**
**دوو : نازانرێ حەمەزەکی ئەم شیعرانەی لە چ زمانێکەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئاستی وەرگێڕانەکە چۆنە.**

## هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی شیعرەکانی حەمەزەکی

**نووسینی : عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ)**
**حوزەیران تا کۆتایی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩**

جیهانی شیعریی حەمەزەکی جیهانێکی هەمەچەشن و ڕەنگاوڕەنگە، لێوڕێژە لە عەشق و ڕاستگۆیی و جوانی و ڕۆچوونە ناخی خود و دەستبردن بۆ دیوە شاراوەکانی نەست. ئێمەی خوێنەر لەڕێگەی ئەم پەنجەرەیەوە کەجیهانی شیعرەکانییەتی، دەتوانین پەی بە نهێنییەکانی نێو دڵی شاعیر و ڕاز و نیازەکانی و بیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتنی بۆ ژیان ببەین و لەوێوە تەماشای هەڵچوونە

دەروونییەکان و ئازارە تەنیاییەکان و غوربەت و دوورەیاریی و خەم وحەسرەت و ئومێد و پێکەنین و گریان و ڕق و شۆڕش و برسێتی و هەژاری و .. تاد بکەین. حەمەزەکی لەبەرامبەر هەموو ئەم دۆخەئاڵۆزانەدا جگە لەشیعر و عەشق و ڕاستگۆیی و خەبات هیچی تری نەبووە. بەزمانێکی تر، حەمەزەکی لەم تەمەنە کورتەیدا و لەم کۆمەڵە شیعرەیدا ئیشی لەسەر ژمارەیەک ئایکۆن و ئاماژە کردووە کە بوونەتە پێکهاتەی بونیادی شیعریی ئەو. من هەوڵ ئەدەم هەڵوەستەیان لەسەر بکەم و تیشکی سەرنجە ڕەخنەییەکانی خۆمیان لەڕوانگەی لێکدانەوەی ماتریالیستانەوە ئاراستە بکەم. میتۆدێک کە ئەم نووسینەی لەسەر بنیاد دەنێم، میتۆدی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە و خوێندنەوەی من بۆ جیهانی شیعری حەمەزەکی خوێندنەوەیە بۆ شاعیرێتی حەمەزەکی. خوێندنەوەیە بۆ هەموو ئەو ئایکۆن و ئاماژانە کە حەمەزەکی بونیادی شیعری لەسەر دامەزراندووە. بەواتایەکی تر ئەم هەڵسەنگاندنەوەی من لەڕاستیدا خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی مارکسیستیی هەمەلایەن وگشتییە بۆ سەرتاپای بونیادی شیعریی لای حەمەزەکی و وەستانە لەسەر ئەو ئایکۆنانەی کە حەمەزەکی لە نەستی خۆیدا شوێنی شیاوی بۆ دانابوون.

بەو پێیەی **ئەدەب و هونەر ئاوێنەی باڵانومای ژیانی کۆمەڵایەتییە(١)**، بۆیە ئەدەب و بەرهەمی ئەدەبیی لە منداڵدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەدایک دەبن. پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەسەر بنەمای گەشەی گەشەی ئابووری کۆمەڵگە دیاری دەکرێن.مادام هەر سەردەمێکی مێژوویی ئەدەبی تایبەت بەخۆی دەخولقێنی لەچوارچێوەی گەشەی بەرهەمهێنانی نیزامی سەرمایەداریدا، ئەدەب ناتوانیت بازبازێن بەسەر بەرژەوەندیی چینایەتی چینە کۆمەڵایەتییەکان بکات. بەڵکو تەنها دەتوانێ لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی ئابووری و چینایەتی جینێکی دیاریکراوەوە خۆی نمایش بکات. حەمەزەکی کوری سەردەمێک بوو کە ژینگەکەی لەڕووی سیاسییەوە بە هێزێکی تۆتالیتاری ترسناک تەنرابوو و خۆشی لە بنەماڵەیەکی کرێکار و دەستەنگ بوو. واتە ژیانی حەمەزەکی شاعیر لە ژێر سێبەری سەرکوتی سیاسیی و ئابووری سەرمایەداریدا دەگوزەرا، هەر بۆیە ئەو ژیانە تاڵە بەسروشتی خۆی ڕوحییەتێکی بەرگریکارانە و شۆڕشگێرانەی لا دروست دەکات. بەجۆرێک کە بەرهەمە ئەدەبییەکانی حەمەزەکی دەکەنە ئاوێنەی ژیانی کۆمەڵایەتی شاعیر و دەوروبەرەکەی .من کە دەمەوێ حەمەزەکی بخوێنمەوە دەبێت بە پێودانگی دەیەکانی حەفتاکان و هەشتاکان و نەوەدەکان بیخوێنمەوە. وەک ئاماژەم پێدا چۆن هەر سەردەمێک هونەر و ئەدەبی تایبەت بەخۆی دەخوڵقێنێ کەڕەنگدانەوەی گەشەی بەرهەمهێنانی مادیی کۆمەڵگەیە، ئاواش گوزارشتەکانی حەمەزەکیش لە عەشق و مەرگ و سیاسەت و جوانی و تەنانەت زمانی شیعری و داڕشتن و ڕێنووسی شیعرەکانیش هاوتەریبن لەگەڵ گەشەی ئاستی بزووتنەوەی ئەدەبی

ئەو سەردەمە کە من دواتر وردتر دێمە سەریان و هەر بەهۆی شیعرەکانی حەمەزەکی خۆیەوە وردیان ئەکەمەوە و هەوڵ ئەدەم لەگەڵ ئێوەی خوێنەر بگەینە سەر ئێسکی واقیعی ژیان و شیعری ئەم شاعیرە خێرلەخۆنەدیوە و جوانەمەرگەی کە تا مرد دڵی بۆ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی پر لە جۆش خرۆش بوو.

## خۆشەویستی وەک کۆڵەکەیەکی شیعریی

شیعرەکانی حەمەزەکی لێورێژن لە عەشق و خۆشەویستی. حەمەزەکی چونکە خۆی عاشق بوو، هەوڵیداوە شاعیرانە لە عەشق و سووتانی عەشقەکەی بدوێ. حەمەزەکی یەک ڕۆژ نەیتوانیوە بێ عەشق بژێت. عەشق بۆ حەمەزەکی بەمانای ژیانە، بەمانای گەیشتنە بە باوەشی مەعشوقەکەی. پرۆسەی عەشق لای حەمەزەکی بریتییە لە خۆ نزیککردنەوە و دەرخستنی ئاستی قوربانی و ئینجا سووتان بۆ یار . حەمەزەکی خاوەن عەشقێکی پاک و بێگەردە . خاوەن عەشقی ژنێکە پر لەجوانی و میهرەبانی و وەفا و دڵسۆزی. خۆشەویستی ژن بەهیچ پێوەرێک جیاناکرێتەوە لە خۆشەویستی ئینسانییەت. حەمەزەکی بەم دیدگایەوە عاشق بووە و هەوڵیداوە هەر بە ئەم پەیژەی عەشقە سەردەکەوێ و سەردەکێشێتە جیهانی پر لە قوربانی و وەفاداری و سووتان بۆ مەعشوقە ئینسانەکەی خۆی.

**بیرت ئەکەم پر بە قوولی هزر و خەیاڵ بیرت ئەکەم**
**لەگەڵ سیس بوونی گەڵایا منیش بۆ تۆ هەڵئەوەرێم.(٢)**

حەمەزەکی لێرەدا سنوورەکانی نۆرماڵ دەپرێ و خۆی و خۆشەویستییەکەی لە دۆخی مرۆڤبوونەوە دەگۆڕدرێن بۆ دۆخی وەرزیی. دەگۆڕدرێن بۆ پایزێکی زەردی دڵتەنگ کە هەر شیعر دەتوانێ پەی بە تەنیاییەکەی بەرێت.**" ئەو شتێکی بزر کردووە، بەدووای شتێکدا دەگەڕێ، کە خۆشەویستییە، ئەم فیراق و داپڕانە تا دووایین هەناسەکانی شیعری لەگەڵیاندا ژیا." (٣)** ئەم سۆراخ و وێڵبوونەی شاعیر ئەوە لە خوێنەر دەخوازێت کە سواری کەشتی شیعر بێت و بچێتە ئەودیو دوورگەکانی دڵی شیعرەکانییەوە. ئەم هەوڵدانە سەرەنجام بێ سەمەر نابێت. شاعیر دەتوانێت دڵی خوێنەر و یارەکەی و تەنانەت دڵی شیعریش بەدەست بهێنێت. ئەم بەدەست هێنانەش بە دڵنیاییەوە ساڕێژکردنی برینەکانی ژیان نییە.

**تێم مەڕوانە**
**نیگاکانت بە نازەوە هەڵمەهێنە**
**یەکجار شەکەت و سەر شـــێتم**
**خوا نەکردە نەوەک ڕۆژێ هۆگرت بم**
**نەوەک بێم و بە خۆم و دڵی شێتمەوە لەبەر پەنجەرەی چاوانتا لەنگەر بگرم**
**لێم گەڕێ با سەرە ڕۆ بم  با تەنیا ڕێگاکان تەی کەم**
**نەک هۆگریت سەرابێک بێت**
**ئاگرێ تر لە ڕۆحی سەر شێتم بەردەم(٤)**

دەبێ فشاری چ تەنیاییەک  ئەو دۆخە ئاڵۆزەی لای شاعیر پێکهێناوە کە مەرگ لەدووری بە جوانتر بزانێت. لەم کۆپلە شیعرە و لەنێو دێرەکاندا گوێمان لە سووتانە، سووتانی دڵێک کە پڕە لەئومێد. سووتانی شاعیرێک کە بە وشە گوزارشت لە سووتانەکەی و بوون بەژیلەمۆی خۆی دەکات. بەڵام ئەم ژیلەمۆیە نەکوژاوەتەوە و داینەمۆی زیندەگی خۆی لە لەژێر هەر وشەیەک و پاڵ هەر ڕستەیەک و پەنای هەر کۆپڵەیەک حەشار داوە.
خۆشەویستی لای حەمەی عاشق هەر تەنها خۆشەویستی مەعشوقەکەی نییە، بەڵکو خۆشەویستی دایک و ئینجا ئینسانییەتیشی ئاوێزان کردووە. خۆشەویستی لای شاعیر چەشنی ئۆکسجین وایە و بێ ئەو خۆشەویستییە نەیتوانیوە بژێت. دەتوانین لەتوێی شیعرەکانی حەمەزەکی دیوی دووەمی عەشقەکەی ببینین کە ئەویش عەشقی ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بووە. عەشقی گەیشتن بووە بە ئاواتەکانی، بە خەونەکانی. بە ئومێدە دەست لە گەروو گیربووەکانی لەلایەن ستەمکارانەی سەرمایەدارییەوە.

**پێچەوانەم بە سیستەمێك هەموو ساڵێك ئەنفالمان ئەکا**
**پێچەوانەم بەو کوڕەوەی هەر چەند مانگێك**
**بۆ سەر مەرزو گۆڕستانی سەیران بەن  و پاوە و پیرانشارمان ئەبا**
**پێچەوانەم بە مینبەری مەلاکان و بە فتواکان**
**بە سەربڕینی ژنان و بە جیا کردنەوەی کورو کچ**
**پێچەوانەم بەو دەستانەی دەرگای ڕۆژنامە دائەخەن**
**بە قەڵەمی نووسەرانێك بۆ مەلاکان چۆك دائەدەن**
**پێچەوانەم پێچەوانەم بە نەزمی کۆن**

**هاوتام لەگەڵ خەونەکانی منالێتان**
**هاوتام لەگەڵ یەکسانیتان**
**هاوتام لەگەڵ ئازادیتان (٥)**

ئەم عەشقەی حەمەزەکی بۆ شۆڕش و خەباتی چینایەتی دژی سەرمایەداران تێکەڵ بە عەشقی ژن و ئینسان بووە و هەر ئەم مۆتیڤەشە بووەتە داینەمۆی کارە ئەدەبییەکانی حەمەزەکی و داڕێژەری ئەو مێژووەی کە هەم حەمەزەکی و هەم ئێمەش شانازی پێوە دەکەین.

مەرگ و ڕەنگدانەوەی مەرگ لە شیعری حەمەزەکی

ئەگەر مەرگ لە مەجازو ناو کتیب و تێکستەکاندا مانایەکی جوان لەخۆ بگرێت و ئاماژەیەکی پۆزەتیڤانە بێت بۆ ژیانی ئەبەدی یان نەمریی، ئەوا لای ملیۆنەها ئینسان بەپێچەوانەوەیە. مرۆڤایەتی لەگەڵ دەستپێکی ژیان گیرۆدەی ئەم لوغزە بووە و نەیتوانیوە ئەم مەتەڵە هەڵبێنێ. بۆ مەرگ هەیە؟ نەمری لە کوێیە؟ لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیاو زانستیش تا ئێستا هیچ وەڵامێک سەبارەت بە مەرگ بوونی نییە. بۆیە نەمریی لە واقیدا بوونی نییە بەڵام لە ئەدەب و نووسیندا دەتوانی سێبەری ئەو نەمرییە ببینیت. لەوەی شیعریش پەیدا بووە ، مەرگیش خۆی خزاندۆتە نێو دەقەکانەوە. بۆیە مەرگ هەمیشە جێیەک لە دڵی ئەدەب داگیر دەکات. لای ئەم شاعیرە هەست ناسکەی خۆشمان مەرگ ڕووبەرێکی زۆر گەورەنا بەڵام تاریک لە شیعرەکانی داگیر کردووە. سێبەری خستۆتە سەر بەشێک لە نەستی شاعیر. مەرگ بۆ حەمەزەکی مەرگی فیزیکیی نییە، ئەوەندەی نزیکبوونەوەیە لە پایانی عەشق. ئەو ژیان لە لێکهەڵپێکرانێکی گەورەدا لەگەڵ مەرگ دەبینێت و پێیێ وایە مەرگ و ژیان هاوتا و هاوواتان ئەگەر مەعشوقەکەی لێ دوور بێت. چونکە دووری لە مەعشوق لای حەمەزەکی تا ئاستی مەرگ بەرز دەبیتەوە.

**مەرگ لە دووری جوانترە**
**شەوەزەنگی پێکەوە بوون**
**لەهەتاوی جوودابوونێک قەشەنگ ترە. (٦)**

هەرچەندە ئەم هەستە بۆ مەعشوق و مەرگ شتێکی تازە نییە و بەر لە حەمەزەکیش گەلێ شاعیری تر ئەم هەستەیان بە شێوازی جیا جیا دەرپڕیوە.بەڵام هەر شاعیرێک بە ئاستێکی هونەری و سەلیقە و دەستڕەنگینی خۆی ئەو پرسەیان دارشتووە. بەڵام شاعیر لێرە زۆر وەستایانە و شاعیرانە ئەو تووندێڵە گەورەیەی فیراقی خۆی و مەعشوقەکەی بە کۆپڵەیەک دەرپڕیوە کە هەر حەز دەکەی بیخوێنیتەوە. حەمەزەکی و مەرگ هەردووکیان خەریکی دەستوپەنجە نەرمکردنن لەگەڵ یەکتر. بۆیە کە شیعرەکانی دەخوێنینەوە دەبینین هەر مەرگ لای شاعیر ئامادە نییە، بەڵکو شاعیریش لای مەرگ ئامادەیە و دەچێتە لەپرسەکان بە نەست و هەست بەشدار دەبێ . کە ژنێک دەکوژرێت، شاعیر دەیلاوێنێتەوە. کە هاوڕێ سیاسییەکانی (شاپوور و قابیل) تیرۆر دەکرێن ، حەمە شیوەنیان بۆ ساز دەکا، کە هاوڕێیەکی کرێکاری دەمرێت، شاعیر وەک مامێک دەست بەسەر سەری منداڵەکانیدا دەهێنێت. کە دایکی دەمرێت، شیعر دەکاتە کەژاوە و لە غوربەتەوە بە خەیاڵ دەچێتەوە گەڕەکی ئازادی لە کەرکووک و دار و بەردی گۆڕستانەکەی ئازادی دەکات بەسەردا. (٧)

**هۆ دایە گیان ..**
**دڵنیابە تا بۆن لە مێخەکا هەبێ**
**تا خونچەی گوڵە باخ مابێ**
**سینگ و مەمك و تەسبیحەکەی باخەڵی تۆم لە یاد ئەبێ**
**ڕەفیقانم شانتان شل کەن**
**هێواش هێواش هەنگاو هەڵنێن**
**بەر لەو ساتەی دەست بەرن بۆ تەرمی دایکم**
**سەرو گوڵێکی قرمزی لە بەرۆکی خۆتان بدەن**
**نەرم بڕۆن ..**
**ئەمە جەستەی دایکی زەحمەتکێشی منە**
**زۆر هێمنتر هەنگاو هەڵنێن**
**ئەمە لاشەی پڕ حەسرەتی جوودا بوون و کوڕ ون کردووی دایکی منە**
**ئەمە شەوقی پڕ لە نوور و چرای منە**
**ئەمە تەرمی بەر فرمێسك و ڕەشەباکەی جەرگی منە**
**ئەمە دەنگی یەکەم وانە**
**یەکەم کتێب**
**یەکەمین مامۆستای منە (٨)**

ئیشی شاعیر لەسەر ئایکۆنی مەرگ لە دوو ئاستدایە. ئاستێکیان شوبهاندنی ژیانی خۆیەتی بە مەرگ لە دووری مەعشوقەکەی و کەسوکار و دایک و باوک و ئازیزانیدا . ئاستی دووەم لیکهەڵپێکرانی خۆیەتی لەگەڵ مەرگ. واتە لە شیعرەکانیدا حەمەزەکی هەم لەگەڵ مەرگ دەدوێت و دەیلاوێنێت و دەیبینێت و هەمیش لەگەڵ مەرگی ئازیزانیدا ئەبێتە تەرەفی سێیەمی پرۆسەی ماڵئاوایی.

**ڕۆژگار مەسپێرە بە قەدەرەکان**
**نەک هەتا مردن غەریبی بمبا**
**لەمەراسیمی ڕێگا و ڕەسمێکا سروودێک بڵێ**
**نەک دەستی تیرۆر گۆرانیش ببا (٩)**

حەمەزەکی هەوڵ ئەدات ئەوەمان پێبڵێت کە شاعیر بوونەکەی لە ئاستێکدایە کە دەتوانێت مردن و حیکایەتی مردن هەویر ئاسا لە شیعردا لەڕێگەی دەقەکانییەوە بە ئارەزووی خۆی بشێلێت. واتا شاعیر هۆشیارانە دەستوپەنجە لەگەڵ ئایکۆنی مەرگ نەرم دەکات و دەزانێت چۆن ئەو ئایکۆنە دەخاتە خزمەت خوێنەرەوە.

## حەمەزەکی و حیکایەتی قەرەج

قەرەج و حیکایەتی قەرەج لە شیعری حەمەزەکی شایانی تێرامان و وردبوونەوەیە. قەرەجبوون بۆ حەمەزەکی بەمانای سادەی بێ نێشتمانی ناگەیێنێ کە چەشنی خێڵی سەردەمە زووەکان گەرمیان و کوێستان بکات. قەرەجبوون لای شاعیر ئاماژەیە بە نا ئینتمابوون بۆ جوگرافییەکی دیاریکراو، ئاماژەیە بە جووڵەی بەردەوام و ناجێگیریی هەست و ناسەقامگیریی ڕۆحی شاعیر. شاعیر بە ڕۆحێکی وێڵەوە خەریکی نووسینەوەی بەسەرهاتەکانی غوربەتە.

**بێ و بگەرێ**
**کامە دەواری دەوارستان تەمی غوربەتی لەسەر بوو لێی بپرسە**
**کام کچت دی گوڵی زەردی پاییزانەی لە سەر سەر بوو لێی بپرسە**
**هەر رێبوارێ گۆرانییەکانی قەرەجی لەسەر لێو بوو لێی بپرسە**
**کێ ئەڵێ ئەو ڕێبوارە من نیم(١٠)**

حیکایەتی قەرەج لای حەمەزەکی شاعیر پەیوەندییەکی تووندوتۆڵی هەیە بە جێوشوێنی چینایەتی شاعیر لە کۆمەڵگەی کوردستان. ئەمەش هەم بوعدێکی چینایەتی هەیە بەوەی کە خەڵکی هەژار و کۆڵ بەکۆڵ هەموو ڕۆژ لە ئەنجامی چەوسانەوەی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق و هەمیش بێ نیشتمانی وای لە کورد کردووە کە بەردەوام ئەو هەستەی لا هەبێت کە وەکو قەرەج هەر ئەم شوێن و ئەو شوێن ئەکەن.

**سیرغی خۆ من سەرغەجەری دوا چارەکی قەڕنی بیستم(١١)**

یان

**خۆ ئەو کچە شتێک نییە دڵی خۆشکا شیعر نەبێ**
**گەر هاتە لات شیعری داستانی غەجەری پێشکەش کە(١٢)**

ئەم وێڵبوونەی ڕوحی شاعیر، وێڵبوونی شیعریشی بەشوێنەوە دەبێت. ئاخر حەمەزەکی وشەکانی لەناو لیڤاکسەکەی زانکۆیدا شوقە بە شوقە و کۆلان بە کۆلان دەگێڕێت و دەیەوێت خەونێک بنووسێتەوە کە نەنووسراێتەوە. ئەویش خەونی قەرەجێکە کە کارەکتەرێکی بزێو و پڕوابەخۆ بووی نێو دەقەکانییەتی.

باکگراوندی ئایینی و کاریگەری لای شاعیر

حەمەزەکی شاعیر و مارکسیست، سەرباری خەمەچینایەتییەکانی، سەرباری هەڵسورانی کۆمۆنیستی، سەرباری تەجاوزکردنی سەردەمی باوەڕ بوونەکەی بە ئایین، کەچی لێرە و لەوێ و لەناو نەستی شاعیر و لە هەندێ لە شیعرەکانیدا ئەو باکگراوندە دەبینن. ئەمەش بەدڵنیاییەوە خەوشە. خەوشێک ئەگەر لە زمانی شیعریی حەمەزەکی شاعیردا بوونی هەبێت بریتییە لە ڕەنگڕێژکردنی زمانە شیعرییەکەی بە وتە و دەستەواژە ئایینی و کۆمەڵایەتییە کات بەسەرچووەکانی کۆمەڵگە. چونکە لە سیاقی خوێندنەوەی شیعرەکانییەوە دەبینین لە نەستیدا باکگراوندێک بوونی هەیە کە ئەم باکگراوندەش ڕەگەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پەروەردەی خێزان لە منداڵی بەتایبەتیش کاتێک دایک و باوک دوو زەحمەتکێشی نوێژکەر و خواپەرست بووبێتن، بەدڵنیاییەوە منداڵەکانی لەگەڵ وشەگەلی وەک ( **فریشتە، خوا، نوێژ، خواوەند ، قەشە، کەنیسە، خاچ ، شەهادەت، دەروێشی،**

**میحراب، حەزرەت، ڕەحمەت،عەرشی خواوەند، گوناه، مەسیح، دەوار، میرات، خێڵ، ئەسپ،مارەبڕین**) **(١٣)**ڕادێن و ئەو وشانە لە نەستی منداڵدا ڕەگ دادەکوتن و گەلێجار بەبێ ویستی شاعیر دەبینین ئەو وشانە خۆیان دەئاخنە نێو شیعرەوە. حەمەزەکیش ڕێک هەمان دۆخی هەیە و تووشی هەمان حاڵەت بووە.
حەمەزەکی لە قۆناغی ناوەندی و ڕەنگە پێشتریش تەعەلوقێکی ئایینی هەبووە و لە چەندین حاڵەت و بۆنەی جیاجیا دوای فڕێدانی ئەو تەعەلوقەش بەناچاری گەراوەتەوە و لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەو بۆشاییانەی پڕ کردۆتەوە کە دەبوو کەسێکی تر ئەو کارە بکات. دیارە نابێ ئەوەمان بیر بچێت کە هەژاریی پاڵی بە شاعیرەوە ناوە ئەو کارە بکات، نەک باوەڕی خۆی. وەک **خوێندنی قورئان لە پرسەی کەسوکار(١٤)**
حەمەزەکی لە شیعری (نوێژ)دا جڵەوی بۆ ئەو باکگراوندە شل کردووە و ئاگایانە یان بێئاگایانە ئەم دێرانە دەنووسێت کە بە تۆخی ئەو پەیوەندییەی شاعیرو ئەو باکگراوەندە ئایینییە نیشان دەدات.

**لێدانی ڕەشی دڵم لەگەڵ ڕوحی خواوەند پێچاوەتەوە.**
**ئای ئەی خواوەند.. بەپاڵتۆکەی خۆتەوە بمپێچەوە**
**ئەزانم من بێهۆشی جامی شووشەم**
**ئەگەر دواکەسی دنیا لەخاچ بدرێ**
**من لە فەرمانی ئەبەدی خۆت بێبەش ناکەیت(١٥)**

ئێمەی خوێنەر لە کاتێکدا کە ئەم ڕەخنە توونده لە شاعیر دەگرین کە حەڤدە ساڵە جێی هێشتووین، ڕەنگە ئەگەر بمایا تا ئەمڕۆ و ئێستا لەناومان بووایە، بەدڵنیاییەوە ئەپدەیتی خۆی لە ڕووی زمان و ڕێنووس و شیعرییەت و زۆر شتی ترەوە دەکرد و بواری ئەم ڕەخنەیەی ئێمەشی بەرتەنگ دەکردەوە، کە چلۆن شاعیرێکی مارکسیستی و هەڵسوڕاوێکی کۆمۆنیستی بەو هەموو تەعەلووقە سیاسییە-چینایەتییەوە کە هەیبووە و برواى پێبووە لەبری شیعری چینایەتی ئاگرین، ئەم شیعرە پڕ لە وشەگەلە ئاینییەی خستۆتە بەر دیدەمان؟

ئینتمای چینایەتی لەشیعری حەمەزەکیدا

ژیان پرۆژەیەکە فراوان و بێکۆتایە. لەنێو ئەم پرۆژە گەورەیەی ژیاندا ، جۆرەها پرۆژەی تر هەن کە جەغد لەسەر ئینتمای ئینسان دەکەنەوە بۆ ژیان. پرۆژەی نووسین یەکێکە لەو پرۆژە جیددی و پربەهایانەی ئینسان کە تێیدا لەرێگەی خەون و خەیاڵەوە دەیەوێت ئینتما بۆ ژیان و ماتریاڵەکانی ژیان بەرجەستە بکاتەوە. خودی خەون و خەیاڵ و مانەوە لە جوغزە دەبێتە هۆی داپرانی ئینسان لەژیان و ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە شوناسی ژیان دیاری دەکات. لەبەر ئەوە پرۆژەی ژیان و ئینتما بۆی بۆتە مایەی سەرهەڵدان و هاتنەکایەوەی گەلێ پرژەی جیاجیا هەر لە سیاسەت و فەلسەفەوە تا هونەر. دەرگیربوون لەگەڵ خەیاڵ و ژیانکردن لەچوارچێوەی خەیاڵ و کردنی خەیاڵ بە نیشتمانی نووسین ، وا دەکات نووسین لە پەیامی کۆمەڵایەتی خۆی و واقیعی خۆی دووربخاتەوە. دروستبوونی بۆشایی نێوان نووسین و واقیعیش جگە لەخزمەتکردنی چینەباڵاکان و فەرمانرەواکان هیچی تر نییە.ئینتما بۆ واقیع یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کۆمەڵایەتی چینایەتی کە دەبێ تەنها لەگۆشەنیگای چینایەتییەوە بخوێنرێتەوە و هەڵبسەنگرێت، ئەمەش کاری رەخنەی ئەدەبی مارکسیستییە بۆ ئەنجامدانی ئەم هەڵسەنگاندنە نەک رەخنەی ئەدەبی بورژوازی. چونکە رەخنەی ئەدەبی بورژوازی ئیش لەسەر ئەو ئەلگۆ و ئاماژانە ناکات کە دەرخەری دۆخ و حاڵەتی چینایەتی واقیعن، بەڵکو کار لەسەر تاک و بینینی تاک لەدەرەوەی هەر جوغزێکی کۆمەڵایەتی دەکات. واتە رەخنەی ئەدەبی بورژوازی بەهیچ شێوەیەک کێشەی هوشیاربوونەوەی پرۆلیتاریا وەک چینی تا سەر شۆرشگێر نییە. هەرچی رەخنەی ئەدەبی مارکسیسستییە لێبراوانەتر رایەڵە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئینسانەکان لەلایەک و ئینسان و واقیع لەلایەکی تر دەخوێنێتەوە و دەیکاتە پایەی لەسەر وەستانی هەنگاوەکانی. بەم پێیە خوێندنەوەی دەق لەگۆشەنیگای چینایەتییەوە وەک میتۆدێکی کاریگەر دەتوانێ بمانگەێنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە دەرخەری ماهییەتی خەسڵەتی شۆرشگێرانەی دەقن. کە ئینتما خۆشی یەکێکە لەو خەسڵەتە چینایەتییە. شوناسی ئینتما لای حەمەزەکی واتە وابەستەبوون بە ئینتما بۆ هەست و گەرانەوە بۆ خود و ئینتما بۆ واقیع. **رۆحی شۆرشگێرانە هونەری شۆرشگێرانەی پێوست بەخۆی بەرهەم دێنێ (١٦)** ئەم بەرهەمە خولقاوەش دەرئەنجامی هوشیارییەکی سیاسی چینایەتی دیاریکراوە. چونکە مارک ☐ **ئەڵێ خودی هۆشیاری چینایەتی هێزی مادییە(١٧)** ئەم هێزە مادییەش کاریگەری زۆری هەیە لەسەر گەشە و چوونەپێشەوەی خەبات و شۆرش لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا.

حەمەزەکی شاعیریش بەو درکەی کە هەیبووە هەولیداوە شیعرەکانی ئاوێتەی ئەو هۆشیارییە چینایەتییە بکات.

**نەتناسیووم**
**من شەتاوی خۆرەتاووم**
**من نێرگزی سەر دوولێوی کلووی بەفرم سەردەردێنم**
**من هاوارم هاوارەکەی سەدەی بیستم**
**خەونی قووڵی ئەم جیهانە ئەزرێنم(١٨)**

ئەم متمانەیە، متمانەیەکی کۆمەڵایەتی-چینایەتی کرێکارییە و ڕەگە مێژووییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مانیفێستی کۆمۆنیست. بوونی ئەم متمانە چینایەتییەش لەژێر کاریگەری مارکسیزم هاتۆتە بوون. حەمەزەکی شاعیر، حەمەزەکی مارکسییە وشیعرەکانی چەند ساڵ بەر لە جوانەمەرگ بوونی بە جوانی ئەو دیدە و تێڕوانینە کرێکارییە یان مارکسییە لەخۆ دەگرن. حەمە بەم متمانەیەوە هاوار دەکات و دەبێتە نوێنەری ستەملێکراوان و چەوساوەکان، دەبێتە قسەکەری ژنانی غەدرلێکراو، منداڵانی برسی و ڕووت و هەژار. دەبێتە داکۆکیکەری کرێکاران و بەرهەمهێنەرانی بەشمەینەت

**هاتین سەمای خۆشی بکەین**
**هاتین شەوقێك بۆ ناو دڵی منالانی ئەنفال ببەین**
**هاتین کەوتین بە سەر لاشەی خەڵتان خوێنی سەدان ژنا**
**ئەو ژنانەی نانیان نەبوو**
**ئەو ژنانای عەشقیان کوژرا**
**ئەو ژنانەی هاتنە ڕیزی ئەنفالەوە**
**ئەو ژنانەی بۆ کڕینی بزەی لێوی منالەکان جەستەی خۆیان بردە بازاڕ**
**بۆ لەتێ نان های لەشیان کرد**
**ئەو ژنانەی پێش ئەمانە شتومەکی ماڵەکانیان بۆ کڕینی پارووی نان و بزەی لێوی منالەکان، بۆ بازاڕ برد(١٩)**

داکۆکیکردن لە ژنان و قسەکردن لەسەر دزێوترین دیاردەی کۆمەڵکەی ڕۆژهەڵاتی کە بریتییە لە کوشتنی ژنان لەژێر پەردەی ناموسپەرستی و شوورەیی و پەیوەست کردنی ئەم دیاردەیە بە کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە بەڵام لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی چینایەتی پرۆلیتاریاوە جێگای دەستخۆشییە. چونکە خۆی

لە ئایدیۆلۆژیای بورژوازی جیا کردۆتەوە و بەتایبەتی هێڵێکی سووری لە نیوان خۆی و کوردایەتی کێشاوە وهەر بەوەش نەوەستاوە بەڵکو هاتووە دژی هەموو پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە دەوەستێتەوە و پێچەوانەی باوەدوێ،پێچەوانەی کۆنەپەرستی هەنگاو دەنێ، پێچەوانەی ستەمکاران و بەرژەوەندی چەوسێنەران و نەزمی کۆن. تەبایی لەگەڵ ئازادی و یەکسانی دەکاتە مەشخەڵی شیعر.

**پێچەوانەم بە مینبەری مەلاکان و بە فتواکان**
**بە سەربڕینی ژنان و بە جیا کردنەوەی کوڕو کچ**
**پێچەوانەم بەو دەستانەی دەرگای ڕۆژنامە دائەخەن**
**بە قەڵەمی نووسەرانێك بۆ مەلاکان چۆك دائەدەن**
**پێچەوانەم پێچەوانەم بە نەزمی کۆن**
**هاوتام لەگەڵ خەونەکانی مناڵیتان**
**هاوتام  لەگەڵ یەکسانیتان**
**هاوتام لەگەڵ ئازادیتان. (٢٠)**

ئیتر پێ بەپێی بەرەو سەرچوونی ئاستی هۆشیاری سیاسی _ چینایەتی شاعیر، شیعرەکانیش ڕوون تر، سیاسی تر، چینایەتی تر، دەنووسێت و ئیتر لە قاوغی خولانەوە لە بازنە توقلیدییەکان و سەرەگێژە فیکرییەکان دەچێتە دەوەرەو  وەک شاعیرێکی مارکسیستی قەڵەمەکەی دەخاتە گەڕ. ئەمەش بەدەوری خۆی خەسڵی شۆڕشگێڕبوونی دەوەکانی تۆختر دەکات.

**من شاپوور و منیش قابیل**
**ئێمە وەکو مەغریبەکەی هەژدەی ئەبریل داگیرساوین**
**هەژدەی ئەبریل ناحەزەکان لە پارێز بوون بۆ تیشکی خۆر**
**لە پارێز بوون بۆ سینگی پڕ لە دەفتەرمان**
**لە چەند چرکەی ژماردنی هەناسەیا ، یادگارەکان هاتنە یادمان**
**یەك بە یەکیان لە سەر لێومان هاتنە سەما**
**بۆ ئایاری ئەم ساڵەمان خوێنی ئێمە برووسکە بوو تا شیکاگۆ چەخماخەی دا**
**هەولێر نرکەی بە قەڵا دا(٢١)**

لێرەوە حەمەزەکی شاعیرێکە ڕێگای خۆی دۆزیوەتەوە و دەزانی چی دەکات و چی دەڵێت. دەزانێت لە چ سەنگەرێکەوە قسە دەکات، دەزانێت چۆن بەرژەوەندی

چینایەتی کرێکاران بپارێزێت و چۆنێش شیعر و سیاسەت ئاوێزانی یەکتر بکات بێ ئەوەی هیچ لە بەهای هونەری دەقەکانی کەم بکاتەوە. بەمجۆرە کاتێک حەمەزەکی جوانەمەرگ دەبێت، ئەو لە ئەوجی مارکسیست بوون و خەباتدا دەبیت لە دژی نیزامی سەرمایەداری و بنیادنانی دواڕۆژێکی ڕووناک و گەش بۆ ستەملێکراوان و بەشخوراوان.

ئیستاتیکای شیعرەکانی حەمەزەکی

هەر دەقێکی شیعریی هەڵگری ئاستێکە لە جوانی و شیعرییەت. تەنانەت میکانیکترین شیعریش جوانی خۆی هەیە، بەڵام جوانییەکەی لەئاستێکی خوارترە لەچاو پێشبینییەکانی خوێنەر. ڕەگەزەکانی ئیستاتیکا لە شیعردا جگە لە لایەنە تەکنیکییەکان، بریتین لە زمان و خەیاڵی شیعریی. تێگەیشتنی ئیستاتیکا لەدیدگای ماتریالیزمی مێژووییەوە دەمانخاتە سەر ئەو ڕاستەڕێیەی کە نەکەوینە داوی تێروانینی ئیستاتیکای بورژوازی. ئێمە لە بەشەکانی سەرەوەی ئەم نووسینەمان وەستانێکمان کرد لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی حەمەزەکی، جێی خۆیەتی ئێستاش لەلایەنە هونەرییەکانی دەقە شیعرییەکان ورد بینەوە. چونکە وەک ئاشکرایە **فۆرم و ناوەڕۆک بە جۆرێکی دیالەکتیکی پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە(٢٢).** حەمەزەکی لەم ئاوێزانکردنەدا هەندیکجار دەستڕەنگین و هەندێکجاری تریش لەئاست پێشبینییەکانی خوێنەر نابێت. من هەوڵ ئەدەم لەسەر خەیاڵ و زمان و چەند لایەنێکی هونەری تری دەقە شیعرییەکان بدوێم، تا ئەو شوێنەی هەست بکەم کە ئاماژەکانم کۆمەکی خوێنەر دەکەن دریژەی پێدەدەم.

خەیاڵ

یەکێ لە هۆکارەکانی نووسین ئەوەیە کە وا لە خوێنەر بکات یان ڕێگەی بە خوێنەر بدات ئەزموونی نوسەر ببینیت و گوێی لێبێت. نووسەر جگە لە وشە هیچی تری نییە بۆ گوزارشت لە مەبەستەکەی، خوێنەریش هەوڵ ئەدات لەڕێگەی ئیش و سەلیقەی نووسەرەوە وێنە و دەنگی نەستی نووسەر ببینیت و ببیستێت. خەیاڵ وەک ڕەگەزێکی گرنگ لەشیعردا بریتییە لەو مەودایەی کە لەڕێگەی وشەوە شاعیر دەتوانێ وەک کارەکتەرێک پەلکێشمان بکاتە نێو دەقەکەیەوە. یان توانای خوڵقاندنی

بینینێکی بەهێزە لەڕێگەی وشە و ڕستەکانەوە تا خوێنەر بتوانێ وەک بەشێکی دانەپڕاو لە دەقەکە دەستبەرداری نەبێت. خەیاڵی شیعریی دەتوانێت دەستی خوێنەر بگرێت بۆ گەشتێکی ئەفسووناوی نێو دەق و نمایشی جووڵە و وێنە و ئەو دیمەنانەیە کە هەڵگری کاریگەرییین بەسەر هەست و زەینی خوێنەردا. **خەیاڵ ئەو هێزەیە کە ئیش لەسەر ماناکاندا دەکات و وێنەی جوانی لێ بەرهەم دێنی.(٢٣)** ئەو وێنانەی لە زەینی خوێنەر دەمێننەوە و کاریگەری دائەنێت نیشانەی فراوانی خەیاڵی شاعیرەکەیە و بە پێچەوانەشەوە گەر وێنەکان لاواز بن و بێ کاریگەر بن نیشانەی بەرتەسکبوونی جیهانی خەیاڵە لە دەق. دونیا بە بێ خەیاڵ زۆر بەرتەسکە و خەیاڵ ڕۆڵی فراوان کردنەوەی ئەو جیهانە بەرتەسکە دەبینێت.خەیاڵ دەکرێ بەش بەش بێت وەک لە وەرگرتن و لێکچواندن دەبینرێت و و دەشکرێت هەموویی بێت وەک لە میتافۆر و ئینتمای بەش بۆ هەموو دەبینرێت.(٢٤) حەمەزەکی ئاگایانە یان بێئاگایانە ئیشی لەسەر هەردوو جۆرەکەی خەیاڵ کردووە.

**لێو عەوداڵی زوقمبار بوو**
**بەڕادەی مەرگ و ترازان ئێستک خاش بوو**
**درز شەقار، هەڵوەشانی تۆڕی دەزوو**
**شەو پەمەیی**
**شەومان خامۆش دونیا پێکی شەرابی خەستی ڕژاو بوو.(٢٥)**

شاعیر لەم کۆپڵەیە لەڕێگەی سێ وێنەی شیعرییەوە کە پێکەوە خەیاڵەشیعرییەکە دروست دەکەن، واتا سێ بەش پێکەوە خەیاڵە گشتییەکە وێنا دەکەن. خەیاڵە شیعرییەکانی حەمەزەکی هەندێکجار قووڵن و هەندیکجاری تریش تەنک. کە ئەمەش ڕەنگە ئەو خەوشە بێت کە شاعیر دەبوایە زۆرتر و وردتر ئیشی لەسەر دەقەکانی بکردایە. بەڵام لەنیو ئەو خەیاڵانەشدا کە لە شیعرەکانی شاعیردا دەیان بینین، هەندێکیان هێندە فراوانن کە شیعرییەتیان لێ دەتکێ.

**بارانەکان ئەرخەوانی ئەچنەوە**
**گریان دەروێشێکی شێتە**
**کە گوڵ بە هێلانەی مەل ناگا فڕین باڵای ڕێگا ئەسمێ**
**شەویش کراسێکی مۆرە گوڵاڵەکان ئەتارێنێ**
**هەتا قامچی پشتی زەوییە دەروونییەکان ماچ کاتەوە**
**دار بە ئاوی خۆری قەرەج باڵا ئەکا**
**کەرنەڤاڵی ساڵی پاییز**

**نووکی گەڵا تۆقیوەکان لە دەشـتایی دڵ ئەچەقن**
**قەوزە گرتوون بەردە شۆری دەم کانییەکان**
**خەو مناڵێکی بزر بوو!!**
**چاوەکانم دوو مێروولەی قاچ شـکاون**
**لە سـەر پەردەی پەنجەرەکان هەڵئەلەرزن! !(٣٦)**

لێرە ئیتر وشەکانی شاعیر دەبن بە چرا و ڕێگای خوێنەر ڕووناک دەکەنەوە بۆ گەیشتن بە مەبەستە نیمچە شاراوەکەی نێو ئەو شیعرە.

زمان

گرنگترین ئامرازێک لە دەقی ئەدەبیدا کە مەرجی سەرکەوتنی نووسـەرە بریتییە لە زمانی دەق. زمان لەشیعردا تا ڕادەیەکی زۆر سەنگی مەحەکی ڕاگرتنی ڕایەڵەی نێوان هزری خوێنەر و خەیاڵی شاعیرە لە دەق. **زمان کە دەستڕەنگینی و لێهاتووی شاعیر دەردەخات لە دەقدا دەتوانێ چێژمان پێ ببەخشێت.(٢٧)**. زمان دەبێ لەشیعردا لەئاستێکی بەرزدا بێت. سفت و ڕەوان بێت. بەڵام ئاڵۆز نەبێت. چونکە زمانی ئاڵۆز زمانی تێگەیشتنی خەڵکی هەژار و ستەمدیدە نییە، بەڵکو زمانی توژێک لە ڕۆشنبیر و نوخبەیە کە لەڕووی چینایەتییەوە خۆی سەر بە چینی کرێکار نازانێت و بەرهەمەکانی دژ بەو چینە تاسەر شۆڕشگێڕەن. گەمەی زمان و کایەکردن بەوشە کاری نووسـەری شۆڕشگێڕنییە. بۆیە نووسـەری سەر بە ئوردووی بەشمەینەتانی جیهان هەمیشە دەست بۆ ئەو زمانە دەبات کە توانای تێگەیشتنی لەلایەن خەڵکی هەژارەوە هەیە. بلیخانۆف دەڵێت " **زمانی نووسراوی ئەدەبی و شێواز و پێکهاتەی ئیستاتیکیی بە ناوەڕۆکەکەیەوە دیاری دەکرێت. یانی بەو تێروانینەی کە هونەرمەند هەیەتی بۆ واقیع و بە ئەزموونەی کە هەیەتی و بەو ئایدیۆلۆژییەی کە گوزارشتی لێ دەکات(٢٨)**. حەمەزەکی شاعیر هاتووە ڕێک بە زمانێک شیعری وتووە کە سادە و ڕەوان مەبەستە کۆمەڵایەتییەکەی دەقەکەی بگەیێنێت.

**چۆن پێشوازی شیعرێکی دزێوم ئەکەی ئەگەر بێت و..**
**لە بەرامبەر چرپە و جووڵەی لێوەکانتا**

**پەپوولە بێ و باڵەکانی ببزوێنی..**
**لە تریفەی پێکەنینێکی گەرمت دا**
**جار نا جارێک شەپۆل بات و سەر دەر بێنێ .. ؟**
**چی لێ ئەکەی گەر بیەوێ..**
**هێدی .. هێدی ئاوا بێتە ناو پەساری مەمکەکانت و..**
**لێوی حەزی هەناسەیەک بماڵێتە رۆخی تەزووی موچڕکێکا و..**
**پێستی ئاڵی دوو ترۆپکی مەمکانت بپروشێنێ ؟**
**یا ببێتە شنەی بایەکی سەرشێت و بە تان و پۆی شان و مل و..**
**نەرمە پێستی ژێر چەناگە و گەندە تووکی لاڕوومەتتا هەڵگەڕێت و..**
**تاو نا تاوێک لەبەر گەرمی شەپۆلێکی هەناسەتدا**
**کۆرپەی حەزێکی تاساوت بلاوێنێ ؟(٢٩)**

ئەم سادەییە لە زمان بە پێویستی بە کۆد و نهێنییە و نە خوێنەریش تووشی سەرەگێژە دەکات. زمانێکی بێ ڕەمز و گرێ و گۆڵە ئاستی سەرکەوتنی ئەم جۆرە زمانە لە کۆمەڵگەی کوریدا زیاترە تا ئاستی زمانێکی ڕەمزاوی و پڕ لە تەمومژ. چونکە زمانی ڕەمزیی لە کوێ ئەتوانێ لە زەینی خوێنەر بمێنێتەوە؟ ئەم زمانە چ پەیامێک دەگەیێنێت؟ ئەوە ڕاستە لە سەردەمێکدا لەژێر باری ستەمی بێئەوپەڕێ سیاسیدا ناچاری هەندێجار وای کردووە ئەو زمانە ڕەمزاوییە بەکار بهێنرێت، بەڵام تەمەنی زۆر درێژ نەبووە بەحوکمی یاخیبوونە چەکدارییەکەی کورد لە چیاکانی کوردستاندا. زمانی تەمومژاوی لە ئەدەبدا لە دەیەی هەشتاکان و نەوەدەکان شانسی قورتاربوون و هەناسەدانی کەم بووە و تەنانەت دەتوانم بڵێم ئەو زمانە لەگەڵ راپەرینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١ بە تەواوی لە مەیدان چووە دەر . دوای ئەوەش بیرمان نەچێت کە زمان و باوەڕ دوو دەربرینی لێکئاڵاون لەسەرمانە وەک یەک جەستە بیان بینین. ناهەقی خوێنەریش ناگرم ئەگەر زمان و خەیاڵ و باوەڕ بەو تێکەڵاوییە لە دەقدا کە هەر هەموویان هارمۆنییانە ئیش دەکەن و جوانی شیعر دەڕازێننەوە، نەتوانێت جیایان بکاتەوە و هەریەکەیان بەجیا ببینێت و بخوێنێتەوە. دیارە خوێنەری خاوەن باکگراوندی مەعریفی دەتوانی ئەو کارە بکات و سەرکەوتووانەش ئەنجامی بدات. ئەمە ئاڵۆزی نییە و سەرلێشێوانی خوێنەر نییە، ئەوەندەی چەکدارکردنی خوێنەرە بە جوانناسی.

چەند لایەنێکی هونەری شیعریی تر

گوزارشت و دەربرینی شیعریی هەندێکجار ئەوە لە شاعیر دەخوازێت کە بۆ پێکانی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکەی دەق، پەنا بەرێتە بەر چەندین ڕێچکەی هونەریی وەک شێوازی دەرپرین و داڕشتنی دەق و دووبارەبوونەوە و لێکچواندن و میتافۆر. حەمەزەکی لە شیعرەکانیدا خاوەن دەرپرینی سادە و شیعرییە. گەرچی لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکانی چەندین دەستەواژە و وشەو فرەیزی ناشیعریی دەبینین، بەڵام لەهەمان کاتیشدا گەلێ دەرپرینی شیعریی جوانیش دێتە بەردیدەمان.

**من شیعرێکم تاڵ بە تاڵی قژی خاوت لەباوەشی وەسفم ئەگرم**

یان

**گریان پەردەی ژانی دڕی**

یان

**ترپەی پڕ ئیقاحی دڵی پاکی تۆ**

یان

**منیش بە پیاسەی شەوی ئەم شارە دەسکەنەی غوربەت گوڵبژێر ئەکەم(٣٠)**

ئیتر شیعرەکانی حەمەزەکی پڕن لەم دەرپرینە شیعرییانە. شاعیر جگە لەم دەرپرینانە گەلێ جووت وشەی چوون یەکی بەکار هێناوە وەک دڵنیابوون و تەئکیدکردنەوە. (**باریک باریک، سووتان سووتان، هێدی هێدی، جوان جوان، ورد ورد، کۆمەڵ کۆمەڵ، شەکەت شەکەت، ڕەزمە ڕەزمە، گریان گریان، کاشی بە کاشی ، تاڵ بە تاڵ، یەک بە یەک(٣١)** و زۆری تر کە شاعیر زیرەکانە لە شوێنی گونجاو شیاودا بەکاری هێناون. بۆ لێکچواندنیش سوودی لە هەندێک لە فرەیزەکانی (وەک، وەکو، ڕێک، چەشنی، ئاسا، لەشێوەی، هەروەکو،) وەرگرتووە.

**شوورایەك هێرشی خەڵك بوو**

**وەك هاژەی سیروان بوو**
**وەك هۆرە**
**توولە ڕێی هەورامان**
**وەك قوڵپە**
**وەك خورەی زەڵم بوو**

یان

**ڕوحم تازە وەک شیری مەمکەکانت سپی بووە.(٣٢)**

لە بواری بەکارهێنانی میتافۆریشدا شاعیر دەستڕەنگینی نیسان داوە و ئەو پەیامە هونەرییە لە دووتویی شیعرەکاندا بوونی هەیە کە پێمان دەڵێت ئێمە لەگەل شاعیرێکدا دەستەویەخەین نەک لەگەڵ شیعرنووسێک.

**شەو لە ڕیگای فەعالییەت و گەڕانەوەم**
**ئەهاتە ناو تووکی سەر و لەسەر سینگم نەخشی تابلۆی**
**مناڵانی ئەم گەڕەک و ئەم شارانەی ڕەسم ئەکرد**

یان

**بارانەکان ئەرخەوانی ئەچنەوە.**

یان

**وەرە لەناو هەناسەما باڵەکانت ببزوێنە.(٣٣)**

ئەمەش نیشانەی شاعیربوون و باڵا دەستی شیعریی حەمەزەکییە. ئەمە ئەو هونەرەیە کە حەمەزەکی لەو تەمەنە کورتەی خۆیدا پێی گەیشتووە و توانیویەتی لەڕێگەی وشەوە بەشداریمان بکات لەو ئەزموونەی کە ناوی نووسینە و هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتی مەزنە. جوانەمەرگ بوونی حەمەزەکی لەو تەمەنە کورتە (٣٩) ساڵییە، دەرگای لەسەر ئەو توانایيە داخست کە ڕەنگە بە تەمەنێکی درێژەوە

بیتوانیایە جوانترین مەدالیای سیاسی چینایەتی شیعر لە یەخەی چینی کرێکاری عێراق و کوردستان بدات.

ئەنجام

سەرەنجام حەمەزەکی شاعیر، ئەو گەنجەی ڕەگی چینایەتی دەگەڕێتەوە بۆ خێزانیکی هەژار و کرێکاریی دەستەنگ لە تەمەنێکی زوودا جێی هیشتین، بەڵام ژمارەیەک شیعری دوای خۆی جێهێشت کە پڕاوپڕن لە عەشق و خۆشەویستی ژن کە وەک پەروانە بەدەوی ڕووناکیدا تا دوا هەناسەی سووتا، ئاماژەی مەرگ لە شیعرەکانیدا بە زەقی دەبینرێت و ئەو هەستە لای وێنەر دروست دەکات کە شاعیر بەردەوام لەسەر ئەزموونی مەرگ دواوە بەجۆرێک دەڵێی لەگەڵ مەرگا ئاشنایەتییان هەبووە.لەگەڵ ئەمانەشدا وەک شاعیرێکی تێکۆشەر تێکۆشاوە بە هونەری شیعر پەیوەستبوونی خۆی بە بزووتنەوەی سیاسی کرێکاران نیشان بدات و خەبات بکات دژ بە نیزامی سەرمایەداری لەپیناو هینانەدی ژیانێکی ئاسوودە پڕوپڕ لە ئازادی و یەکسانای و دادپەروەری کۆمەلایەتیی کە ئەمەش لەبەشێک(بەتایبەت بەشی چوارەمی شیعرەکانی) ڕەنگی داوەتەوە. حەمەزەکی بە زمانێکی سادە و جوان و ڕوون شیعرەکانی لە قاڵبی خەیاڵی فراوان و وێنەی شیعری قەشەنگ داڕشتووە، گەرچی لەنەستی شیعری حەمەزەکیدا دەتوانین باکگراوندی پەروەردەی سەردەمی منالی ببینین و هەندێ هێما و دەستەواژەی ئایینی بەکار هێناوە کە بەڕاستی خەوشن بە تابلۆی تێکۆشانی ئەم شاعیرە خێرلەخۆ نەدیوەی نێو ململانێی چینایەتی.

ژێدەر و سەرچاوەکان :

(١)الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة بيروت ص ٧.

(٢)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٣٠.

(٣)گەڕان بەدووای خۆشەویستیدا نووسینی بورهان ئەحمەد کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لەپەڕە ٩.

(٤)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لەپەڕە ٧٦.

(٥)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٥١.

(٦)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٦٢.

(٧)بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر دەتوانێت شیعرەکانی **(من لاتانم، سەربرینی خۆر، شەوبۆ، شاژنی شیعر)** کە هەر لەم کتێبەدا چاپ بوونە بخوێنێتەوە.

(٨)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٢٦.

(٩)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٧٥.

(١٠)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٧٢.

(١١)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٧٠.

(١٢)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم له بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە٦٨.

(١٣)ئەم وشانە هەر هەمووی لە خودی شیعرەکانی شاعیرەوە وەرگیراون.

(١٤)بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو ئاکتانەی شاعیر دەتوانن بچنەوە بەسەر نووسینەکەی هاوڕی جەمال ئەیوب و یوسفەسوور کە لەم کتێبەدا چاپکراون.

(١٥)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٦٧.

(١٦) literature in Revolution Edited by Geroge Abbott White and Charles Newman Northwestren University Press 1972 page 1

(١٧)تێزەکانی مارکس – ئەنگڵس لەبارەی ئەدەب و هونەرەوە نووسینی جان فریفیل وەرگێرانی لە عەرەبییەوە فوئاد مەجید میسری ناوەندی توێژینەوە و هزری شەهید ئارام چاپی یەکەم ٢٠١٩ لاپەڕە ٦٢.

(١٨)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٢٠-٢١

(١٩)شیعری ئەنفال کە ساڵی ٢٠٠١ نووسراوە و لە کتێبی ڤاراییمدا چاپ نەبووە. ڕە

(٢٠)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٥١.

(٢١)کتێبی ڤاراییم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە١٤٠.

(٢٢)مارکسیزم و رەخنەی ئەدەبی تێری ئیگلتۆن وەرگێڕانی هاوڕێ یوسفی لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٧ لاپەڕە ١٠٥.

(٢٣)الخيال و التخيل في الشعر عبدالعزيز الصعب جريده الرياض الاربعاء العدد ١٦٢٧٠ ٩ يناير ٢٠١٣.

(٢٤)بۆ زانیاری زیاتر لەم بارەوە خوێنەر دەتوانێ سەردانی سایتی ئەلوکە بکات و نووسینەکەی بەڕێز دکتۆر ابراهيم عوض بەناوی الخيال في الشعر بخوێنێتەوە.

(٢٥)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ٨٤.

(٢٦)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە لاپەڕە ١٠٥.

(٢٧)The Language of poetry by Kenneth Koch
The NewYork Review Books website
May 14 1998 issue
https://www.nybooks.com/articles/1998/05/14/the-language-of-poetry/

(٢٨)الفن و التصور المادي للتاريخ جورج بليخانوف ترجمة جورج طرابيشي دار الطليعة بيروت ص ٤١.

(٢٩)کتێبی ڤارابیم کۆشیعر حەمەزەکی کەریم لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک ساڵی ٢٠١٣ لاپەڕە ١٩.

(٣٠)ئەم دێرە شیعرییانە لە دیوانی ڤارابیمەوە وەرگیراون.

(٣١)ئەم جووت وشانەش هەر لە شیعرەکانی حەمەزەکییەوە وەرگیراون.

(٣٢)ئەم دێرە شیعرییانە لە دیوانی ڤارابیمەوە وەرگیراون.

(٣٣)ئەم دێرە شیعرییانە لە دیوانی ڤارابیمەوە وەرگیراون

## هەڵسەنگاندنێکی کورتی
## لایەنی هونەریی و چاپی کۆمەڵەشیعری ڤارایيم

کتێبی (ڤارایيم) کە یەکەمین و ئاخرین کۆمەڵەشیعری شاعیری جوانەمەرگ حەمەزەکییە کە یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک چاپ و بڵاوی کردۆتەوە. سەرەتا چاپکردنی ئەم شیعرانەی حەمەزەکی شاعیر تا بڵێی جێگای دەستخۆشییە. بەم چاپکردنە تەواوی هەست و ڕوانین و ئایدیای حەمەزەکی لەنێو فۆڵدەری کۆمپیوتەرەوە گواسترایەوە بۆ سەر کاغەز و سەر ڕەفی کتێبخانەکان و بەردەمی نووسەران و خوێنەران. ئەم هەنگاوە گەرچی سەرەتاییشە، بەڵام جێگای

پێزانینه. بەڵام لەهەمان کاتدا کاتێک لەلایەنی دەرهێنانی هونەری و دزاین و چاپکردنی کتێبەکە ورد دەبینەوە ، ناتوانین چاو لەئاست هەڵە و کەموکوڕییەکان بپۆشین و لایان لێ نەکەینەوە. بە بۆچوونی من وەک چۆن دەقی ئەدەبی بە شێوە و ناوەڕۆکەوە گرنگە، ئاواش دەرهێنانی هونەری کتێب گرنگە و تەنانەت بەشێکیشە لە پرۆسەی کێشکردنی خوێنەر بۆ دەقەکان. لەم سۆنگەیەوە هەوڵ دەدەم بەکورتی هەڵسەنگاندنێکی خێرا بۆ لایەنی هونەری کتێبەکە لە چەند خاڵێکدا بکەم.

یەک : لەڕووی دەرهێنانی هونەرییەوە کتێبەکە لە ئاستێکی نزمدایە. واتا دەرهێنەری هونەری بەپلەی یەکەم و ئینجا یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک بە پلەی دوو هیچ بایەخێکی جیددی و بەپەرۆشیان نەناوە تا چاپێکی پوخت و جوان و قەشەنگی کتێبەکە بکەن.

دوو : کتێبەکە پڕە لە هەڵەی ڕێنووس و تایپ. ئەگەر هەڵەی تایپ بخرێتە ئەستۆی شاعیر یان کەسی تایپکەر، ئەوا ڕێنووس دەکەوێتە سەرشانی نووسەر و دەزگای بڵاوکەرەوە. بەو پێیەی ئێمە زمانی ستانداردی خۆمان نییە، بۆیە هەر دەزگایەک پەیرەو لە جۆرێک لە ڕێنووس دەکات و هەوڵ دەدات ئەو کتێبابەی چاپیان دەکات هەمان ڕێنووس بنووسرێن.

سێ : کتێبەکە بە زیاد لە فۆنتێک چاپکراوە و هەروەها بەزیاد بە قەبارەیەک نمایش کراوە ئەمەش دەستکورتی هونەری دەزگای بڵاوکەرەوە و دەرهێنەرە هونەرییەکەی کتێبەکەیە.

چوار : هیچ چاودێرییەکی چاپکردن بوونی نییە.ئەگەر هەبێ ئەی ئەوە چۆنە لە کۆشیعرێکدا چەندین لاپەڕە دووبارە بۆتەوە و هەروەها چەندین لاپەڕەش سپییە و شیعرەکان پەڕیون.

پێنج : بەرگ و دزاینی بەرگ تا ئەندازەیەکی زۆر لاوازە بەجۆرێک کە دەتوانم بڵێم هەر لەکۆڵکراوەتەوە.

شەش : لەهیچ جێگایەکدا نەمبینیوە تێبینی بڵاو بوونەوەی دەق لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان لە پێڕست لەبەردەم دەقەکەدا بنووسرێت. ئەم هەڵەیە نەدەبوایە بەسەر یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکووک تێپەڕیبایە.

حەوت : نەبوونی پێڕستێکی هاوبەش و سەرتاسەر بۆ کتێبەکە ئیتر لە سەرەتا بێت یان لە کۆتایی پێویستییەکی هونەریی کتێبە. هەرچەندە کتێبەکە لە چوار کۆمەڵەشیعر پێکهاتووە و لە سەرەتای هەر کۆمەشیعرێکیش پێڕستێک بۆ شیعرەکان هەیە، بەڵام دەبوایە ئەو پێڕستە گشتییە بەهیچ شێوەیەک پشت گوێ نەخرایە.

هەشت : لەم گۆشە نیگایەوە من لەم کتێبەی خۆمدا ( حەمەزەکی ئەو شاعیرەی بە بێدەنگی هات و هەر بە بێدەنگیش ڕۆیی) بە تەواوی کەموکوڕییەکاندا چوومەتەوە و ڕێکم خستوون و چاکم کردوون و لەکوێدا پەراوێز پێویست بوویێت، پەراوێزم بۆ

داناوە بێئەوەی دەستکاری وشەیەکی دەقەکان بکەم،تا خوێنەر بتوانێ چێژ لە دەقەکان ببینێت و بزانێت چی دەخوێنیتەوە و لەبەردەم چیدا ڕادەمێنێ.
بۆیە ئەم کتێبەی من دووبارە چاپکردنەوەی میکانیکیی کۆشیعری (ڤارابیم) نییە، بەڵکو پاراستن و ئاسوودەکردنی ڕۆحی شیعرەکانی حەمەزەکی و ڕزگارکردنیانە لە شێواندن و تێکچوون.

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
حوزەیرانی ٢٠١٩

## ئەو دەقانەی کە بۆ مەرگی حەمەزەکی نووسراون

ئەم دەقانەی لەم بەشەدا دانراون، بریتین لەو شیعر و نووسینانەی بۆ مەرگی حەمەزەکی جوانەمەرگ کە لە کات و سەردەمی جیاجیادا نووسراون و ئەوەندەی من ئاگادار بم و دەستم کەوتبێتن کۆم کردوونەتەوە.

# وەرە هاوڕێ چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو

بۆ حەمەزەکی هاوڕێم

شیعری : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

ئایاری ٢٠١٩

چ ڕێکەوتێکی جوان بوو وەختێ هاتی و
لەسەر سووچی کۆڵانێکی تفت و تاڵدا مێژووی برسێتیت دەخوێندەوە
بێ ئەوەی شەقامی ترس دڵت بێنێتە لەرزین و
بێ ئەوەی مانای مردنیش ببێتە شرۆڤەی ژینت
دەتگوت دەڕۆم هاوڕێ دەڕۆم زۆر درەنگە
ناکرێ لە تەمەشای هەتاوی ڕەش ببمە تەماشاکەر
ناکرێ لە مەرگی کانییەک پشت لە شەپۆلی دەریا کەم
ئێ چۆن دەکرێ دایکم بگری و منیش فرمێسک نەبینم
ئاخر چۆن دەشی باوکی دەستگێڕ بتوێتەوە و منیش تامی مردن نەکەم
چ بێتامە هاوڕێ ژیان ڕەنگاوڕەنگی خۆی کوشتووە
هاوڕێ شەوەکانم درێژ بوونەتەوە وەک درێژبوونەوەی ستەم
خەمەکانم گەورە بوونە وەک گەورەبوونی ژێردەستیی
ئومێدیشم گەڵەگەت وەک باڵای بەرزی بەیداخی سووری تێکۆشان
هاتی و بە بێدەنگی نامیلەکەی ڕزگاریت لەسەر سکت لەژێر کراسەکەت شاردەوە و گوتت ئەڕۆم..
گوتت هاوڕێ ئەڕۆم هەتا لەناو گەرووی برسییەکانا ئەبم بە زایەڵەی هاوار
لە مشتیانا ئەبم بە زەبر
لە کتێبی نێو دەستیانا ئەبم بە پەنجەرەی وشە و

به ئاوێنەی پیتەکانی بیرکردنەوەیان له ژیان
ئەبم به دەروازەی گڕ و
به دەربەندی پێکەنین و
به جەنگەڵی چڕی باوەڕ
ئەبم به نەخشەی خەونە ڕەنگاڵەییەکانی کچانی شار
ئەبم به شیعرێکی دەستی ئازاد سوبحی
بەو سەرزەمینە خەملیوەی کە هەر خەیاڵ سنوورەکانی دەبینێ
گوتی ئەڕۆم هاوڕێ ئەڕۆم
گوتم نەء هێشتا وەرزەکان بێکەسترن له زیندانییەکی تاک و تەنیا
هێشتا ڕوون نییه بارانی سوور دەبارێت
یان دەبێته وشکەساڵییەکی بێوێنە
گوتم هاوڕێ هەتا تاڤگەی ئەوێنێکی سەوداسەر
جوگرافیای دڵ جێ نەهێڵێ و نەچێته نێو دوو توێی ژیان
تا لەژوانی هەتاو نەبین به عاشقێکی لەخەم وەڕس
تا مەشخەڵی سەرفرازی شەوەکانمان نەسپێرێ به کازیوەی خوشنوودی
هەتا هاوارە دیلەکان شەقام لەباوەش نەنێن و
تا تروسکەی ئاسۆی ڕەوینەوەی ترس و ژان و ئازار
نەبێته چەتری سەرسەری ڕزگارەکان
بیر له چوون و سەفەری نێو وەرزەکان و
بیر له داگرتنی هەور و
نووسینی کتێبی عەشق مەکەوە
گوتم هاوڕێ کەی به شەرابی خەستی سووری تەنیایی خۆت مەست بووی و
فێری فڕینی نێو ئاسمانی سرووده مەزنەکەی بووی
کەی باخچه ڕاز و گلەییەکانی خۆی بۆ کردی
کەی پێکەنین لێوی دایه و بابەکانی ئێمەی کرده مۆڵگا و جێژوان
ئەوکات وەره بەیەکەوه دەبین بەگۆرانییەکی جوان
دەبین به سروەی ئازادی ژیانی سەرجەم هەژاران
دەبین به شیعرێکی درێژ تێکەڵ به خۆشەویستی و عەشق
دەبین به ڕێگا بۆ هەموو شۆرشگێرانی ڕێی رزگاری کرێکاران
دەبین به دەریای ڕووناکی و
به سەمای دار و درەختەکانی ڕووی ژیان
هاوڕێ وەره با له ئەوینی سوورەوه
له کێڵگه بەپیتەکانی ئەزموونی ئۆکتۆبەرەوه بڕۆینه نێو دڵی شۆڕش

با لە هەمان مانیفێستی مارکس و ئەنگڵسەوە دەست پێبکەین و
ببین بە شوراکانی بناغەی دەسەڵاتی ئومێد و خەون
بەئاڵایەکی سوورەوە ئاسمان بکەین بە هێلانەی هاوارێکی بێوێنە و نوێ
هاوارێکی بێئەندازە تازە و ڕەوان
نەک لێدانەوەی هەر هەمان بەیت و بالۆرەی جاران و
وتنەوەی هەمان کۆنە قەوان
وەرە هاورێ چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو
چ ناسینێکی دڵتەنگ و
چ پێکەوەبوونێکی سادە و ساکار بوو
هەردوو بە هەمان ڕێگادا ملمان نا بۆ ناسینەوەی گوڵەکانی کەنار ڕووباری هاورێتی
بە هەمان ڕێگا کەوتینە ناسینەوەی دژوارەکان
بووین بە قەرەج
بووین بە مەشخەڵ
بووین بە چیرۆکی بە چێژی دەم ئاگردانی شەوانی خەباتی چینی کرێکار
بووین بە دڕکەزی نێو چاوی ژان و ستەم و تەواوی سەرمایەدار.

**تێبینی : ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی ڕەوت ڕۆژنامەی ڕێکخراوی ئەنتەرناتیڤی سۆشیالیستی ژمارە سێ ساڵی ٢٠١٩ بڵاو کراوەتەوە .**

## وتاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق / کۆمیتەی هۆڵلاند
## لە مەراسیمی بە خاك سپاردنی حەمە زەکی

سەرەتا سەرەخۆشی لە خۆمان و مێوان و دۆستان و کەسوکاری هاورێ حەمەزەکی ئەکەم .

مێوانە ئازیزەكان.. ئەمڕۆ كە لێرەدا كۆبووینەتەوە تا ڕێز و حورمەت لە هاوڕێیەكی خۆشەویستمان بگرین پاشانیش وەك یادگارییەكی شیرین بۆ هەمیشەیی بەجێیدێڵین. لێرەوە دەبێت زۆر لە خۆمان بكەین و ڕایبگەیەنین كە چەند ڕۆژ بەر لە ئێستا هاوڕێ حەمەزەكی بە نەخۆشییەكی كتوپڕ بۆ هەمیشە بەجێی هێشتین. ئەم كارەساتە هەم بۆ ئێمە و هاوڕێیان و هەم بۆ هاوسەر و خۆشەویستانی هەواڵێكی بێ حەد گران و دڵتەزێن بوو. من لێرەدا بە ناوی ڕابەرایەتی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق و هەموو كادیر و ئەندامان و دۆستانەوە سەرەخۆشی خۆمان لە هاوسەری ئازیزی و هەموو دۆستانی ڕادەگەیەنم.

بەم ڕووداوە گەورە و دڵتەزێن و خەمبارە حیزبی ئێمە كادێرێكی چالاک و سیمایەكی خۆشەویستی ناو خەڵك و ئینسان دۆستێكی لە دەستدا. هاوڕێیان بەڵام واقیعیەتێك كە دەمەوێت لە حزووری ئێوەدا ڕایبگەیەنم ئەوەیە كە وەك چۆن ژیان میهر و سۆز و ئینسانییەتی ئەم هاوڕێیە بۆ هەموومان یەك واقیعیەت بوو، بەو پەڕی دڵ شكاوییەوە ڕایدەگەیەنم مەرگیش بۆ خۆی یەك واقیعیەتی تاڵە كە ئەم ڕەفیقەمانی لە ئێمە و حیزب و لە هاوسەر و كەسوكاری كرد.

بەرزو بەڕێز بێت یادی حەمەزەكی.

تێبینی : ئەم وتارەی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق لەلایەن ئەندامێكیانەوە بەناوی عەبدوڵاوە خوێنراوەتەوە و هەر ئەو ئەندامەشیان ئەم شیعرەی خوارەوەی بۆ مەرگی حەمە زەكی نووسیوە و خوێندۆتەوە.

زۆر گەڕام بۆم نەبوو شەقامێك حەیسیەتی پێڵاووم داكەوێ
شەقاوێ پڕ ناكات وەك نەبێت واین !
دەهاوێ شاباڵی نەوەستا ماچی كەم
دوو چرپە لە بەردی سەرم بچنم
نەكرا زامی لە خۆم پركەم چی بكەم ؟!
سێبەرم .. سێبەرم دەمرم بە مردنم
چركەیەك نییە بۆ هەڵپەڕینم لە بیرم كرد پێش ئەوەی
لە شەوێكا كە ئەستێرە ژەهراوی بوو بە چرپە پێی وتم
ئاوا بوو.. لێم تێنەگەیشت .. هەرچیم كرد حاڵی نەبوو
ئەمشەو قەسوەتێكم لە مەرگ ، تابلۆیەكم لە گوومان !!
بە قژی پەڕاگەندەم .. ئەم مێژووی عەزرەتە ئەچنم .
لە من گەڕێن .. لە من گەڕێ كە بە كەیفم
ئەم بەیانییە لە دەستۆكەیەكی سوورا

کەوتنی دڵی هەنارێك و زامێکی ئافەریدە هاتبوو
لەگەڵ خۆی سەرپۆشێك لە گریان و
هەڵوەرینیٚ لە هەڵهاتن و
مەلوولەیەکی کاکۆڵ سپی هێنابووە پێکەنین .
خۆزگە ئەم نامەیەم بە پێنووسی گریان نووسیبا ؟!!
ئەم هەتاوە پێکهاتنی حەقیقەتی زەمەن بوو بە خولقەت
زێڕێکە تا بیسوتێنی ئەدرەوشێتەوە بە حوسنی زەنبەق !
هەم بروشکێنی بەهار نییە بە سروودی هاوارمەوە ئەم کۆچە!!
لەت لەت بوونی هەناسەی ئاو نییە
شەرمەزاری هەتاویشە
ئەم کۆچە هەتاوێکی مەستە
لەم ئەفغان و فیقانە چاو بە فرمێسکە دا ؟!
بۆ دۆزەخی هۆش و ئەم نەفرەتە سەودا سەرە
زەبزەبەی زەردەپەڕوو
کەوتنی هەناوی پاییز و
سیمای ئەم پەیڤە تازە بارانەی من بوو
منی هاوار زەدە تا بە کەیف بوونی خاترێك دادەگیرسێنن
تا چڵە گێلاسێك لە خۆنە کوراوی خۆم هەڵدەکێشم و
بچمەوە گەڵاڕێزانی شکاری پەنجەرە و سووتانی
ئیرەمی تۆفان و وەحشەتێك لە غەدر .

عەبدولا
٢٠٠٢/٩/٢٠
هۆڵلاند

**تێبینی : سەرچاوەی ئەم کورتە نووسینە و شیعرە، پارچە ڤیدیۆیەکی مەراسیمی ناشتنی حەمەزەکی کۆچکردووە کەلەلایەن هاوژیینی حەمەزەکییەوە بەدەستم گەیشتووە.**

## پێشەکییەکی کورت

نووسینی بەکر ئەحمەد
٢٠٠٧

زۆر جار سەرسامی ئەو کەسانە بووم کە هەمیشە عاشقن و شیعری دڵداری دەنووسن، یان لانی کەم خۆشەویستی پانتاییەکی گەورەی بەرهەمە شیعرییەکانیانی داگیر کردووە. شەوێك لە یەکێك لە هاوڕێیانی شاعیری خۆم پرسی : دەکرێ تۆ هەمیشە عاشق بیت ... ؟ ئەو لە وەڵامدا دەڵێ : بە ماناکانی عاشقی کەسێك نا. بەڵام خۆشەویستی ئینسان، سروشت و شتە جوانەکان، هەمیشە ئامادەییەکی گەورەی لە لای مندا هەیە. من دەمزانی ئەو لە کوێوە وەڵامم دەداتەوە و دەشمزانی وەڵامی ئەو پرسیارە نییە کە من بە شوێنییەوە بووم. دەکرێ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ زۆر کەس ئاسان نەبێت. ئاخر لە ژیانی ڕۆژانەی ئینساندا، حەزو خۆشەویستی و ئارەزووەکانی پەیوەندییەکی نەپچڕاوەیان لەگەڵ ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەدا هەیە کە ئینسان خۆی تێدا دەبینێتەوە .
ئەم هونەرە ، بۆ شاعیر بوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا ڕەنجێکی زۆری دەوێت و کردنی شیعر بە کەرەستەی زۆر جە گی دی کە کەسانی دی دەیکەن، هەمیشە فشارێك لە سەر شاعیری دڵدار دادەنێت. کاتێك مەرگ لە بەرگی ئەنفال و کیمیاباران و کوشتنی ڕۆژانەدا ئامادەییەکی هەمیشەیی ڕۆژە، سەختتر دێتە بەر گوێ کەسێك بۆ خۆشەویستەکەی بپەیڤێ. حەمە زەکی کەریم ، نووسەری ئەم شیعرانەی بەردەستتان، کەسێکە لەوانەی کە عیشق سەرتاپای شیعرەکانی داگیر کردووە .

**ئەگریم ... ئەگریم ، بە کوڵ ئەگریم**
**بۆ کوێ بچم ئەم پایزە**

**کەی من بەرگەی مەرگی گەڵاو تیشکی زێڕینی تۆش دەگرم ؟**

یان :

**زۆر جار بێ تۆ هەنگاو دەنێم**
**سێبەرەکەم لە پێشمەوە ، بۆ سێبەری تۆ دەگەڕێ**
**(کوێ) ت پێ باشە تا من لەوێ چاوەڕێت بم**
**لە کلۆری کامە داری سەرە ڕێگای سلێمانی چاو لە ڕێت بم ؟**

خۆشەویستی لای شاعیر سەرچاوەیەکی هەیە ، کاتێك لە ڕێی خۆشەویستییەوە ژیان دەهاژوێ ،
شیعریش ناچار دەبێت وەك ئەو باژوێ .

**وەك چۆن شانە ، بەرمە تاسەی قژێکی خاو بەجێدێڵێ**
**کانیش ئاوا جۆگەکانی بۆ بەزمە ساتی دارستان**
**تەختی سینەی وردە زیخ و لم دەشێلێ**

ئەمە بە مانای ئەوە نییە، کە بەجیا لە شیعری خۆشەویستی، لەم کۆمەڵە شیعرەدا شتی دی بەدی نەکەین. بەڵام لە یەکەم هەنگاو هەڵگرتنەوە، زانکۆ، بەغدا، جێژوان، فورات دەستت دەگرن و لە گەڵ خۆیدا دەتبەن . بەشێکی زۆری ئەم شیعرانە، هەناسەی گۆرانییان تێدایە و زۆر ئاسان دەکرێ گۆرانییەکی جوان باوەشیان بۆ بکاتەوە. بەڵام عیشق لای حەمە زەکی لە زەمەنێکی زۆر کورتدا، دەستی مەرگی دەگاتێ. هەر بۆیە بەشێکی شیعرەکان تەواو نابن. من دڵنیام ئەگەر حەمە زەکی خۆی سەرپەرشتیاری چاپکردنی ئەم کۆمەڵە شیعرەی بکردایە، ئەو کارەی دەکرد کە ئێستا کەسمان بۆمان نییە بیکەین، شانەی بە قژی هەندێکیاندا دەهێنا و قردێلەی هەندێکیانی گرێدەدا و هەندێکیشیانی ڕووتتر دەکردەوە. بەوەی شاعیر خۆی لە ژیاندا نەماوە و دواکەوتنی ئەم کۆمەڵە شیعرە کە لە زەمەنی مەرگبارانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا نووسراون و خۆشەویستی لە چاویان دەتکێ، کارێکی بێ وەفایانەیە ئەگەر هێندەی تر لە ئەرشیفی شاعیر خۆیدا دیلی کەین. منیش بە خۆم ڕەوا نابینم لە یەکەم چاوهەڵهێنانەوەی ئەم شیعرانەدا پەنجە بۆ هەندێك کەمووکوڕی بەرم کە ئەگەر حەمەزەکی خۆی بمایە لە پێش هەرکەسێکی دییەوە دەیکرد .

**تێبینی : ئەم نووسینەی بەکر ئەحمەد وەک پێشەکییەک بۆ کتێبی ڤارایيم نووسراوە و منیش وەکو خۆی دامناوەتەوە.**

گەڕان بە دوای خۆشەویستیدا

نووسینی : بورهان ئەحمەد

٢٠١٣/١٢/١٥

کەرکووک

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا و لە گوندی (دەلۆ) ی ناو شواندا بۆ یەکەمجار حەمە زەکیم ناسی ، هەشتاکان ساڵگارانی بەڵاو نەگبەتی و فرمێسك بوو بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە، سەردەمی کاڵبوونەوەی بەها جوانەکان و پەیڤینی زوڵم و ستەمکاری و خوێن بوو لە گشت جێگایەك ترس و بیم و تۆقاندن، غەدرو ناحەقی، خەریك بوو تەواو جێگا بە ئازادی و ئارامی، عەدالەت و یەکسانی لەق بکات، بەعسیزم بۆ بەرگری لە مانەوەی دەسەڵاتی تۆتالیریانەی خۆی، شەڕی دەروونی خۆی تەنانەت لەگەڵ بێوەیترین ئینسانی ئەم وڵاتە دەکرد. بە کورتی ئەم وڵاتە لە ناو ئەگری جەنگێکی ناڕەوادا ناڵەی دەگەییشتە ئاسمان.
لە یەکەمین دیداردا هەستم کرد ئەو شتێکی بزر کردووە، بە دوای شتێکدا دەگەڕێ، کە خۆشەویستییە، دەشێ لە زانکۆ دا کە بە ناچاری و پێویستی خۆی بەجێی هێشتبوو دوور بووبێت لە ئازیزترین کەسی خۆی، ئەم فیراق و داپڕانە تا دووایین هەناسەکانی شیعری ئەو لە گەڵیاندا ژیا و لە دەقەکانی دوواتریدا گشتگیرتربوونەوە، هەمیشە لە ناو ئەو ململانێیانەی لە گەڵ مردندا دەیکرد شیعری دەنووسی، لە نێو کرۆکی خۆشەویستیدا شیعرەکانی ئەو ژیانیان لێ دەچۆرا. ئەو بە گەلێك ئەزموونی مردندا تێپەڕی و مردنی ناسی ، هەمیشە مردن چاودێری هەنگاوەکانی دەکرد ،بەردەوام نزیك لە مردنەوە بە شیعر ژیانی جوانتتر دەکرد ، دوور لە دەمامکداری هێزێك لە ئەودا هەبوو، هێزی ڕاستی وتن. ئەو سەراحەتەی لە ئەودا هەبوو، زۆر جار لەگەڵ دەورووبەریدا دەبووە مایەی گرفت بۆی ، ئەو ڕاستگۆییە تایبەتەی هەیبوو بە تەواوی لە ناو شیعرەکانیدا ڕەنگی دابۆوە .
دیارە ئەو لە دووای ئەو مردنە جوانەوە و لە ڕێگەی ئەم کۆمەڵە شیعرەوە، مەیلێك لە لای ئێمەدا دروست دەکات ، مەیلی گەڕان و دۆزینەوەی ناسینی مرواریەکانی خۆشەویستی لە نێو باخچەکانی شیعری ئەودا، ئەگەر هۆشمەندی شیعری لە بەرچاو بگرین ، ئەوا پێویستە هەمیشە لە ناو هۆشیاری شیعریدا و لە ناوەوەی خۆمان بە دووای شتە وونبووەکانی خۆماندا بگەڕێین ، چونکە ئەو بەردەوام نمایشی لە دیوی ناوەوەی خۆی دەکرد . گەلێکجار دەیووت : من ئەگەر منالی خۆم ببینم ، یاخوود شێت دەبم یان دەمرم . هەرواش دەرچوو دووای بینینی یەکەم منداڵی خۆی بە سێ ڕۆژ گیانی لە دەست داو بۆ یەکجارەکی ماڵئاوایی لێکردین .

من جگە لەم شیعرەی کە بۆ مەرگی ئەو ، لە ژێر کاریگەری ئەو پەیوەندییە پتەوە گیانییەی پێکەوە هەمانبوو شتێکی ترم نییە پێشکەشی بکەم ، دیارە ئەم شیعرە لە ساڵی (٢٠٠٢) دا نووسراوە و هەر لەو ساڵەشدا لە مانگی (١٠) لە ڕۆژنامەی (هاوکاری ) بڵاوکراوەتەوە .

ناسنامەی باران

شار چۆڵە ، شار خامۆشە ، شار کپە
شەقامیش جمەی دێ
لە خەڵك ، لە ڕێبوار
منیش ئێستاکە هەرخۆم و خۆمم
هەر خۆم هەر خۆم و پەنجەرەکەمین
دەبینە مایەی دڵدانەوەی یەکتر
هەر من و ئینجانەکانین
فرمێسك و عەترمان پەخش دەبێت
چواردەورم تەمە و ...
گوڵە گەنمی چاوە ڕەشەکانی (حەمە زەکی)م لێوە دیارە
هەر تامی هێشووی زەردەخەنەکانیم دێتەوە بیر
هەر گوێم لە شیوەنی گژوگیای سەر سینەیەتی
چواردەورم تەمە و ...
باڕژانی مامزەکانی دڵی ئەو دەبیستم
هەر تەزووی شەوبۆی هەناسەکانێتی
نەسیم دەیهێنێتە نێو سییەکانمەوە
وا سەعاتەکەی گەردنی زەمەن وەستا
هێشتاکەش لە بەر هەتاوی تەماشادا
گەردیلەکانی شەپۆلی قسەکانی دەشەکێتەوە
لە قەدی درەختی هەڵچوودا
سنەوبەری باڵای پڕە لە پرسیاری پاساری
لەڕەوتی خێرای گوزەری کاتدا
ئاخ، هەموو شتێك
بێ جووڵە سەفەر دەکات
هاوڕێیەتی
بە کپی لاپەڕەکانی یادەوەری خۆی کۆدەکاتەوە

دۆستایەتی
بێ ورتە جانتاکانی هەڵدەگرێت
لە بیرمە مانگ پۆستەبەرمان بوو
پڕێکەوەپڕ بە چنگمان
تریفەمان دەپرژاندە سەر ڕوخساری یەکتر
لە بیرمە خۆر دەرفەتی پێمان دەبەخشی
ئاو باربووی دەکردین
لەگەڵ هەوردا
خۆمان لای درەخت ناونووس دەکرد
چەندین وتارمان بۆ زەوی دەخوێندەوە
تینوێتی عاشقانمان بە لێو هەڵدەگرت
خەمی کۆترمان لای خۆمان گلدەدایەوە
سەردانی باخچەمان نەدەکرد
تاکو پرس بە پەپوولەکان نەکەین
بستێك لە ماڵی وەفا دوور نەدەکەوتینەوە
تاکو مۆڵەتمان لە خۆشەویستی وەرنەگرتایە
هەرچیمان لە زار دەردەچوو
ئیمزای چیمەن و مۆری عەشقی پێوە بوو
هەرچیمان دەنووسییەوە
پەڕەسێلکە وێردی بەسەریا دەخوێند
کوان ئەو نامانەی ...!؟
نووسیتن و نەگەیشتنە دەستی من
(با) دەستخەڕۆی کردین
لە هێنانی ئەو فاکسانەی
بۆنی شیعریان لێوە دەهات
ئەوە ڕەوشتی نەگۆڕی (زستانەکانە)
لە بەڵێنەکانی دەستگرتنی
پەیامی گەرم و گوڕیدا پەشیمان دەبێتەوە
بۆچوونی جێگیری پاییزەکانە
دەست بخاتە بیناقاقای گەڵاکانەوە
ئاخ.... من لەوێ ئامادە نیم
ئاخ.. من چەند درەنگ بە شتەکانا دەگەم
چەند درەنگ ڕوخساری هاوڕێکانم

دەکەونە سەر شاشەی ڕووانینم
بۆ چی ناتوانم ..؟
لە گەڵ تەرمی ڕاوەستاویدا
چەند ساتێك بووەستم
لەگەڵ هەوادا بچمە سندوقەکەوە
هێشتاکە ڕۆژە و ...
کەچی خۆر ئاوا بوو
هێشتا ڕۆژەو خۆرێکی تر
لە ڕۆحما قەتیسما
ئاخ ... من چەند زوو زوو
پرسە ڕێم پێدەگرێ
چەند خێرا خێرا
فرمێسك سەر لە ماڵی ڕۆحم دەدا
باران تۆ بیشۆرەوە
هەور تۆ ببە چەند مەترێك خام
ڕۆشنایی کفن و دفنی کە
بولبوول تووخوا
تۆ تەلقینی بخوێنە .

**تێبینی : ئەم نووسین و شیعرەی بورهان ئەحمەد لە کتێبی ڤارایيمەوە وەرگیراوە.**

# بۆ چلەی ماتەمینی حەمە زەكی كەریم

ئەكرەم
چاوشین
٢٠٠٢/١٠/١٩
هۆڵلاند

لە بەرە بەیان زەنگێك لێیدا وام هەست كرد لە خەودام و ئەمەش بەشێكە لەو خەوە ناخۆشانەی كە بەدرێژایی تەمەنمان وەك مۆتەكە لێمان ناگەڕێن خەونی خۆش ببینین، بەڵام لەگەڵ ڕاچڵەكینم و دەست دانە تەلەفۆنم دڵنیا بووم ڕاستییەو ئەم زەنگە وەك زەنگی كەنیسەكان هەواڵی ناخۆشی پێیە، بەڵام دیسان كام هەواڵ ؟! لێدانی بە پەلەی دڵە خورپەم نەیدەهێشت گوێم لە دەنگی هەواڵنێری ئەو كۆستە بێت كە وەك پەیام پێم ڕاگەیەنن چی ڕویداوە ؟! سەرم گێژی دەخوارد و باوەڕم بە بیستنی گوێچكەكانم نەدەكرد چونكە چەند مانگێك بەر لەوە هەواڵی كۆستی وەها گەورەم پێگەیشتبوو ئەویش كۆستی گەورەی هاوڕێ و ئازیزمان مەنسور حیكمەت بوو ، بەڵام ئەمجارەیان دیسانەوە هەواڵنێری كۆستێكی تری پێبوو ! ئەویش مەرگی هاوڕێی ئازیزم حەمە زەكی بوو. ئێمە دەمانویست حەمەزەكی پەخشان و هۆنراوە بنووسێ بۆ هاوڕێیان و هاوچینەكانی تا نركە و ناڵە و خەم و كۆستی هەمووان لە دامێنی شیعرێكا بكاتە پەیامی لاواندنەوە و كۆڵنەدان، بەڵام ئەم هاوڕێیە خەمەكانی خۆی و خەبات و هیوا و ئامانج و خەونە ڕەنگاڵییەكانیشی بۆ هێنانە دی دنیایەكی باشتر و پڕ ئاسوودەیی و خۆشەویستی و ئازادی و یەكسانی بۆ ئێمە جێهێشت.

دەنگی حەمەزەكی بۆ من سادە نەبوو لە هەر ساتێكا گوێم لە دەنگی دەبوو نەرم و ساف و سازگارییەكەی دەنگی هاوڕێی گیانبەخت كردوو بەكر عەلیم ئەهاتە گوێ و كسپەی دڵی ئەو خەڵكە بێخانە و لانانەم دەهاتەوە یاد كە پەڕۆی ڕەشیان لە سەرماڵەكانیان هەڵدا بۆ نوێنەرە تیرۆر كراوەكەیان. دەنگی حەمەزەكی هەمان دەنگ بوو لە گوێمدا ، بە بیركردنەوەی ، بە شیعرەكانی ، بە دەنگە پڕ سۆزو

خۆشەویستییەکەی، بە هەموو هیوایەکی بۆ نەمانی ژیانی بێخانە و بێ لانەیی و ئاوارەیی و بۆ ئەو هیوایەی کە شەقامەکان بە گوڵ سوورکەین نەك بە خوێن. بەڵێ حەمەزەکی پێنوسەکەی تیژ و تیر بوو بەڕووی تیرۆریست و کۆنەپەرستانا، بە دژی نەتەوەپەرستان و سنوور و دین و مەلا و ئەفسانە و شەلاق و تۆقاندن و بێدەنگی بە ڕووی چەوسێنەراندا ، هیوای بە هەمووان بەخشی و ئاسۆی لە دڵماندا جێگیر دەکرد. بە سیمای پڕ جموجۆڵی تەمبەڵی و چاوەڕوانی و لاکەوتەیی و خۆ بە زل زانینی شەرمەزار دەکرد، بە دڵە پاك و بەخشندە و بە سۆزەکەی ئارەقی شەرمەزاری بە نەیارانی دەسڕی. حەمە زەکی شیعرەکانی نەغمە و سۆزی لاواندنی جێژوانی عاشقان بوو، دەنگی ژنانی ناڕازی بە کۆمەڵگای پیاوسالاری و ژنانی جەستەی شەلاڵی خوێن هەڵکێشراو بوو، زمانی شیرین و هەگبەی دڵی شەکردانی منالان بوو، ئەم مرۆڤە زۆر مەزن بوو هاوڕێ و هاوخەمی هەمووان بوو، هەر بۆیە ئەمڕۆش ئێمە و هاوڕێ و دۆست و خۆشەویستانی لێرە کۆبووینەتەوە تا یادی بکەینەوە و پەردە لە سەر پەیکەری سۆز و خۆشەویستی ئەو وەك سەرمایەی تەمەن و بەری ڕەنجی هەڵسوڕان و ماندوو بوونی لە پێناو مرۆڤ دۆستی و سەرفرازی بەشەردا لە دڵماندا هەڵدەینەوە. ئەم یاد و ڕێز لێنانەش ئەکەینە دیاری و خۆشەویستی بۆ بەهرەی هاوڕێ و هاوژینی و ڤارای تەمەن سێ ڕۆژی بێبەش لەو سۆزو خۆشەویستییەی ئێمە لە باوکیمان دی ، هیواداریـن بە هەموومان هاوکاریان بین ، بەهرە و ڤاراش پارێزەری مرۆڤ دۆستی و یادەکانی و برەودەریان بن و دڵخۆش و تەمەن درێژ و سەرفرازبن.

حەمەزەکی جێگای لە ناوماندا خاڵییە ، بەڵام بۆ هەتا هەتایە ڕێباز و شیعر و خۆشەویستی ئەو بۆ ئینسان لە بیرەوەری ئێمە و کتێبخانەی مێژووی ئەدەب و شیعردا زیندوو دەمێنێ و نامرێ. لەگەڵ دانەواندنی سەری ڕێز و نەوازش، بەرزو بەڕێز بێت یادی حەمە زەکی و ڕێبازەکەی .

# فەلاح عومەر و تابلۆی بیرەوەری

تابلۆی بیرەوەری لەلایەن هونەرمەندی شێوەکار فەلاح عومەر لە ساڵی ٢٠١٩ کێشراوە. شایانی وتنە ئەم تابلۆیە بریتییە لە بیرەوەری هونەرمەند فەلاح عومەر لەگەڵ حەمەزەکی و ژیانی دەستەنگی خانەوادەی حەمەزەکی لە گەڕەکی ئازادی شاری کەرکووک



# گەلەرییەکەی حەمەزەکی

ئەم گەلەرییەی حەمەزەکی جوانەمەرگ هەر ئەو وێنانەی لە خۆ گرتووە کە دەستم کەوتوون. من دڵنیام حەمەزەکی وێنەی زۆری لای هاوڕێ و دەست و برادەر هەن، بەڵام هەرچەندە بانگەوازیشم لە فەیسبووک بۆ کرد، کەچی لەم وێنانەم زیاتر دەست نەکەوت. لێرەوە سوپاسی هاورێ جەمال ئەیوب دەکەم کە چەند وێنەیەکی بۆ ناردم. هەروەها بەهرەخانیش ژمارەیەک وێنەی نارد بۆ ئەم پرۆژەیە.



حەمەزەکی و عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) و عەدنان ئەنوەر و سالم عەزەدین بەردەم قوتابخانەی ئامادەیی (عبدالملک بن مروان) ١٩٨١





حەمەزەکی و عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ) و هاوپۆلەکانیان لە پۆلی پێنجەمی زانستی لە قوتابخانەی عبدالملک بن مروانساڵی ١٩٨١.
هیوا نەجیب، عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)، عەدنان ئەنوەر، ئازاد، نەناسراو، نەناسراو، نەناسراو، نوورەدین حەمەفەرەج، عەدنان، حەمەزەکی، سەدرەدین.



حەمەزەکی و بەهرەخانی هاوژینی
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.




حەمەزەکی لەکاتی خوێندنەوەی وتاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمەزەکی لەکاتی خوێندنەوەی وتارێک
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.




حەمەزەکی لەسەر تەختەی شانۆ
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمەزەکی و بەهرەخانی هاوژینی
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمە زەکی لەکاتی خوێندنەوەی شیعردا
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمەزەکی لە کاتی تاپپکردندا
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمەزەکی و تاقە جگەرگۆشەکەی(ڤارا)
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمەزەکی و هەندێ لە هاورێکانی
لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.




ئەم وێنەیە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ گیراوە لای راستەوە بەختیار شێخ عەبدولڕەحمان، حەمەزەکی، غالیب محەمەد نەجم، قارەمان جیهاد
سەرچاوە : لە پەیجی یادگارییەکانی ئازادی کەرکووکەوە وەرگیراوە.
زۆر سوپاس بۆ کاک قسم ئەمین ئیبراهیم کە ئەم وێنەیەی بۆ ناردم.



حەمەزەکی لەسەرەتای لاویدا ساڵی چرکاندنی وێنەکە ١٩٨٠ یان ١٩٨١ لە ئەرشیفی بەهرەخان هاوژینی جوانەمەرگ وەرگیراوە.



حەمەزەکی و جەمال ئەیوب
لە ئەرشیفی هاورێ جەمال ئەیوبەوە وەرگیراوە.




نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و ئازاد سوبحی و حەمەزەکی کەریم لە ٥-٣-١٩٩٣ شاری هەولێر
لە ئەرشیفی کاک نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدەوە وەرگێراوە.



وێنەیەکی دانسقەی عەمەزەکی و هاوپۆلەکانی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین
لە ئەرشیفی هاوڕێ جەمال ئەیوبەوە
تێبینی ساڵی چرکاندنی وێنە نەزانراوە.



نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و حەمەزەکی کەریم
لە ئەرشیفی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدەوە وەرگیراوە.



حەمەزەکی لەگەڵ هاوپۆلەکانی لە زانکۆ کۆلیژی پەروەردە بەشی فیزیا
لە ئەرشیفی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدەوە وەرگیراوە



حەمەزەکی لەگەڵ نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد لە یەکێک لە پێشانگا هونەرییەکان
لە ئەرشیفی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدەوە وەرگیراوە



حەمەزەکی لەگەڵ هەریەک لە نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد و نەزانراو و نەزانراو

لە ئەرشیفی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەدەوە وەرگیراوە.



پێشانگای هونەریی هاوبەشی هونەرمەندان فەلاح عومەر و ئاشتی گەرمیانی هۆڵی میدیا هەولێر ساڵی ١٩٩٢
هونەرمەند فەلاح عومەر، حەمەزەکی شاعیر، هونەرمەند ئاشتی گەرمیانی
لە ئەرشیفی هونەرمەند فەڵاح عومەرەوە وەرگیراوە.



پێشانگای هونەرمەندان فەلاح عومەر و ئاشتی گەرمیانی هۆڵی میدیا هەولێر ساڵی ١٩٩٢
ڕاوەستاوەکان لە ڕاستەوە : هومەرمەند فەلاح عومەر، هونەرمەند ئاشتی گەرمیانی، عەبدوڵا قادر دانساز، نەزانراو
دانیشتووەکان لە ڕاستەوە : حەمەزەکی شاعیر، نەزانراو، نەزانراو

لە ئەرشیفی هونەرمەند فەلاح عومەرەوە وەرگیراوە.

# پێڕست

1- پێشكەشە
2- سوپاس و پێزانین
3- سەرەتایەك
4- هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەكی پەیوەندی نێوان من و حەمەزەكی عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
5- یادێك لە حەمەزەكی ئینسان و تێكۆشەر لە پەنجەرەی ماسنجەر و چەند كۆمێنتێكی پۆستێكی فەیسبووكەوە. نووسین و ئامادەكردنی عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)
6- حەمەزەكی كێ بوو؟ ژیاننامەی حەمەزەكی لە زاری نزیكترین كەسەكانییەوە.
7- ژیاننامەی حەمەزەكی نووسینی مامۆستا موحسین كەریم قادر برای حەمەزەكی
8- ژیاننامەی شاعیر و ئینسان حەمەزەكی كەریم نووسینی ئەكرەم چاوشین
9- حەمەزەكی لە یادەوری كەسوكار و هاورێیانیدا
10- یادەوەری مامۆستا موحسین برای حەمەزەكی شاعیر
11- وەڵامی بەهرە محەمەد نادر هاوژینی حەمەزەكی كەریم
12- یادەوەری یوسف مەحموود ناسراو بە یوسفە سوور هاورێی سەردەمی منداڵیی و گەنجیی شاعیر
13- یادەوەری قاسم ئەمین ئیبراهیم هاورێی سەردەمی منداڵی و گەنجیی شاعیر
14- یادەوەری عوسمان ئەنوەر دەربارەی حەمەزەكی شاعیر
15- یادەوەری حەمەغەفوور دووزی سەبارەت بە حەمەزەكی هاورێی
16- یادەوەرییەكی حەمەزەكی قارەمان نووسینی سەنیر نوری
17- ڕۆژگارێك لەگەڵ حەمەزەكیدا نووسینی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
18- یادەوەری عیزەدین فاتیح ناسراو بە جەماڵ ئەیوب
19- وەڵامی عەبدولقادر سەرچناریی شاعیر و ڕۆماننووس
20- وەڵامی جەماڵ كۆششی نووسەر و ڕەخنەگر
21- وەڵامی ئەكرەم نادر هەڵسوراوی كرێكاریی و سۆشیالیستیی دەربارەی حەمەزەكی
22- بیرەوەری فەلاح عومەری هونەرمەندی شێوەكار
23- دەقی نامەیەكی كاك نەژدەت بۆ بەهرەخان هاوژینی حەمەزەكی

24- نامەی عەبدولا سلێمان(مەشخەڵ) بۆ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
25- وەڵامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
26- حەمەزەکی و شیعر
27- شیعرەکانی حەمەزەکی
28- کۆمەڵەشیعری یەکەم دەروازە
29- ســـەفەر مەکە.
30- کســـپە.
31- خوێنم بۆنی قژی تۆی گرتووە.
32- پاییز.
33- نـــەی نەوا.
34- نەتناسیوم.
35- فـــورات.
36- ڕەشەبا.
37- ئۆرکێسترا.
38- فلووتی عەشق.
39- پەیام.
40- خاچ.
41- سەمفۆنیای مەرگی ساکار.
42- کۆکتێلیا.
43- پێم ئاشنا نیت.
44- ڕەزمی پرسە.
45- نەورەس
46- کۆمەڵەشیعری دووەم مەنزڵی دەوارەکان
47- تۆ لە خەمی پیرۆزمای
48- بێ ناونیشان
49- سەرزەنشت
50- داستانی قژی غەجەرێک
51- میدالیا
52- کۆمەڵەشیعری سێیەم دەربەنی ئەمدیو دەوارەکان
53- ســـووتان
54- دیـــوار
55- گرانە عەشقە تا

56- چاوەکانت لە پاییزا
57- من و تۆ
58- گەشت
59- ئەرۆمەوە
60- شەوێکی پەمەیی
61- کلۆری عەشق
62- کورتەشیعر
63- ئاور
64- تیرۆژ
65- ماچە قەوزەی ڕەژوو
66- سەما زیوین
67- کەناڵ
68- سێبەری تاریکییەکان
69- ساڵێکی تر
70-ساڵی خەزان
71- ماڵتان ئاوا
72- من لاتانم
73- فرمێسکە شکاوە کان
74- نەء
75- کۆمەڵەشیعری چوارەم سابات
76- سەربرینی خۆر
77- مارس و ئێمە
78- هاوڕێکەم
79- خوارووی ئاسمان
80- ساڵێکی نوێ
81- گەڕانەوە
82- وشەکانی عەشق
83- پڕ بوون
84- یاد
85- ڕامان
86- شاژنی شیعر
87- شەوبۆ
88- غەریبی

89- بیرت ئەکەم
90- قەسیدەی هەڵەبجە
91- گەیشتنەوە
92- ئاسمان
93- بازاڕ
94- یۆگا
95- ئۆکتۆبەری عەشق و لەدایک بوون
96- پێچەوانە
97- ڕەچەڵەک
98- چەند کۆپڵەشیعرێک
99- سەرەتا
100- درامای شکانی ڕوح
101- ئێواران جێگاکەم لەژێر نەرمایی ئاوەکان ڕائەخەم
102- نوێژ
103- ئەلفا
104- بارانەماچ
105- دووربوونی فەنا
106- ئەنفال
107- مەرگی بەڕێز
108- سەرما
109- ئەنفال
110- مێژووی ژیان
111- سەحەر
112- دوو ترسنۆک
113- گوڵە ئازادەکان
114- نێوان
115- بەشی تەرجەمە
116- هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی ئیلیزا لاسکەر شیللەر
117- هەڵسەنگاندنێکی هەمەلایەنەی سیعرەکانی حەمەزەکی نووسینی عەبدولا سڵێمان(مەشخەڵ)
118- هەڵسەنگاندنێکی کورتی کۆمەڵەشیعری (ڤارابیم)
119- ئەو دەقانەی کە بۆ مەرگی حەمەزەکی نووسراون

120- وەرە هاورێ چ ڕێکەوتێکی سەیر بوو شیعر بۆ حەمەزەکی عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)
121- وتاری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کۆمیتەی هۆڵاند لەگەڵ شیعرێک بۆ مەرگی حەمەزەکی خوێندنەوەی ئارام ئەحمەد
122- پێشەکییەکی کورت نووسینی بەکر ئەحمەد
123- گەڕان بەدوای خۆشەویستیدا لەگەڵ شیعرێک بۆ حەمەزەکی نووسینی بورهان ئەحمەد
124- پەخشان بۆ چلەی ماتەمینی حەمەزەکی نووسینی ئەکرەم چاوشین
125- فەلاح عومەر و تابلۆی بیرەوەری
126- گەلەرییەکەی حەمەزەکی
127- پێرست

جێی شانازی و ڕوح شادبوونی حەمەزەکییە ڕایبگەیێنم کە ئەم کتێبە لەسەر ئەرکی ئەم بەڕێزانە کە هاوڕێیانی حەمەزەکین چاپکراوە؛

عیزەدین فاتیح(جەماڵ ئەیوب)
یوسف مەحموود (یوسفە سوور)
حەیدەر محەمەد نەجم
عەلی کەرکووکی
عادل ئەحمەد
تاهیر حاجی حەسەن
عەبدوڵا سڵێمان(مەشخەڵ)